# شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ
# دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە
(٢٠٠٦-١٩٥٧)

# شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)

پشتیوان شەفیق ئەحمەد

* ناوی کتێب: شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە شارۆچکەی ڕانیە (١٩٥٧–٢٠٠٦)
* نووسەر: پشتیوان شەفیق ئەحمەد
* بەرگ و سەرپەرشتیاری هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسن.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٧٦).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٨٩١)ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

# پێشەکی

دابەشبوونی شوێنی دیاردەکان و لێکدانەوەو شیکردنەوەی هۆکارەکانی دەرکەوتنی جیاوازی ئـەم دابـەش بوونە،پانتاییـەکی فراوانـی لـەناو زانسـتی جوگرافیادا داگیرکردووە، هەرلەکۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ. ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی کـە مـرۆڤ سـەردەمێکی دورودرێـژ لەهـەوڵی دەستنیشـان کردنـی شـوێنی دیاردەکـان و هۆکارەکـانی پشـت دەرکـەوتنی ئـەم جیاوازییـەبووە، هەرلەبەرئـــەوە زەمـــەنێکی زۆر بیرمەنـــدانی بـــواری جوگرافیـــا کۆکبـــوون، لەسەرئەوەی کـە جوگرافیـا زانسـتی دابەشـکارییەو گرنگـی بەشـوێن دەدات. ئەمەش بـەکرۆکی لێکۆڵینـەوەکانی بـواری جوگرافیـا بەگشـتی و جوگرافیـای دانیشتوانیش بەتایبەتی دانرا. هەرلەبەرئەوە بابەتی دابەشبوونی جوگرافیـای دانیشـــتوان، یەکێکـــە لەبابەتـــە گـــرنگ و هەســـتیارەکانی نـــاو جوگرافیـــای دانیشـــتوان، بەتایبـــەتی لـــە ڕۆژگـــاری ئێســـتادا، چـــونکە زۆرێـــك لـــەگرفت و ئاستەنگەکانی دانیشتوان لەسەر ئاستی جیهانی و نـاوخۆ وابەسـتەی نـاڕێکی دابەشبوونی دانیشتوانە، لێکۆڵینەوەکانی دابەشبوونی دانیشـتوان بایـەخێکی زۆر دەدەن بەقەبارەو چڕی دانیشتوان و دابەشبوونیان لەنێوان (شارو گوند) هەروەها شـێوازەکانی دابـەش بوونیـان. ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لەسـەر ئاسـتی شارۆچـکەی رانیـە گرنگـی و بایـەخی خـۆی هەیـە چـونکە بەهۆیـەوە شـێواز دابەشبوون و چڕی دانیشتوان ڕوونتر دەردەکەوێت.

گرینگـــی ئەنجامـــدانی ئـــەم لێکۆڵینەوەیـــە لـــەوەدا دەردەکـــەوێت، کەلایەنێکی پڕ بایەخ و کاریگەر لەبابەتی دانیشتوان تاوتوێ دەکات، ئـەویش دابەشـــبوونی دانیشـــتوانە. چـــونکە پلانـــەکانی پەرەپێـــدان و پێشخســـتنی هەرناوچـەیەکی دیـاریکراو، بەشـێوەیەکی سـەرەکی پەیوەسـتە بەچۆنیەتی دابەشـــبوونی دانیشـــتوان و ڕادەی چـــڕبوونەوەیان و پەرتـــەوازە بـــوونی دانیشتوان، ئەمە بێجگە لەوەی خودی دابەشـبوونەکە لـەبارودۆخی ئاسـایدا، ڕەنگدانـــەوەی پەیوەنـــدی نێـــوان مـــرۆڤ و زەویـــە. ناوچـــەی لێکۆڵینـــەوەش

گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە لە ڕووی شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان و چڕییان، سەرجەم ئەو گۆڕانکاریانەش زادەی هەردوو جووڵەی سروشتی و شوێنجێی بووە، بێجگە لەمە گرینگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان و ڕادەی چڕییان لە نێو شارۆچکەکە و بەشە جیاجیاکانی بە تایبەتی لە نێوان (شار و گوند) شیدەکاتەوە و لەگەڵ دەرخستنی ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان نشینگەی شارستانی و گوندییەکاندا هەیە لە ڕووی قەبارەیان و دەست نیشانکردنی شێوازی دابەشبوونیان و شیکردنەوەی کاریگەری هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان بەسەریانەوە. ئەمەش دواجار دەتوانرێت بکرێت بەستاندەرێك، بۆ داڕشتنی کردەی پەرەپێدان و پێش خستنی ناوچەکە لەسەرجەم بوارە جیاجیاکاندا. چونکە بەر لەداڕشتنی هەرکردارێکی پەرەپێدان دەبێت زانیاری لەسەر چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوان بەردەست بێت.

ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستنی جیاوازی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانە لەشارۆچکەکەدا. بەمەبەستی ئەوەی ڕەنگرێژی بکرێت لەپێناو دووبارە چاوخشانەوە بەشێوازی دابەشبوونی دانیشتوان و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ پارسەنگ کردنەوەی ئەو لاسەنگیەی کەلەدابەشبوون و چڕی دانیشتوان لەناوچەکەدا بەدیدەکرێت. بەشێوازێك سەرئەنجامەکەی گەشەو بوژانەوەی شارۆچکەکەی لێ بکەوێتەوە لەتەواوی بوارەکاندا. هەروەها نیشاندانی کاریگەری هۆکارە جوگرافیەکانە لەسەر جیاوازی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە لەوەدا دەردەکەوێت کەدابەشبوون و چڕی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە بەهۆی بوونی کۆمەڵێك تایبەت مەندی بەخۆیەوە بەشێوەیەکی ڕێك دەرنەکەوتوە. چونکە ئەم شارۆچکەیەش وەکو سەرجەم ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان بەچەندین ڕەوشی سەخت و نالەباردا تێپەڕیوە. ئەمەش دواجار کاریگەری زۆری لەسەر دابەشبوون وچڕیی دانیشتوان جێ هێشتوە.

هـەر لێکۆڵینەوەیـەکی زانسـتی پێوسـتی بـەوە هەیـە کـەمیتۆدێك بـە کاربهێنێت، بۆیـە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا پشـتمان بـە میتـۆدی (شـیکردنەوەی بەراوردکاری) بەستووە و مـاوەی نێوان سـاڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٦) مـان دانـاوە وەك چوارچـێوەیەکی زەمـەنی بـۆ لێکۆڵینەوەکـە. ئـەویش لـە سـەر ئـەو بنەمایەی کە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) بـە دروسـترین سـەرژمێری دادەنرێـت کە لە عێراق دا ئەنجامدراوە، سەبارەت بە ساڵی (٢٠٠٦)یش هۆکـاری دەسـت نیشانکردنی ئەم ساڵە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣) واتـە لـەدوای گـۆڕینی دەسـەڵات لـە عێراقـی گـۆڕانی زۆر بەسـەر لایەنـەکانی دابەشـبوون و گەشـەکردنی دانیشـتواندا هـاتووە ئەمـە هۆکارێـك، هۆکـارێکی دیکـەش ئەوەیـە کەلەسـاڵی (٢٠٠٢) زانیـاری لەسـەر دانیشـتوانی ناوچـەکە هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوە لەسەر دانیشتوان بۆ ساڵی (٢٠٠٢) لـە سـاڵی (٢٠٠٨) تاڕادەیەك ئامانجی خۆی ناپێکێت لەبەر ئەم دووهۆیە جەخت کرایەوە لەسەر دەسـت نیشـانکردنی ئـەم سـاڵە. لـە پێنـاوی دەسـت کـەوتنی ژمـارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە، سەرەتا ویستمان لەڕێگای (دابەزاندنی دانیشـتوان) (الاسقاطات السكانية) زانیاری لەسەر دانیشتوان بەدەست بهێـنم، بـەڵام وەك ئاشکرایە، ئەم ڕێگایە ئەنجامەکەی زیادبوونی دانیشـتوان دەردەخـات، بـەڵام بەوپێیـەی کـەخۆم خـەڵکی ناوچـەکەم و سـەردانی زۆرێـك لەشـوێنەکانیم کـردووە، گەیشـتوینە ئـەو ئەنجامـەی کـە گونـدەکان لـەدوای سـاڵی (٢٠٠٣) بەئاقاری چۆڵ بوون ڕۆیشت بوون، کەواتـە ئـەم ڕێگەیـە وێنەیـەکی شـێواو و نادیاری دەبەخشی بەدانیشتوانی ناوچەکە، ناچار ڕێگەیەکی دیکـەم گرتـەبـەر ئـەویش کۆکردنـەوەی زانیـاری بـوو، لـەڕێگای بەڕێوەبـەری شـارەدێکان و دواتـریش لـەڕێگای ئەوانـەوە زانیـاریم لـە (ئەنجومـەنی) گەڕەکـەکان و گونـدەکانی سـنووری شارۆچـکەکە کـۆکردووە، دوای کۆکردنـەوەی داتـاو زانیـاری تـەواو لەسـەر ناوچـەی لێکۆڵینـەوە، هەسـتاوین بـە نیشـاندانی ئـەم داتایانە لە سەر کۆمەڵـە نەخشـەو شـێوەیەك و لەگـەڵ بـەکارهێنانی چـەندین

پێوەر و ڕێگای ئاماریی بە مەبەستی دەرخستنی شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیەدا.

بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە پوختەی پلانەکە دابەشکراوە بۆ پێشەکییەك و چوار بەش و ئەنجام و ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان. هەریەك لە بەشەکانی لێکۆڵینەوەکەش دابەشکراون بۆ چەند باسێك بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە کە بۆ ناساندنی (ناوچەی لێکۆڵینەوەکە) تەرخانکراوە و دابەشکراوە بۆ سێ باسی سەرەکی کەتیایدا باس لەهەریەك لەڕەهەندی (جوگرافی ومێژووی و دیموگرافی) شارۆچکەکە کراوە.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە تایبەتە بە دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان کە دوو باسی لە خۆگرتووە لە باسی یەکەمدا لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان کراوە، لە دووەمیشیاندا لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی قەبارەی دانیشتوان لەشارۆچکەکە دا کراوە.

**بەشی سێیەم :** ئەم بەشەش تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا ئەویش دابەش کراوە بۆ سێ باسی سەرەکی،لە یەکەمیاندا پێوەرەکانی چڕی دانیشتوان. لە دووەمیشیاندا پێوەرەکانی گردبوونەوەی دانیشتوان خراونەتەڕوو، سێیەمیشیان تەرخانکراوە بۆ دەستنیشانکردنی شێوازەکانی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لە شارۆچکەکەدا.

**بەشی چوارەم :** ئەم بەشەش بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان هەیە لە سەر دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، ئەویش دابەش کراوە بۆ سەردوو باس، یەکەمیان تەرخانکراوە بۆڕۆڵی هۆکارە سروشتییەکان و لە دووەمیشیان ڕۆڵی هۆکارە مرۆییەکان نیشان دراوە. لە بەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەشدا لێکۆڵینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە و ڕاسپاردەی گونجاویشی دیاریکردووە بە

مەبەستی دووبارە دابەش کردنەوەی دانیشتوانی شارۆچکەکە لە سەر بنەمایەکی زانستی.

لە ماوەی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە دا توێژەر چەندین گرفت و ئاستەنگی هاتوتە پێش لەوانە:

١. کەمی سەرچاوەی زانستی لەسەر شارۆچکەکە، بەجۆرێك دەتوانم بڵێم ئەم دەڤەرە بەهەژارترین ناوچە دێتە هەژمارکردن لەرووی نووسینی ئەکادیمییەوە، ئەوانەی کەنووسراویشن لەسەر ئەم ناوچەیە چوارچێوەیەکی زانستییان نەبوە.

٢. لەپێناو دەسکەوتنی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ ساڵی (٢٠٠٦) گرفتی زۆرم هاتۆتە پێش لەوەی کە کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان، کاتێکی زۆری خایاند بەشێوەیەك ڕووپێوێکی گشتیم لە بواری کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە ئەنجامداوە ،زۆر جاریش بەهۆی دڵنیانەبوونم لەهەندێك زانیاری لەسەر هەندێك لەناوچەکان زیاتر لەجارێك سەردانی ناوچەکانم کردووە،تاوەکو گەیشتوومەتە دڵنیایی لەزانیارییەکە، جگەلەمە لەساڵی (٢٠٠٥) شارەدێیەکی تازە لەشارۆچکەکە کرایەوە بەناوی شارەدێی (سەرکەپکان)، ئەمەش بووە مایەی دروست کردنی گرفت چونکە گۆڕانی بەسەر نەخشەی ناوچەکەدا هێناوە.

٣. کەمی سەرچاوە بەزمانی کوردی گرفتێکی زۆری بۆ دروست کردم، بۆیە بۆ وەرگرتنی زانیاری پەنام بۆ ئەو سەرچاوانە بردووە کە بە زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی) هەن.

٤. بەدەنگەوە نەهاتنی وەکو پێویستی هەندێ لە فەرمانبەرانی فەرمانگە حکومەییەکانی هەرێم ،بۆ پێدانی زانیاری و داتای پێویست لەسەر هەندێ لەبابەتی لێکۆڵینەوەکە.

لەکۆتایدا هیواخوازم کە توانیبێتم خزمەتێك پێشکەشی بواری جوگرافیای دانیشتوانی شارۆچکەکە کردبێت و کەلێنێکی بچووکم لە کتێبخانەی جوگرافیادا پڕ کردبێتەوە و دەوڵەمەندمان کردبێت.

# بەشی یەکەم

# ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

## باسی یەکەم/ ڕەهەندی جوگرافیایی

شارۆچکەی (ڕانیه * ) یەکێکە لە شارۆچکەکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی و دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای پارێزگاکە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

---

(*) سەبارەت بەناوی ڕانیە چەندین بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، کە هەریەك لەنووسەران و توێژەوان، بنچینەی ئەو ناوەیان گەڕاندۆتەوە بۆ یەکێك لەوشتانەی کەوا لەو ناوە نزیکن، یاخود لەبنچینەدا لەو دەچن ناوی ڕانیە بە (ڕوندیات ) هاتووە، لە دەستنوسێك کە (مەلا رووٌف سلیم حەوێزی) وەری گرتوە و کردویەتی بەکوردی، هەروەها مامۆستا (شاکر فەتاح) وای دەبینێت کەووشەی ڕانیە لەبنەڕەتدا پێك هاتوەلە دووبڕگە( ڕان) و( یە) کەبەزمانی کوردی بەمانای (لەوەڕگای ڕانە مەڕ) یان (شوێنی لەوەڕگا) دێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕانیە لەناوچەی دەشتێکی پێچاو پێچ هەڵکەوەتوە،کەئاژەڵی بەرێژەیەکی زۆر تێدا دەلەوەڕێنرێت، دوورنیە ناوی ڕانیە لەبنەڕەتدا (ڕانیا ) یان (جێگای لەوەڕاندن ) بوبێت، پاشان بۆتە (ڕان یە ) لەکۆتایدا بۆتە (ڕانیە). هەندێکی تر دەڵێن ناوی ڕانیە لە (ڕەنەوە) هاتوە، ڕەنیش بەو زەویانە دەگوترێت کەڕەق و بەردەلآنن و گژوگیای درەنگ لێ سەوز دەبیت بەلآم زەوی ڕانیە لەو زەویانە نیە بەڵکو ڕانیە زەویەکی شێدارو بەئاوبوەو ڕەق نەبو، لەبەرئەوە خەڵکی ووتویانە ڕەن نیە هەندێك لەخەڵکی ناوی ڕانیە دەبەنەوە سەرکورتکراوەی (ڕەن نیە). بەبۆچونی من ناوی ڕانیە لە (ڕێ نیە)ەوە هاتوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی سەردەمێکی زۆر ئەم ناوچەیە بەشێکی زۆری زەویەکەی بەئاو داپۆشرابوو، بەهۆی پێکهاتەی خاکەکەی کەئاو لەسەری دادەوستا، هەربەم هۆیەوە قامیشێکی زۆری لەسەر ڕوابوو بەشێوەکی چڕ بەتایبەتی لەدەوروبەری سەرچاوەی قولە، ئەمەش وای کردبوو ئەو خەڵکانەی هاتبوونە ئەم ناوچەیە، ووتوویانە ڕێ نیە، دواتر ئەم ناوەبووە بە(ڕانیە).

بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:

١. جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواقع العراقية، مطبعة اجيال، بغداد، ١٩٨٩، ص ١٢٩–١٣٠.

٢. ئیبراهیم بالیسانی، سەر بردەی ڕانیە و دەوروبەری، گۆڤاری روانین، ژمارە (٥) ئەیلولی ١٩٩٩، لاپەرە ١٣٢– ١٣٣.

٣. محمد ئەمین عارف، ڕانیە لەچاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٤)ی ٢٠٠٣/٥/٢، لاپەڕە ١٤.

نەخشەی ژمارە (١)
پێگەی شارۆچکەی ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی.




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە ئاوێستا خالیدو هاوار تاهیر کەریم، ئەتڵەسی پارێزگای سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٥، لاپەڕە ١٨.

ئەم شارۆچكەیە تاوەكو ساڵی(١٩٥٦) یەكێك بووە لەشارۆچكەكانی سەر بەپارێزگای هەولێر، بەڵام دواتر خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانی[١]. لەڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمیەوە دەكەوێتە نێوان بازنەكانی پانی (٣٦. ٧-٣٦. ٣٠) باكوورو هێڵەكانی درێژی (٤٤. ٣٠- ٤٤. ٥٥) ڕۆژهەلات. بەم شێوەیە ناوچەی لێكۆڵینەوە دەكەوێتە بەشی باكووری ڕۆژهەلاتی هەرێمی كوردستانی عێراق. وەك لەنەخشەی ژمارە (٢) دا نیشان دراوە. شارۆچكەی ڕانیە شوێنێكی گرنگی هەیە چونكە، وەك ئەڵقەیەكی پەیوەندی وایە، بەهۆی ئەوەی ئەو كاروانە بازرگانیانەی كە لە كۆیەوەبە(ڕانیە)دا تێدەپەڕن و لەوێشەوە بەرەو قەلادزێ دواتریش بەرەو شاری (سەردەشت)ی ئێران دەڕۆن[٢]. واتە شارۆچكەی ڕانیە كەوتوّتە سەرێگای بازرگانی نێوان عێراق و ئێران ئەمەش وای كردوە ناوچەی لێكۆڵینەوە لەڕووی هەڵكەوتەی شوێنییەوە بایەخێكی گرنگی هەبێت بەتایبەتی لەبواری بازرگانی.

---

[١] محمد هادی دفتر، عبدالله حسن، العراق الشمالی، مطبعة النهار ، بغداد، ١٩٥٨، ص ٤٢٤.

[٢] دبليو : ار. هی، سنتان فی كردستان (١٩١٨-١٩٢٠)،نقله الی العربية، فؤاد جميل،الجزء الاول، ١٩٧٣، ص٥٦.

نەخشەی ژمارە (٢)

پێگەی شارۆچکەی ڕانیە لە هەرێمی کوردستان.




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە:

خەلیل ئیسماعیل محەمەد، القضية الكردية وجود ام حدود؟

مطبعة جامعة صلاح الدين اربيل ٢٠٠٦، ص١٧.

سنووری شارۆچکەی ڕانیە لەگەڵ چەند شارۆچکەیەك دا هاوبەشە بەم شێوەیە، لەبەشی باکووری هاوسنوورە لەگەڵ هەریەك لە شارۆچکەی (سۆران و شەقلاوە)ی سەر بە(پاریزگای هەولێر) لە بەشی باشوورو باشووری ڕۆژهەلاتیشی هاوسنوورە لەگەڵ زێی بچووك و(شارۆچکەی دوکان)، لەبەشی ڕۆژهەلاتیشی هاوسنوورە لەگەڵ (شارۆچکەی پشدەر)، بەشی خورئاوا و باشووری خورئاواش هاوبەشی هەیە لەگەڵ (شارۆچکەی کۆیە) کەسەر بەپارێزگای هەولێرە. سەیری نەخشەی ژمارە (٣) بکە.

سەبارەت بەڕووبەری شارۆچکەی ڕانیە، لەماوەی سالأنی لێکۆڵینەوەکەدا چەندین گۆڕانی بەسەرداهاتوە ئەمەش لەمیانی ئەو گۆڕانکاریانەوە بووە کەشارۆچکەکە لەڕووی کارگێڕیەوە تووشی هاتووە، گۆڕانە کارگێڕیەکان ڕەنگدانەوەی دیاریان هەبووە لەسەر فراوان بوون و تەسك بوونەوەی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە،بەجۆرێك لەسالّی (١٩٥٧) شارۆچکەی ڕانیە ڕووبەرێکی فراوانی هەبووە کە دەگەیشتە (٢٥٩٤کم[٢]). بەم جۆرە ڕێژەی (٢١. ٢٪)ی لەکۆی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، لەم ساڵەدا شارۆچکەی ڕانیە لەڕیزبەندی شارۆچکەکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی پلەی (سێیەمی) وەرگرتبوو، لەدوای هەریەك لە شارۆچکەکانی (هەڵەبجە و سلێمانی) دا هاتووە، ئەمەش لەخشتەی ژمارە (١) ڕوون کراوەتەوە. بەلاّم ئەم ڕووبەرە لەسالأنی (١٩٦٥– ١٩٧٧) بەرەو کەم بوونەوە چوە بەجۆرێك ڕووبەرەکەی بۆتە (١٥٢٨کم٢)، هەر لەم ماوەیەدا ژمارەی شارۆچکەکانی سەر بەپارێزکای سلێمانی زیادی کردوە لە (٥) شارۆچکەوە بووە بە(٩) شارۆچکە بەم شێوەیە شارۆچکەی ڕانیە ڕێژەی (٩. ٢٪) لەسەرجەمی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، بەم جۆرە لەم ماوەیەدا شارۆچکەی (ڕانیە) لە پلەی (حەوتەم) دابوە لەڕیزبەندی شارۆچکەکان، بەشێوەیەك لەدوای هەریەك لەشارۆچکەکانی (چەمچەماڵ و سلێمانی شاربژێڕو کەلار وهەڵەبجەو دوکان) هاتووە، هۆکاری بچووك بوونەوەی شارۆچکەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەم ماوەیەدا، هەردوو شارەدێی (چناران وناودەشت) لەشارۆچکەی ڕانیە دابڕان، کەیەك بەدوای یەك ڕێژەی (٢٤٪، ٣٨٪)ی

نەخشەی ژمارە (٣)

شارۆچکەی رانیە بەگوێرەی یەکەکارگێرییەکانی دەوروبەری.




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە:

١- ئاوێستا خالیدو هاوار تاهیر کەریم، ئەتڵەسی پارێزگای سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٥، لاپەڕە ١٨.

٢- ناوەندی زانیارییە مرۆییە هاوبەشەکان، ئەتڵەسی شارۆچکەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، بەرگی یەکەم ٢٠٠٤ لاپەڕە ٢٢

## خشتەی ژمارە (١)

### ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی
### لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧–٢٠٠٦)

| یەکە کارگێڕیەکان | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠٠٦(*) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر | ٪ | ڕووبەر | ٪ | ڕووبەر | ٪ | ڕووبەر | ٪ | ڕووبەر | ٪ |
| شارۆچکەی سلێمانی | ٢٩٣٧ | ٢٣,٩ | ٢٣٢٢ | ١٤,١ | ٢٢٧٧ | ١٤,٤ | ٢٢٧٧ | ١٩,٣ | ٢٢٧٧ | ١٩,٣ |
| هەڵەبجە | ٣٢٩٤ | ٢٦,٨ | ١٥٩٢ | ٩,٧ | ١٥٢٣ | ٩,٧ | ١٥٢٣ | ١٢,٩ | ١٥٢٣ | ١٢,٩ |
| شارباژێر | ٢٢٦٣ | ١٨,٤ | ٢٢١٣ | ١٣,٤ | ٢١٧٣ | ١٣,٨ | ٢١٣٨ | ١٨,١ | ٢١٣٨ | ١٨,١ |
| ڕانیە | ٢٥٩٤ | ٢١,٢ | ١٥٢٨ | ٩,٢ | ٨٨٤ | ٥,٦ | ٨٨٤ | ٧,٥ | ٨٨٤ | ٧,٥ |
| پشدەر | ١١٩٤ | ٩,٧ | ١٤١٢ | ٨,٦ | ١٣٠٢ | ٨,٣ | ١٣٠٢ | ١١ | ١٣٠٢ | ١١ |
| پێنجوین | – | – | ١١٢٧ | ٦,٨ | ١٠٢٢ | ٦,٥ | ١١٣١ | ٩,٦ | ١١٣١ | ٩,٦ |
| دوکان | – | – | ١٦٦٤ | ١٠,١ | ١٦٠٤ | ١٠,٢ | ١٦٠٤ | ١٣,٦ | ١٦٠٤ | ١٣,٦ |
| چەمچەماڵ | – | – | ٢٤٩٦ | ١٥,٢ | ٢٣٧٩ | ١٥,١ | – | – | – | – |
| کەلار | – | – | ٢١٢٨ | ١٢,٩ | ٢١١١ | ١٣,٤ | – | – | – | – |
| دەربەندیخان | – | – | – | – | ٤٨١ | ٣ | – | – | – | – |
| شارەزوور | – | – | – | – | – | – | ٩٣٩ | ٨ | ٩٣٩ | ٨ |
| کوی پارێزگا | ١٢٢٨٢ | ١٠٠ | ١٦٤٨٢ | ١٠٠ | ١٥٧٥٦ | ١٠٠ | ١١٧٩٨ | ١٠٠ | ١١٧٩٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە:

١.وزارة داخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعةالاحصائية لتسجيل،١٩٥٧، للوائى كركوك والسليمانية، مطبعة الارشاد،بغداد، جدول رقم ،(٢)، ص٢ .

٢.وزارة التخطيط، الجهاز المركزى لاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية لعام، ١٩٧٦ مطبعة الجهاز المركزى لاحصاء بغداد، ١٩٧٧،ص٣٥.

٣.وزارة التخطيط ،الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة السليمانية، بغداد، ١٩٧٨، ص٤.

٤.وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، المجموعة الإحصائية السنوية لعام ١٩٨٣، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد،١٩٨٣ ص٣٢–٣٥

٥.مديرية إلاحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والارتكازية لإقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢، بدون النشر،جدول رقم –١–.ص٤

٦.جەزا توفیق تالیب وبەیان عەلی حوسین، پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٣، ژمارە ٤، چاپ و ئۆفیسی شڤان ، سلێمانی، ٢٠٠٣ ،لاپەڕە ٣١٤.

(*) لەساڵی ٢٠٠٦ گۆڕانکاری کارگێڕی لەڕووی شارۆچکەکانەوە لە پارێزگای سلێمانی ڕووی نەداوە لەبەر ئەوە هەمان ڕووبەری ساڵی( ٢٠٠٢ ) بەکارهاتوە.

کۆی ڕووبەری شارۆچکەکەیان پێکدەهێنا. دووبارە شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (١٩٨٧) ڕووبەرەکەی بەرەو کەم بوونەوە ڕۆیشت بەشێوەیەك بوبە(٨٨٤کم٢)، بەم جۆرە ڕێژەی (٠.٥٦٪) ی کۆی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێنابوو، بەمەش ریزبەندی ( نۆیەمی ) وەرگرتووە لەدوای هەریەکە لە شارۆچکەکانی (چەمچەماڵ و سلێمانی و شارباژێڕ و کەلار و دوکان و هەڵەبجەو پشدەر و پێنجوێن). هۆکاری ئەم کەم بوونەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ دابڕانی شارەدێی مەرگە( بنگرد) لەلایەك کەڕێژەی(٣٩٪) شارۆچکەکەی پێکهێنابوو، لەلایەکی تریشەوە نزیکەی( ١٠٥ کلم٢) ڕووبەری شارۆچکەکە بەئاو داپۆشرا بەهۆی دروست کردنی ئاوبەندی دوکان[١].

لەماوەی ساڵانی نێوان (٢٠٠٢ –٢٠٠٦)یش شارۆچکەی ڕانیە ڕووبەرەکەی وەکو خۆی ماوەتەوە واتەهەر (٨٨٤کم٢)ە. هیچ گۆڕانیکی بەسەر دانەهاتوو، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەم ماوەیەدا هیچ ڕووبەرێکی زەوی نەخراوەتە سەرو هیچیشی لێ دانەبڕاوە، تەنها ئەوە نەبێت کە گۆڕانکاری لە ناو خودی ئەم ڕووبەرەدا ڕووی داوە. بەم جۆرە لەم ماوەیەدا شارۆچکەی ڕانیە ڕێژەی(٠.٧٥٪) ی لەکۆی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە و لەڕیزبەندی ( هەشتەم) دا داهاتووە، لەناو شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی چونکە لەم ماوەیەدا پارێزگای سلێمانی لە(٨) شارۆچکە پێکهاتووە، بەمەش لەدوای هەریەك لەشارۆچکەکانی (سلێمانی و شارباژێڕ و دوکان و هەڵەبجەو پشدەرو پێنچوێن و شارەزوور)دا هاتووە.

سەبارەت بە ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانیش کە کەووتونەتە نێو سنووری شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی لێکۆڵینەوەدا، چەندین گۆڕانکاری بەدیدەکرێت لەبارەی زۆری وکەمی ژمارەو ڕووبەری یەکە کارگێڕیەکان. بەجۆرێك لە ساڵی (١٩٥٧)دا شارۆچکەی ڕانیە لەسێ یەکەی کارگێڕی پێکهاتبوو ئەوانیش بریتیبوون لە شارەدێکانی (سەنتەر و چناران وناودەشت) بڕوانە خشتەی ژمارە(٢).

---

[١] بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی پیلان دانان، ڕوپێوی زەویەکانی سنووری شارۆچکەی ڕانیە، نوسراو بەکۆمپیوتەر، بلاۆنەکراوەتەوە لاپەرە٢.

**خشتەی ژمارە (٢)**

یەکە کارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەنێوان سالأنی

(١٩٥٧-٢٠٠٦)

| سالّ | یەکە کارگێڕییەکان (شارەدێییەکان) |
|---|---|
| ١٩٥٧ | سەنتەر _ چناران _ ناودەشت |
| ١٩٧٧ | سـەنتەر، مەرگە ( بنگرد ) _ بێتواتە _ چوارقورنە |
| ١٩٨٧ | سەنتەر _ بێتواتە |
| ٢٠٠٢ | سەنتەر _ چوارقوڕنە _ بێتواتە _ حاجی ئاوا |
| ٢٠٠٦ | سەنتەر _ چوارقوڕنە _ بێتواتە _ حاجی ئاوا _ سەرکەپکان. |

سەرچاوە:

١.وزارة داخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل،١٩٥٧، المصدر السابق، جدول رقم ،(٢))، ص٢

٢.الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ محافظة السليمانية،،المصدر السابق، جدول (رقم٣) ص، ٦.

٣.الجهاز المركزي للإحصاء،نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية، المصدر السابق، جدول رقم (١ح) ص ٤.

٤.مديرية إلاحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والارتكازية لإقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢، ص١٤٢.

ئەمانیش یەك بەدوای یـەك ڕێـژەی (٣٨٪ ٢٤٪، ٣٨٪) کـۆی ڕووبـەری شارۆچـکەکەیان پێکـدەهینا، بڕوانـە پاشـکۆی ژمـارە (١). بـەلأم لەسـالّی (١٩٧٧) ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان بوەبە (چـوار)یەکەی کـارگێڕی ئـەوانیش پێکهـاتبوون لـە شـارەدێکانی (سـەنتەر*)، بنگـرد (مەرگـە) و چـوارقوڕنە و بێتواتە) کەیـەك بـەدوای یـەك (٤٠٪، ٣٩٪، ٢١٪ ) ڕووبـەری شارۆچـکەکەیان پێکـدەهێنا، لـەم ماوەیـەدا هەریـەك لەشـارەدێکانی (چـناران وناودەشـت)

(*) لەسـالّی (١٩٧٧) ڕووبـەری شـارەدێی سـەنتەر لەگـەلّ ڕووبـەری شـارەدێی ( چـوارقوڕنە) بەیەکەوە هەژمار کراون.

لەشارۆچکەی ڕانیە دابڕان شارەدێی (ناودەشت) خراوەتە سەر (شارۆچکەی پشدەر) و شارەدێی (چناران) یش خراوەتە سەر(شارۆچکەی دوکان) لەساڵی(١٩٨٧)یش تەنها دوو یەکەی کارگێڕی مانەوە ئەوانیش شارەدێکانی (سەنتەرو بێتواتە) بوون کەیەك بەدوای یەك ڕێژەی ( ٦٨٪، ٣٢٪ ) کۆی ڕووبەری شارۆچکەکەیان پێکدەهێنا لەم ساڵەدا شارەدێی چوارقوڕنە پلەی کارگێڕی لەشارەدێوە نزمکرایەوە بۆ گوندو خراوەتە سەر شارەدێی سەنتەر[1]. بەهەمان شێوە شارەدێی بنگرد (مەرگە)ش لەساڵی(١٩٨٦) کراوەتەوە بە گوند، واتەپلەی کارگێڕیەکەی لێ سەنراوەتەوەو وەك گوندیك هەژمار کراو خرایە سەر شارۆچکەی دوکان[2]. لەساڵی(٢٠٠٢) ژمارەی یەکە کارگێڕیەکان زیادی کردوو بوو بە(٤)یەکەی کارگێڕی ئەوانیش پێکهاتبوون لەشارەدێکانی (سەنتەر، چوارقوڕنە، بیتواتە، (حاجی ئاوا**) کە یەك بەدوای یەك ڕێژەی (٢٪،٥٧٪،٣٢٪ ،٩٪) ڕووبەری شارۆچکەکەیان پێکهێنابوو.

لەساڵی(٢٠٠٦)دا ژمارەی یەکە کارگێڕیەکان زیادیان کردو بوون بە(٥) یەکەی کارگێڕی، ئەمەش لە خشتەی ژمارە(٢)دا نیشان دراوە.کە پێکهاتبوون لە شارەدێکانی (سەنتەرو چوارقوڕنە، بیتواتە، حاجی ئاوا، (سەرکەپکان*)) ئەوانیش یەك بەدوای یەك نزیکەی ( ١٥٪،١٩٪، ٣٢ ٪، ٩٪ ،٢٦٪) کۆی ڕووبەری شارۆچکەکەیان پێك دەهێنا.

---

[1] عەبدوڵاغەفور. فەرهەنگی جوگرافیایی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەڕە،٥٨

[2] عبدالله غفور، التشکیلات الاداریة فی جنوب کردستان، مطبعة شڤان، سلیَمانی، ٢٠٠٥، ص ٦٣.

(**) شارەدێی (حاجی ئاوا) وەکو یەکەیەکی نویٚ بەگوێرەی ئەم بڕیارە کراوە بەشارەدیٚ، وەزارەتی ناوخۆ بەریوەبەریەتی گشتی دیوان، بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی، ژمارە (٢٠٨) لەبەرواری ١٩٩٩/٧/٢١. (پارێزگای سلێمانی، ساڵنامەی سلێمانی ١٩٩٩، (بەبیٚ ناوی چاپخانە وساڵی چاپ)، سلێمانی، ٢٠٠٠، لاپەڕە ١٠٩.

(*) گوندی سەرکەپکان، بەپشت بەستن بەبڕیاری، وەزارەتی ناوخو/ بەڕێوەبەریەتی گشتی دیوان / بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی بەفەرمانی وەزاری ژمارە ١٨٦٦، لە٢٠٠٥/٢/١٦. کراوە بەشارەدیٚ.

سەبارەت بەهەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە،لەسەر یەکێك لەدەشتەکانی ناوچەی شاخاوی بنیات نراوە، کە بەدەشتی شاخاوی ناودەبرێت ئەم دەشتە دەکەوێتە لای باکووری زێی بچووك لایەکی پێچاوپێچەو، ڕێڕەوی ئاوی زێی بچووك لەم ناوچەیەدا شێوەیەکی کەوانەیی وەرگرتووە [1]. بەم شێوەیە شارۆچکەکە هەردوو خەسڵەت و تایبەتمەندی ناوچەی (شاخاویی و دەشتایی ) لەخۆگرتوە بەشی باشووری شارۆچکەکە پێکهاتوە لە دەشت و بەشی باکووریشی پێکهاتووە لەناوچەیەکی شاخاوی.

دەشتی (بیتوێن –ڕانیە) کەدەکەوێتە بەشی باشووری شارۆچکەکە، بەیەکێك لە دەشتە فراوانەکانی ناوچەی شاخاوی دادەنرێت ڕووبەری ئەم دەشتە دەگاتە نزیکەی(٨٠٠کم٢) درێژیەکەی لەرۆژهەلاَت بۆ ڕۆئاژوا (٣٠کم)، پانییەکەشی نزیکەی(٢٠–٣٠کم) دەبێت بەرزی ئەم دەشتە دەگاتە نزیکەی (٥٠٠–٦٠٠م)[2].

دەشتەکە لەبنەڕەتدا لە دووبەش پێکهاتووە، نێوانیان جیادەبێتەوە بەهۆی پشتێنەیەکی چیایی، کە بەرزیەکەی دەگاتە نزیکەی ١٢٠٠م ئەم چیایە بە کێوەڕەش ناودەبرێت، زێی بچووك نێوانیان دەکات بەدووبەش، بەهۆی تێپەڕبوونی بەلێوارێکی تەسکدا کەپێی دەگوترێت (دەربەندی ڕانیە)[3]. بەهۆی تێپەڕبوونی زێی بچووك بەدەربەندی ڕانیەدا چیای (کێوەڕەش) لە چیای ئاسۆس جیادەبێتەوە[4]. ئەم دەشتەش بەم هۆیەوە دەبێت بەدوو بەش، بەشی ڕۆژهەلاَتی پێی دەگوترێت (دەشتی پشدەر)،

---

[1] عباس فاضل السعدي، منطقة الزاب الصغير في العراق، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٦،ص ٥٠.

[2] شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحية الطبعية والبشرية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص٣١–٣٢.

[3] ابراهيم شريف، الموقع الجغرافي للعراق واثره في تاريخه العام حتى الفتح الاسلامي، مطبعة شفيق، بغداد، ص ١٠٩

[4] سناء عبدالباقي بكر، مصادر الثروة الطبعية في حوض دوكان وسبل صيانتها، رسالت ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين اربيل، ٢٠٠٣، غير منشورة ، ص ٢٠

بەشی ڕۆژئاواشی پێی دەگوترێت دەشتی بیتوێن (ڕانیە)، دەشتی (پشدەر ) بچووکترە لەدەشتی (بیتوێن)[١].

لەبارەی ئاووهەواوە شارۆچکەی ڕانیە ئاوهەواکەی سەر بەدەریای ناوەڕاستە ئەمەش لەدیاریکردنی پێگەی ئەسترۆنۆمیدا دەردەکەوێت، واتە زستانی ساردو بارانایە هاوینیشی گەرم و وشکە.

لەڕووی سامانی ئاویشەوە ئەم شارۆچکەیە دەوڵەمەندە بەسەرچاوەی ئاوی سەرزەوی، بەوەی کەزێی بچووک دوای تێپەڕبوونی بەشاری قەڵادزی بە دەربەندی ڕانیەدا تێپەڕدەبێت جگەلەمە چەندین رووبارو چەم و جۆگەش لەشارۆچکەکەدا بەدیدەکرێن، کەبەسەرچاوەیەکی سەرەکیی دابینکردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان دادەنرێن لەسەرجەم بوارەکاندا.جگەلە زێی بچووك و لقەکانی لەڕووی ئاوی سەرزەوی، ئاوی ژێر زەویشی لە شێوەی کانی و بیر و کارێز تێدایە[٢].

---

[١] عباس فاضل السعدي، منطقةالزاب الصغير فی العراق، المصدر السابق،ص ٥١–٥٢

[٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : شێروان عومەر ڕەشید، بنەماکانی جوگرافیایی سروشتی دروستبوون و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٧، لاپەڕە ٢٢٣، ٢٦٠.

**باسی دووەم / ڕەهەندی مێژوویی**

شارۆچکەی ڕانیە لەڕووی مێژووییەوە خاوەنی مێژوو شارستانیەتێکی کۆنە،بەڵگە مێژوویەکان و شوێنەوارە دێرینیەکان لەسەر ئەو ڕاستییە دەدوێن کەئەم ناوچەیە بەشێك بووە لە ناوەندە شارستانییەکانی کوردستان بەدرێژای مێژووی کۆن و ناوەڕاست و نوێ، شوێنەوارە ئاوەدانەکان و بەڵگەمێژوویەکانی شارۆچکەی ڕانیە دەگەڕێنەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زاین[1]. لەهەڵمەتێکی تایبەت بەپشکنینی بەرفراوانی ناوچەی گۆمی دوکان –دەشتی بیتوێن – ڕانیە لەساڵی(١٩٥٤–١٩٥٥)، ژمارەیەك گردی شوێنەواری (الاثرية ) لێ دەستنیشانکرا ،کەنزیکەی (٤٠) گردبوون،کە دەکەوتنە سنووری لافاوەوە ئەوانەی رزگارکران گرنگترین ئەوگردانەبوون(گردی باسموسیان ،گردی شمشارە ،گردی دێمە،گردی کامەریان ، گردی قورەشینە ،گردی دوگردان)[2]. لەکۆی(٤٠) گردی ناوچەکە ئەوەی زیاتر جێی بایەخدان بووە گردی(شمشارە) بووە ئەم گردە لەگردە بەرزەکانەو شێوەیەکی قوچەکی وەرگرتوە [3]. لەساڵی (١٩٥٧)دا ئەم گردە لەلایەن نێردراوێکی دانیمارکی، بەسەرپەرشتی دەزگای (کاربیرسك) و دەزگای پەرە پێدانی حکومەتی دانیمارکی پشکنینی بۆ کراوە[4]. کۆنترین دەقێك کەدۆزرابێتەوەو ناوی شمشارەی هێنابێت ئەو، دەقەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ئوری سێیەم پێش ئەو زەمانە، دەشتی بیتوێن کەشمشارە مەڵبەندی ئیداری بووە وەك بنکەیەکی دەرچوون وابوو بۆ سوپای

---

[1] کامەران بابان زادە، سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٧) ی ئازاری ٢٠٠٤، لاپەڕە ٩.

[2] رافیدە عبداللە قەرەداغی، بیتوین خاکی دێرین وشوێنەواری بەبەها، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٧) ی ئازاری ٢٠٠٤، لاپەڕە ١٢

[3] بهنام ناصر ابو الصوف، ظهور فخارعصر الوركاء، فی منطقة دوكان، ترجمة وفاء خلوق سعيد، گوڤاری هەزار مێرد،ژمارە (٩) ساڵی سێیەم ئەیلولی ١٩٩٩، لاپەرە١٨٢

[4] یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، وەرگێرانی لەئینگلیزیەوە، عەزیز گەردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر، ١٩٩٨، لاپەڕە، ٣٢

ئەکەدی[1]. لەخوارووی دەربەندی ڕانیەش لاکێشەیەکی لەشاخ هەڵکۆڵراو دۆزرایەوە کە تابلۆیەکی یادگاری پاشای(ئەکەدی) (نرامسین)ی لەسەر دروستکراوە کەنەخشەکە نزیکەی یەك مەتر پان و(٦٠سم)بەرز و وەنزیکە(٢٠م)لەسەر زەوی بەرزە[2]. جگە لەمە لەناوچەی گوندی بێتواتەی سەربە شارۆچکەی ڕانیە، چەندین شوێنەواری کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە ئەوانیش ئەوە دەسەلمێنن، کەئەم ناوچەیە لەژێر دەستی ئەکەدیەکاندا بووە[3].

شارۆچکەی ڕانیەش خاوەنی مێژوویەکی کۆنە چونکە هەر لەناو شارۆچکەکەدا گردێکی تێدایە، گوایە لەشکری ئێرانی کاتی خۆی هەڵیان بەستووە، ئێستاش خانووی چین چینی بەسەرەوە دروست کراوە بەدەستووری قەڵای هەولێر[4]. هەموو ئەوانەی خرانەڕوو بەڵگەی ئەوەن کەشارۆچکەی ڕانیە بەدرێژایی مێژوو ئاوەدان بووەو وناوچەیەکی گرنگ بووە لەڕووی پێگەی جوگرافی و ئابووری و سەربازی...هتد. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کەناوی ڕانیە و ڕۆڵی ڕانیە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست سەدەی(٥)ی زاینی تاوەکو سەدەی(١٥) زاینی وەکو پێویست ڕۆڵی لەناو ڕووداوە سیاسییەکان دیار نییە[5]. واتە لەم ماوەیەدا لەناو کتێبە مێژووییەکان دا ناوی ڕانیەو ڕۆڵی تارادەیەك ئاماژەی پی نەدراوە. تاوەکو لەساڵانی (١٥٣٠–١٦٢٠) کە (لۆنگریك) لەکتێبەکەی (اربعة قرون في تاريخ

---

[1] رافیدە عبدالله قەرەداغی، بیتوین خاکی دێرین وشوێنەواری بەبەها، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٣.

[2] یورگێن لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، وەرگێرانی لەئینگلیزیەوە، عەزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە، ١٩–٢٠.

[3] عەبدول هادی فوئادی، نوسراو نەخشە هەڵکەندراوەکانی بێتواتە، وەرگێرانی ژیان ئەحمەدعارف،گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە،١٤، کانونی یەکەمی،٢٠٠٠، لاپەڕە، ٨٥

[4] عەلی سەیدۆ گەورانی، لەعەمانەوە بۆئامێدی، وەرگێڕانی تالیب بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، لاپەڕە، ١٧٣

[5] کامەران بابان زادە، سەرەتایەك بۆ مێژوی ڕانیە، هەمان سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە، ١٠

العراق الحديث)، بەم شێوەیە باس لەڕانیە دەکات: (ئەوەی تایبەتە بەزاخۆ و دهۆك و ئاکری و ڕانیە و هەریر و شارەکانی دیکەی دۆڵ و گوندی ناوچەی شاخاویەکان ئاگری ناکۆکی و پەرتەوازەیان بەهۆی تەماعکاری و خۆپەرستیەوە تێدا گەرمبووە)[1]. بەم شێوەیە لەو سەردەمە بەدواوە ناوی ڕانیە لەرووداوە سیاسیەکان و کتێبە مێژوییەکاندا باسکراوە لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەومەوە ڕانیە کەوتە ژێر دەسەڵاتی بابانیەکان، ئەمانە ماوەیەکی زۆر حوکمڕان و فەرمان بەدەست و هەڵسوڕێنەری ناوچەکە بوون[2]. بەڵام لەسەردەمی پاشای گەورەدا دەسەڵاتی میرنشینی سۆران بەرفراوان بوو دەسەڵاتی لەناوچەکانی (کۆیە و ڕانیە و تاوەکو قەمجوغە) ڕۆیشت[3]. ئەم جڵەوی فەرمان ڕەوایەی کەلەلایەن سۆرانیەکانەوەدەستی پێکرد لەساڵی (١٨١٥)ەوە بوو، واتە کاتێك میر محەمەد میری سۆران دەسەڵاتی گرتەدەست[4]. (کاوس قەفتان) لەکتێبەکەیدا بەناوی (چەند لێکۆڵینەوەیەك لەمێژووی میرنشینی بابان سۆران، بۆتان) دا دەڵی: دەسەڵاتی پاشای گەورە ئەوەندە فراوان بوو تا گەیشتە ڕانیەی بن هەنگڵی بابانەکان[5]. ئەمەش ئەوەنیشان دەدات کە ڕانیە دەبێت بەسنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەم دوو میرنشینە. بەهۆی ئەم هاوسنووریەوە بەدرێژای ماوەی ناکۆکی نێوان میرنشینی بابان و سۆران بە تەواوی بۆ ژێر دەسەڵاتی هیچ کامیان یەکیلای نەبۆتەوە. ڕانیە لەسەردەمی بەرلە (مستەفا بەگی باوکی میر محەمەد)ی ڕەواندز لەسەر قەڵەمڕەوی سۆراندا بوو، هەروەها

---

(١) ستیفن هملسی لونکریك، اربعة القرون فی تاریخ العراق الحدیث، ترجمة جعفر الخیاط،طبعة السادسة،المطبعة (بلا)، بغداد،١٩٨٥، ص٦٠– ٦١

(٢) ئیبراهیم بالیسانی، سەربدەی ڕانیەو دەوروبەری، سەرچاوەی پێشوو،لاپەرە،١٢٨

(٣) کامەران بابان زادە، میرنشینی سۆران، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، لاپەڕە،٤٦

(٤) نەجات ئەسپیراوەی، چەند دێرێك لەمێژووی میرنشینی سۆران، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١)،١٩٩٨،لاپەڕە، ١٨٢.

(٥) کاوس قەفتان، چەند لێکۆڵینەوەیەك لەمێژووی میرنشینی بابان، سۆران، بۆتان،چاپی دووەم، چاپخانەو ئۆفیسی راز، سلێمانی، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٦٤

لەسـالّی (١٨٣١) پاشـای گـەورەی رواندز لـە شـالاوی فراوانکردنـی میرنشینەکەیدا (کۆیە و ڕانیە) لە بابانەکان وەردەگری زێی بچووك دەکاتە سـنووری نێـوان هـەردوو میرنشـینەکە لەسـەر ئـەم بنەمایـە بابانـەکان ڕێکەوتننامەیەك مۆردەکەن وئاگر بەستی نیوان هەردوولا ڕاگەیانرا ئـەم ئـاگر بەستەش زیـاتر بـۆ ڕێکـەوتن بـوو لەسـەر دیـاریکردنی سـنووری نێوانیـان[١] . ئەوەی بە سنووری جیا کەرەوەی نێوان ئەو دوو میرنشینە دانرا زێی بچووك بـوو [٢]. بـەلام دەسـەلاتی میرنشـینی سـۆران زۆری نەخایانـد و سـالّی (١٨٣٦)سالّی دارمان و ڕووخانی کـت وپـڕی میرنشـینی سـۆران بـوو.[٣] بـەم شـێوەیە ڕانیـەش وەکـو تـەواوی ناوچـەکانی دیکـەی کوردسـتان کەوتـە ژێـر ڕکێفی ئیمپراتۆریەتی عوسمـانی.لەسـەردەمی والی مەدحـەت پاشـا (١٨٦٩-١٨٧٢) کەهەسـتا بەڕێکخسـتن و دابەشـکردنی کـارگێڕی لـەعێراق[٤]. لـەم سۆنگەیەوە عێراقی ئێستا دابەش کرا بەسەر سێ ویلایەت کـەپێکهاتبوون لـە (بەغداد، بەسرە، موسلّ) هەر ویلایەتێك لەچەند سنجەقێك (لیوا) شارۆچکە و شارەدێ پێکهاتبوو، ویلایەتی موسلّ پێکهاتبوو، لەسنجەقەکەکانی (موسـلّ، سلێمانی، کەرکوك) لیوای کەرکووك بێجگە لە کەرکووك پێکهاتبوو لە (کۆیە و هەولێر و ڕانیـە و سـەلاحیە (کفـری)[٥] . کەواتـە ڕانیـە لـەو سـەردەمەدا سـەر

---

[١] حسین حوزنی موکریانی، میرانی بابان، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٦٠،لاپەڕە،٦٢

[٢] عبد الفتاح علی بوتانی،دراسات ومباحث فی تاریخ الکرد والعراق المعاصر، دەزگـای سـپیرز، بۆ بلاوکردنەوە، دهوك، ٢٠٠٧ ص ١٠١ .

[٣] کـاویس قــەفتان ، چــەندلێکۆڵینەوەیەك لەمێـژووی میرنشـینی بابـان، سـۆران، بۆتـان، سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٦٤.

[٤] خلیل اسماعیل محمد، القضیة الکردیة فی العراق وجود ام حدود، المصدر السابق، ص١٢.

[٥] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم دابەش کاریە بڕوانە (خلیل ئیسماعیل محەمەد، ڕۆڵی ڕەهەنـدی نەتەوەی لەگۆڕینی سنووری کارگێڕی پارێزگای کەرکوك، وەرگێرانی لە عەرەبیـەوە، جـەزا توفیـق تالیـب، چـاپخانەی ڕەنـج، لاپـەرە٩. هـەروەها، گـوران ئیـبراهیم سـالح، کـەرکوك لەسـەردەمی دەولـەتی عوسمانیـدا لـەنیوان سـالآنی (١٨٧٦-١٩٠٩) ، دەزگـای چـاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی ٢٠٠٦، لاپەرە، ٧٩. ) .

بەلیوای کەرکوك بوو واتە شارۆچکەیەك بوو سەر بەم لیوایە. بەم شێوەیە ڕانیە مایەوە تاوەکو کۆتای هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی وەکو تەواوی ناوچەکانی تر کەوتە ژێر دەسەلأتی ئینگلیزو نوێنەریکی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆدانرا بەناوی کاپتن (کوك )[1]. لەم سەردەمەدا شارۆچکەی ڕانیە دابەشببوو بەسەر سێ شارەدێدا بەم شێوەیە ناوەندی ڕانیە دانیشتوانەکەی (١٢٠٠٠ ) کەس بووە، شارەدێی ناودەشت دانیشتوانەکەی (٨٦٥٠) کەس بووە،شارەدێی چنارانیش دانیشتوانەکەی (٤٨٠٠) کەس بوو[2]. لەپاش ڕاپەرینەکەی شێخ مەحموود و ڕامالینی دەسەلأتی ئینگلیز لەوکاتەدا ڕانیە کەوتە ژێر دەسەلأتی شێخ مەحموود، بەلأم ئەوەی جێگای ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە لەکاتی وەدەرنانی دەسەلأتی ئینگلیز لەم ناوچەیەدا شەڕێکی بەناوبانگ رووی داوە بەناوی شەڕی (دەربەندی ڕانیە) کەبەهاوکاری هێزە خێلەکیەکانی پشدەر بوو کەنزیکەی (٣٠٠-٤٠٠) کەس بوون لەگەل (٦٠-٧٠) سەربازی تورك بەبەشداریکردنی (ئۆزدەمیر*) توانیان لەچوار قۆلەوە هێرش بکەنە سەر دەربەدی ڕانیە[3]. لەوکاتەدا ئینگلیزەکان هێزێکی زۆریان هێنابوو بۆ دەربەندی ڕانیە و بڕیاری پاراستنییان دابوو هەرچەندە ئینگلیزەکان فڕۆکەشیان بەکارهێنا، بەلأم سوودی نەبوو بەهۆی بەهێزی هۆزەکان و بەهاوکاری (ئۆزدەمیر)، ئینگلیزەکان بەناچاری دەربەندیان چۆل

---

[1] ئیبراهیم بالیسانی،سەربردەی ڕانیە ودەوروبەری، سەرچاوەی پێشوو،لاپەرە،١٢٩.

[2] سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورك عەرەب، وەرگێرانی حامید گەوهەری،دەزگای چاپ وبلأوکدنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤، لاپەڕە ٢٦٥.

[*] ئوزدەمیر پاشا، ئەفسەرێکی گەورەو لێهاتووی تورك و لایەنگری مستەفا کەمال بوو، ئۆزدەمیر نازناوی بوو، ئەگینا خۆی ناوی عەلی شەفیق وبەڕەگەز میسری بووە، لەحوزەیرانی ١٩٢٢ کەمالییەکان لەگەل سەربازەکان ناردیانە ڕواندز، ئۆزدەمیر توانی لەنزیکەوە پەیوەندی لەگەل ژمارەیەکی زۆر کورد دابمەزرینێ ، بروانە :ئەحمەد باوەڕ، ئۆزدەمیرو کورد، چاپخانەو ئۆفیسی بابان، سلێمانی، ١٩٩٩،لاپەرە، ١٥.

[3] عبدالرقیب یوسف و سدیق سالح، بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەمەئاغای پشدەر، چاپخانەی ئازاد، سلێمانی ٢٠٠١، لاپەڕە ٦٣-٦٧.

کردو لەڕانیەش کشانەوەونەیانتوانی لەناوچەی کۆیەش خۆیان بگرنـەوە بـەم شێوەیە هێزی ئینگلیز سلێمانیشیان چۆڵ کرد[1].دوای ئـەوەی ئـەم ناوچـەیە کەوتە دەستی شـێخ مـەحموود لـەو سـەردەمەدا شـێخ هەسـتا بـەپێکهێنانی شارۆچکەکانی ڕانیـەو پشدەر بـەم شێوەیە(شـێخ ئـەمینی سـندولآن)ی کـرد بەقائیمقایمی ڕانیە[2]. لەدوای نەمانی دەسەڵاتی شێخ مـەحموود. واتـە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و دانانی یاسای پارێزگاکان، ڕانیـە خرایـە سـەر پاریزگای هەولێر کەئەو کات پارێزگای هەولێر پێکهاتبوو لـە شارۆچـکەکانی (هەولێر، مەخموور، کویسنجق ، رواندز، ڕانیـە) [3]. دواتـر شارۆچـکەی ڕانیـە لەساڵی (١٩٥٦) لـەپارێزگای هـەولێر دابـڕاو خرایـە سـەر پارێزگـای سـلێمانی هەروەکو لە پێشووتردا ئاماژەمان پێـداوە. بـەم شـێوەیە شارۆچـکەی ڕانیـە لەسەر پارێزگای سلێمانی ماوەتەوە تاوەکو ڕۆژگاری ئـەمڕۆ[4].

---

[1] جەلال تەقی، خـەباتی گـەلی کـورد لەیادەشـتەکانی ئەحمـەد تـەقی دا،چـاپخانەی (سـلمان الاعضمي) بەغداد، لاپەڕە ٦٣-٦٤

[2] جـەلال تەقی،بیرەوەریـەکانی ئەحمـەد تـەقی،دەربارەی شۆرشـەکانی شـێخ محمـود وسمکۆ،چاپەمەنی سلێمانی،سلێمانی، ١٩٩٨،لاپەڕە ٥٣.

[3] خلیل اسماعیل محمد، القضیة الکردیة فی العراق وجود ام حدود، مصدر سابق، ص١٨.

[4] خلیـل اسماعیـل محمـد، اربیـل دراسـات دیموغرافیـة _ اقتصـادیة، مطبعـة وزارة الثقافـة ، اربیل،٢٠٠٣، ص٨.

## باسی سێیەم / ڕەهەندی دیمۆگرافی

لێکۆلینەوەکانی بواری دانیشتوان، لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێویستی زۆری بە ژمارە و(داتا) ی جۆراوجۆر هەیە.لەپێناوی باشتر تێگەیشتنی گۆڕانەکانی بواری ئابووری وکۆمەلآیەتی وژینگەی دانیشتوان لەڕاستیدا گۆڕانکارە دیموگرافیەکان لەبۆشایدا ڕوونادات واتە ناوچەیەك دانیشتوانی تێدا نیشتەجێ نەبێت گۆڕانی تێدا نابێت ،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ دانیشتوان لەهەر ناوچەیەك هەبێت گۆڕان لەم ناوچەیە ڕوودەدات[1] . چونکە دانیشتوان بوونەوەرێکی ئۆرگانییە و لەهەر ناوچەیەك هەبێت بەوە دەناسرێت کە لە جووڵەو گۆڕانی بەردەوام دایە زیاد دەبێت بەهۆی لەدایك بوون وکۆچ کردنەوە کەمیش دەبێت بە هۆی مردن و پەڕاگەندەبوون (ئاوەرەبوونە)ەوە[2] . گەشەکردن یەکێکە لەسیما دیارەکانی دانیشتوان لەنێو هەندێك گەل و نەتەوە، گەشەکردنی دانیشتوان پێویستییەکی هەمە لایەنەیە، بەتایبەتی لەڕووی سیاسی وستراتیجی وئابووری و ئاسایشی نەتەوەییەوە[3] . وەك ئاشکراشە لە هەژمارکردنی گەشەی دانیشتوان، پشت دەبەسترێت بەدوو بنەمای سەرەکی دیموگرافی، ئەوانیش جووڵەی سروشتی و جووڵەی شوێنجێییە[4] . جووڵەی سروشتی بەگوێرەی جیاوازی نێوان ژمارەی لەدایك بووان و ژمارەی مردووان دادەنرێت [5] . ئەم ڕێگەیە وێنەیەکی ڕاستەقینە

---

[1] فوزی عید سهاونة، موسى عبودة سمحة، جغرافية السكان، دار وائل للنشر، عمان، ٢٠٠٣،ص٣٧.

[2] خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، دراسة فی جغرافية السكان، الطبعة الثانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية،٢٠٠٢، ص٦٧

[3] ئەحمەد عەبدوڵلآ خدر، زۆربوونی دانیشتوان و گەشەکردنی دانیشتوان لەکوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٦، لاپەڕە، ٥٤

[4] عبد على الخفاف، الظاهرة السكانية والتطور الجغرافی، سلسلة الموسوعة الصغيرة،دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٣، ص٧٧-٧٨.

[5] على لبيب، جغرافية السكان، الثابت والمتحول، الطبعة الثانية، دار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٤،ص ٧٧-٧٨

لەزیادبوونی ژمارەی دانیشتوان نیشان نادات،چونکە تۆمارکردنی باری لەدایك بوون و مردن بەشێوەیەکی راست و دروست لەسەرتاسەری عێراق نییە، بەتایبەتی ئەم کردارە لەلایەن خەڵکی گوندنشینەکانەوە بەتەواوتی پشت گوێ خراوە[1]. جووڵەی شوێنجێییش،کەزۆر جار پێی دەگوترێت زیادبوونی ناسروشتی، دیاردەی (کۆچ)دەگرێتەوە کە بەهۆیەوە دەبێتە گۆڕینی شوێنی تاك[2]. دیاردەی کۆچ زۆرجار بەرەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت بۆگەشەی دانیشتوان،چونکە کاردەکاتە سەر گۆڕینی قەبارەو رێژەو پێکهاتەی دانیشتوان[3]. بەلآم وەکو تێبینی دەکرێت لە تۆمارە ژیاریەکانی دانیشتوان کەم و کوڕی زۆر بەدیدەکرێت هەم لەبواری کۆچی ناوخۆ هەم لەبواری کۆچی دەرەکی[4]. ئەمەش ئەوەنیشان دەدات کە بەهۆی هەردوو جووڵەی سروشتی و ناسروشتی وێنەیەکی راستەقینەمان دەست ناکەوێت بۆ زانینی قەبارەو رێژەی گەشەکردنی سالآنەی دانیشتوان.کەواتە بۆ زانینی رێژەی گەشەی سالآنەی دانیشتوان و قەبارەی دانیشتوان لەماوەیەکی دیاریکراو.سەرژمێری سەرتاسەری لەسەردەمی ئێستادا سەرچاوەی سەرەکییە بۆ زانینی زیادبوون و گۆڕانی ژمارەی دانیشتوان لەنێوان دوو ئاماردا[5]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرژمێریانەی کەئەنجام دراون کەم و کوڕی زۆریان تێدایە[6]. بەلآم ئەمە

---

[1] فاضل الانصاري،مشكلة السكان _نموذج القطر العراقي، منشورات وزارة الثقافة والارشارد القومی، دمشق،١٩٨٠،ص٨١ .

[2] رياض ابراهيم السعدى، الهجرة الداخلية للسكان فى العراق، مطبعةد دار السلام، بغداد، ١٩٧٦، ص٢١.

[3] عبد على الخفاف ، الظاهرة السكانية والتطور الجغرافي، المصدر السابق، ص٧٨

[4] فاضل الانصارى،مشكلة السكان، نموزج القطر العراقي، المصدر السابق، ص٧٨

[5] جەزا توفیق تالیب، گەشەی دانیشتوان لەهەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە(٣) ساڵی هەشتەم، سلێمانی، ٢٠٠٠،لاپەڕە،٢٨.

[6] خلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرژمێری دانیشتوان لەعێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجی کوردستان،ژمارە (٤) ساڵی چوارەم، سلێمانی،١٩٩٦،لاپەڕە، ٥٣.

ئەوە ناگەیەنی کە لەنرخ و بەهای بابەتەکە کەم بکاتەوە، چونکە تارادەیەك وێنەیەکمان پێدەبەخشێ لەبارەی جۆری گۆڕانەکان کە لەماوەی نێوان ساڵانی سەرژمێریەکاندا ڕوودەدەن ئەمەش دەبێتە ستاندەرێك بۆ شیکردنەوەی گۆڕانەکانی دانیشتوان.

سەبارەت بەقەبارەی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە لەماوەی لێکۆڵینەوەدا، چەندین گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە ئەمەش لەخشتەی ژمارە (٣) دا ڕوون کراوەتەوە.بەجۆرێك لەساڵی( ١٩٥٧)دا ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە (٣٦٠٩٧) کەس بووە بەڵام ئەم ژمارەیە لەساڵی( ٢٠٠٦) بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە و بۆتە (١٨٦٢٩٩ ) کەس.بەم جۆرە زیادەی دانیشتوان لەم ماوەیەدا (١٥٠٢٠٢) کەس بووە، ئەمەش قەبارەیەکی زۆرە لەرووی زیادبوونی دانیشتوان، هەر لەخشتەکەدا تێبینی دەکرێت کە قەبارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە بەبەراورد بە قەبارەی دانیشتوای پارێزگاری سلێمانی گۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەماوەی لێکۆڵینەوەدا، بەشێوەیەك شارۆچکەی ڕانیە لە ساڵی ( ١٩٥٧) ڕێژەی لە (١١,٨٪) لەکۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنا ،بەڵام لەساڵی (١٩٧٧)دا ئەم ڕێژەیە کەمی کردوەو بۆتە (٧,٧٪) واتە بەجیاوازی (٤,١٪) کەمی کردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گۆڕانە کارگێڕییەی کە بەسەر شارۆچکەی ڕانیەدا هاتووە هەروەك لەپێشودا باسمان کرد ، لەساڵی(١٩٨٧)یش ڕێژەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەکۆی پێکهاتەی ڕێژەی دانیشتوانی پاریزگای سلێمانی بەرزبۆتەوەو بۆتە( ٨,١ ٪ ).

لەساڵی (٢٠٠٢)ش دانیشتوانی شارۆچکەکە(١٣٪)ی لە کۆی پێکهاتەی ڕێژەی دانیشتوانی پاریزگای سلێمانی پێکهێناوە، لەساڵی (٢٠٠٦)یش دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە نزیکەی (١٤٪) ی لەکۆی پێکهاتەی ڕێژەی دانیشتوانی پاریزگای سلێمانی پێکهێناوە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیەو پارێزگای سلێمانی

(١٩٥٧– ٢٠٠٦)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکە | ژمارەی دانیشتوانی پارێزگا | ڕێژەی شارۆچکە لەکۆی پارێزگا (٪) |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧(١) | ٣٦٠٩٧ | ٣٠٤٨٩٥ | ١١,٨ |
| ١٩٧٧(٢) | ٥٣٣٦٢ | ٦٩٠٥٥٧ | ٧,٧ |
| ١٩٨٧(٣) | ٧٧٠٥٦ | ٩٥١٧٢٣ | ٨,١ |
| ٢٠٠٢(٤) | ١٦٢٤٣٤ | ١٢٤٩٨٢٤ | ١٣ |
| ٢٠٠٦(٥) | ١٨٦٢٩٩ | ١٣٤٣٩٨٣ (*) | ١٣,٨ |

سەرچاوە:

١. وزارة داخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل، ١٩٥٧، لوائى كركوك والسليمانية، المصدر السابق، جدول رقم ،(٢)، ص٢.

٢. الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة السليمانية،١٩٨٧، جدول (رقم٣) ص، ٤.

٣. الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية،١٩٨٨، جدول رقم (١) ، ص٢.

٤. مديرية إلاحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والارتكازية لإقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢، جدول رقم ١، ص١٤٢–١٥٤ .

٥. بەدەست هێنراوە لەلایەن توێژەر بە کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی بەڕێوەبەری شارەدێو ئەنجومەنی گەڕەك وگوندەکانی سنووری شارۆچکەی ڕانیە.

(*) ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەدەست هاتوەبەرێگەی ( خەملاندنی ژمارەی دانیشتوان) ( تقدير عدد السكان ) وەبەبەکار هێنانی رێگای (ناوەندی ئەندازەی ) ( الوسط الهندسي) وەبەپشت بەستن بەرێگەی گەشەی سالأنەی دانیشتوان. سەرچاوە وەرگیراوە لە (عبدالحسين زيني و اخرون، الاحصاء السكاني ، دار المعرفة ، بغداد ،١٩٨٠، ص ١٨٠–١٨١ ).

سەبارەت بەگەشەی دانیشتوانیش لەشارۆچکەی ڕانیە لەماوەی سالآنی لێکۆڵینەوەکەدا چەندین گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەرداهاتووە هەریەك لەم گۆڕانکاریانەش زادەی چەندین هۆکارن کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ئاستی کەمبوون و زیادبوونی ڕێژەی گەشەی سالآنەی دانیشتوان. بەگشتی تێکڕای گەشەی سالآنەی دانیشتوان، پەیوەندی بەهۆکارەکانی زیادەی سروشتی و کۆچ و گۆڕانە کارگێڕیەکانەوە هەیە[1]. ئەم سێ دیاردەیەش لە شارۆچکەی ڕانیە ڕۆڵێکی دیارییان هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوان ، بەجۆرێك شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی سالآنی (١٩٥٧-١٩٧٧ ) بەڕێژەی (١,٩٪) دانیشتوانی زیادی کردوە، بەلآم پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی (٤,١٪) زیادی کردوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤). ئەم ڕێژەیە لەشارۆچکەکە لەماوەی سالآنی (١٩٧٧-١٩٨٧) بەرزبۆتەوە بۆ (٣,٧٪) بەلآم پارێزگای سلێمانی دابەزیوە بۆ (٣,٢٪)، بڕوانە شێوەی ژمارە(١). هۆی بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیە لە شارۆچکەی ڕانیە، پەیوەستە بەو ڕەوشە رامیاریەی کە بەسەر ناوچەکەدا هات، چونکەژمارەیەکی زۆری گوندەکانی سەرسنووری ئێران ڕاگوێزران و لە ئۆردووگا زۆرەملیکانی شارۆچکەی ڕانیە نیشتەجێ کران ئەمەش رەنگدانەوەی دیاری هەبوو لەسەر زیادبووونی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە.

---

(1) عباس فاضل السعدى، محافظة بغداد، دراسة في جغرافية السكان، مطبعة الازهر، بغداد،١٩٧٦، ص ٧٢.

**خشتەی ژمارە (٤)**

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیەو پارێزگای سلێمانی (١٩٥٧-٢٠٠٦) (*)

| ساڵ | شارۆچکەی ڕانیە( ٪ ) | پارێزگای سلێمانی( ٪ ) |
|---|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٧٧ | ١,٩ | ٤,١ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٣,٧ | ٣,٢ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٥ | ١,٨ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٦ | ٣,١ | ١,٧ |

سەرچاوە :

ڕێژەکان دەرهێنراون بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٣)

(*) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دەرهێنراوە بەبەکارهێنانی

$$ر = \left( \sqrt[ن]{\frac{ك_٢}{ك_١}} - ١ \right) \times ١٠٠$$

ن = ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەرژمێر

ر = ڕێژەی گەشەی ساڵانە

ك١= ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری یەکەم

ك٢= ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێر

سەرچاوە : یونس حمادی علی، مبادی علم الدیموغرافیة، مطبعة جامعة الموصل ،الموصل، ١٩٨٥، ص ٣٨.

شێوەی ژمارە ( ١ )
ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزای ڕانیە و پارێزگای سلێمانی
١٩٥٧-٢٠٠٦




سەرچاوە / پشت بەستراوە بەخشتەی ژمارە (٤)

سەبارەت بەکەم بوونی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی پارێزگای سلێمانیش بەبەراورد بەساڵانی پێش خۆی بەندە بەنائارامی ڕەوشی ڕامیاری پارێزگاکە لەو کاتەدا، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ناسەقامگیری سیاسی سیمایەکی هەمیشەیی مێژووی سیاسی پارێزگای سلێمانی بووە[1]. جگەلەمە سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) لە ڕەوشێکی نائارام ئەنجامدرا بەهۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ئەمەش کاریکردە سەرئەوەی کەژمارەیەکی زۆری ناوچە سنوورییەکان هەژمار نەکرێن، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ئەم سەرژمێریە ڕوویەکی ڕاستەقینە نیشان نەدات[2]. لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧- ٢٠٠٢) ئاراستەی گەشەی ساڵانەی شارۆچکەی ڕانیە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز

[1] شاکیر خەسباك، ئاراستەی گشتی پەرەسەندی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، وەرگێرانی لەئینگلیزیەوە، عەتا قەرەداغی، کۆمپیوتەرو چاپی ڕووناکی، سلێمانی، ١٩٩٩، لاپەڕە ٧.
[2] خلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرژمێری دانیشتوان لەعێراق، سەرچاوەی پێشوو،،، لاپەڕە، ٥٣.

بۆتەوەو بووەبە(٥٪). هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ ئازاد بوونی کوردستان و ئارامی بارودۆخەکە، بەڵام لەم ماوەیەدا پارێزگای سلێمانی ڕێژەی گەشەی ساڵانە بەبەراورد بەساڵانی پێشوو و کەمی کردووەو بووەبە(١,٨٪) ئەمەش بەهۆی ئەم گۆڕانە کارگێڕییەی کەبەسەر پارێزگاکەدا هاتووە لەم ماوەیەدا بەوەی  ژمارەی یەکە کارگێڕیەکان لە (١٠ ) یەکەی کارگێڕیەوە کەمی کرد بۆ(٨)یەکەی کارگێڕی چونکە هەردوو شارۆچکەی (چەمچەماڵ و کەلار) لەپارێزگای سلێمانی دابڕان ئەمەش لەخشتەی ژمارە (١)دا نیشاندراوە. ئەمەش کاریکردە سەر کەم بوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی.لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٦)یش ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارۆچکەی ڕانیە(٣,١٪) زیادی کردوە.ڕێژەی گەشەی ساڵانەی پارێزگای سلێمانیش بەڕێژەی (١,٧٪) زیادی کردووە، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بەئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ناوچەکە بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی حکومەتی عێراقی.

سەبارەت بە گەشەی ساڵانەی یەکە کارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەکەدا چەندین گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە هەموو ئەو گۆڕانانەش، لەخشتەی ژمارە(٥) دا نیشان دراون. بەجۆرێك شارەدێی سەنتەر لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-١٩٧٧) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی کەمی کردوەبەڕێژەی (- ٣,٩٪ ) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شارەدێی (سەنتەر) لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی لەسەر نەما، بەهۆی کرنەوەی شارەدێی (چوارقونە) بەجۆرێك لەساڵی (١٩٧٧) سەرجەم گوندەکانی شارەدێی سەنتەر خرانە سەر (شارەدێی چوارقورنە) ئەمە لە لایەك لەلایەکی تریش نائارامی ڕەوشی رامیاری ناوچەکە کاریکردە سەر سەرجەم بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵاتی بەمەش ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارەدێی سەنتەر ڕووی لەکەمی کرد. بەڵام لەماوەی ساڵانی نێوان (١٩٧٧-١٩٨٧) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارەدێی سەنتەر بەشێوەیەکی زۆر زیادیکردوە بۆتە زیاتر (٢٢٪) هۆکاری ئەمەش

دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو گۆڕانە کارگێڕی و ڕامیاریانەی کەبەسەر ئەم یەکەیەدا هاتوە. لەماوەی سالأنی (١٩٨٧–٢٠٠٢) دووبارە ڕێژەی گەشەی سالأنەی شارەدێی سەنتەر ڕووی لەکەمی کردوە بەشێوەیەك بوو بە (–١,١٪) ئەمەش بەهۆی دووبارە کردنەوەی (چوارقوڕنە) بەشارەدێ و خستنەوە سەری ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بۆ ناوچەکە، لەسالأنی نێوان (٢٠٠٢– ٢٠٠٦) شارەدێی سەنتەر دوبارە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەجۆرێك لەم ماوەیەدا تێکڕای گەشەی سالأنەی گەیشتۆتە (٤,٦٪) هۆکاری ئەم بەرزبونەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆکارێك لەوانە :

**خشتەی ژمارە (٥)**

ریژەی گەشەی سالأنەی یەکە کارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە

(١٩٥٧–٢٠٠٦) ( ٪ )

| یەکە کارگێڕیەکان | ١٩٥٧–١٩٧٧ | ١٩٧٧–١٩٨٧ | ١٩٨٧–٢٠٠٢ | ٢٠٠٢–٢٠٠٦ |
|---|---|---|---|---|
| شارەدێی سەنتەر | –٣,٩ | ٢٢,٤ | –١,١ | ٤,٦ |
| شارەدێی چوارقوڕنە | ــــ | ــــ | ــــ | –٣,١ |
| شارەدێی حاجی ئاوا | ــــ | ــــ | ــــ | ٥,٣ |
| شارەدێی بیتواتە | ــــ | ٣,١ | ٣ | ١,٧ |
| شارەدێی سەرکەپکان | ــــ | ــــ | ــــ | ــــ |

سەرچاوە : پشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە (١) ڕێژەکان دەرهێنرراوە

١. باشبوونی ڕەوشی ئارامی ناوچەکەلەم ماوەیدا، ئەمەش کاری کردەسەر گەشەی دانیشتوان
٢. باشبووونی لایەنی ئابووری دانیشتوان و چاکتر بوونی رەوشی خزمەت گوزاری لەناوچەکەدا.
٣. کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندنشینەکانی دەورووبەری شارەدێی سەنتەر ئەمەش کاریگەریەکی تەواوی هەبوو لەسەر گەشەکردنی دانیشتوان لەم یەکەیەدا.

(شارەدێی چوارقوڕنە)ش ڕێژەی گەشەی ساڵانەی لە نێوان (٢٠٠٢- ٢٠٠٦)دا بەرەو کەمی ڕۆیشتوەو بوەبە(-٣,١٪) هۆکاری ئەم کەم بوونەوەیەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانە کارگێڕییەی کەبەسەر ئەم یەکەیەدا هاتووە بەوەی کە لەساڵی(٢٠٠٥) دا گوندی سەرکەپکان کرابە شارەدێ پێشتر سەر بەشارەدێی (چوارقونە) بوو، ئەمەش بووە هۆی دابڕانی (٥٤) گوند و خرانە سەر شارەدێ تازەکە.بەمەش ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لەشارەدێی (چوارقوڕنە) بەرەو کەم بوونەوە چوونە. تێکڕای گەشەی ساڵانەی شارەدێی(حاجی ئاوا)ش لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٦) گەیشتە (٥,٣٪)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شارەدێی (حاجی ئاوا) لەم ماوەیەدا گرنگیەکی زۆری پێدرا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەکردنەوەی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لەسەرجەم بوارەکان، هەرلەبەر ئەم هۆیە خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردە ئەم یەکەیە بەتایبەتی گوندنشینەکان. شارەدێی(بێتواتە)ش لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) تێکڕای گەشەی ساڵانەی بەرێژەی (٣,١٪) زیادی کردوە هۆکاری ئەم زیادبوونەش دەگەریتەوە بۆ ئەوەی لەساڵی (١٩٨٧) تەنیا (بیتواتە) وەك شارەدێ مابۆوە کە سەر بەشارۆچکەی ڕانیە بێت، لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی بوو بە(٣٪) ئەمەش پەیوەستە بەئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ڕامیاری ناوچەکەو گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندنشینەکان بۆ سەر زێدی خۆیان ئەمەش کاریگەریی هەبوو لەسەر

گەشــەی ســالآنەی شــارەدێی (بێتواتــە) لــەماوەی ســالآنی (٢٠٠٢ –٢٠٠٦) گەشەی سالآنەی (شارەدێی بێتواتە) بەڕێژەی (١,٧٪) زیادی کردوە.

لــەژێر ڕۆشـنایی ئـەو بەشـەی لێکۆڵینەوەکـەدا بەپوختەیـەك دەگـەین کەبڵێین شارۆچکەی ڕانیە لەڕووی شوێنی جوگرافییەوە گرنگی هەیـە بـەوەی کەناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەولێر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، جگەلەمەش بەئەڵقەی پەیوەندی نێوان ولآتی عێراق و ئێران دادەنرێـت، ئـەم شارۆچکەیە لەرووی سنووری کارگێڕیەوە گوڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەماوەی لێکوڵینەوەکەدا، کە ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی دیـاری هـەبووە لەسـەر ڕووبــەری شارۆچــکەکە ئــەم گوڕانــە کارگێڕییــەش وای کــردەوە ڕووبــەری شارۆچکەکە لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا بەرەو بچووکبوونەوە بـڕوات. لـەرووی هەڵکەوتــەی سروشــتی جوگرافیشــەوە شارۆچــکەی ڕانیــە لەســەر یــەکێك لەدەشـتە گرنگـەکانی ناوچـەی شـاخاوی هەڵکـەوتووە، بـەم پێیـە هـەردوو تایبەتمەندی ناوچەی شاخاوی و دەشـتایی لـەخۆگرتوە لـەرووی مێژویشـەوە ئەم شارۆچکەیە خاوەنی مێژوو شارستانیەتێکی گرنگ و بەبەهایە کەمێـژووی ئاوەدانی ئـەم ناوچـەیە دەگەڕێتـەوە بۆ هـەزارەی سـێییەمی پـێش زایـین و خــاوەنی چــەندین ناوچــەی شــوێنەواریی گرنگــە، لــەڕووی قــەبارەو گەشــەی دانیشتوانیش ئەم شارۆچکەیە چەندین گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانانەش لە کاتێکـەوە بۆکـاتێکی دیکـەو لەبەشـێکەوە بـۆ بەشـێکی دیکـە جیـاوازبووە، ئەمــەش لەئــەنجامی هــەردوو جووڵــەی سروشــتی وشــوێنجێی دانیشــتوان بــووە کــەدواجار کاریگــەریی گــەورەیان لەســەر دابــەش بــوونی جوگرافی دانیشتوانی شارۆچکەکە بەجێهێشتووەکە دواتر لەبەشـەکانی دیکـە وردتر نیشان دەدرێن.

# بەشی دووەم
# دابەشبوونی جوگرافیایی دانیشتوان

## باسی یە کەم / دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان

مەبەست لەدابەشبوونی ژینگەی دابەشبوونی دانیشتوانە بەگوێرەی شار و گوند ئەم شێوە دابەشبوونەش جێگای بایەخ پێدانە لەبوارەکانی لێکۆڵینەوەی جوگرافیای دانیشتووان، چونکە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زەوی دەخاتە ڕوو، ئەم دابەشبونە یەکانگیریەکی پتەوی هەیە لەگەڵ تەواوی بوارەکانی ئابووری و کۆمەلآیەتی و رامیاری و ڕۆشنبیری...هتد، واتەهەرگۆڕانیك لەم شێوازی دابەشبوونە رووبدات کە بەشێوەیەك لاسەنگی دروستبکات رەنگدانەوەی دەبێت لەسەرجەم بوارەکاندا. شارو گوند هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆیانن ئەمەش لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازی هەیە، ئەم تایبەتمەندیانەش لەگۆڕاندان، لەبەر ئەوە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤیش بەگوێرەی گۆڕانی بارودۆخ شتێکی چاوەڕوان کراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەم شێوازی دابەشبوونە بەردەوام لەگۆڕاندایە.

بەر لەوەی دەست بە لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان بکەین باشتر وایە ئاماژە بەچەمکی (شارو گوند) بدەین. ئەوەی لێرەدا گرفتە ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا هاودەنگییەك نییە لەنێوان ولآتانی جیهان بۆ ناساندو جیاکردنەوەی شارو گوند لەیەکدی [1]. ئەمەش بەیەکێك لەو گرفتانەی کە زۆرجار ڕووبەڕووی توێژەر دەبێتەوە لە دەست نیشان کردنی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان شارو گوند لەیەکتری دادەنرێت چونکە پتر

---

[1] سالم علی الشواورة، محمود عبدالله الحبیس، جغرافیا السکان ( مدخل الی علم السکان)، دار الصفاء للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠١، ص١٨٨.

لەبنەماو پێوەرێك هەیە بۆ جیاكردنەوەیان [١]. لەگەڵ ئەوەی بنەمایەكی هاوبەش و پەسەند كراو بۆ جیاكردنەوەی نێوان شارو گوند لەسەرجەم ولاتان كەتویژەرەوان لەسەری كۆكبن نییە. بەلاّم هەندێك پێوەر بەكاردەهێنرێت بۆ جیاكردنەوەیان لەمانە پێوەری ( دیمۆگرافی، كارگێڕی، وەزیفی، مێژووی، مۆرفۆلۆجی، ئابووری) زۆرجاریش پێوەری ئاوێتە واتە زیاتر لەیەك پێوەر بەكاردیت [٢]. هەندێك ولاّت چەند بنەمایەك بەكاردەهێنن كەچی هەندێكی تر تەنیا یەك بنەما دەكەنە پێوەر وەك لەعێراق دەیبینین ئەویش پێوەری كارگێڕییە [٣]. ئەم پێوەرە هەموو مەڵبەندی ( شارەدێ، شارۆچكە، پارێزگا) بەشار دادەنێت لەوانە بترازیت (گوندە) بێ گوێدانە قەبارەی نشینگەكان وچالاكی ئابووری وئاستی كۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری وچڕی دانیشتوان [٤]. واتە دانیشتوانی (شارنشینەكان ) دانیشتوانی سەنتەرە كارگێڕیەكانە ئەوانەن كەلەسنووری شارەوانیدا دەژین [٥]. لێرەدا بەپشت بەستن بەیەكێك لەو لێكۆڵینەوانەی كەوەزارەتی پلاندانانی عێراقی ئەنجامی داوە هەوڵ دەدەین پێناسەی شار بكەین كە (كۆبوونەوی چڕی دانیشتوانە نشینەكانەكە بەكارو چالاكی ئابووری جۆربەجۆری ناكشتوكاڵی خەریكن و لەڕووی

---

[١] ریاض ابراهیم السعدی، الهجرة من الریف الی الحضر فی العراق، دوافعها، انماطها، اتجاهاتها، مجلة الجمعیة الجغرافیة العراقیة، المجلد العاشر، مطبعة العانی، بغداد، ١٩٨٧، ص ٣٩٤-٣٩٥.

[٢] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شارو كەنارەكانی شار ( لێكۆڵینەوەیەك لە چەمك و زاراوەكان ) گۆڤاری مەدەنیەت .
ژمارە، (٤) ساڵی یەكەم، سلێمانی، ١٩٩٩، لاپەڕە، ١٤-١٨.

[٣] عبدالرزاق عباس حسین، جغرافیة المدن، مطبعة اسعد، بغداد ، ١٩٧٧، ص٢.

[٤] جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلوتیكی دانیشتوانی هەرێمی كوردستانی عێراق، لەبلاّوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەویی ستراتیجی، چاپخانەی دلێر، ١٩٩٩، لاپەڕە، ٣٣.

[٥] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شیكردنەوەیەكی جوگرافی دانیشتوانی سەنتەرە شارستانیەكان لەپارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، ژمارە (٤) ساڵی پێنچەم، سلێمانی، ١٩٩٧ ، لاپەرە، ١٤.

کۆمەڵایەتیشەوە کۆمەڵێکی ناچوونیەکن، لەپاڵ ئەم پێناسەیەشدا لەلایەن دەوڵەتەوە سیفەتێکی یاسای کارگێڕیی پێدەدرێت)[1]. بەڵام گوند (بریتیە لەکۆبوونەوەیەکی مرۆیی لەشوێنێکی دیاریکراو کەسوود وەردەگرن لەزەوی و بەرهەمهێنانی کۆڵەکەی ژیانی ئابووریان پێکدەهێنێ و بەپلەی سەرەکی پیشەیان کشتوکاڵ کردنە)[2]. یەکێکی دی لە تایبەتمەندییەکانی خەڵکی گوندنشین لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەوەیە کەپەیوەندی کۆمەڵایەتییان بەهێزە، بەپێچەوانەی دانیشتوانی شارەکان [3]. بنەمای بنچینەیی لێکۆڵەران بۆ دابەشکردنی دانیشتوان بەسەر شارو گوند ئامارە فەرمیەکانی حکومەتی ناوەندی عێراقە ، واتە هەر نشینگەیەك لەو ئامارانەدا بەشاریان بە گوند هەژمار کرابێت ئەوا توێژەران لەسەرهەمان دابەشکردن لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام دەدەن، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەسەرهەمان بنەما دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان ئەنجام دەدەین.

سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە وەکو تەواوی ناوچەکانی تر چەندین گۆڕانی دیاری لەڕووی دابەشبوونی ژینگەییەوە بەسەر دا هاتووە، ئەمەش لەماوەی لێکۆڵینەوەدا بەئاشکرا دەردەکەوێ بۆ زیاتر چوونە نێو بنج وبنەوانی هەموو ئەو گۆڕانانەی کە لە ماوەی سالآنی (١٩٥٧-٢٠٠٦) روویان داوە، بە جیا باس لەم دابەشبوونە دەکەین لەسەر ئاستی شارۆچکە و دواتریش یەکە کارگێڕیەکان، ئەمەش وادەکات بەشێوەیەکی وردتر تیشك بخرێتە سەر سەرجەم گۆڕانکارییەکان.

---

[1] هیوا صادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی شارۆچکەی کۆیە (١٩٥٧-٢٠٠٢)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی بەغداد، ٢٠٠٦، لاپەرە ٥٥.

[2] صبری فارس الهیتی، صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن، مدیریة دار الکتب للطباعة والنشر، الموصل ١٩٨٦،ص٢٦.

[3] سالم علی الشواورة، محمود عبدالله الحبیس، جغرافیا السکان ( مدخل الی علم السکان)، المصدر السابق، ص٢١٤.

أ / دابەشبوونی ژینگەیی لەسەر ئاستی شارۆچکە:

دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە وەکو تەواوی ناوچەکانی تر لەنێوان شارو گونددا دابەشبوون، ئەم دابەشبوونەش بەشێوەیەکی جێگیر نەماوەو بەڵکو چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەمەش لەماوەی لێکۆلینەوەکەماندا بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت.سەرجەم ئەم گۆڕانانەش کە لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧–٢٠٠٦) بەسەرناوچەکەدا هاتوون لەڕووی ئەم شێوازە دابەشبوونە لەخشتەی ژمارە (٦) دا روون کراوەتەوە.بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم شێوە دابەشبوونە ،بۆ هەریەك لەشار نشین و گوندنشین بەجیا لەسەریان دەدوێین.

**خشتەی ژمارە (٦)**

ڕێژەی ژینگەی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە

(١٩٥٧–٢٠٠٦ )

| ساڵ | شارنشین ٪ | گوند نشین ٪ |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١١ | ٨٩ |
| ١٩٧٧ | ٣٤,٧ | ٦٥,٣ |
| ١٩٨٧ | ٦٤,٩ | ٣٥,١ |
| ٢٠٠٢ | ٧٨ | ٢٢ |
| ٢٠٠٦ | ٨٦ | ١٤ |

سەرچاوە : ڕێژەکان دەرهێنراون بەپشت بەست بەپاشکۆی ژمارە (٢).

## ١– شارنشین

شارنشینی شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە بەجۆرێك لەساڵی(٢٠٠٦)دا ڕێژەی شارنشین گەیشتۆتە نزیکەی (٨٦٪) بەلاّم ئەم ڕێژەیە لەساڵی (١٩٥٧)دا تەنیا لە(١١٪)ی کۆی دانیشتوانی شارۆچکەکەی پێکهێناوە، جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕێژەیەش

(٧٥٪)ە ئەمــەش ڕێژەیــەکی زۆرە لــەزیادبوونی ژمــارەی شارنشــین لەســەر ئاستی شارۆچکەی ڕانیە، ئەم ڕێژەیەش بەگوێرەی ساڵەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێك لەساڵی( ١٩٧٧) ئەم ڕێژە بەرزبۆتەوە و بووەبە (٣٤,٧٪) بەم جۆرە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشین لـەم ماوەیـەدا (١٩٥٧–١٩٧٧) بۆتە (٨٪) ئەمەش لەخشتەی ژمارە (٧) ڕوون کراوەتەوە. ئـەم زیادبوونـەی شارنشین لەم ماوەیەدا چەند هۆکارێکی لەپشتە لەمانە:

١.دەرکـەوتنی چـەند شـارەدێی تـازە وەکـو شـارەدێکانی (چـوارقوڕنە، مەرگە ( بنگرد )بێتواتە)[1]. ناوەندی هەریەك لەمانەش بەناوەندی شارنشین هەژمارکرابوو.

**خشتەی ژمارە (٧)**

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشین و گوندنشین لەشارۆچکەیڕانیە

( ١٩٥٧ – ٢٠٠٦ )

| ماوە | شارنشین ٪ | گوندنشین ٪ |
|---|---|---|
| ١٩٥٧–١٩٧٧ | ٨ | ٠,٣ |
| ١٩٧٧–١٩٨٧ | ١٠,٤ | –٢,٥ |
| ١٩٨٧–٢٠٠٢ | ٦,٢ | ١,٨ |
| ٢٠٠٢–٢٠٠٦ | ٥,٩ | –٧,٨ |

سەرچاوە: ڕێژەکان دەرهێنراون بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە (٢)

٢.ڕاگواســتنی ژمارەیــەکی زۆری گونــدەکانی سەرســنوور بەتایبــەتی گونــدەکانی ســنووری شارۆچــکەی پشــدەر و کردنــەوەی دوو ئۆردووگــای زۆرەملــێ لەشارۆچــکەی ڕانیــە یەکــەمیان لەســنووری شــارەدێی ســەنتەرو دووەمیان لەسنووری شارەدێی چوارقوڕنە ئەمانـەش لـەنزیك شـارەکان و لـە

[1] بڕوانە : عبدالله غفور، التشکیلات الاداریة فی جنوبی کردستان، المصدر السابق، ص ١٦–٦١.

سەر ڕێگای گشتی ڕانیە چوارقوڕنەدا دروستکران [1]. ئەمەش کاریکردە سەر زیادبوونی ڕێژەی شارنشین.

٣. ڕاگواستنی ژمارەیەکی زۆری گوندنشییان بەهۆی دروستکردنی (ئاوبەندی دوکان)[2] نیشتەجێ بوونیان لە سنووری شارەدێی (چوارقوڕنە)و(سەروچاوە) کە ناوەندی شارەدێی بێتواتەیە.ئەمەش وای کرد ڕێژەی شارنشینان لەم کاتەدا بەرەوە بەرزبونەوە بڕوات.

لەساڵی( ١٩٨٧ )دا ڕێژەی شارنشین بەشێوەیەکی زۆر زیادیکرد وبوو بەنزیکەی لە (٦٥٪)، بەم شێوەیە لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشین گەیشتە زیاتر لە(١٠٪) ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە. هۆکاری ئەم بەرزیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگواستن و کاولکردنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی سنووری شارۆچکەی ڕانیەو دەرەوەی سنووری شارۆچکەکە و نیشتەجێ کردنیان لەناوەندی شارەکان. لە ساڵی (١٩٨٥)

---

[1] ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکەچکەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،، سلێمانی، ١٩٩٩، لاپەڕە ١٩٨-١٩٩.

[2] پرۆژەی دروست کردنی دەریاچەی دوکان لەساڵی ١٩٥٩ دەستی بە عەمارکردن و کۆکردنەوەی ئاو کرد ئەم کۆکردنەوەیەش ماوەی نزیکەی (٢) ساڵی خایاند،بەمەش دەریاچەیەکی فراوان دروستبوو ئەمەش دواتر بووە هۆی داپۆشینی زەویە بەپیتە کشتوکاڵیەکانی دەشتی (بیتوێن) و (مەرگە) ئەنجامی ئەمەش بووەهۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری خێزانە جوتیارەکانی ئەم ناوچەیەو بیبەش بونیان لەبەرهەمی زەویە بەپیتەکانیان. نزیکەی زیاتر لە (٥٠) گوندی ئەم ناوچەیە زەویەکانیان دووچاری ژێر ئاو کەوتن بوون لەوانە(٨) گوند لەسنووری شارەدێی مەرگە بەتەوای ژێر ئاوکەوتن و نزیکەی (١٧) گوندیش بەشێك لەزەویەکانیان ئاو داپۆشی هەروەها لەسنووری شارۆچکەی ڕانیەش نزیکەی (٢٥) گوند زەویەکانیان ژێر کەوت.

بروانە/ أ. فؤاد حمة خورشید، قضاء پشدەر، المصدرالسابق، ص٢٤-٢٥.

ب. محمد سعيد محمدعلى، مشاريع الرى المقترح ضمن محافظة السليمانية، مطبعة بغداد، ١٩٧٠، ص ٧٨-٧٩.

نزیکەی ١٨ گوندی سەر بەشارۆچکەی ڕانیە توشی ڕاگواستن بوون [1]. لە ساڵی ١٩٨٦ گوندەکانی سەر بەشارەدێی مەرگە( بنگرد ) بەئۆردووگاکانیانەوە سەرجەمیان خاپوور و وێران کران و دانیشتوانەکەی بەتەواوی ڕاگوێزران ئەمەش بەهۆی ئەم خۆپیشاندانەی کەلە( ٢٨-٥-١٩٨٦ ) بۆ (١-٦-١٩٨٦) لەم ناوچەیە سەری هەڵدا[2]. بەمجۆرە شارەدێی سەنتەر ببووبە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی ڕاگوێزراو بەمەش ڕێژەی شارنشین لەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە خەڵکی ئەم شارۆچکەیە کەمتر کۆچی کردوە بۆ دەرەوەی شارۆچکەکە بەتایبەتی بۆشاری سلێمانی ئەمەش لەبەر دووری ئەم شارۆچکەیە لەشاری سلێمانی کە وای کردوە خەڵکی زیاتر ڕوو بکەنە ناو شارۆچکەی ڕانیە[3]. لەساڵی (٢٠٠٢ )دا ڕێژەی شارنشین لەکۆی پێکهاتەی دانیشتوانی شارۆچکەکە زیادی کردوو بووبە (٧٨٪) گەشەی ساڵانەش لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧- ٢٠٠٢) گەیشتەزیاترلە (٦٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوان :

١.دووبارە کردنەوەی چوارقوڕنە بە شارەدێ ،هەروەها کردنەوەی شارەدێیەکی تازە بەناوی (حاجی ئاوا) کەپێشتر کۆمەڵگای زۆرەملێ بوو.

٢.بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانی کەرکووك کە لەدوای ساڵی (١٩٩١) دا لە سنووری ئەم شارۆچکەیە نیشتە جێبوون، کەژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (٥٩١٤) کەس، هەروەها بەهۆی هەڵگیرسانی شەری ناوخۆ ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لەسنووری ئەم

---

[1] مراد حەکیم، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لەسەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، لاپەڕە، ١٤٢.

[2] ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە، ١٩٩.

[4] بیان علی حسین، سکان مدینة سلیمانیة، دراسة جغرافیة، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠١، (غیر منشورة). ص ٧٩.

شارۆچکەیە نیشتەجێبوون کەژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (٢١٣٤) کەس [1].

ئەوانیش زیاتر لەسنووری شارەکان کۆبوونەوە.

٣.کۆچ کردنی ژمارەیەکی زۆری گوندنشینان بۆ ناوەندی شارەکان ئەمەش بەهۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆو خراپی رەوشی ئابووری و کەمی خزمەت گوزاری لەگوندەکان.

ڕێژەی شارنشین لەساڵی (٢٠٠٦) دا گەیشتە (٨٦٪) وگەشەی ساڵانەشی لەم ماوەیەدا لە (٢٠٠٢–٢٠٠٦) نزیکەی (٦٪)ە ئەم گەشەیەش زادەی ئەم هۆکارانەیە:.

١.کردنەوەی شارەدێیەکی تازە بەناوی شارەدێی (سەرکەپکان) لەساڵی (٢٠٠٥)دا کە لەپێشتر ئاماژەمان پێکرد.

٢.کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندنشین بۆ سەنتەری شارەکان ئەمەش زیاتر بەهۆی دەسکەوتنی هەلی کارکردن لەشارەکان و دابەزینی بەهای بەروبوومی کشتوکاڵی لەم ماوەیەدا.چونکە دەسکەوتنی هەلی کار یەکێکە لەهۆکارەکانی کێشکردنی خەڵکە گوندنشینەکان لەپێناو کۆچ کردنیان بۆ شارەکان [2]. لەگەڵ ئەوەشدا کە لەم ماوەیەدا گوندەکان ئاوەدانکرنەوەیان بەخۆیانەوە دیت و زۆرێك لە خزمەت گوزاریەکانیان بۆ دابینکرا، بەلاّم گوند نشینەکان نەگەڕانەوە سەر زێدی خۆیان چونکە شار ببوو بە سەرچاوەی ( کارو کاسبیان وخوێندن و رۆشنبرییان و پەیوەندی کۆمەلأیەتیان ) ئەمە لەلایەك لەلایەکی دی لە گوندەکان هیچ ئاسۆیەکیان بەدی نەدەکرد بۆ پیشکەوتنی ژیانیان [3].

---

[1] ناوەندی زانیاریە مرۆییە هاوبەشیەکان، کورتە زانیارەکی خێرا لەسەر شارۆچکەکانی، هەولێر _سلێمانی _ دهۆك، بەرگی چوارەم _تشرینی دووەم ٢٠٠٤، لاپەڕە ٩٨.

[2] فاضل الانصاری، سكان العراق، دراسة ديموغرافية _ جغرافية مقارنة، دمشق، ١٩٧٠، ص١٣٤.

[3] شێخ محمەد شاکلی، لە لادێوە بۆ شار، لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی کۆچی گوندنشینانی کوردستان بۆ شارەکان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦، لاپەڕە ١١٤.

**٢- گوندنشين**

ڕێژەی گوندنشینان لەکۆی پێکهاتەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشین لەماوەی لێکۆڵینەوەکەمان دا (١٩٥٧-٢٠٠٦) گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، بەجۆرێك لەساڵی ( ١٩٥٧ )دا ڕێژەی گوندنشین لە ٨٩٪ بوو لە کۆی پێکهاتەی دانیشتوانی شارۆچکەکە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی (٢٠٠٦)دا دابەزی بووبە لە(١٤٪ ) بەمەش جیاوازی نێوان ئەم دووڕێژەیە (٧٥٪) ە ئەمەش گۆڕانێکی زۆرە کەبەسەر ئەم ڕێژەیەدا هاتووە. بەڵام لەساڵی (١٩٧٧) دا ئەم ڕێژەیە دابەزی بووبە (٦٥٪ ) لەماوەی ساڵانی نێوان (١٩٥٧-١٩٧٧ ) گەشەی ساڵانەی گوندنشینان گەیشتە(٠,٣٪) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم بوونەوەی ژمارەی گوندەکانی سەر بەشارۆچکەی ڕانیە، چونکە لەم ماوەیەدا هەردوو شارەدێی ( چناران و ناودەشت ) لە شارۆچکەی ڕانیە دابڕان،هەروەها کۆچ کردنی ژمارییەکی زۆری گوندەکانی سەربەشارەدێی (چوارقوڕنە و مەرگە (بنگرد)) بەهۆی ئەم هۆکارانەی کە لەپێشتر باسمان کرد.لەساڵی (١٩٨٧) دا ڕێژەی گوندنشین بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردوو بووبە (٣٥٪) گەشەی ساڵانەی گوندنشین لەم ماوەیەدا لە(١٩٧٧-١٩٨٧) بەڕێژەی (-٢,٥٪) دابەزی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەمانە:

١.دابڕانی شارەدێی مەرگە( بنگرد) لەم ماوەیەدا ئەمەش بووە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەی گوندەکان کەنزیکەی (٥٦) گوند لەشارۆچکەی ڕانیە دابران[١].

٢.ڕاگواستنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی ڕانیە بەتایبەتی لە ساڵانی(١٩٨٤-١٩٨٥) کە نزیکەی (١٨) گوندی سەر

---

[١] وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام، ١٩٥٧، سكان القرى لالوية الموصل والسليمانية واربيل وكركوك و ديالى، دار التضامن، بغداد، ١٩٦١، ص ١٩٣.

بەشارۆچـکەکە ڕاگـوێزران بـۆ ئۆردووگـا زۆرەملێکـان[1]. هـەروەها خراپـی ڕەوشی گوندەکان لەڕووی ڕەوشی ئارامی و خزمەتگوزاری ئەمەش وای کـرد گوند نشینەکان گوند بەجێبهێڵن و ڕووبکەنە شارەکان ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەش خودی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) کەم کورپەکی زۆری هەبوو چـونکە لەبارودۆخێکی ناجێگیر ئەنجام درا. لە ساڵی (٢٠٠٢ ) ڕێژەی گوندنشین بووبە (٢٢٪) لــەکۆی پێکهاتــەی دانیشــتوانی شارۆچــکەکە گەشــەی ســاڵانەی گوندنشین لەماوەی ســاڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) بووبـە نزیکـەی (٢٪)ە، هۆکـاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ باشـتر بـوونی ڕەوشـی ئـارامی ناوچـەکە بەتایبـەتی دوای ئــازادبوونی کوردســتان لەســاڵی (١٩٩١ ) جگەلەمــەش خراپــی ئــەو ڕەوشــەی کەبەســەر ئـابوری کوردسـتاندا داهـات لـە نـەوەدەکانی سـەدەی رابـردوو وایکـرد خــەڵکی بـۆ دابینکردنـی بـژێوییان ڕوبکەنـەوە گونـدەکانیان لەگەڵ ئەوەشدا گوندەکان لـەڕووی خزمـەت گوزاریـەوە دواکـەوتبوون. بـەڵام لەساڵی (٢٠٠٦) دا دووبارە ڕیژەی گوندنشین دابەزی وبووبە( ١٤٪ ) گەشەی سـاڵانەش دابـەزی بـۆ نزیکـەی (-٨٪) هۆکـاری ئەمــەش لەدیـدی توێـژەر دەگەڕێتەوە بۆ چەندهۆکارێك لەوانە :

١.دابەزینی بەهای بەروبوومە کشتوکاڵیەکان لەم ماوەیەدا ،ئەمـەش وای کرد گوندنشـینەکان گونـدەکانیان بـەجێ بهـێڵن و رووبکـە شـارەکان.چـونکە نەبوونی بەردەوامی جێگیربوونی دانیشتوان لەگوندەکان بەندە بەنـەگونجانی بەهای بەروبوومە کشتوکاڵیەکانیان.

٢.بوونی هەلی کار کردن لەشـارەکان وای کـرد گوندنشـینەکان ڕووبکەنـە ســەنتەری شــارەکان، جگەلەمــە باشــبوونی ڕەوشــی ئــابووری خــەڵکی گوندنشینەکانی ئەم ناوچەیە لە دوای نەمانی ڕژێمی عێراقـی لەسـاڵی (٢٠٠٣) دا وای کرد گوندەکانیان بەجێبهێڵن و بێن لەشارەکان نیشتەجێ ببن.

---

[1] مـراد حـەکیم، ئاکامـە کۆمەڵایەتیـەکانی ڕاگواسـتنی گونـدەکانی کوردسـتان لەسـەردەمی بەعسدا،سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە١٣٨

٣.دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندنشینەکان لەدەزگا جیاوازەکانی میری وای کرد خەڵکی گوندشین بۆ پەیوەست بوون بەکارەکانیان رووبکەنە شارەکان.

٤.دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون بەبێ پلان لە لایەن حکومەتەوە بەسەر خەڵکی گوندەکان لەسەنتەری شارەکان ئەنجامی ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گوندنشینەکان بێن لەشارەکان خانوو دروستبکەن بۆ دواجار لەشار نیشتەجێ بن.

**ب/ دابەشبوونی ژینگەیی لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان.**

بەباسکردنی دابەشبوونی ژینگەیی لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان لەشارۆچکەی ڕانیە سەرجەم ئەو گۆڕانکاریانەمان باشتر بۆ دەردەکەوێ کە لەماوەی لێکۆڵینەوەکە(١٩٥٧-٢٠٠٦)دا بەسەر شارنشین و گوندنشینی یەکە کارگێڕیەکاندا هاتووە، بۆ زیاتر ورد بوونەوە لەم گۆڕانکاریانەدا بەجیا باس لەهەریەك لەشارنشین و گوندنشینی یەکە کارگێڕیەکان دەکەین.

**١- شارنشین**

شارنشینان لەیەکە کارگێڕیەکانی شارۆچکەی ڕانیە لە یەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی دی جیاوازیان هەیە، ئەمەش لە خشتەی ژمارە (٨)دا و نەخشەکانی ژمارە (٤ بۆ ٨ ) نیشان دراون.

**١-** شارەدێی سەنتەر: ئەم یەکەیە لەرووی ڕێژەی شارنشینان هەڵکشان وداکشانێکی زۆری بەخۆیەوە بینوە بەجۆرێك لەساڵی(١٩٥٧)دا ڕێژەی شارنشینی (١٤٪) بوو بەلاّم ئەم ڕێژەیە لە ساڵی(١٩٧٧) بووەبە (١٠٠٪ ) ئەم زیادبوونەش زادەی گەشەی دانیشتوان نەبووو بەپلەی یەکەم بەڵکو بەرپرسی ئەم گۆڕانە کردنەوەی شارەدێیەکی تازە بوو بەناوی شارەدێی (چوارقوڕنە) کە وای کرد سەرجەم گوندەکانی شارەدێی سەنتەر

بخرێنە سەر شارەدێ تازەکە. بەمجۆرە شارەدێی سەنتەر هیچ گوندێکی بەسەرەوەنەما(*).

**خشتەی ژمارە (٨)**

ڕێژەی ژینگەی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان لە شارۆچکەی ڕانیە (١٩٥٧–٢٠٠٦) ٪

| یەکە کارگێڕییەکان | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠٠٦ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین |
| شارەدێی سەنتەر | ١٤ | ٨٦ | ١٠٠ | – | ٧٦,٦ | ٢٣,٣ | ١٠٠ | – | ٩٤ | ٦ |
| شارەدێی چناران | ١٢ | ٨٨ | – | – | – | – | – | – | – | – |
| شارەدێی ناودەشت | ٣,٦ | ٩٦,٤ | – | – | – | – | – | – | – | – |
| شارەدێی مەرگە (بنگرد) | – | – | ٧,٧ | ٩٢,٣ | – | – | – | – | – | – |
| شارەدێی چوارقورنە | – | – | ٤٤ | ٥٦ | – | – | ٥٣,٣ | ٤٦,٧ | ٨٦,٤ | ١٣,٦ |
| شارەدێی بێتواتە | – | – | ١٠ | ٩٠ | – | ١٠٠ | ٦٤ | ٣٦ | ٦٩ | ٣١ |
| شارەدێی حاجی ئاوا | – | – | – | – | – | – | ٨٨,٢ | ١١,٨ | ٩٠,٦ | ٩,٤ |
| شارەدێی سەرکەپکان | – | – | – | – | – | – | – | – | ٤٢ | ٥٨ |

سەرچاوە :

١.وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة مجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ للؤائى سليمانية وكركوك، المصدر السابق، ص ٢٦–٢٨.

٢.وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ ، المصدر السابق، جدول رقم ٢٢، ص٣٦.

٣.وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، المصدر السابق، جدول (١ح) ص٤، جدول (١ر) ص٦.

٤.مدرية الاحصاء السليمانية، المصدر السابق ،ص ١٤٢–١٥٤

٥.بەدەست هێنراوەلەلایەن توێژەر بە کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی بەڕێوەبەری شارەدێو ئەنجومەنی گەڕەك وگوندەکانی سنووری شارۆچکەی ڕانیە.

(*) بەجۆرێك ئەو گوندانەی چەند کیلۆمەترێك لەشارەدێی سەنتەر دوور بوون، لەڕووی کارگێڕییەوە لەسەرشارەدێی سەنتەر نەمان وەکو ( گوندەکانی بۆسکێن، سەیدە فەقیرە، قورەگۆ، تیتۆکە، هەنجیرە، کونەسە، تۆپاوا ) .

نەخشەی ژمارە (٤)

دابەش بوونی ژینگەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی ١٩٥٧.




سەرچاوە:

وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، المجلد الثاني،الجزء الثانى، ليواء السليمانية، بدون مكان طبع و السنة طبع، ص١.

*ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٨).

نەخشەی ژمارە (٥)

دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (١٩٧٧) .




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بەخشتەی ژمارە(٨).

نەخشەی ژمارە (٦)
دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوانی شارۆچکەی رانیە لەساڵی (١٩٨٧)




سەرچاوە ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٨)

نەخشەی ژمارە (٧)

دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٢)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە(٨)

نەخشەی ژمارە (٨)
دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٦)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٨)

بەلاّم ئەم ڕێژەیە لەساڵی (١٩٨٧) دابەزی و بووبە (٧٦,٦٪) ئەمەش بەهۆی ئەوەی شارەدێی چوراقورنە پلەی کارگێڕی لێ سەندرایەوەو کرایەوە بە گوند، لەگەڵ سەرجەم گوندەکانی دا خرایەوە سەر شارەدێی سەنتەر بەمەش گۆڕانکاری بەسەر ڕێژەی شارنشین و گوندشینی شارەدێی سەنتەر دا هات. لەساڵی ( ٢٠٠٦ )دا ڕێژەی شارنشین دوبارە کەمی کردەوە بووبە (٩٤٪) بەهۆی ئەوەی گوندە نزیکەکانی دەوروبەری خۆی خرایە سەر، ئەم ڕێژەیە گۆڕا.

**٢-** شارەدێی ( چناران و ناودەشت ) لەساڵی ١٩٥٧ یەك بەدوای یەك ڕێژەی (١٢٪ ، ٣,٦٪ ) ی شارنشیی شارۆچکەکەیان پێك دەهێنا، بەلاّم ئەم دوو شارەدێیە لەسالأنی دواتر لەسەر شارۆچکەی ڕانیە دابڕان ( شارەدێی چناران) خرایەسەر شارۆچکەی دوکان (شارەدێی ناودەشت ) خرایە سەر شارۆچکەی (پشدەر).

**٣-** شارەدێی مەرگە ( بنگرد) لە ساڵی( ١٩٧٧) دا ڕێژەی شارنشینی لە (٧,٧٪) پێکدەهێنا، ئەمەش بەهۆی گرنگی نەدان بەم ( شارۆچکەیە) و خەڵکیش لەم کاتەدا زیاتر لەگوندەکان نیشتەجێببوون،بەلاّم ئەم شارەدێیە لەدوای ساڵی(١٩٧٧)ەوەلە شارۆچکەی ڕانیە دابڕاو خرایە سەر شارۆچکەی(پشدەر).

**٤-** لەساڵی(١٩٧٧)دا ڕێژەی شارنشینی شارەدێی چوارقوڕنە(٤٤٪ ) بوو، ئەم ڕێژەیەش ڕێژەیەکی بەرزە بەبەراورد بەشارەدێکای تر هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە:

**أ-** لە ئەنجامی سیاسەتی ڕاگواستنی گوندەکان لەلایەن حکومەت بەهۆی ژێر ئاو کەوتنی ناوچەیەکی فراوانی نزیك ئاوبەندی دوکان شاری ڕانیە لەناوچەیەکی تەنیشت خۆیەوەئاوایەکی قەرەباڵغی بۆ پەیدابوو کەبەشارەدێی (چوارقوڕنە)ناسرا[1] . ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندە ژێر ئاوکەوتووەکان لەسنووری ئەم یەکەیە نیشتەجێبن، بەمەش ڕێژەی شارنشین زیادیکرد.

---

(١) لیژەك ژیگیل، گوندو شارۆچکە کوردیەکانی عێراقی ئێستا، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر ٢٠٠٠، لاپەڕە، ٤٦.

ب- كردنەوەی ئۆردووگای زۆرەملێ بۆ خەڵكە راگویزراوەكانی بناری قەندیلی سەر بەشارەدێی ناودەشت و نیشتەجێكردنیان لەم ئۆردووگایەی كەبە ئۆردووگای (شارۆشیان*) ناسرابوو، كەلە رێگای نێوان (ڕانیە _ چوارقورنە) دروست كرابوو ئەمەش كاری كردە سەر زیادبوونی شارنیشنانی ئەم یەكەیە.رێژەی شارنشین لەم یەكەیە بەردەوام لەزیادبوون دابوو، بەشێوەیەك لەساڵی(٢٠٠٢)دا بووبە(٥٣٪) هۆكاری ئەم زیادبوونەش دەگەڕێتەوە، بۆ ڕاگواستنی ژمارەیەكی زۆری خەڵكی گوندنشینەكانی سنووری شارۆچكەی چۆمان بەهۆی هەڵگیرسانی شەری عێراق _ئێران[1] . نیشتەجێكردنیان لەئۆردووگایەكی زۆرەملێ بەناوی ئۆردووگای (چۆمان)، كە لەسەر رێگای (ڕانیە_ چوارقورنە) دروستكرا.جگەلەمە بەهۆی كۆچ كردنی ژمارەیەكی زۆری گوندنشینەكانی دەوروبەری بەهۆی خراپی ڕەوشی ئابووری گوندەكان و دەسكەوتنی هەلی كاركردن لەم یەكەیەدا و گرنگی پێدانی لەڕووی پرۆژەی خزمەت گوزاری لەسەرجەم بوارەكان ئەمانە وایان كرد شارنشینی ئەم یەكەیە بەرەو گەشەكردن بچێت، لە ساڵی (٢٠٠٦)دا ژمارەی شارنشین بەشێوەیەكی بەرچاو زیادی كردو گەیشتە( ٨٦,٤ ٪) هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كەم بوونەوی ژمارەی گوندەكانی سەر بەو یەكەیە بەهۆی كردنەوەی شارەدێی ( سەركەپكان ) كە تەنها (١٣) گوند لەسەر ئەم یەكەیە مایەوە ئەمە لەلایەك لەلایەكی دیكەش لەم ماوەیەدا ئەم شارە گەشەیەكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش زیاتر پەیوەست بوو بەوەی ژمارەیەكی زۆری گوندنشیان كۆچیان كرد بۆ نێو سنووری ئەم یەكەیە بەهۆی دەسكەوتنی هەلی كار لەبوارە جیاجیاكان ئەمەش دواجار كاری كردە سەر زیادبوونی دانیشتوان .

---

(*) ( شارۆش) گوندیكە لەبناری قەندیل و سەربەشارەدێی ناودەشتە، لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵكەكە خەڵكی ئەم ناوچەیە بوون بۆیە ئەم ئۆرئۆردووگایەئەم ناوەی لێنرا .

[1] ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێكوچكەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٩٩.

**٥-** شارەدێی بێتواتە لەساڵی(١٩٧٧)دا شارنشینی (١٠٪) بوو، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی ١٩٨٧ نەما واتە دانیشتوانی شارنشین لەم یەکەیەدا بوونی نەبوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناوەندی شارەدێکە لەساڵی (١٩٨٧) بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوت و خەڵکەکەی ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگای (شکارتە)[1].واتەلەساڵی (١٩٨٧) ئەم شارەدێیە ناوەندی شارنشینی تێدا هەژمار نەکراوە. بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵانی ( ٢٠٠٢-٢٠٠٦ ) یەك بەدوای یەك زیادی کردو بووەبە (٦٤٪، ٦٩٪) ئەمەش زیاتر پەیوەست بوو بەو کۆچەی کە خەڵکی گوندنشینەکانی دەوروبەری کردیان بۆ نێو سنووری ئەم یەکەیە، چونکە لەو کاتەدا ئەم شارۆچکەیە تارادەیەك لەلایەن حکومەت گرنگی پێدراوە.

**٦-** شارنشینی شارەدێی ( حاجی ئاوا ) لە ساڵانی( ٢٠٠٢-٢٠٠٦) دا یەك لەدوای یەك بەڕێژەیەکی بەرز دەرکەوتووە کە(٨٨,٢٪ ،٩٠,٦ ٪) هۆکاری زۆری ڕێژەی شارنشین لەم یەکەیە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەم یەکەیە ،هەرلەسەرەتای دروست کردنیەوە وەکو کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندە ڕاگوێزراوەکانی لەخۆ گرتبوو، جگە لەمە هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم یەکەیە گرنگیەکی زۆری پێدراو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لەدوای دەرچوونی فەرمانی بەشارەدێ کردنی لەساڵی (١٩٩٩)ئەمەش بووە مایەیەی دەسکەوتنی هەلی کار لەم یەکەیەدا بەتایبەتی کاری بازرگانی و کارکردن لەکاری پیشەسازی بیناسازیدا، دواجاریش هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر ڕوو بکەنە ئەم یەکەیەو تێیدا نیشتەجێ ببن بەتایبەتی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری.

٧- شارنشینی( شارەدێی سەرکەپکان) یش لەساڵی ٢٠٠٦ ڕێژەی ٤٢٪ کۆی دانیشتوانی شارەدێکەی پێکهێناوە.

---

[1] جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، نامەیەکی ماجستێرە پێشکەشی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧، (بڵاونەکراوەتەوە). ، لاپەڕە ١٥١ _١٥٢.

**٢- گوندنشین**

ڕێژەی گوندنشینان لە یەکە کارگێڕییەکان گۆڕانی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە ئەمەش لە خشتەی ژمارە(٨)دا نیشان دراوە. کەبەهۆیانەوە ئەم گۆڕانکاریانە یەکە بەیەکە شیکار دەکەین بەسەیرکردنی نەخشەکانی ژمارە (٤ بۆ ٨) گۆڕانەکان ڕوونتر دەردەکەون .

**١-** گوندنشینانی شارەدێی سەنتەر گۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەجۆرێك لەساڵی(١٩٥٧)دا ڕێژەی ( ٨٦٪) ی پێکهێناوە ، بەلاَم لە ساڵی(١٩٧٧)دا بەهۆی ئەوەی شارەدێی سەنتەر هیچ گوندێکی لەسەر هەژمار نەکرا، ڕێژەکەی بووبە (٠٪[*]) ئەمەش زادەی ئەو گۆڕانە کارگێڕیە بوو کەبەسەر ئەم یەکەیەدا هات هەروەکو لەپێشوتر ئاماژەمان پێدا. بەلاَم ئەم ڕێژەیە لەساڵی (١٩٨٧)دا بۆتە ( ٢٣,٣٪ ) ئەم ڕێژەیە بەبەراورد بەساڵی (١٩٥٧ ) دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ژێر ئاو کەوتنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی سەربەم یەکەیە بەهۆی دروستکردنی بەستی دوکان، هەروەها ڕاگواستنی گوندەکانی سنووری ئەم یەکەیە وەکو لەپێشوتردا ئاماژەمان پێکردوە. لە ساڵی (٢٠٠٢ )ش دووبارە هیچ گوندنشین لەسەر شارەدێی سەنتەر نەما ، واتە هیچ گوندێك لەسەر ئەم شارەدێیە هەژمار نەکرا[**]. ئەمەش بەهۆی دووبارە خستنەوە سەری گوندەکانی شارەدێی سەنتەر بۆ شارەدێی چوارقوڕنە ، بەلاَم ئەم ڕێژەیە لە ساڵی(٢٠٠٦)دا دوبارە گۆڕانی بەسەرداهاتووە بەوەی بۆتە (٦٪) ، ئەمەش بەهۆی خستنە سەری گوندەکانی نزیك ( شارەدێی سەنتەر) بۆ سەر ئەم یەکەیە کەمی ئەم ڕێژەش دەگەڕیتەوە بۆ کەمی ژمارەی گوندەکانی سەربەشارەدێی سەنتەر.

---

(*) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ المصدر السابق، جدول رقم ٢٢،ص٣٦.

(**) بڕوانە : مدرية الاحصاء السليمانية، المصدر السابق، ص ١٤٢

**٢–** ڕێــژەی گوندنشــــینی شـــارەدێکانی (چـــناران وناودەشـــت) لەسـالّی(١٩٥٧)دا یـەك بـەدوای یـەك (٨٨٪،٩٦٪) بووەئەمـەش ڕێژەیـەکی بـەرزە، **هۆ**کـاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕەوشـی ئـارامی گونـدەکان لـەو کاتەدا.

**٣–** لەســالّی(١٩٧٧) ڕێــژەی گوندنشــینی شــارەدێی مەرگــە(بنگرد) (٩٢,٣٪) بووە، بەرزی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ باشـی ڕەوشـی ئـارامی گوندەکان لەم کاتەدا.

**٤–** گوندنشینانی شارەدێی چوارقوڕنە گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا **ها**تووە بەجۆرێك لەسالّی (١٩٧٧)دا ڕێژەی (٥٦٪)ی پێکهێنـابوو بـەلاّم ئـەم ڕێژەیـە لەســالّی (٢٠٠٢)دا دابــەزیوە بــۆ (٤٦,٧٪) ئەمــەش بــە**هۆ**ی کۆچــکردنی گوندنشــینەکان بۆســەنتەری شــارەکان، ئــەم ڕێژەیــە لەســالّی (٢٠٠٦)دا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردوەو بۆتە (١٣,٦٪) ئەمەش زیـاتر پەیوەسـتە بەو گۆڕان کارگێڕی و دیمو گرافیانەی کەبەسـەر ئـەم یەکەیـەدا **ها**تووە لـەم ماوەیەدا.

**٥–** ڕێژەی گوندنشینی شارەدێی بێتواتە لەماوەی لێکۆڵینەوەدا گـۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەجۆرێك لەسالآنی (١٩٧٧– ١٩٨٧) یەك بەدوای یەك ڕێژەی (٩٠٪ )(١٠٠٪ ) پێکهێناوە، بەلاّم ئەم ڕێژەیـە لەسـالآنی (٢٠٠٢ – ٢٠٠٦ ) بەشـێوەیەکی دیـار نـزم بۆتــەوە بەشـێوەیەك یـەك بـەدوای یـەك بوەبـە(٣٦٪) ( ٣١٪) ئەمــەش زادەی ئــەم کۆچــە بــووە کــە گوندنشــینان کردویانە بۆ سەنتەری شارەکان بە**هۆ**ی خراپی ڕەوشـی ئـابووری گونـدەکان لەم ماوەیەدا.

**٦–**ڕێـژەی گوندنشـینی شـارەدێی(حاجی ئاوا)لەسـالآنی(٢٠٠٢–٢٠٠٦)دا ڕێژەی (١١,٨٪، ٩,٤٪) ی پێکهێناوە کەمی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتـەوە بـۆ، کەمی ژمارەی گوندەکانی ئەم یەکەیە لەلایەك و کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری گوندنشــینانی ئــەم یەکەیــە بــۆ ســەنتەری شــارەکان بەتایبــەتی بــۆ نێــو

شاروچکەی حاجی ئاوا، بەهۆی دەسکەوتنی هەلی کاری زیاتر لەبوارە جیاجیاکاندا لەم یەکەیەدا.

**٧-** گوندنشینانی شارەدێی سەرکەپکان لەساڵی (٢٠٠٦)دا ڕێژەی (٥٨٪) کۆی شارەدێکەی پێکهێناوە ئەمەش زیاتر بۆ سروشتی ناوچەکە دەگەڕێتەوە کەخەڵکی زیاتر لە گوندەکان گوزەران بەسەر دەبەن و سەرچاوەی سەرەکی پێکهێنەری ژیانیان، کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە، ئەمەش وای کردووە خەڵکەکە زیاتر بەسەر گوندەکان دابەش ببن ژیانی تیادا بەسەر بەرن، ئەمە لەلایەك لەیەکی دیکەش ژمارەی گوندەکانی کەسەر بەو یەکەیەن لەهەموو یەکەکانی تر زیاترە(٥٢) نشینگەی گوندی لەخۆگرتوە.

## باسی دووەم / دابەشبوونی قەبارەی دانیشتوان

دابەشبوونی قەبارەی دانیشتوان، بەواتەی دابەشبوونی دانیشتوان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان، ئەم جۆرە دابەشبوونە جێگای بایەخپێدانە لەبواری لێکۆڵینەوەی دانیشتوان، لەبەر ئەوەی ڕوانگەیەکە بەهۆیەوە دەتوانرێ دەستنیشانی جیاوازی کۆبوونەوەی دانیشتوان بکرێت بەسەر نشینگەکان، هەروەها بەهۆیەوە توانای ئەو زەویە دەخرێتە ڕوو لەدابین کردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان، ئەمەش دەبێتە بنەمایەك بۆ دانانی پلانی گەشەپێدان و بەرەو پێشچوون لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان[1]. لەگەڵ ئەمەشدا بەهای ئەم ڕێگەیە لەوەدا دەردەکەوێ کەدەتوانرێ قەبارەی شار و گوندە گەورەکان و مام ناوەندەکان و بچووکەکان دیاری بکرێت.قەبارەی نشینگەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧-٢٠٠٦)دا چەندین گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە، لێرەدا بۆ زیاتر ووردبونەوە و شیکردنەوەی ئەم جۆرە دابەشبوونەو زیاتر تێگەیشتن لەو گۆڕانانەی کەبەسەر ناوچەکە دا هاتووە لەبواری دابەشبوونی قەبارەی دانیشتوان، بەجیا باس لەهەریەك لەمانەی خوارەوە دەکەین :

أ- دابەشبوونی نشینگە شارستانییەکان ( بەگوێرەی ڕیزبەندی قەبارەیان).

ب- دابەشبوونی نیشنگە گوندیەکان ( بەگوێرەی تێکڕای قەبارەیان)

ج- دابەشبوونی نیشینگە گوندیەکان( بەگوێرەی دەستەی قەبارەیان)

**أ- دابەشبوونی نشینگە شارستانیەکان (بەگوێرەی ڕیزبەندی قەبارەیان)**

قەبارەی شار، ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگرێتەوە بەئاماژەیەکی ئاوێتەو پێوەرێکی گشتی بۆ دەرخستنی بەهای شار دادەنرێت، چونکە قەبارەی شار بەچەند بنەمایەك کاریگەر دەبێت، کەوا دەکەن شارەکە گەشە

---

[1] جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپە ڕە، ٨٢

بكات و ئەو قەبارەیە وەربگرێت، یان نێگەتیڤانە کاریکات ئەگەر بارودۆخی گەشەکە لەبارنەبوو[1] . نشینگە شارستنایەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی نێوان سالآنی لێکۆڵینەوەکە گۆڕانی بەرچاو بەسەر قەبارەکانیاندا هاتووە ئەم گۆڕانانەش بەشێوەیەکی چونیەك نەبووە. بەڵکو لەنشینگەیەکەوە بۆ نشینگەیەکی دیکە جیاوازە، ئەمەش بەڕوونی لە نەخشەکانی ژمارە(٩ بۆ١٣) دا دەردەکەوێت هەروەها لەسەیر کردنی خشتەی ژمارە (٩ و١٠) و لەشێوەی ژمارە(٢) شدا تێبینی ئەمانە دەکرێت :

**١/** شاری ( ڕانیە ) کەسەنتەری کارگێڕی شارۆچکەکەیە لەساڵی (٢٠٠٦)دا ڕێژەی (٣٤٪) ی لەکۆی دانیشتوانی شارۆچکەکە لەخۆگرتبوو ، بەلآم ئەم ڕێژەیە لەسالآنی (١٩٥٧–١٩٧٧ ) ڕێژەیەکی کەمتری پێکهێناوە کە یەك بەدوای یەك ڕێژەی ( ٧,٢٪ ، ١٦,١٪). قەبارەی دانیشتوانی ئەم نشینگەیە لەم ماوەیەدا بەڕێژەی (٦٪ ) زیادی کردووە.بڕوانە خشتەی ژمارە(١٠).

بەلآم لەساڵی(١٩٨٧)دا لەئەنجامی ئەو گۆڕانە کارگێڕییەی کەبەسەر ئەم نشینگەیەدا هاتووە قەبارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوەو بۆتە(٦٥٪)ی قەبارەی دانیشتوان و ڕێژەی گەشەی سالآنەی لەم ماوەیەدا (١٩٧٧–١٩٨٧) بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردوە بۆتەنزیکەی (١٩٪) سەیری خشتەی ژمارە (١٠) بکە. هۆکاری ئەم زیادبوونەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەلەم ماوەیەدا شارۆچکەی ڕانیە تەنها لە یەك نشینگەی شارنشینی پێك هاتبووئەویش شاری ڕانیە بوو ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەش بەهۆی ئەوەی لەم ماوەیەدا زۆرترین دانیشتوانی گوندەکان کۆچیان کرد بۆ ئەم نشینگەیە بەلآم لەساڵی (٢٠٠٢– ٢٠٠٦)دا بەهۆی ئەو گۆڕانە دیموگرافیانەی کەبەسەر ئەم نشینگەیەدا هاتوە یەك بەدوای یەك بووە(٣٤,٣٪، ٣٤٪ ) لەکۆی دانیشتوانی شارۆچکەکەی لەخۆ گرتووە، لەهەمان ماوەدا قەبارەی دانیشتوانەکەی بەڕێژەی (٣,١٪) گەشەی کردووە.

---

[1] صبري فارس الهيتي، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٨١

## خشتەی ژمارە (٩)

### قەبارەو ڕێژەی مۆڵگە شارستانیەکانی شارۆچکەی ڕانیە
### (١٩٥٧ – ٢٠٠٦)

| یەکە کارگێڕیەکان | ١٩٥٧ | | | ١٩٧٧ | | | ١٩٨٧ | | | ٢٠٠٢ | | | ٢٠٠٦ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | قەبارەی موڵگەی شارستانیەکان | ٪ لەکۆی دانیشتوان | ٪ لەکۆی شارنشین | قەبارەی موڵگەی شارستانیەکان | ٪ لەکۆی دانیشتوان | ٪ لەکۆی شارنشین | قەبارەی موڵگەی شارستانیەکان | ٪ لەکۆی دانیشتوان | ٪ لەکۆی شارنشین | قەبارەی موڵگەی شارستانیەکان | ٪ لەکۆی دانیشتوان | ٪ لەکۆی شارنشین | قەبارەی موڵگەی شارستانیەکان | ٪ لەکۆی دانیشتوان | ٪ لەکۆی شارنشین |
| شارەدێی سەنتەر | ٢٦٦١ | ٧,٢ | ٦٨ | ٨٥٩٤ | ١٦,١ | ٤٦,٥ | ٤٩٩٨٦ | ٦٥ | ١٠٠ | ٥٥٧٥٦ | ٣٤,٣ | ٤٤ | ٦٣١٦٦ | ٣٤ | ٣٩,٥ |
| شارەدێی چناران | ٨٨٤ | ٢,٤ | ٢٢,٥ | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — |
| شارەدێی ناودەشت | ٣٧٠ | ١ | ٩,٥ | — | — | — | — | — | — | — | — | – | — | — | — |
| شارەدێی مەرگە ( بنگرد) | — | — | — | ١٣٩٩ | ٢,٦ | ٧,٦ | — | — | — | — | — | — | — | — | — |
| شارەدێی چوارقورنە | — | — | — | ٧٩٣٢ | ١٤,٨ | ٤٢,٨ | — | — | — | ٢٨٣٧٠ | ١٧,٤ | ٢٢,٤ | ٤٠٥٣٨ | ٢١,٨ | ٢٥,٢ |
| شارەدێی بێتواتە | — | — | — | ٥٨٠ | ١ | ٣,١ | — | — | — | ١٢١٥٤ | ٧,٤ | ٩,٦ | ١٤١١٤ | ٧,٦ | ٨,٩ |
| شارەدێی حاجی ئاوا | — | — | — | | | | — | — | — | ٣٠٤٥٨ | ١٨,٧ | ٢٤ | ٣٨٥٨٩ | ٢٠,٨ | ٢٤ |
| شارەدێی سەرکەپکان | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | ٣٩٠٠ | ٢,١ | ٢,٤ |
| تێکڕا | ٣٩١٥ | ١٠,٦ | ١٠٠ | ١٨٥٠٥ | ٣٤,٥ | ١٠٠ | ٤٩٩٨٦ | ٦٥ | ١٠٠ | ١٢٦٧٢٨ | ٧٧,٨ | ١٠٠ | ١٦٠٣٣٧ | ٨٦,٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە :

١.وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة مجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ للؤائى سليمانية وكركوك، المصدر السابق ،ص ٣١.

٢.وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ المصدر السابق، جدول رقم(٣) ص٦.

٣.وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ المصدر السابق، جدول رقم (ح١) ص٤

٤.مدرية الاحصاء السليمانية، المصدر السابق ،ص ١٤٢–١٥٤

٥.بەدەست هێنراوە لەلایەن توێژەر بە کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی بەڕێوەبەری شارەدێو ئەنجومەنی گەڕەك وگوندەکانی سنووری شارۆچکەی ڕانیە.

**خشتەی ژمارە(١٠)**

گەشەی شارنشینان بەگوێرەی یەکە کارگێڕییەکان لەشارۆچکەی ڕانیە

١٩٥٧–٢٠٠٦ (٪) ساڵانە

| یەکە کارگێڕییەکان | ١٩٥٧–١٩٧٧ | ١٩٧٧–١٩٨٧ | ١٩٨٧–٢٠٠٢ | ٢٠٠٢–٢٠٠٦ |
|---|---|---|---|---|
| شارەدێی سەنتەر | ٦ | ١٩,٢ | ٠,٧ | ٣,١ |
| شارەدێی چناران | — | — | — | — |
| شارەدێی ناودەمشت | — | — | — | — |
| شارەدێی مەرگە (بنگرد) | — | — | — | — |
| شارەدێی چوارقورتە | — | — | — | ٩,١ |
| شارەدێی بیتواتە | — | — | — | ٣,٧ |
| شارەدێی حاجی ئاوا | — | — | — | ٦ |
| شارەدێی سەرکەپکان | — | — | — | — |

سەرچاوە / پشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٩)

شێوەی ژمارە (٣)
ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین بەگوێرەی یەکەکارگێڕیەکانی شارۆچکەی ڕانیە
(١٩٥٧-٢٠٠٦)




سەرچاوە: پشت بەستراوە بەخشتەی ژمارە (٦)

نەخشەی ژمارە (٩)

قەبارەی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکانی شارۆچکە ڕانیە لەساڵی (١٩٥٧)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٩)

نەخشەی ژمارە (١٠)

قەبارەی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (١٩٧٧)




سەرچاوە ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٩)

نەخشەی ژمارە (١١)

قەبارەی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی ١٩٨٧




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە(٩)

نەخشەی ژمارە (١٢)
قەبارەی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٢)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٩)

نەخشەی ژمارە (١٣)

قەبارەی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٢)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٩)

**٢-** هـــەردوو شارۆچـــكەی ( خەلـــەكان و سەنگەســـەر ) كەســـەنتەری (شارەدێی چناران و ناودەشت)ن لەساڵی(١٩٥٧) یەك لە دوای یەك بە ڕێژەی (٢,٤٪ ،١٪)ی كۆی قەبارەی شارۆچكەكەیان لەخۆگرتبوو.

**٣-** شارۆچـكەی (بنگـرد) كەسـەنتەری شـارەدێی (مەرگەیـە)، لەسـاڵی (١٩٧٧) دا ڕێژەی (٢,٦٪) ی كۆی قەبارەی شارۆچكەكەی لەخۆ گرتبوو.

**٤-**شارۆچكەی(چوارقوڕنە)كەسەنتەری شارەدێی چـوارقوڕنەیە، لەسـاڵی (٢٠٠٦)دا ڕێـژەی (٢١,٨٪)ی كـۆی قـەبارەی شارۆچـكەكەی لـەخۆ گرتبـوو لەكاتێكدا لەساڵانی (١٩٧٧-٢٠٠٢)دا یـەك بـەدوای یـەك لـە (١٤,٨٪، ١٧,٤) لـەكۆی شارۆچـكەكەی پێكهێنـابوو بـەم جـۆرە ئـەم نشـینگەیە قـەبارەی دانیشـتوانی لـەماوەی سـاڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٦) بەڕێـژەی زیـاتر (٩٪) گەشـەی كردووەئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئـەو گۆڕانەكارگێڕییـەی كەبەسـەر ئـەم یەكەیەدا هاتوە لەلایەك، لەلایەكی دیكەش دەگەڕێتەوە بۆباشبوونی ڕەوشی ئابووری ئەم یەكەیە كەدواجار كاریگەر بوو لەسەر گەشەی دانیشتوان.

**٥-** شارۆچـــكەی (سەروچـــاوە) كەســـەنتەری شـــارەدێی( بێتواتە)یـــە لەساڵی(٢٠٠٦) دا نزیكـەی (٨٪)ی لـەكۆی دانیشـتوانی شارۆچـكەكەی لـەخۆ گرتووە، لەكاتێكدا ئەم ڕێژەیـە لەسـاڵی (١٩٧٧- ٢٠٠٢) یـەك بـەدوای یـەك لە(١٪، ٧,٤٪) بووە، بەم جـۆرە گەشـەی سـاڵانە لـەماوەی سـاڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٦) نزیكەی (٤٪ ) بووە.

**٦-** شارۆچكەی (حاجی ئاوا) كـە سـەنتەری شـارەدێی (حـاجی ئاوا)یـە لەســـاڵی (٢٠٠٦)دا نزیكـــەی (٢١٪)ی لـــەكۆی دانیشـــتوانی شارۆچـــكەكەی پێكهێناوە، لەكاتێكدا لەساڵی (٢٠٠٢) دا نزیكەی (١٩٪) بوو لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٦)دا قەبارەی دانیشتوانەكەی بەڕێژەی گەشـەی سـاڵانەی (٦٪ ) زیادی كـردووە ئەمـەش ڕێژەیـەكی بـەرزە لەگـەڵ تـازەیی ئـەم نشـینگەیەیە هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەوا ئەم نشینگەیە گرنگیـەكی زۆری پێدرا لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە ئەمەش وای كرد خەڵكێكی زۆر كۆچی بـۆ بكات بەتایبەتی خەڵكی گوندنشینەكانی دەوروبەری.

**٧-** شارۆچـكەی سـەركەپكان كەسـەنتەری شـارەدێی (سـەركەپكان)ە لەساڵی (٢٠٠٦)دا زیاتر لە (٢./)ی كـۆی دانیشـتوانی شارۆچـكەكەی بـەخۆوە گرتوە.لەگەڵ بـوونی ئـەم گۆڕانكاریانـەی كەلـەم ماوەیـەدا بەسـەر قـەبارەی دانیشـــتوانی شارنشـــینەكانی شارۆچـــكەكەدا هـــاتووە كەچـــی ڕیزبەنـــدی شارۆچـكەكان تاڕادەیـەك وەك خـۆی ماوەتەوە،لـەم ڕوانگەیـەوە دەتـوانین نشینگەكانی شارۆچكەی ڕانیە بەگوێرەی ڕیزبەندی قـەبارەیان پـۆلێن بكـەین لەساڵی (٢٠٠٦) دا بەسەر سێ دەستەی جیاواز بەم شێوەیە :

**دەستەی یەكەم / نشینگەی قەبارە گەورە ( زیاتر لە٦٠ هەزار كەس)**

سەنتەری شارۆچكەی ڕانیە ( شاری ڕانیە) دەكەوێتە نێو ئـەم دەسـتەیە لەساڵی (٢٠٠٦)دا قەبارەی دانیشتوانەكەی (٦٣١٦٦) كەس بووە، ڕێژەی لە (٣٩,٤./)ی كۆی دانیشتوانی شارنشینی شارۆچـكەكەی پێكهێنـاوە، ئەمـەش لەخشـتەی ژمـارە (٩) نیشـان دراوە.بـەم جـۆرە بەگـەورەترین نشـینگەی شارنشینی هەژمار دەكرێت لەتـەواوی مـاوەی لێكۆڵینـەوەدا ئـەم نشـینگەیە ڕیزبەندی یەكەمی وەرگرتوە.

**دەستەی دووەم / نشینگە قەبارەی مام ناوەند( ٣٠-٦٠ هەزار كەس )**

هـــەردوو شارۆچـــكەی ( چـوارقوڕنە و حـاجی ئـاوا ) دەكەونـە نێـو ئـەم دەستەیە و قـەبارەی دانیشـتوانی (چوارقوڕنە) (٤٠٥٣٨ كەسـە ) كەزیاترلـە (٢٥./) كۆی شارنشینی شارۆچكەكەی پێكهێناوە دوای ئەویش (حاجی ئاوا ) دێت كەقەبارەی دانیشـتوانی ( ٣٨٥٨٩) كەسـە بـەم جـۆرە، (٢٤./) ی كـۆی شارنشینی شارۆچكەكەی پێكهێناوەئـەم دوو نشـینگە یـە لـەڕووی قـەبارەوە لەدوای (شاری ڕانیە ) دێن.

**دەستەی سێیەم / نشینگەی قەبارە بچووك (٣٠هەزار كەس كەمتر )**

هەردوو شارۆچكەی (سەروچاوەو سەركەپكان ) دەكەونە نێوئەم دەستەیە قەبارەی دانیشتوانی (سەروچاوە) (١٤١١٤)كەسە(٨,٩./)ی كـۆی شارنشـینی شارۆچـكەكەی پێكهێنـاوە، قـەبارەی دانیشـتوانی (سـەركەپكان)یش (٣٩٠٠) كەسە، (٢,٤./)ی كـۆی دانیشـتوانی شارنشـینی شارۆچـكەكەی لـەخۆگرتوە،

بــەم جــۆرە ئــەم دوو نشــینگەیش بەبچــووکترین نشــینگەی شارنشــینی شارۆچکەکە هەژمار دەکرێن.

گومان لەوەدا نییە کە کەپەیوەندیەکی بەتین لەنێوان دابەشبوونی شـارو ناوچەکانی دەوروبەریدا لەپلەو قەبارەیاندا هەیە، جوگرافیاناسان لەم بوارەدا گرنگـی زۆریـان بـە لێکۆڵینـەوەی دابەشـبوونی دانیشـتوان و دەسـت نیشـان کردنی هاوسەنگی نێوان قەبارەو پلەی شارەکان داوە ، قەبارەی شارنشـینی بەهۆی ژمارەی دانیشتوانەکەیەوە دیاری دەکرێت. واتـە ژمـارەی دانیشـتوان دەبێتە بنەمایـەك بـۆ ڕیزبەنـدی قـەبارەی شـارەکان چـەندین لێکۆڵینـەوەش جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پەیوەندی نێـوان سـەنتەری شـارەکان و قــەبارەی دانیشــتوانیان بــەو پێودانگــەی کەئەمــە ڕێوشــوێنێکە گوزارشــت لــەدیاردەی بــە شارســتانی بــوون دەکـات، بەئەندازەیـەك گەشــەی ئـابووری هەرناوچەیەك دەوەستێتە سەر ڕیزبەندی قەبارەی شـارەکان [1]. هـەر لەبـەر ئەم هۆیە لێکۆڵەرانی بواری جوگرافیای شارنشـین، بـەردەوام لەهەوڵـدابوون، بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێـوان قـەبارەی شـارەکان و ڕیزبەنـدییان، چـونکە ئــەم دابەشــبوونە پەیوەنــدی بــەبارودۆخی جــوگرافی و ئــابووری نشــینگە شارنشینەکانەوە هەیە.

لـەم بارەیـەوە( زیپـف )(G.k zipf)[*] بنەمایـەکی بـۆ ڕیزبەنـدی قـەبارەی شارەکان دانا کە لەسەر بنەماری شاری یەکەم بـەم شـێوەیە (١، ١/٢ ،١/٣ ، ١/٤.........، ١/ن ) واتەشـاری دووەم نیـوەی شـاری یەکـەم بێـت و شـاری

---

[1] خـەلیل ئیسـماعیل محەمـەد، شـیکردنەوەیەکی جـوگرافی بـۆ سـەنتەری شارنشـینەکانی پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٧

[*] یەکێکە لەتوێژەرە ئەمریکیەکان، کەهەستا بەئەنجام دانی توێژینەوەیـەك لەسـەر کۆمـەڵێك شاری ئـەمریکی، کـەتیادا گەیشـتەئەوەی کـە پەیوەندیـەك بـوونی هەیـە لـەنێوان شـێوازی پۆلێنکردنی شارەکان لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان. بۆزانیـاری زیـاتر بڕوانـە (صـبری فـارس الهیتی، صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص٢٢٤. )

سـێیەم ٣/١ شـاری یەکـەم بێـت....هـ[١].هەرچـی (کریسـتالەرە[**] )
(w.Chiristalter )ە وای بـۆ دەچـێت شـاری دووەم ٣/١ ی شـاری یەکـەم وشـاری سـێیەمیش ٣/١ ی کـۆی دانیشـتوانی شـاری دووەم بـەخۆەوە دەگرێت[٢].

لەشیکارکردن و پڕاکتیزەکردنی ئەم بنەمایانەی کە دانراون سەبارەت بە ڕیزبەندی قەبارەی شارەکان توێژەر گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە تێبینی ئەوە دەکرێـت هـیچ کـام لـەو پێـوەر و بنەمایانـە نـاگونجێن لەتـەواوی مـاوەی لێکۆڵینەوەدا لەگەڵ قەبارەی نشـینگە شارنشـینەکانی شارۆچـکەی ڕانیـەدا. هۆکـاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو هەڵکشـان و داکشـانەی کەبەسـەر قەبارەی نشینگە شارستانییەکانی شارۆچکەی ڕانیەدا هاتووە ئەمـەش زیـاتر دەرئەنجامی ئەو گۆڕانە کارگێڕیی و دیموگرافیانە بوو کە لەم ماوەیەدا بەسەر ئەو شارۆچکەیەدا هاتووە ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەش بەبۆچوونی توێـژەر سروشتی ئەو ناوچـانەی کـە ئـەم بنەمایانـەیان تێدا دانـراوە تـەواو جیـاوازە لەگەڵ سروشـتی ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە لەبـەر ئـەوە ئەسـتەم دەبێت ئـەم بنەمایانە لەسەر ناوچەکە پڕاکتیزە بکرێت.

**ب- دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان بەگوێرەی تێکڕای قەبارەی گوند**

مەبەسـت لـە دابەشـبوونی نشـینگە گوندییـەکان بـەگوێرەی (تێکـڕای قەبارەیان[***] )، بەواتـەی ڕێکخسـتن و پـۆلین کردنـی گوندەکانـە بـەگوێرەی

---

[١] جمال حمدان، جغرافية المدن، عالم الكتب، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٧٧،ص٣٩٠.

[**] کریسـتالەر توێـژەرێکی ئـابووری ئەڵمانیـە، کەلەسـاڵی (١٩٣٣) هەسـتا بـەدانانی تیۆرێـك بەناوی ( تیۆری شوێنە ناوەندیەکان) ( نظرية الاماكن المركزية ) تۆێژینەوەکـەی لـە سـەر (دەشتی بافاریـا لەئـەڵمانیا ) ئـەنجام دا. سەرچـاوە ( نبيـل عبـدالقادر الشميسـى، الـنمط الحالى لتوزيع المستوطنات الريفية والخطة المكانية المقترحة للاستيطان الريفى فـى محافظـة القادسـية، قضـاء الديوانيـة كحالـة الدراسـية، رسـالة ماجسـتير، مركـز التخطـيط الحضـرى والريفى، جامعة بغداد، ١٩٨٤، (غير المنشورة )، ص ١٤. )

[٢] عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٧ ص ٢٤١-٢٥٧.

[***] تێکرای قەباەی گوند بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە دەرهێنراوە: قەبارەی دانیشتوانی گوند / ژمارەی گوندەکان

ژمارەی دانیشتوان، ئەمەش لەگوندێکەوە بۆ گوندێکی تر و لە گوندەکانی یەکەیەکی کارگێڕییەوە بۆ یەکەیەکی تر جیاوازە. دواجار ئەم جیاوازیەش گرنگی خۆی دەبێت لە هەڵبژاردنی گوندێك بەمەبەستی پەرەپێدان و دامەزراندنی چەند پرۆژەیەك بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بەگوندەکانی دەوروبەری [1]. نشینگە گوندییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی نێوان سالآنی لێکۆڵینەوەکەدا گۆڕانی بەرچاویان بەسەر داهاتووە لەژمارەو قەبارەیاندا، هۆکاری ئەم گۆڕانانەش زیاتر پەیوەستە بەو گۆڕانە کارگێڕی و دیموگرافی و ڕامیاریاریانەی کە ناوچەکە دووچاری هاتوون، ژمارەی نشینگەکانی شارۆچکەی ڕانیە، لە ساڵی(١٩٥٧) دا لە(٢٢٥) نشینگەوە کەمی کردووە بۆ(١٢٩) نشینگە لەساڵی (٢٠٠٦)دا. بڕوانە خشتەی ژمار(١١).

ئەم گۆڕانەش دواجار کاریگەری زۆری لەسەر تێکڕای قەبارەی گوند بەجێهێشتوە، بەجۆرێك لەساڵی (١٩٥٧)دا تێکڕای قەبارەی گوند (١٤٣کەس / گوند ) بووە، بەلآم لە ساڵی (١٩٧٧)دا بەرزبۆتەوە بۆ نزیکەی (٢١٤کەس /گوند ) ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی نشینگەکان لەوەی کە لە (٢٢٥) نشینگەوە کەمی کرد بۆ (١٦٣* ) نشینگە، بەم جۆرە لەم ماوەیەدا قەبارەی نشینگەکان بە تێکڕای گۆڕانی ساڵانە نزیکەی (٤کەس/گوند) زیادی کردوە ئەمەش لەخشتەی ژمارە (١٢) نیشان دراوە.

---

[1] محمد عبدالله عمر اللهونى، التحليل الجغرافى للاسطان الريفى فى اقليم كردستان ( دراسة تطبيقية لمحافظة اربيل ) مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص، ٥٧

(*) هۆکاری ئەم کەم بوونە بەهۆی دابرانی هەردووك شارەدێی ( چناران و ناودەشتەوە ) بووکەیەك بەدوای یەك ژمارەی گوندەکانیان (٣٦، ٨٤) گوندبوو.

## خشتەی ژمارە(١١)

ڕێژەو تێکڕای قەبارەی دانیشتوانی گوندنشین لەشارۆچکەی ڕانیە ١٩٥٧–٢٠٠٦

| یەکە کارگێڕیەکان | ١٩٥٧ | | | | | ١٩٧٧ | | | | | ٢٠٠٢ | | | | | ٢٠٠٦ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی گوند | ٪ | ژمارەی دانیشتوانی گوند | ٪ | تێکڕای دانیشتوان گوند /کەس | ژمارەی گوند | ٪ | ژمارەی دانیشتوانی گوند | ٪ | تێکڕای دانیشتوان گوند /کەس | ژمارەی گوند | ٪ | ژمارەی دانیشتوانی گوند | ٪ | تێکڕای دانیشتوان گوند/کەس | ژمارەی گوند | ٪ | ژمارەی دانیشتوانی گوند | ٪ | تێکڕای دانیشتوان گوند /کەس |
| ناحیەی سەنتەر | ١٠٥ | ٧.٤٦ | ١٦١٢٧ | ٥٠ | ٥.١٥٣ | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | ١٤ | ١١ | ٣٦٦٠ | ٢.١٥ | ٣.٢٨٢ |
| ناحیەی چناران | ٣٦ | ١٦ | ٦٢١٩ | ٤.١٩ | ٨.١٧٢ | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — |
| ناحیەی ئاودەشت | ٨٤ | ٣.٣٧ | ٩٨٤١ | ٦.٣٠ | ٢.١١٧ | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — |
| ناحیەی مەرگە (بنگرد) | — | — | — | — | — | ٥٤ | ١.٣٣ | ١٦٦١٣ | ٦.٤٧ | ٦.٣٠٧ | — | — | — | — | — | | — | — | — | — |
| ناحیەی چوارقوڕنە | — | — | — | | — | ٨١ | ٧.٤٩ | ١٠٠٦٨ | ٨.٢٨ | ١٢٤ | ٨٧ | ٥.٦٣ | ٢٤٨٢٧ | ٠.٦٩ | ٣.٢٨٥ | ١٣ | ١٠ | ٦٣٩٥ | ٦.٢٤ | ٤٩٢ |
| ناحیەی بیتواتە | — | — | — | | — | ٧٨ | ٢.١٧ | ٨١٧٦ | ٤.٢٣ | ٢٩٢ | ٣٠ | ٩.٢١ | ٦٧٩٤ | ١٩ | ٥.٢٢٦ | ٣٠ | ٢.٢٣ | ٦٧١٤ | ٢٤ | ٢٠٧ |
| ناحیەی حاجیاوا | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | ٢٠ | ٦.١٤ | ٤٠٧٥ | ٦.١١ | ٢٠٣ | ٢٠ | ٥.١٥ | ٤٠٠٨ | ٤.١٥ | ٤.٢٠٠ |
| ناحیەی سەرکەپکان | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | ٥٢ | ٣.٤٠ | ٥٤١٥ | ٨.٢٠ | ٤.١٠٤ |
| تێکڕا | ٢٢٥ | ١٠٠ | ٣٢١٨٢ | ١٠٠ | ١٤٣ | ١٦٣ | ١٠٠ | ٢٤٨٥٧ | ١٠٠ | ٨.٢١٣ | ١٣٧ | ١٠٠ | ٢٥٦٦٦ | ١٠٠ | ٥.٢٦٠ | ١٢٩ | ١٠٠ | ٢٥٩٩٢ | ١٠٠ | ٤.٢٠١ |

سەرچاوە /

١.وزارة الداخلية ،مديرية النفوس العامة مجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ ،سكان القرى لألوية الموصل سليمانية واربيل وكركوك وديالى ،دار التضامن للتجارة والطباعة والنشر، بغداد، ص ١٩٤-٢٠٤

٢.وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء ،هيئة التعداد والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المبانى وحصرالسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة السليمانية ،١٩٧٧، ص٥١٧-٥٣٩

٣.عەبدوڵلاّ غەفور، گوندەکانی باشووری کوردستان لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا -١٩٧٧، بەرگی دووەم ، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس ،هەولێر ٢٠٠٥، لاپەڕە ،١٩٤-٢٠٤

٤.مدريه الاحصاو السليمانيه، المصدر السابق ،ص ١٤٤-١٥٤

٥.بۆ ساڵی (٢٠٠٦) ژمارەی دانیشتوان بەدەست هێنراوە لەلایەن توێژەر بە کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی بەڕێوەبەری شارەدێو ئەنجومەنی گەڕەك وگوندەکانی سنووری شارۆچکەی ڕانیە

## خشتەی ژمارە (١٢)

قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان لەشارۆچکەی ڕانیە

سالأنە(١٩٥٧ -٢٠٠٦) (٪)

| یەکە کارگیریەکان | ١٩٥٧-١٩٧٧ | ١٩٧٧-٢٠٠٢ | ٢٠٠٢-٢٠٠٦ | ١٩٥٧-٢٠٠٦ |
|---|---|---|---|---|
| شارەدێی سەنتەر | - | - | - | ٢,٦ |
| شارەدێی چناران | - | - | - | - |
| شارەدێی ناودە شت | - | - | - | - |
| شارەدێی مەرگە(بنگرد) | - | - | - | - |
| شارەدێی چوارقورتە | - | ٦,٤ | ٥١,٦ | - |
| شارەدێی بێتواتە | - | ٢,٦ - | ٤,٨- | - |
| شارەدێی حاجی ئاوا | - | - | ٠,٧- | - |
| شارەدێی سەرکەپکان | - | - | - | - |
| تێکرا | ٣,٥ | ١,٨ | ١٤,٧ - | ١,٢ |

سەرچاوە / پشت بەستن بەسەرچاوەکانی خشتەی ژمارە ژمارە ( ١١)

لەساڵی (٢٠٠٢[*])دا دووبارە تێکڕای قەبارەی گوند زیادی کرد وبووبە نزیکەی (٢٦١کەس /گوند) ئەمەش دووبارە بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی نشینگەکان بۆ (١٣٧) نشینگە ئەمەش دەرئەنجامی ئەو گۆڕانە کارگێڕیەبوو کەبەسەر شارۆچکەکەدا هاتووە، بەم شێوەیە لەم ماوەیەدا قەبارەی نشینگەکان بە تێکڕای گۆڕانی ساڵانە نزیکەی (٢کەس /گوند) ڕووی لەزیادبوون کرد، بەڵام لەساڵی(٢٠٠٦)دا لەگەڵ ئەوەی ژمارەی نشینگەکان کەمی کردوو بوو بە (١٢٩[**]) نشینگە لەهەمان کاتدا تێکڕای قەبارەی گوند دابەزی و بووبە، نزیکەی (٢٠١کەس /گوند).

بەم جۆرە لەم ماوەیەدا قەبارەی نشینگەکان بە تێکڕای گۆڕانی ساڵانە نزیکەی (–١٥) کەس/گوند، کەمی کردووە، بڕوانە خشتەی ژمارە(١٢). هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچ کردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندنشینان بۆ سەنتەری شارەکان لەم ماوەیەدا ئەمەش زیاتر هۆکاری ئابووری لەپشت ئەم کۆچەوەبوو، چونکە بەهۆی خراپی ڕەوشی ئابووری گوندەکان وای کرد گوندنشینان لەپێناو بەرزکردنەوەی دەسهاتی ئابووریان

---

(*) بەهۆی ناڕێکی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) و هەژمارنەکرنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی شارۆچکەی ڕانیە، ئەم ساڵەمان وەرنەگرتوە( ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بوونی شەری نێوان عێراق و ئێران کەبوە هۆی ئەوەی ناوچە سنووریەکان سەرژمێری ڕێکیان تێدا ئەنجام نەدرێت، ئەنجامی ئەم سەرژمێریە ئومێد بەخش نەبوو) بڕوانە :(خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرژمێری دانیشتوان لەعێراق سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە، ٥٢). جگە لەمە هۆکاری کەم بوونەوەی نشینگە لەساڵی (٢٠٠٢) دا بۆ (١٣٧) نشینگە بەهۆی دابرانی شارەدێی مەرگە(بنگرد) وەوە بوە.

(**) هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە لەم ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چوار گوند لە ساڵی (٢٠٠٦) کەسەر بەشارەدێی سەنتەر بوون وەکو گەڕەکێك لە گەرەکەکانی شاری ڕانیە هەژمار کراون ئەوانیش گوندەکانی ( کونەسی، تیتۆکە، هەنجیرەی ئاکۆیان، سەیداوا ) ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش بەهۆی کردنەوە شارەدێی سەرکەپکان چوار گوند بەسەنتەری شارەدێ هەژمار کران ئەوانیش گوندەکانی ( سەرکەپکان، شێبان، بەردەخڕە، دەلاڵان ).

ڕوو لەشارەکان بکەن بەشێوەیەکی گشتی لەتەواوی ماوەی لێکۆڵینەوە (١٩٥٧-٢٠٠٦) قەبارەی نشینگەکان بە تێکڕای گۆڕانی سالآنە نزیکەی (١کەس/گوند) زیادی کردوە.

بۆ زیاتر شیکردنەوەی تێکڕای قەبارەی نشینگە گوندیەکان دەرخستنی جیاوازی دابەشبوونی ئەم نشینگانە لەیەکەیەکەوە بۆیەکەیەکی ترو لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەپشت بەستن بە خشتەکانی ژمارە (١١-١٢ ) بەجیا باس لە یەکە کارگێڕییەکان دەکەین.

## ١ / شارەدێی سەنتەر:

لەساڵی (١٩٥٧) ئەو یەکەیە (١٠٥) نشینگەی گوندی لەخۆگرتبوو، ئەوانیش (٥٠٪) ی کۆی ژمارەی گوندنشینانی شارۆچکەکەیان پێکهێنابوو، سەیری خشتەی ژمارە(١١) بکە. بەم شێوەیە تێکڕای قەبارەی گوند لەم ساڵەدا نزیکەی (١٥٤)کەس /گوند بوو. بەڵام ئەم یەکەیە لەم ساڵەوە تاوەکو ساڵی (٢٠٠٦) هیچ گوندێکی بەسەرەوە نەبوو لەساڵی (٢٠٠٦)دا ژمارەی نشینگەکان تەنها (١٤) نشینگەبوو. بەم جۆرە تێکڕای قەبارەی گوند لەم ساڵەدا نزیکەی (١٥٪) ی ژمارەی گوندنشینەکانی پێکهێنابوو، هەروەها تێکڕای قەبارەی گوند لەم ساڵەدا بەرزبۆتەوە بۆ نزیکەی (٢٨٢کەس/ گوند) بەمجۆرە تێکڕای گۆڕانی قەبارەی گوند لەماوەی (١٩٥٧-٢٠٠٦) نزیکەی (٣)کەس /گوند، زیادی کردووە بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢). ئەم زیاد بوونەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم بوونەوەی ژمارەی نشینگە گوندیەکان لەلایەك وە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی نشینگە گوندیەکانی ئەم ناوچەیە بەهۆی سروشتی، ناوچەکە لەڕووی بەرزی و نزمیەوە زیاتر پێکهاتەی دەشتی لەخۆگرتوە، ئەمەش هۆکاربووە بۆ زیادبوونی دانیشتوان، هەموو ئەو گۆڕانانەش لەسەیرکردنی نەخشەکانی ژمارە(١٤-١٧) روون تردەردەکەون.

نەخشەی ژمارە (١٤)

تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (١٩٥٧)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١١)

نەخشەی ژمارە (١٥)

تێکڕای قەبارەی گوند ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (١٩٧٧)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١١)

نەخشەی ژمارە (١٦)

تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٢)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١١)

نەخشەی ژمارە (١٧)

تێکڕای قەبارەی گوند لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٦)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١١)

**٢/** هەریەك لەشارەدێكانی (چناران و ناودەشت) لەساڵی (١٩٥٧) یەك بەدوای یەك (٣٦، ٨٤) نشیگەیان لەخۆ گرتبوو بەمجۆرە، ئەوانیش یەك بەدوای یەك نزیكەی (١٩٪، ٣١٪) كۆی ژمارەی گوندنشینیان پێكهێنابوو، بەمشێوەیە تێكڕای قەبارەی گوند یەك بەدوای یەك لەم ساڵەدا (١٧٣ ، ١١٧) كەس / گوند بوو.

**٣/ شارەدێی مەرگە :**

ئەم یەكەیە لەساڵی(١٩٧٧)دا ژمارەی نشینگەكانی لە( ٥٤) نشینگە پێكهاتبوو ئەوانیش نزیكەی (٤٨٪) ی كۆی ژمارەی گوندشینەكانی شارۆچكەكەیان لەخۆ گرتبوو بەم شێوەیە تێكڕای قەبارەی گوند لەم یەكەیەدا نزیكەی (٣٠٨كەس/گوند)، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵكی نشینگە گوندییەكانی ئەم ناوچەیە زیاتر سەرگەرمی كشتوكاڵ كردن بوون لەو كاتەدا.

**٤/ شارەدێی چوارقوڕنە :**

لەساڵی (١٩٧٧) دا ئەم یەكەیە (٨١) نشینگەی لەخۆ گرتبوو ،ئەوانیش نزیكەی (٢٩٪ )ی كۆی ژمارەی گوندنشینیان لەخۆ گرتبوو، بەمجۆرە تێكڕای قەبارەی گوند، لەم ساڵەدا (١٢٤كەس /گوند، بوو) زۆرترین ڕێژەی گوند لەم یەكەیەدابووە.بەڵام لەساڵی (٢٠٠٢) دا ژمارەی زیادی كردووەوە بۆتە (٨٧) نشینگە (٧٠٪) ی كۆی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچكەكەیان لەخۆ گرتبوو، بەم شێوەیە تێكڕای قەبارەی گوند لەم ساڵەدا بوو بەزیاتر لە(٢٨٥كەس / گوند)، گۆڕانی قەبارەی گوند گەیشتە (٦كەس/گوند) بەرزی ئەم ڕێژەیەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە كەلەم ماوەیەدا بەهۆی ئاسای بوونەوەی ڕەوشی ڕامیاری ناوچەكە ژمارەیەكی زۆری گوندەكان بەرەو ئاوەدان بوونەوە

ڕۆیشتن، بەلآم لە ساڵی (٢٠٠٦)دا ژمارەی نشینگە گوندییەکانی ئـەم یەکەیـە بەرەو کەم بوون ڕۆیشتن.

بەجۆرێك بووبە تەنها (١٣) نشـینگەو لـەم سـاڵەدا تـەنیا ڕێـژەی (١٠٪) ی کۆی دانیشتوانی گوندنشینی شارۆچکەکەیان، لەخۆ گرتبوو بەمجۆرە تێکڕای قەبارەی گوند بووبـە (٤٩٢کـەس /گونـد ) گۆڕانی قـەبارەی گوند لـەماوەی سالآنی (٢٠٠٢–٢٠٠٦)دا بەشێوەیەکی بەرچاو زیـادیکردووەو بۆتـە (٥٢کـەس /گونـد) ئـەم گۆڕانـە گەورەیـەش کەلـەم ماوەیـەدا بەسـەر تێکـڕای قـەبارەی گونـدی ئـەم یەکەیەیـدا هـاتووە، زادەی چـەند هۆکارێـك بـووە، لەوانـە کەمبوونـەوەی ژمـارەی نشـینگەکانی بـۆ (١٣) نشـینگە لەئـەنجامی دابرانـی زیاترلـە (٥٦) نشـینگەبەهۆی کردنـەوەی شـارەدێی ( سـەرکەپکان ) ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی تـریش دابڕانـی زیـاتر لـە (١٤) نشـینگەی گونـدی دیکـەو خستنەوەیان بۆ سەر شارەدێی سەنتەر.

## ٥/ شارەدێی بێتواتە :

وەکو یەکەیـەکی تـازە لەسـەرژمێری سـاڵی(١٩٧٧) دا دەرکـەوتوەو(٢٨) نشـینگەی گونـدی شارۆچـکەکەی لـەخۆگرتوە، ئـەوانیش زیـاتر لـە(١٧٪)ی ژمارەی گوندنشـینانیان پێکهێنـابوو، بـەمجۆرە تێکـڕای قـەبارەی گونـد لـەم سـاڵەدا نزیکـەی (٢٩٢کەس/گونـد بـووە )، ئـەم ڕێژەیـە لەسـاڵی (٢٠٠٢)دا گـۆڕانی بەسـەر داهـاتووە، بـەجۆریك ژمـارەی نشـینگە گوندییـەکان زیـادی کردووەو بووەبـە(٣٠) نشـینگە کـەزیاتر (٢١٪)ی کـۆی نشـینگەکانیان لـەخۆ گرتــووە، بــەم شــێوەیە تێکــڕای قــەبارەی گونــد لــەم ســاڵەدا نزیکــەی (٢٢٧کەس/گونـدبووە) تێکـڕای قـەبارەی گونـد لـەماوەی سـالآنی (١٩٧٧–٢٠٠٢) بەرێژەی (–٢,٦کەس/گوند) دابەزی، ئەمەش زیـاتر دەگەڕێتـەوە بـۆ هەڵکەوتـەی سروشـتی ناوچـەکە کەناوچـەیەکی شـاخاوییە، کەیارمەتیـدەر نــەبووە بــۆ نیشــتەجێبوونی گوندنشــینەکان لەگونــدەکانیان، ژمــارەی

گوندنشینەکان لەساڵی (٢٠٠٦) وەکو خۆی کە لە (٣٠) نشینگەی گوندی پێکهاتووە، ئەوانیش لەم ساڵەدا ڕێژەی نزیکەی (٢٤٪) یان لەکۆی نشینگە گوندیەکانی شارۆچکەکەیان لەخۆ گرتبوو، بەم شێوەیە لەم ساڵەدا قەبارەی گوند دابەزی بۆ(٢٠٧کەس/گوند ) ئەمەش وای کرد تێکڕای گۆڕانی ساڵانەی گوند لەم ماوەیەدا بەڕێژەی (-٤,٨کەس /گوند) دابەزێ ئەمەش زادەی ئەم کۆچ کردنەبوو کە گوندنشینەکان کردیان بۆ سەنتەری شارەکان بەهۆی خراپی ڕەوشی ئابووری گوندەکان لەم یەکەیە.

### ٦/ شارەدێی حاجی ئاوا:

لەساڵی (٢٠٠٢) ئەم یەکەیە تەنیا (٢٠) نشینگەی لەخۆ گرتبوو کە ڕێژەی نزیکەی(١٢٪) ی دانیشتوانی گوندنشینی قەزکەیان پێکهێنابوو ،بەمجۆرە تێکڕای قەبارەی گوند لەم ساڵەدا نزیکەی (٢٠٣کەس /گوند) بوو، لەساڵی (٢٠٠٦)یش هەمان ژمارەی نشینگەی ساڵی(٢٠٠٢) بوو کە ڕێژەی زیاترلە (١٥٪) یان لەکۆی ژمارەی گوندنشینانی شارۆچکەکە پێکهێنابوو، بەلام تێکڕای قەبارەی گوند لەم ساڵەدا دابەزێ بوو بە زیاتر لە(٢٠٠کەس /گوند) ئەمەش وای کرد تێکڕای گۆڕانی ساڵانەی قەبارەی گوند لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٦) بەڕێژەی (-٠,٧٪) دابەزێ، ئەمەش ئەنجامی ئەو کۆچە بوو کە گوندنشینەکان بۆ سەنتەری شارەکان کردیان بەتایبەتی بۆ سەنتەری شارەدێکە.

### ٧/ شارەدێی سەرکەپکان :

لەساڵی (٢٠٠٦)دا ئەم یەکەیە (٥٢) نشینگەی لەخۆگرتبوو، ئەوانیش نزیکەی (٢١٪)ی دانیشتوانی گوندنشینی شارۆچکەکەیان پێك دەهێنا، بەم جۆرە تێکڕای قەبارەی گوند زیاتر لە (١٠٤کەس/ گوند) بوو.

**ج/ دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان ( بەگوێرەی دەستەی  قەبارەیان )**

مەبەست لەم جۆرە دابەشبوونە بریتییە لەڕیزبەندی نشینگە گوندییەکان بەگوێرەی دەستەی قەبارەیان واتە دابەشکردنی دانیشتوانی نشینگەکان بۆ چەند دەستەیەك بەبێ ڕەچاو کردنی ڕووبەرەکەیان زۆربەی جار ئەم جۆرە دابەشبوونە پێوەرێکە بۆ ڕاکێشانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان سەنگ و بەهای پێگە نشینگەکانی پێ دەستنیشان دەکرێت، چونکە تاوەکو نشینگەکان قەبارەیان  گەورەتر بێت وەزیفەی جۆارو جۆر لەخۆیان دەگرن[1] . لەڕێگەی ئەم دابەشکارییەوە جیاوازی قەبارەی گوندەکان دەردەکەوێت، بەگوێرەی دەستەی قەبارەیان ئەم جیاوازییەش  زیاتر ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سروشتی ومرۆیی شارۆچکەکە دەردەخات لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر. کە کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی قەبارەی هەندێك نشینگەو کەم بوونی هەندێکی تر، ئەمەش لەخشەی ژمارە (١٣) نیشاندراوە.

لێرەدا بەمەبەستی ڕوونکردنەوەو خستنەڕووی زیاتری ئەم دابەشبوونە هەوڵ دەدەین نشینگە گوندییەکانی شارۆچکەی ڕانیە بەگوێرەی دەستەی قەبارەیان دابەش بکەین بۆ چەند دەستەیەکی جیاواز لەیەکتری ئەمەش لەنەخشەی ژمارە (١٨) دا نیشان دراوە، دەستەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە[*] :

دەستەی یەکەم / کەمتر لە (٢٠٠) کەس

دەستەی دووەم / (٢٠٠–٤٩٩)

دەستەی سێیەم / (٥٠٠–٩٩٩)

دەستەی چوارەم /(١٠٠٠کەس وزیاتر)

---

[1] ڕۆستەم سەلام عەزیز، دابەشبوونی نشینگە گوندیەکانی شارۆچکەی کۆیە و کاریگەری لەسەرکرداری پەرەپێدان، نامەیەکە پێشکەشی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە، لەساڵی (٢٠٠٦)، ( بڵاونەکراوەتەوە)، لاپەڕە، ٤٤.

[*] لێرەدا توێژەر بەگوێرەی سروشتی دابەشبوونی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە پشتی بەم جۆرە دابەشبوونە بەستووە، چونکە تاوەکو ئێستا هاوڕاییەك نییە لەسەر بەکارهێنانی پێوەرێکی دیاری کراو بۆ ئەم مەبەستە.

**خشتەی ژمارە (١٣)**

دابەشبوونی قەبارەی نشینگە گوندیەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی سالأنی (١٩٥٧–٢٠٠٦)(٪)

| ریزبەندی قەبارەی | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠٠٦ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان |
| کەمتر لە ٢٠٠ کەس | ٧٧ | ٤٣,٦ | ٧٠ | ٣١ | ٦٨,٦ | ١٨ | ٧٩ | ٢٥ |
| ٢٠٠–٤٩٩ | ١٩,٥ | ٤١,٢ | ١٧,٨ | ٢٤ | ١٩,٢ | ٢١,٧ | ١٢,٤ | ١٩,٥ |
| ٥٠٠–٩٩٩ | ٣,٥ | ١٥,٢ | ١٠,٤ | ٣٤ | ٧,٢ | ١٧,٥ | ٤,٦ | ١٥,٥ |
| لە١٠٠٠ کەس زیاتر | -- | -- | ١,٨ | ١١ | ٥ | ٤٢,٨ | ٤ | ٤٠ |
| تێکڕا | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە /

١.وزارة الداخلية ،مديرية النفوس العامة مجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، سكان القرى لألوية الموصل سليمانية واربيل وكركوك وديالى ،دار التضامن للتجارة والطباعة والنشر، بغداد، ص ١٩٤–٢٠٤

٢.وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء ،هيئة التعداد والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني وحصرالسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة السليمانية ،١٩٧٧، ص٥١٧–٥٣٩

٣.عەبدوڵڵا غەفور، گوندەکانی باشووری کوردستان لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا –١٩٧٧، بەرگی دووەم ،سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ،١٩٤–٢٠٤

٤.مديرية الاحصاء السليمانية، المصدر السابق ،ص ١٤٤–١٥٤

٥.بەدەست هێنراوە لەلایەن توێژەر بە کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی بەڕێوەبەری شارەدێو ئەنجومەنی گەڕەك وگوندەکانی سنووری شارۆچکەی ڕانیە.

نەخشەی ژمارە (١٨)

نشینگە گوندەییەکانی قەزای ڕانیە بەگوێرەی دەستەی قەبارەیان لەساڵی (٢٠٠٦)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەسەرچاوەکانی خشتەی ژمارە (١٢)

**دەستەی یەکەم /کەمتر لە (٢٠٠ کەس )**

ئـەو گوندانــە دەگرێتــەوە کــەژمارەیان لــە (٢٠٠کــەس) کــەمترە، ئەوانــە بەنشــینگەی بچــووك هــەژمار دەکــرێن، بچــووکی قــەبارەی ئــەم گوندانــە لەبنچینەدا پەیوەستە بەچەند هۆکارێك یـەکێك لەوانـە پەیوەسـتە بـەتوانای بەرهەمی زەوییەکە هەروەها لایەنی تۆپۆگرافی ناوچە چیاییەکان کەئەمـەش دواجار دەبێتە هۆی دەگمەنی زەوی لەبار و شیاو بـۆ کشـتوکاڵ و نیشـتەجێ بـوون[1] . ئـەو نشـینگانەی کەوتوونەتـە نێوئـەم دەسـتەیە لـەماوەی سـاڵانی لێکۆڵینەوە زۆرترین ڕێژە لەکۆی نشینگە گوندیەکان پێك دەهێـنن بـەجۆرێك لەســاڵی (٢٠٠٦) لـــە (٧٩٪)ی نشـــینگە گوندییـــەکانی شارۆچـــکەکەیان پێکهێنـاوە، بـەڵام سـەبارەت بـەکۆی ژمـارەی دانیشـتوانی گونـد لەتـەواوی ماوەی لێکۆڵینەوەدا ڕێـژەی ئـەم دەسـتەیە بـەرەو کەمبوونـەوە ڕۆیشـتووە، هەروەك لەخشتەی ژمارە(١٣) تێبینی دەکرێت. لەساڵی (١٩٥٧) دا ڕێـژەی گوند (٧٧٪ ) و ڕێژەی دانیشتوان، (٤٤٪)بووە بەڵام ئـەم ڕێژەیەبـەرەو کـەم بوونـەوە ڕۆیشـتووە بـەجۆرێك لەسـاڵی (١٩٧٧) ڕێـژەی گوندبووبـە (٧٠٪) ڕێژەی دانیشتوانیش بووبـە (٣١٪) لـەم ماوەیـەدا ڕێـژەی گەشـەی سـاڵانەی هەریەك لەنشینگەو دانیشتوان بەرەو کەم بوون ڕۆیشـتوە، بـەجۆرێك ڕێـژەی گەشەی ساڵانەی نشینگە بەڕێژەی (-٢,١٪) کەمیکردووە بەهەمان شـێوەش ڕیـژەی دانیشـتوانیش بەریـژەی (-١,٢٪ ) ئەمـەش لەخشـتەی ژمـارە(١٤) نیشان دراوە، ئەم کەمبوونەش لەم ماوەیـەدا زیـاتر پەیوەسـتە بـەو گۆڕانـە کارگێڕییەی کەبەسەر شارۆچکەی ڕانیەدا هاتووە ئەمـەهۆکارێك هـەروەها نـا ئـارامی ڕەوشـی رامیـاریش هۆکـارێکی تربـوو، لەسـاڵی (٢٠٠٢)ش بەهـەمان شێوە هەریەك لەژمارەی نشینگەو دانیشتوانی نێو ئەم دەستەیە بـەرەو کـەم بوونەوە ڕۆیشت بەجۆرێك ڕێژەی گوند بوبـە(٦٨,٦٪) ڕێـژەی دانیشـتوانیش بووبـە (١٨٪)، ئەمــەش وای کـرد لـەماوەی سـاڵانی نێـوان، (١٩٧٧- ٢٠٠٢) هەریـەك لـەژمارەی نشـینگە گوندییـەکان و دانیشـتوانی نێـو ئـەو دەسـتەیە

---

[1] عبدالرزاق محمدالبطيحي، عادل عبدالله خطاب، جغرافية الريف، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٢، ص ٨٥

ڕێژەی گەشەی ساڵانەیان کەمیکردوە، بەجۆرێك ڕێژەی نشینگە بە (-٨٪ ) دابەزێ و ڕیژەی دانیشتوانیش بە ( -٢,١٪) دابەزێ ئەمەش، لەئەنجامی دوو هۆکار بوو لەوانە ئەو گۆڕانە کارگێرییەی کەبەسەر شارۆچکەکەدا هات کە لەپێشتر ئاماژەمان پێدا، لەلایەکی تریش، بەهۆی ئاسایی بوونەوەی ڕەوشی رامیاری ناوچەکە لەدوای ساڵی (١٩٩١) گەڕانەوەی دانیشتوانی گوندەکان بۆسەر زێدی خۆیان زیاتر نشینگەکان بەشێوەی قەبارە گەورەتر دەرکەوتن. بەلأم دووبارە لەساڵی (٢٠٠٦)دا نشینگەو دانشتوانی نێو ئەو دەستەیە بەرەو زۆر بوون چووبەجۆرێك ڕێژەی گوند بووبە (٧٩٪ ) ڕێژەی دانیشتوانی گوندیش بووبە (٢٥٪) بەم جۆرە لەماوەی ساڵنی (٢٠٠٢-٢٠٠٦)دا هەریەك لەژمارەی نشینگەو دانیشتوانی نێوئەو دەستەیە گەشەی ساڵانەیان بەرز بۆوە، بەجۆرێك ڕێژەی گوند بووبە (١,٧٪) و ڕێژەی دانیشتوانی گوندیش بووبە (٠,٥) ئەمەش زادەی ئەو کۆچە بوو کە لەم ماوەیدا گوندنشینان کردیان بۆ سەنتەری شارەکان ئەمەش وای لە ژمارەی دانیشتوانی گوند نشینەکان کرد بەرەو دەستەی بچووك بڕۆن و بگرە زۆریان بەرەو چۆڵبوون چوون.

**خشتەی ژمارە(١٤)**

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی نشینگەکەکان و دانیشتوانی گوندەکان لەشارۆچکەی ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦) بەگوێرەی دەستەی قەبارەیان

| دەستەی قەبارەیی | ١٩٥٧-١٩٧٧ | | ١٩٧٧-٢٠٠٢ | | ٢٠٠٢-٢٠٠٦ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گوند | دانیشتوان | گوند | دانیشتوان | گوند | دانیشتوان |
| کەمتر لە٢٠٠ | -٢,١ | -١,٢ | -٠,٨ | -٢,١ | ١,٧ | ٠,٥ |
| ٢٠٠-٤٩٩ | -٢,١ | -٢,٢ | -٠,٣ | -٠,٣ | -١٢,٣ | -١٠,٥ |
| ٥٠٠-٩٩٩ | ٣,٩ | ٤,٥ | -٢,٥ | -٢,٥ | -٦,٣ | -١٠,٥ |
| ١٠٠٠زیاتر | ___ | ___ | ٣,٤ | ٥,٨ | -٨,٢ | -٩,٥ |

سەرچاوە / پشت بەست بەهەمان سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە (١٣) ڕێژەکان دەرهێنراوە.

**دەستەی دووەم / (٢٠٠– ٤٩٩) کەس**

ئەونشینگانەی کەوتوونەتە نێو ئەم دەستەیە لەساڵی(٢٠٠٦)دا زیاتر لـە(١٢٪)ی کـۆی نشـینگەو نزیکـەی(٢٠٪) کـۆی ژمـارەی گوندنشـینانی شارۆچکەکەیان پێکهێناوە، تێبینی ئەوە دەکرێت ئـەم دەستەیە لـە مـاوەی لێکۆڵینەوەکەدا چەندین هەڵکشـان و داکشـانی بەخۆیـەوە بینیـوە.بـەجۆریك لەسـاڵی(١٩٥٧)دا نزیکـەی (٢٠٪) کـۆی نشـینگە زیـاتر لـە(٤١٪)ی کـۆی دانیشـتوانیان پێکهێنـابوو بـەڵام لەسـاڵی (١٩٧٧) ئـەم ڕێژەیـە دابـەزی بـۆ (٢٤٪)ی ڕێـژەی دانیشـتوانی ئـەم دەسـتەیش بەهـەمان شـێوە دابـەزی بـۆ (١٧,٨٪)، بـەم شـێوەیە گەشـەی سـاڵانەی نشـینگە بەڕێـژەی(– ٢,١٪ ) دابەزی هەروەها گەشەی دانیشتوانیش بەڕێژەی(– ٢,٢٪) دابـەزی، ئەمـەش زادەی ئەم گۆڕانە کارگێڕی و دیموگرافیانەبوو کەبەسەر شارۆچکەکەدا هاتن. دووبارە ژمـارەی نشـینگەو دانیشـتوانی نێوئـەم دەسـتەیە لەسـاڵی (٢٠٠٢)دا بـــەرەو کـــەمبوون ڕۆیشـــت بـــەجۆریك ڕێـــژەی نشـــینگە(١٩,٢٪) ڕێـــژەی دانیشتوانیش (٢١,٧٪) بوو، بـەم شـێوەیە لـەماوەی سـاڵانی(١٩٧٧– ٢٠٠٢) گەشەی ساڵانەی نشینگە بەریژەی (–٠,٣ ٪ ) دابـەزی و بەهـەمان شـێوەش دانیشتوانیش بەرێژەی (–٠,٣٪) دابەزی، ئەمەش هۆکاری ئەوەبووە کـە لـەو ماوەیـەدا گوندنشـینەکان زیـاتر لـەو گوندانـە نیشـتەجێبوون کـە قـەبارەیان گـەورەبوو، چـونکە پـرۆژە خزمەتگوزراییـەکان زیـاتر لـە نشـینگە قـەبارە گەورەکان چڕکرابوونەوە، لەبەر ئەوە دانیشتوانی نێـو ئـەو نشـینگانە بـەرەو دەستەی قەبارەی گەورەتر ڕۆیشتن، لەساڵی (٢٠٠٦) دووبارە ڕێژەی نشینگە بەرەو کەمبوون ڕۆیشـت و بووبـە (١٢,٤٪) دانیشـتوانی نشـینگەش ( ١٩,٤٪ )ی کۆی شارۆچکەکەیان پێکدەهێنا بەم شێوەیە لەماوەی سـاڵانی (٢٠٠٢ – ٢٠٠٦ )دا گەشـــەی ســـاڵانەی نشـــینگەوبە ڕێـــژەی (–١٢,٣٪) کـــەمیکردو دانیشتوانیش بەڕێژەی گەشەی ساڵانە(– ١٠,٥٪ ) دابەزیووە، ئەمـەش زیـاتر زادەی ئـەو کۆچـە بـوو کـە گوندنشـینان بـەرەو سـەنتەری شـارەکان دەیـان کردلەم ماوەیەدا.

**دەستەی سێییەم / قەبارەی (٥٠٠-٩٩٩ کەس )**

ئەو نشینگانەی کەوتوونەوتە نێو ئەم دەستەیە لەساڵی (٢٠٠٦)دا ڕێژەی نزیکەی (٥٪)ی کۆی نشینگەگوندییەکان و نزیکەی (١٦٪) ی کۆی ژمارەی گوندنشینانی شارۆچکەکەیان پێکهێنابوو بەلأم ئەم ڕێژەیە لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا چەندین بەرزی و نزمی بەخۆییەوە بینیوە، بەجۆرێك لەساڵی (١٩٥٧) نزیکەی (٤٪)ی کۆی نشینگە گوندیەکان و زیاتر لە(١٥٪)ی کۆی ژمارەی گوندنشینانی شارۆچکەکەیان پێکهێنابوو بەلأم لەساڵی (١٩٧٧) دا ئەم ڕێژەیە بەرزبۆوە بەجۆرێك (١٠,٤٪)ی کۆی نشینگە گوندییەکان و نزیکەی (٣٤٪) کۆی دانیشتوانی نێو ئەو دەستەیان پێکدەهێنا بەم شێوەیە گەشەی ساڵانەی نشینگە لە ماوەی (١٩٥٧ - ١٩٧٧) بەڕێژەی (٣,٩٪ ) زیادی کردووە ژمارەی دانیشتوانی نشینگە گوندیەکانیش بەڕێژەی (٤,٥٪ ) بەرە زیادبوون چوو، ئەمەش زیاتر پەیوەست بوو بەهۆکاری رامیاری لەو سەردەمەدا، چونکە ژماریەکی زۆری گوندە بچووکەکانی راگوێزان و بەمەش ژمارەی ئەو دەستەیە بەرەو زیاد بوون ڕۆیشت، لەساڵی (٢٠٠٢)ش ڕێژەی نشینگە بۆتە (٧,٢٪) دانیشتوانیش بۆتە( ١٧,٥٪) بەم شێوە لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧ - ٢٠٠٢ ) ڕێژەی گەشەی هەریەك لە نشینگەو دانیشتوان یەك بە دوای یەك بەڕێژەی (-٢,٥٪،-٢,٥٪) کەمی کردوە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەدوای ئازادبوونی کوردستان لەساڵی (١٩٩١)خەڵکی ڕوویان لە گوندەکان کردووە بەهۆی خراپی ڕەوشی ئابووری کوردستان ئەمەش وایکرد نشینگە گوندیەکانی نێو ئەو دەستەیە بەرەو دەستەی گەورەتر بڕۆن.لەساڵی (٢٠٠٦) دا دووبارە ڕێژەی نشینکە گوندییەکانی نێودەستەیە بەرەو کەم بوون ڕۆیشتن بەجۆرێك ڕیژەی نشینگەکان بوو بەنزیکەی (٥٪)، ڕێژەی دانیشتوانەکەشی بووبە (١٥,٥٪ ) بەم شێوە لەماوەی ساڵانی(٢٠٠٢-٢٠٠٦)دا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی نشینگە بەڕێژەی (-٦,٣٪) دابەزی ژمارەی دانشیتوانی بەڕێژەی (-١٠,٥٪) بەرە و کەمبوون ڕۆیشتن.

**دەستەی چوارەم / قەبارەی (لە ١٠٠٠ کەس زیاتر )**

ئەم نشینگانەی کەوتونەتە نێو ئەم دەستەیە لەسالّی (٢٠٠٦)دا نزیکەی (٤٪) ی کۆی نشینگەو (٤٠٪)ی کۆی ژمارەی گوندنشینانی شارۆچکەکەیان پێك هێنابوو، بەلاّم ئەم ڕێژەیە لەماوەی لێکۆڵینەوەکە چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەجۆرێك لەسالّی (١٩٧٧[*]) ڕێژەی نشینگەو دانیشتوانی نشینگە یەك بەدوای یەك (١,٨٪، ١١٪) کۆی شارۆچکەکەیان پێکهێناوە بەلاّم لەسالّی (٢٠٠٢) ئەم ڕێژەیە یەك بەدوای یەك بۆتە نزیکەی ( ٥٪، ٤٣٪ ) بەم جۆرە هەریەك لەژمارەی نشینگەو دانیشتوانی نێو ئەم دەستەیە لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧– ٢٠٠٢) یەك بەدوای یەك نزیکەی (٣٪، ٦٪ ) بەرەو زیادبوون ڕۆیشتون ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسایبوونەوەی بارودۆخی ڕامیاری و ئەمەش وای کرد گوندەکان لەم کاتەدا بەرەو ئاوەدانی بڕۆن، بەلاّم ئەم ڕێژەیە لەماوەی سالاّنی (٢٠٠٢–٢٠٠٦) یەك بەدوای یەك نزیکەی (–٨ ٪، –١٠ ٪) بەروە کەمبوون ڕۆیشت ئەمە زیاتر پەیوەستبوو بەو کۆچەی کەگوند نشینەکان لەم ماوەیەدا بۆ سەنتەری شارەکان ئەنجامیان دەدا کەزیاتر ئەم کۆچە هۆکاری ئابووری لەپشت بوو.

سەبارەت بەدابەشبوونی نشینگە گوندیەکانی بەگوێرەی ڕیزبەندی قەبارەیان لەسەرئاستی یەکە کارگێڕییەکان لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەکەدا،چەندین گۆڕان بەدیدەکرێت کەبەسەر ژمارەو قەبارەی نشینگەکاندا هاتووە، لەسەیر کردنی خشتەی ژمارە (١٥) و نەخشەکانی ژمارە(١٩تا ٢٢) تێبینی ئەمانە دەکرێت:

١.دەستەی قەبارەی لە (٢٠٠ کەس کەمتر ) ئەو نشینگانەی کەوتوونەتە نێوئەو دەستەیە لەسالّی (٢٠٠٦) زۆرترین ڕێژەی هەردوو شارەدێی (سەرکەپکان و حاجی ئاوا ) پێکی دەهێنن، بەجۆرێك ڕێژەی نشینگە لە

---

[*] ئەم دەستەیە لەسالّی ١٩٥٧ بوونی نەبوو ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەم سەردەمەدا زیاتر نشینگە گوندیەکان بەشێوەیەکی بلاّو قەبارە بچووك دابەش بووبوون لەشارۆچکەکەدا.

(شــارەدێی ســەرکەپکان ) نزیکــەی( ٨٧٪ )ی کــۆی ژمــارەی نشــینگەی شـارەدێکان پێکـدەهێنن لەشـارەدێی ( حـاجی ئـاوا) ش نزیکـەی (٨٥٪ )ی پێکهێناوە، ڕێژەی دانیشتوانی نشینگەش لەشارەدێی (سەرکەپکان) نزیکەی (٥٦٪)ی لەکۆی دانیشتوانی نشینگە گوندییەکانی شارەدێکەیان پێکهێنـاووە لەشارەدێی (حاجی ئاوا ) نزیکەی (٢٧٪) پێکهێناوە (شارەدێی حـاجی ئـاوا) لـەماوەی لێکۆڵینـەوەدا چـەندین هەڵکشـان و داکشـانی بەخۆیـەوە بینیـوە، دوابـەدوای ئـەوان شـارەدێی بێتواتـە ڕێـژەی نشـینگەی بەڕێـژەی نزیکـەی (٧٧٪) کــۆی ژمــارەی نشــینگەی شــارەدێکە پێکــدەهێنێ وڕێــژەی نزیکەی(٣٣٪)ی کۆی دانیشتوانی نشینکەی شارەدێکە لە خۆدەگرێ، بڕوانـە خشتەی ژمارە(١٥).

(شـارەدێی سـەنتەر)یـش لـەڕووی ژمـارەی نشـینگەوە ڕێژەیـەکی زۆر لـەخۆدەگرێ کەنزیکـەی(٨٦٪)ە بـەڵام لـەڕووی دانیشـتوانی نشـینگەی ئـەم دەستەیە ڕێژەیەکی کـەم پێکـدەهێنی کـە تـەنها (٣,٣٪) یـە هۆکـاری ئەمـە دەگەڕێتەوە بۆ چۆڵی ژمارەیەکی زۆری نشینگە گوندەکان کەلەدوای ژێر ئـاو کـەوتنیان هـەر بەچـۆڵی مانـەوە تـەنها زەویـەکانییان بـۆ کشـتوکاڵ کـردن بـەکاردەهاتن لەتـەواوی مـاوەی لێکۆڵینـەوەدا ئـەم ڕێژەیـە بـەرەو داکشـان ڕۆیشتوە، ئەم دەستە لـە (شـارەدێی چـوارقوڕنە) ڕێژەکـەی بـەرەو داکشـان ڕۆیشتووە بە جۆرێك لەساڵی (٢٠٠٦) ڕێژەی نشینگە نزیکـەی (٣٩٪) لـەکۆی نشینگەکانی شارەدێو ڕێژەی دانیشتوانەکەشی بۆتـە نزیکـەی (٤٪) هۆکـاری ئــەم داکشــانەش لــەماوەی لێکۆڵینــەوەدا دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو گۆڕانــە کارگێڕییەی کەبەسـەر ئـەم ناحییـەدا هـاتووە ئەمـە لەلایـەك لـەلایکی تـریش سروشتی ئەم یەکەیە وایە کەزیاتر نشینگەی گەروەی لەخۆ گرتووە.

## خشتەی ژمارە(١٥) دابەش بوونی قەبارەو ڕێژەی نشینگە گوندیەکان بەگوێرەی یەکە کارگێڕیەکانی شارۆچکەی ڕانیە(١٩٥٧ – ٢٠٠٦)

| یەکە کارگێڕیەکان | ١٩٥٧ | | | | ١٩٧٧ | | | | ٢٠٠٢ | | | | ٢٠٠٦ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی گوند | ٪ | ژمارەی دانیشتوانی گوند | ٪ | ژمارەی گوند | ٪ | ژمارەی دانیشتوانی گوند | ٪ | ژمارەی گوند | ٪ | ژمارەی دانیشتوانی گوند | ٪ | ژمارەی گوند | ٪ | ژمارەی دانیشتوانی گوند | ٪ |
| شارەدێی سەنتەر | | | | | | | | | | | | | | | | |
| لە٢٠٠ کەمتر | ٨١ | ٧٧ | ٦٧٠٧ | ٤١,٦ | | | | | | | | | ١٢ | ٨٥,٥ | ١٣٠ | ٣,٣ |
| ٢٠٠–٤٩٩ | ١٩ | ١٨ | ٦١٠٩ | ٣٨ | | | | | | | | | ١ | ٧,١ | ٣٠٠ | ٧,٦ |
| ٥٠٠–٤٩٩ | ٥ | ٥ | ٣٣٠٢ | ٢٠,٤ | | | | | | | | | – | – | – | – |
| لە١٠٠٠زیاتر | – | – | – | – | | | | | | | | | ١ | ٧,١ | ٣٥٣٠ | ٨٩ |
| تیکرا | ١٠٥ | ١٠٠ | ١٦١١٨ | ١٠٠ | | | | | | | | | ١٤ | ١٠٠ | ٣٩٦٠ | ١٠٠ |
| شارەدێی چناران | | | | | | | | | | | | | | | | |
| لە٢٠٠ کەمتر | ٢٤ | ٦٦,٧ | ٢٠٦٣ | ٣٣ | | | | | | | | | | | | |
| ٢٠٠–٤٩٩ | ١٠ | ٢٧,٨ | ٣٠٨٥ | ٥٠ | | | | | | | | | | | | |
| ٥٠٠–٤٩٩ | ٢ | ٥,٥ | ١٠٧١ | ١٧ | | | | | | | | | | | | |
| لە١٠٠٠زیاتر | – | – | – | – | | | | | | | | | | | | |
| تیکرا | ٣٦ | ١٠٠ | ٦٢١٩ | ١٠٠ | | | | | | | | | | | | |
| شارەدێی ناودەشت | | | | | | | | | | | | | | | | |
| لە٢٠٠ کەمتر | ٦٨ | ٨١ | ٥٢٥٥ | ٥٣,٤ | | | | | | | | | | | | |
| ٢٠٠–٤٩٩ | ١٥ | ١٨ | ٤٠٨٢ | ٤١,٥ | | | | | | | | | | | | |
| ٥٠٠–٤٩٩ | ١ | ١ | ٥٠٨ | ٥,١ | | | | | | | | | | | | |
| لە١٠٠٠زیاتر | – | – | – | – | | | | | | | | | | | | |
| تیکرا | ٨٤ | ١٠٠ | ٩٨٤٥ | ١٠٠ | | | | | | | | | | | | |
| شارەدێی مەرگە (بنگرد) | | | | | | | | | | | | | | | | |
| لە٢٠٠ کەمتر | | | | | ٢٥ | ٥٢ | ٣٢٨٦ | ١٩,٧ | | | | | | | | |
| ٢٠٠–٤٩٩ | | | | | ١٥ | ٢٧,٧ | ٤٥٣١ | ٢٧,٣ | | | | | | | | |
| ٥٠٠–٤٩٩ | | | | | ٩ | ١٦,٦ | ٦٣٢٩ | ٣٨ | | | | | | | | |
| لە١٠٠٠زیاتر | | | | | ٢ | ٣,٧ | ٢٤٦٧ | ١٥ | | | | | | | | |
| تیکرا | | | | | ٥٤ | ١٠٠ | ١٦٦١٣ | ١٠٠ | | | | | | | | |
| شارەدێیچوارقوڕنە | | | | | | | | | | | | | | | | |
| لە٢٠٠ کەمتر | | | | | ٧١ | ٨٧,٦ | ٥٨١٠ | ٥٧,٧ | ٥٦ | ٦٣,٦ | ٣٤٤٦ | ١٤ | ٥ | ٣٨,٥ | ٢٤٣ | ٣,٨ |
| ٢٠٠–٤٩٩ | | | | | ٦ | ٧,٤ | ١٤١٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٣,٩ | ٦٠٩١ | ٢٤,٥ | ٥ | ٣٨,٥ | ١٥٤٦ | ٢٤,٢ |

| | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٠٠–٤٩٩ | | | | | ٤ | ٥ | ٢٨٤١ | ٢٨,٣ | ٦ | ٦,٩ | ٣٥٠٠ | ١٤ | ١ | ٧,٧ | ٩٦٩ | ١٥,٢ |
| له١٠٠٠زیاتر | | | | | – | – | – | – | ٥ | ٥,٦ | ١١٧٩٠ | ٤٧,٥ | ٢ | ١٥,٣ | ٣٦٣٧ | ٥٦,٨ |
| تیکرا | | | | | ٨١ | ١٠٠ | ١٠٠٦٨ | ١٠٠ | ٨٨ | ١٠٠ | ٢٤٨٧٢ | ١٠٠ | ١٣ | ١٠٠ | ٦٣٩٥ | ١٠٠ |
| شارەدێی بیتواتە | | | | | | | | | | | | | | | | |
| له٢٠٠ کەمتر | | | | | ١٥ | ٥٣,٦ | ١٧٥٦ | ٢١,٥ | ٢٢ | ٧٣,٤ | ١٩٥٥ | ٢٨,٨ | ٢٣ | ٧٦,٦ | ٢٠٣٥ | ٣٢,٧ |
| ٢٠٠–٤٩٩ | | | | | ٨ | ٢٨,٦ | ٢٤٨٤ | ٣٠,٤ | ٤ | ١٣,٣ | ١٢٤١ | ١٨,٢ | ٣ | ١٠ | ٩٦١ | ١٥,٥ |
| ٥٠٠–٤٩٩ | | | | | ٤ | ١٤,٢ | ٢٧٠٤ | ٣٣ | ٣ | ١٠ | ٢٠٩٨ | ٣٠,٩ | ٣ | ١٠ | ٢٠٠٨ | ٣٢,٣ |
| له١٠٠٠زیاتر | | | | | ١ | ٣,٦ | ١٢٣٢ | ١٥,١ | ١ | ٣,٣ | ١٥٠٠ | ٢٢,١ | ١ | ٣,٤ | ١٢١٠ | ١٩,٥ |
| تیکرا | | | | | ٢٨ | ١٠٠ | ٨١٧٦ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ | ٦٧٤٤ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ | ٦٢١٤ | ١٠٠ |
| شارەدێی حاجیاوا | | | | | | | | | | | | | | | | |
| له٢٠٠ کەمتر | | | | | | | | | ١٦ | ٨٠ | ٩٧٥ | ٢٤ | ١٧ | ٨٥ | ١١٠٨ | ٢٧,٦ |
| ٢٠٠–٤٩٩ | | | | | | | | | ٢ | ١٠ | ٤٥٠ | ١١ | ١ | ٥ | ٤٠٠ | ١٠ |
| ٥٠٠–٤٩٩ | | | | | | | | | ١ | ٥ | ٦٥٠ | ١٦ | ١ | ٥ | ٥٠٠ | ١٢,٥ |
| له١٠٠٠زیاتر | | | | | | | | | ١ | ٥ | ٢٠٠٠ | ٤٩ | ١ | ٥ | ٢٠٠٠ | ٤٩,٩ |
| تیکرا | | | | | | | | | ٢٠ | ١٠٠ | ٤٠٧٥ | ١٠٠ | ٢٠ | ١٠٠ | ٤٠٠٨ | ١٠٠ |
| شارەدێی سەرکەپکان | | | | | | | | | | | | | | | | |
| له٢٠٠ کەمتر | | | | | | | | | | | | | ٤٥ | ٨٦,٥ | ٣٠٣٢ | ٥٦ |
| ٢٠٠–٤٩٩ | | | | | | | | | | | | | ٦ | ١١,٥ | ١٨٣٣ | ٣٣,٨ |
| ٥٠٠–٤٩٩ | | | | | | | | | | | | | ١ | ٢ | ٥٥٠ | ١٠,٢ |
| له١٠٠٠زیاتر | | | | | | | | | | | | | – | – | – | – |
| تیکرا | | | | | | | | | | | | | ٥٢ | ١٠٠ | ٥٤١٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ پشت بەستراوە بەهەمان سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە ( ١٣)

نەخشەی ژمارە (١٩)

ڕێژەی نشینگە گوندییەکانی قەزای ڕانیە بەگوێرەی دەستەی قەبارەیان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان لەساڵی (١٩٥٧)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١٥)

نەخشەی ژمارە (٢٠)

ڕێژەی نشینگە گوندییەکانی شارۆچکەی ڕانیە بەگوێرەی دەستەی قەبارەیان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان لەساڵی (١٩٧٧)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (١٥)

نەخشەی ژمارە (٢١)

ڕێژەی نشینگە گوندیەکانی شارۆچکەی ڕانیە بەگوێرەی دەستەی قەبارەیان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان لەساڵی (٢٠٠٢)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە(١٥)

نەخشەی ژمارە (٢٢)

ڕێژەی نشینگە گوندییەکانی شارۆچکەی ڕانیە بەگوێرەی دەستەی قەبارەیان لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕییەکان لەساڵی (٢٠٠٦)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١٥)

٢.دەستەی (٢٠٠-٤٩٩کەس) ئەونشینگانەی کەوتوونەتە نێو ئەو دەستەیە لەساڵی (٢٠٠٦)دا زۆرترین ڕێژە هەردوو شارەدێی ( چوارقونەو سەرکەپکان) پێکی دەهێنن، بەجۆرێك ڕێژەی نشینگە یەك بەدوای یەك، نزیکەی (٣٩٪ ،١٢٪) و ڕێژەی دانیشتوانی نشینگەش یەك بەدوای یەك نزیکەی (٢٤٪ ،٣٤٪) یان لەکۆی ژمارەی نشینگەی ئەم دەستەیە پێکهێناوە، شارەدێی چوارقوڕنە لەتەوای ماوەی لێکلۆڵینەوەکەدا هەڵکشانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. لەدوای ئەوانیش شارەدێی (بێتواتە)دیت کەڕێژەی نشینگەی نزیکەی (١٠٪) کۆی نشینگە پێك دەهێنی و ڕیژەی دانیشتوانیشی نزیکەی (١٦٪)ی کۆی دانیشتوانی شارەدێکە پێکدەهێنێ شارەدێی بێتواتە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، سەبارەت بەم دەستەیە داکشانی زۆری بەخۆیەوە بینوە، هەردوو شارەدێی (سەنتەرو حاجی ئاوا )ش لەدوای ئەو یەك بەدوای یەك ڕێژەی نشینگە نزیکەی ( ٧٪ ،٥٪) ی لە کۆی نشینگەی شارەدێکانیان پێکهێناوە، ڕێژەی دانیشتوانی نشینگەش، یەك بەدوای یەك زیاتر لە (٨٪،١٠٪ ) کۆی ژمارەی دانیشتوانیان لەخۆگرتووە، هەردوو شارەدێش سەبارەت بەم دەستەیە داکشانیان بەخۆیەوە بینیووە.

٣.دەستەی (٥٠٠ -٩٩٩ کەس ) ئەو نشینگانەی کەوتوونەتە نێو ئەو دەستەیە لەساڵی (٢٠٠٦) دا هەردوو شارەدێی (بێتواتە و چوارقوڕنە) زۆرترین ڕێژەی نشینگەو ژمارەی دانیشتوانی ئەم دەستەیان لە خۆگرتووە، بەجۆرێك یەك بەدوای یەك نزیکەی (١٠٪ ،٨٪ ) ی کۆی نشیگە (٣٢٪ ،١٥٪)ی کۆی ژمارەی دانیشتوانیان بەخۆوە گرتووە،هەردوو شارەدێش لەماوەی لێکۆڵینەوەدا بەرزی ونزمی زۆریان سەبارەت بەم دەستەیە بەخۆوە بینیوە شارەدێی سەنتەریش سەبارەت بەم دەستەیە هیچ نشینگەی لەخۆنەگرتووە، هەردوو شارەدێی (حاجی ئاوا و سەرکەپکان)یش یەك بەدوای یەك نزیکەی (٥٪ ، ٢٪ )ی کۆی نشینگەو وەنزیکەی(١٣٪ ،١٠٪) ی ژمارەی نشینگەیان لەخۆ گرتووە.

٤. دەستەی (لە ١٠٠٠ کەس زیاتر ) ئەو نشینگانەی کەوتوونەتە نێو ئەم دەستەیە زۆرترین رێژە لەساڵی (٢٠٠٦) هەردوو شارەدێی (سەنتەرو چوارقورنە) پێکی دەهێنن، یەك بەدوا یەك نزیکەی (٧٪ ،١٥٪) ی کۆی نشینگە و نزیکەی (٨٩٪ ،٥٧٪) ی کۆی دانیشتوانی نشینگەی نێو ئەم دەستەیە لەخۆ دەگرن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی بەپیتە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان. تەختیی ناوچەکەو بوونی زەوی بەپیت و رادەی بارانی گونجاو وای کرد لەرووی بەرهەم هێنانی بەرهەمی زستانەی گەنم وجۆ سوود لەم زەوییە وەربگرن هەروەها بۆ بەرهەمی هاوینەی (توتن )یش کە لەم ناوچەیەدا بەپلەیکی باش بەرهەم دەهات وای کردبوو گوندەکانی ئەم ناوچەیە ئاوەدان بن[1] . دوابەدوای ئەوانیش هەردوو شارەدێی (حاجی ئاوا و بێتواتە) بەشێوەیەك شارەدێی(حاجی ئاوا) نزیکەی (٥٪)ی کۆی نشینگەو نزیکەی (٥٠٪)ی کۆی دانیشتوانی شارەدێکەی لەخۆگرتووە، دوابەدوای ئەویش شارەدێی (بێتواتە) دێت کە زیاتر لە (٣٪)ی کۆی نشینگەو نزیگەی (٢٠٪)ی کۆی دانیشتوانی شارەدێکەی لەخۆگرتووە ئەم رێژانەش لە هەردوو شارەدێ لەماوەی لێکۆڵینەوە چەندین هەڵکشان و داکشانیان بەخۆیانەوە بینیوە،سەبارەت بەشارەدێی (سەرکەپکان)، نشینگەی لەم دەستەیەی تێدا بەدیناکرێت، ئەمەش زیاتر بۆ سروشتی ناوچەکە دەگەڕێتەوە کە توانای لەخۆگرتنی نشینگەی قەبارەی گەورەی نییە.

لەژێر رۆشنای ئەو بەشەی توێژینەوەکەمان دەگەینە ئەو راستیەی کەبڵێین شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی لێکۆڵینەوەکە (١٩٥٧-٢٠٠٦) لەبارەی دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوانەوە گۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەجۆریك رێژەی شارنشین لەماوەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی بەرچاو

---

[1] خلیل اسماعیل محمد، انماط الاستیطان الریفی فی العراق، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٢ص، ١٨٠-١٨٣

بەرزبۆتەوەو لەبەرامبەردا ڕێژەی گوندنشین دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش ئەنجامی ئەوگۆڕانکارییە کارگێڕی و دیموگرافی و رامیاری وئابووریانە بووە کە بەسەر شارۆچکەکە داهاتووە، هەروەها لەڕووی قەبارەی شارنشینی ئەوەی تێبینی دەکرێت قەبارەی شارنشین لەماوەی لێکۆڵینەوەدا دوچاری گۆڕان بووە بەڵام شاری (ڕانیە) لەتەواوی ئەم ماوەیەدا لەرووی قەبارەی شارنشینەوە هەر لەپلەی یەکەم داماوەتەوە دوا بەدوای ئەویش شاری (چوارقورنە) پلەی دووەمی وەرگرتوە، لەڕووی تێکرای قەبارەی نشینگە گوندیەکان و ژمارەی نشینگەکان گۆڕانی بەرچاو بەدیدەکرێت بەوەی کە تێکرای قەبارەی گوندنشین لەماوەی لێکۆڵینەوە بەرز بۆتەوە و لەبەرامبەردا ژمارەی نشینگەش لەم ماوەیدا بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتوە بەجۆرێك لە (٢٢٥) نشینگەوە بۆتە (١٢٩) نشینگە ئەمەش زادەی ئەو گۆڕانە کارگێڕییە بووە کەبەسەر شارۆچکەکەدا هاتووە دواجاریش رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر تێکرای قەبارەی گوندنشین سەبارەت بە دەستەی قەبارەی گوندشین بەهەمان شێوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین دەستەی قەبارەی گوندنشین بەشێوەیەکی نارێك بەسەر شارۆچکەکەدا دابەش بووە ئەمەی لەپشت ئەم نارێکیەیە بەپلەی یەکەم هۆکارە سروشتی و مرۆییەکانە، بەجۆرێك زۆربەی دەستەی قەبارەی نشینگە گوندییە بچووکەکان بەشی باکووری شارۆچکەکە لەخۆی گرتووە ئەمەش بۆ سروشتی تۆپۆگرافیای ناوچەکە دەگەڕێتەوە کەناوچەیەکی شاخاوییە، بەڵام هەرچی قەبارە مام ناوەند و گەورەکانە، زیاتر لەبەشی باشووری شارۆچکەکەدا کۆبوونەتەوە، ئەمەش بەهۆی بوونی دەشتێکی بەپیت و هەروەها بوونی دەرامەتی ئاوو گونجانی ئاوهەواکەی وای کردوە گوندەکان بەقەبارەی گەورە دەربکەون ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش هۆکاری ڕامیاریش لەم مەیدانەدا ڕۆڵی خۆی بینوە کە هەرلەحەفتاکانی سەدەی رابردوو ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی ناوچە شاخاویەکان ڕاگوێزان ئەمەش وای کرد بەشی باشووری شارۆچکەکە گوندەکانیان بەرەو دەستەی قەبارەی گەورە بڕۆن.

# بەشی سێیەم

# شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان

## باسی یەکەم / پێوەرەکانی چڕی دانیشتوان

توێژەرانی بواری جوگرافیای دانیشتوان پشت دەبەستن بە چەندین ڕێگەی ئاماری بۆ شیکردنەوەی دابەشبوونی شوێنی دانیشتوان، وەك ئاشکرایە ئەم دابەشبوونە بەشێوازێکی ڕێك دەرناکەوێت لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا،دابەشبوونی دانیشتوان بەشێوەیەکی پەرت یاخود بڵاوبوونەوە گرێدراوە بەو ڕەهەندە سروشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی کەلەناو چوارچێوەی دەوڵەتێك یاخود هەرێمێکدا هەیە[1]. لەپێناو نیشاندانی ئەم دابەشبوونەش ئەوە پێویست دەکات زیاتر لەپێوەرێك بێتە بواری پراکتیزەکردنەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیە جوگرافیاناسان چەندین پێوەریان بەکارهێناوە، بۆ زیاتر دەرخستنی ئەو پەیوەندییەی نێوان مرۆڤ و زەوی، لێرەدا پیادەکردنی پێوەرەکانی چڕی دانیشتوان یان هەژمارکردنی ڕێژەی دانیشتوان بۆ زەوی زۆر پێویست و گرنگە لەدابەشبوونی جوگرافی دانیشتواندا، چونکە دابەشبوونی ڕەهاو ڕێژەیی هیچ بیرۆکەیەك بەدەستەوە نادات دەربارەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زەوی یان پەیوەندی نێوان دانیشتوان و دەرامەتە ئابوورییەکان [2]. مەبەست لەچڕی دانیشتوان (تێکڕای ئەو بەشەیە لە زەوی کە تاکێك لە ناوچەیەکی دیاری کراو بەری دەکەوێت)[3]. گرنگیدان بەم پێوەرە لەم ڕاستییەوە سەرچاوەدەگرێت. کە

---

(1) طه حمادي الحديثي، جغرافية السكان، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٨٨،ص ٦٠٣ .

(2) عبدالفتاح امام حزين، جغرافية السكان ( دراسة فى الاسس والتطبيقات ) مكتتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ٢٠٠٤، ص ١٩ .

(3) احمد نجم الدين، جغرافية سكان العراق، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٢، ص ١٩٦.

مرۆڤ و زەوی رەگەزی بنچینەین لـەژیانی کۆمـەڵگای مرۆڤایەتیـدا لەبەرئـەوە زانینی ژمارەی دانیشتوان لەرووبەرێکی دیاری کراوی زەویدا بەیەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی بواری لێکۆڵینەوەی جوگرافیای دانیشتوان دادەنرێت[1]. هـەر لەبەر ئەم هۆیە لێکۆڵەرانی بواری جوگرافیای دانیشتوان زیاتر لـەپێوەرەێکی چڕی بەکاردەهێنن لە لێکۆلینەوەکاندا کە گرینگترینیان ئەمانەن:.

**١.چڕی گشتی ( الكثافة العامة ):.**

مەبەست لەچڕی گشتی، بریتییە لە کۆی ژمارەی دانیشتوان لە سەر ئەو ڕووبەرە زەویەی کەلەسەری دەژین، ئەمەش توانـای ئـابووری و بەرهەمـداری زەویەکە نیشان دەدات[2].

کەواتــە چــڕی گشــتی دانیشــتوان تێکــڕای بەرکەوتــەی دانیشــتوانە بــۆ کیلۆمەترێکی چوارگۆشـەی ڕووبـەر[3]. یـان هەریەکەیـەکی تـری ڕووبـەر ئـەم ڕێگایەش بەڕێگایەکی ئاسان دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی چڕی دانیشـتوان کـە زۆرجـار بەچـڕی (خـاو) ناودەبرێـت کـە بەهۆیـەوە کـۆی دانیشـتوانی وڵاتێـك یـاخود ناوچـەیەك دابـەش دەکرێـت بەسـەر ڕووبـەرە گشـتیەکەی[4]. بـەم شێوەیەی خوارەوە[5]:

$$\text{چڕی گشتی} = \frac{\text{کۆی ژمارەی دانیشتوان / کەس}}{\text{کۆی ڕووبەر / کم ٢}}$$

---

[1] تریوارتا وکلارك، دراسات سكانية، ترجمة، صباح محمود محمد، و، فاضل عبدالقادر احمد، مطبعة سلام، بغداد، ١٩٧٢، ص٢١.

[2] محمد سيدغلاب، و، محمد صبحى عبدالحكيم، السكان ديموغرافياوجغرافيا، مكتبةالانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٦٣، ص٢٢١.

[3] احمد نجم الدين، احوال السكان فى العراق، معهد البحوث و الدراسات العربية، مطبعة الجبلاوي، القاهرة، ١٩٧٠، ص ٢٩.

[4] طه حمادي الحديثى، جغرافية السكان، المصدر السابق، ص، ٦٠٣.

[5] عبدالحسين زينى، واخرون، الاحصاء السكانى، المصدر السابق، ص ١٠٢.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێوەرە یەکێکە لەپێوە باوەکانی پێوانەکردنی چڕی دانیشتوان، بەڵام ئەم پێوەرە وێنەیەکی وردو ڕاستەقینەی دابەشبوونی دانیشتوان نادات بەدەستەوە، چونکە ڕووبەرە چۆڵەوانیەکانی وەکو بیابانەکان و زۆنگاوەکان و ناوچە بەستەڵەکەکان دەچنە ناو چوارچێوەی هەژمارکردنی هاوکێشەکەوە [1]. ئەمەش بەواتەی ئەوەی ئەم پێوەرە ڕاستی قەرەباڵغی وبڵاوبوونەوەی دانیشتوان نیشان نادات چونکە زۆرجار دانیشتوان لەدەوری ناوچە شارستانییەکان کۆدەبنەوە دوور لەناوچە بیابیانە فراوانەکان و زەویە بێکەڵکەکان [2]. بەهۆی بوونی ئەم کەم کورپیانەی کەلەم پێوەرە بەدی دەکرێت ، توێژەرەوان پەنا دەبەنەبەر بەکارهێنانی پێوەرێکی تری چڕی، ئەویش چڕی فیزیۆلۆجیە.

٢.**چڕی فیزیۆلۆژی ( الكثافة الفيزولوجية )** :.

ئەم پێوەرە بریتییە لەدابەش کردنی کۆی ژمارەی دانیشتوان بەسەر ڕووبەری ئەو زەویانەی کەشیاون بۆ بەرهەم هێنان لەرووی ئابوورییەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو زەویانەی کە بیابانن و بێکەڵکن و شیاوی کشتوکاڵکردن نین لەهەژمارکردنی ئەم چڕیە دووردە خرێنەوە نایەنە هەژمارکردن [3]. کەواتە بەگوێرەی ئەم پێوەرەچڕی فیزیۆلۆجی لەچڕی گشتی بەرزتر دەردەکەوێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوورخستنەوەی زەویە

---

[1] مكی محمد عزیز، و، ریاض ابراهیم السعدی، جغرافية السكان، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٤، ص، ٦٩.

[2] عدنان السيد حسين، جیۆگرافیای ( ئابووری _ دانیشتوان )ی جیهانی هاوچەرخ، وەرگێرانی، فرمان عبدالرحمن، و محمد فاتح، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢لاپەڕە، ١٢٥.

[3] محمد سيدغلاب و محمد صبحی عبدالحكيم، السكان ديموغرافياوجغرافيا، المصدر السابق، ص، ٢٢٢.

بێکەڵکەکان، بەمەش ناوچەکان ڕووبەریان تەسك تردەبێتەوە بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە :[1]

چڕی فیزیۆلۆژی = ژمارەی دانیشتوان لەناوچەیەك / ڕووبەری زەویە وەبەرهەم هێنراوەکان لەم ناوچەیە

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم پێوەرە بەبەراورد بەپێوەری پێشوو، ئەنجامەکەی وردترە، بەلاَم لەهەمان کاتدا ئەم پێوەرەش خاڵی نییە لەکەم و کوڕی و گرفت، ئاستەنگی ئەم پێوەرە لەوەدا دەردەکەوێت، کە دانیشتوانی هەموو ناوچەیەك، بۆ بەرهەم هێنانی زەوی بەتەنها پشت نابەستن بەپیشەی کشتوکاڵکردن، بەڵکو چەندین پیشەی دیکەی ئابووری هەیە کەپێویستیان بەبەکارهێنانی زەوی هەیە، ئەمەلەلایەك لەلایەکی تریشەوە، ئەو زەویانەی بۆ کشتوکاڵ کردن بەکاردێن و شیاون، لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر گۆڕانکارییان بەسەردادێت، لەبەر بوونی ئەم ئاستەنگانە توێژەران پەنا دەبەنە بەر پێوەرێکی تر ئەویش چڕی کشتوکاڵییە.

**٣.چڕی کشتوکاڵی ( الكثافة الزراعية ) :**

ئەمەش یەکێکی ترە لەپێوانەکانی تری چڕی دانیشتوان، کە بەهۆیەوە دەکرێ دەست نیشانی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی کارگەر لەبواری کشتوکاڵی لەگەڵ زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ بکەین، ئەمەش لێکدانەوەیەکی نوێیە بۆ چڕی کەتایبەتە بەکۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان کەبەهۆیەوە پەیوەندی گشتکار وزەوی کشتوکاڵی تێدا دیاری دەکرێت [2]. چڕی کشتوکاڵی بەهۆی

---

[1] سالم علی الشواورة، محمود عبدالله الحبيس، جغرافيا السكان ( مدخل الى علم السكان)، المصدر السابق، ص١٥٠

[2] منصور الراوی، سكان الوطن العربی، دراسة تحليلية فی المشكيلات الديموغرافية الجزء الاول ( الابعاد الكمية والنوعية والهيكلية للسكان )، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٢، ص ١١٩.

ئەم هاوكێشەیە ڕوونتر دەردەكەوێت[1]:

چڕی كشتوكاڵی = ژمارەی كارگەران لەبواری كشتوكاڵی / كەس
ڕووبەری زەوی چێنراو / كم٢

یەكێك لەخەسڵەتە باشەكانی ئەم پێوەرە ئەوەیە كەتارادەیەك وەزیفەی هەریەك لەدانیشتوان و زەوی لەبەرچاو دەگرێت هەربۆیە ئەنجامێكی ورد بەدەستەوە دەدات، بەلام لەهەمان كاتدا ئەم جۆرە چڕییە زیاتر لەم وولاتانەدا ئەنجامی ڕاست بەدەستەوە دەدات كە زۆربەی دانیشتوانەكەی لەبواری كشتوكاڵدا كاردەكەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كەئەم چڕییە بیرۆكەیەكی دروست نابەخشێ لەو وولاتانەی كە وڵاتی پیشەسازین یاخود ئابووریەكی ئاڵۆزیان هەیە و دانیشتوانەكەیان بەتەنها پشت بەكشتوكاڵ نابەستن بەڵكو لەبواری پیشەسازی و بازرگانی و پیشەیی سەربەستدا كاردەكەن[2]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو زەوییانەی كە لەبواری كشتوكاڵدا بەرهەم نەهێنراون هەژمارناكرێن، جگە لەمە لەزۆرێك لە وڵاتە دواكەوتوەكان زانیاری دروستیان نییە لەسەر زەویە چێنراوەكان و بەپیتەكان لەبەر بوونی ئەم كەم و كورتیانە توێژەرەوان پەنایان بردۆتە بەر جۆرێكی تری چڕی ئەویش چڕی ئابووریە.

**٤.چڕی ئابووری ( الكثافة الاقتصادية ).**

ئەم جۆرە پێوەرە، بەپێوەرێكی ئاماری ورد دادەنرێت لەدەستنیشان كردنی پەیوەندی نێوان دانیشتوان و سامانە ئابووریەكان. لەم ڕێگەیەوە

[1] عبد علی حسن الخفاف وعبدمخور الريحانی، جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨٦، ص ١١١.

[2] عبدالفتاح امام حزين، جغرافية السكان ( دراسة فی الاسس والتطبيقات )، المصدر السابق، ص ٢٠-٢١ .

دەتــوانرێ بــڕی داهــاتی تــاك دیاریبکرێــت لــەکۆی داهــاتی نەتــەوە[1]. لەبەکارهێنانیدا پێویستە کۆی داهاتی نەتەوە بزانرێ لەسەرجەم بوارە ئابووریەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و دابەش بکرێت بەسەر کۆی ژمارەی دانیشتوان کەبەهۆیەوە داهاتی تاك دەست نیشان دەکرێت لەکۆی داهاتی نەتەوە، بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە[2]:

چڕی ئابووری = کۆی ژمارەی دانیشتوان / داهاتی نەتەوەی ساڵانە

لەگەڵ ئەوەی کەبەهۆی ئەم پێوەرە تاڕادەیەك بەشی تاکەکەس لەکۆی داهاتی نەتەوە دیاری دەکرێت، بەڵام ئەم پێوەرەش ئەنجامێکی درووست بەدەستەوە نادات لەزۆرێك لەو وڵاتانەی کەئاماری دروستیان نییە لەبواری ئابووریدا [3]. هەروەها لەو وڵاتە دواکەوتوانەی کەتارادەیەك لایەنی ئابووریان ڕوون نییەو ئابووریەکی داخراویان هەیە [4]. ئەمەش کارێکی گران دەبێت بۆ بەکارهێنانی ئەم پێوەرەو دەرخستنی ڕوویەکی راستەقینەی چڕیەکە.

لەگەڵ بوونی زیاتر لەپێوەرێکی چڕی دانیشتوان ،بەڵام لێرەدا لەبەرنەبوونی داتاو زانیاری پێویست لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەکە لەساڵانی (١٩٥٧ –٢٠٠٦) تەنها یەك لەم پێوەرانە پیادەدەکەین ئەویش چڕی گشتیە.

---

[1] خطاب صكار العانى، الجغرافية الاقتصادية، الطبعة الثانية، مطبعة دار التضامن، بغداد، ١٩٦٩، ص٤٠.

[2] طه حمادي الحديثى، جغرافية السكان، المصدر السابق، ص، ٦٠٥.

[3] خطاب صكار العانى، الجغرافية الاقتصادية، المصدر السابق، ص٤١.

[4] منصور الراوى، سكان الوطن العربى _دراسة تحليلية فى المشكلات الديموغرافية، المصدر السابق، ص١٢٠.

أ/ **چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی شارۆچکە.**

وەك لەپێشدا ئاماژەمان پێدا چڕی گشتی بەیەکێك لەبلاّوترین پێوەری چڕی دادەنرێت، کەلەلایەن توێژەرەوان بەکاردەهێنرێت، لەپێناو دەرخستنی رادەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئەو ڕووبەرە زەویانەی کەلەسەری دەژین، لێرەدا بۆ زانینی ئەمجۆرە چڕییەش لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا پێویستمان بەزانینی دانیشتوان و رووبەر دەبێت، لەبەر ئەوەی ڕوودانی هەر گۆڕانکاریەك لەم دوو توخمە لەماوەی لێکۆڵینەوەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پلەی چڕیدا .

شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی سالآنی لێکۆڵینەوەدا( ١٩٥٧-٢٠٠٦) گۆڕانی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە لەڕووی قەبارەی دانیشتوان و ڕووبەرەوە، لەبەر ئەوە چڕی گشتی دانیشتوانەکەشی دووچاری هەڵبەزو دابەزێکی زۆربووە، ئەمەش زۆربەڕوونی لەخشتەی ژمارە (١٦) ڕوون کراوەتەوە. لێرەدا ئەوەی مایەی تێڕامانە ئەوە یە کە چڕی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەتەواوی ماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧-٢٠٠٦) بەرەو زیادبوون چووە،بەجۆرێك لەساڵی (١٩٥٧)دا چڕی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە نزیکەی(١٤کەس/کم$^{٢}$) بووە بڕوانە شێوەی ژمارە (٣). لەم ساڵەدا شارۆچکەی ڕانیە (٣٦٠٩٧[*]) کەسی لەخۆگرتوە کەنزیکەی ( ١٢٪ ) کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی پێکهێنابوو، ڕووبەری شارۆچکەی ڕانیە لەم ساڵەدا ( ٢٥٩٤) کم$^{٢}$، کەنزیکەی (٢١٪ )ی کۆی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنا، بەلاّم چڕی گشتی پارێزگای سلێمانی لەم ساڵەدا نزیکەی (٢٥کەس /کم$^{٢}$) چڕی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەم ساڵەدا نیوەی چڕی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بووە، کەچی لەساڵی (١٩٧٧)دا چڕی هەریەك لەشارۆچکەو پارێزگا بەرەو زیادبوون چووە بەجۆرێك لەشارۆچکە بۆتە نزیکەی (٣٥کەس/کم$^{٢}$) لەپارێزگاش بووەبە نزیکەی (٤٢کەس/کم$^{٢}$).

---

(*) بۆ زانینی ڕووبەر و دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە سەیری پاشکۆی ژمارە (١) بکە.

**خشتەی ژمارە ( ١٦)**

چڕی گشتی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیەو پارێزگای سلێمانی

( ١٩٥٧-٢٠٠٦ )

| ساڵ | چڕی گشتی شارۆچکە (کەس /کلم٢) | چڕی گشتی پارێزگا (کەس /کلم٢) |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٣,٩ | ٢٤,٨ |
| ١٩٧٧ | ٣٤,٩ | ٤١,٩ |
| ١٩٨٧ | ٨٧,١ | ٦٠,٤ |
| ٢٠٠٢ | ١٨٣,٧ | ١٠٥,٩ |
| ٢٠٠٦ | ٢١٠,٧ | ١١٣,٩ |

سەرچاوە / چڕیەکان پشت بەست سەرچاوەکانی خشتەکانی ژمارە ( ١ ) و( ٤) دەرهێنراون.

شێوەی ژمارە (٣)

چڕی گشتی دانیشتوانی شارۆچکەی قەزای ڕانیە و پارێزگای سلێمانی، کەس/کم٢

(١٩٥٧- ٢٠٠٦)




سەرچاوە: پشت بەستراوە بەخشتەی ژمارە (١٦)

بەم شێوەیە تێکڕای گۆڕانی ساڵانەی چڕی گشتی لەشارۆچکەکەدا بە ڕێژەی (١,١ کەس/کم^٢) زیادی کردوە لەپارێزگاش بەڕێژەی (٠,٩کەس/ کم^٢) زیادی کردووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٧). هۆکاری زیادبوونی چڕی لەشارۆچکە لەم ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە کە بەڕێژەی (١,٩٪*) گەشەی کردوە ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش ئەو گۆڕانە کارگێڕییەی کەبەسەر شارۆچکەی ڕانیەدا لەم ماوەیەدا داهاتووە کاریگەری لەسەر زیادبوونی چڕییەکە هەبووە، بەهۆی ئەوەی شارۆچکەی ڕانیە لەم ماوەیەدا ڕووبەرەکەی تووشی کەمبوونەوە هاتووە بەجۆرێك ڕووبەرکەی لە (٢٥٩٤کم^٢) بووە بە (١٥٢٨کم^٢) واتە (١٠٦٦کم^٢) ڕووبەری شارۆچکەکە کەمیکرد، کەم بوونەوەی ڕووبەرو گەشەی دانیشتوان لەم ماوەیەدا هۆکاربوون بۆ زیادبوونی چڕی، لەساڵی (١٩٨٧) یش دووبارە چڕی دانیشتوانی هەریەك لەشارۆچکە وپارێزگا بەرەو زیادبوون چووە، بەشێوەیەك، لەشارۆچکە بۆتە ( ٨٧,١کەس /کم^٢) لە پارێزگاش بۆتە ( ٦٠,٤ کەس /کم^٢)، بەم شێوەیە لەماوەی نێوان ساڵانی ( ١٩٧٧–١٩٨٧) تێکڕای گۆڕانی ساڵانەی چڕی لە شارۆچکەی ڕانیە (٥,٢ کەس/کم٢) زیادی کردوەوە لەپارێزگاش (١,٨کەس/کم^٢) زیادی کردوە.

هۆکاری زیادبوونی چڕی لەشارۆچکەدا لەلایەك بۆ گەشەی دانیشتوانەکەی دەگەڕێتەوە کەلەم ماوەیەدا بەڕێژەی(٣,٧٪) زیادی کردوە لەلایەکی تریشەوە جارێکی تر ڕووبەری شارۆچکەی ڕانیە لەم ساڵەدا کەمیکردوەو بۆتە(٨٨٤کم^٢) بەبەراورد لەگەڵ ساڵی (١٩٧٧) بەنزیکەی(٦٤٤کم^٢) کەمی کردوە بەهەمان شێوە زیادبوونی دانیشتوان و لەکورتی دانی ڕووبەر هۆکاری سەرەکی بوونە بۆ زیاد بوونی چڕی دانیشتوان، لەساڵی (٢٠٠٢) ش چڕی دانیشتوان لە شارۆچکەکەدا زیاد دەکات بۆ (١٨٣,٧ کەس/کم^٢)، بەم شێوەیە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧– ٢٠٠٢)

(*) بۆ زانینی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە سەیری خشتەی ژمارە ( ٤) بکە.

تێكڕای چڕی لەشارۆچكە زیادی كردوەو بووە بە (٦,٤ كەس/كم٢)، هۆكاری زیادبوونی چڕی لەشارۆچكەی ڕانیەدا زادەی ئەو گەشەیە كە دانیشتوان بەخۆیەوە بینیوە كەڕێژەی گەشەی ساڵانەی بەڕێژەی (٥٪) گەشەی كردووە هەروەكو تێبینی دەكرێت لەم ساڵەدا شارۆچكەی ڕانیە لەرووی ژمارەی دانیشتوان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی ڕیزبەندی دووەمی وەرگرتووە و كۆی ژمارەی دانیشتوانی لەم ساڵەدا (١٦٢٤٣٤كەس)بووە، ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوان لەسەر ڕووبەری (٨٨٤كم$^{2}$) كۆبووتەوە ئەمەش وای كردوە چڕی بەو ئاستە زۆرە دەربكەوێت، لەساڵی (٢٠٠٦) یش چڕی دانیشتوان لەشارۆچكەدا گەیشتۆتە نزیكەی (٢١١كەس/كم$^{2}$) تێكرای گۆڕانی ساڵانەی چڕی لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٦) گەیشتۆتە ( ٦,٧كەس /كم$^{2}$) بڕوانە خشتەی ژمارە (١٧). ئەمەش زادەی ئەم گەشەیە كەدانیشتوان بەخۆیەوە بینیوە كە لەم ماوەیەدا گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بەڕێژەی (٣,١٪) زیادی كردوە، لەگەڵ ئەم گەشەیەی دانیشتوانیش كەچی ڕووبەری شارۆچكەكە هەروەك خۆی ماوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (١٧)**

گۆڕانی چڕی دانیشتوان لەسەر ئاستی شارۆچكەی ڕانیە وپارێزگای سلێمانی
( ١٩٥٧-٢٠٠٦) (٪) ساڵانە

| ماوە | شارۆچكەی ڕانیە | پارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٧٧ | ١,١ | ٠,٨٥ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٥,٢ | ١,٨ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٦,٤ | ٣ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٦ | ٦,٧ | ٢ |

سەرچاوە / ڕێژەكان پشت بەست بەسەرچاوەكانی خشتەی ژمارە (١٦) دەرهێنراون.

لەپێناو دەرخستنی ئەو جیاوازییە شوێنییەی كەلەچڕی دانیشتوان بەدیدەكرێت لەشارۆچكەكەدا لەماوەی ساڵانەی (١٩٥٧-٢٠٠٦) وا پێویست دەكات ئەم چڕیە لەسەر ئاستی یەكە كارگێڕییەكاندا بخرێتەڕوو.

**ب/ چڕی گشتی لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان**

چڕی گشتی بەتەنها بەگوێرەی کات جیاواز نابێت بەڵکو ئەم جیاوازیە بەگوێرەی شوێنیش لە نێوان یەکە کارگێڕیەکانی شارۆچکەکەدا دەردەکەوێت، ئەم جیاوازیەش لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان لەیەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی ترجیاوازە، لەسەیرکردنی خشتەی ژمارە (١٨)دا ئەم جیاوازیانە ڕوونتر دەردەکەوێت، بەجۆرێك لەساڵی (١٩٥٧) چڕی دانیشتوان لەشارەدێی سەنتەر(١٩کەس/کم$^{٢}$) بووە هەروەها لەهەریەك لەشارەدێکانی (چناران وناودەشت)یەك بەدوای یەك (١١,٥ ، ١٠,٢کەس /کم$^{٢}$)، لەساڵی(١٩٧٧)یش چڕی شارەدێی سەنتەر بەرەو هەڵکشان چووەو بۆتە( ٤٣,١کەس /کم$^{٢}$) هۆکاری ئەم بەرزبوونەوەیەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە کارگێڕی و دیموگرافیانەوە بووە کە بەسەر ئەم یەکەیەدا داهاتووە شارەدێی (مەرگە(بنگرد))یش لەم ساڵەدا چڕی گشتی دانیشتوانی (٣٠,٣کەس/کم$^{٢}$) بووە لە شارەدێی بێتواتەش (٢٧,٥کەس/ کم$^{٢}$) بووە، لەساڵی (١٩٨٧)یش لەئەنجامی ئەو گۆڕانە کارگێڕییەی کەبەسەر شارەدێی(سەنتەر) داهات چڕی دانیشتوان زیادی کردوەو گەیشتۆتە ( ١٠٨کەس /کم٢) چونکە لەم ساڵەدا شارەدێی چوارقوڕنە پلەی کارگێڕی لێسەندرایەوە و سەرجەم دانیشتوانەکەی لەسەر شارەدێی (سەنتەر) هەژمارکران، شارەدێی بێتواتەش لەم ساڵەدا چڕی بەرەو زیاد بوون چوو بۆتە(٤٢,٥کەس/کم$^{٢}$). ئەمەش زیاتر بۆ گەشەی دانیشتوانی ئەم یەکەیە دەگەڕێتەوە لەم ماوەیەدا، لەساڵی (٢٠٠٢) یش لەئاکامی ئەو گۆڕانە کارگێڕی و دیموگرافیانەی کە بەسەر شارەدێی سەنتەردا هاتووە، چڕی تێدا بەرەو زۆربوون چوو گەیشتۆتە نزیکەی (٢٩٣٥/کم$^{٢}$) زۆری ئەم چڕیەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و بچووك بوونەوەی ڕووبەری ئەم یەکەیە، بە جۆرێك لەم ساڵەدا ئەم یەکەیە(٥٥٧٥٦کەسی) لەخۆوە گرتوە لەسەر ڕووبەرێك کە( ١٩کم$^{٢}$) زیاتر نەبووە، بچووك بوونەوەی ئەم ڕووبەرەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم یەکەیە تەنها ڕووبەری شاری ڕانیەی لەسەر هەژمار کرابوو هیچ گوندێکی لەسەر نەبوو لەم ساڵەدا. جگە لەمە لەم ماوەیەدا ئەم یەکەیە بەهۆی

جووڵــەی سروشــتی و میکانیکیــەوە، گەشــەیەکی بەرچــاوی بەخۆیــەوە بینیوە،ئەمەش کاریگەری لەسەر بەرزی چڕیەکە هەبووە، چونکە زیـادبوونی دانیشتوانی شارەکان، زیاتر بەهۆی زیـادەی سروشـتی و کۆچـەوەیە،کەدواتر دەبێتە هۆی دەرکەوتنی جیاوازی چڕی لەنێوان شارەکان [1].

**خشتەی ژمارە (١٨)**

چڕی گشتی دانیشتوانی یەکە کارگێڕیەکانی شارۆچکەی ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)

(کەس/کلم٢)

| یەکە کارگێڕیەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٦ |
|---|---|---|---|---|---|
| شارەدێی (سەنتەر) | ١٩ | ٤٣,١* | ١٠٨ | ٢٩٣٤,٥ | ٥٢٠ |
| شارەدێی چناران | ١١,٥ | - | - | - | - |
| شارەدێی ناودەشت | ١٠,٣ | - | - | - | - |
| شارەدێی (مەرگە (بنگرد) | - | ٣٠,٣ | - | - | - |
| شارەدێی ( چوارقوڕنە ) | - | | - | ١٠٥,٢ | ٢٨٢,٧ |
| شارەدێی ( بێتواتە ) | - | ٢٧,٥ | ٤٢,٥ | ٦٧,٥ | ٧٢ |
| شارەدێی ( حاجیاوا ) | - | - | - | ٤٤٢,٧ | ٥٤٦ |
| شارەدێی ( سەرکەپکان) | - | - | - | - | ٤٠,٥ |

ڕێژەکان پشت بەست بەپاشکۆی ژمارە ( ١) دەرهێنراون.

(*) لەساڵی (١٩٧٧) شارەدێی (چوارقوڕنە) لەگەڵ شارەدێی(سەنتەر) بەیەکەوە چڕیان هـەژمارکراوە (لەبەرئـەوەی لەسـاڵی(١٩٧٧)، ڕووبـەری شـارەدێی سـەنتەر و چـوارقوڕنە بەیەکـەوە هـەژمار کـراون (بڕوانە: وزارة التخطيط،الجهاز المركزي للاحصاء ،المجموعة الاحصائية السنوية لعام / ١٩٧٦ المصدر السابق، ص٣٧ ).

هەر لەم ساڵەدا چڕی گشـتی دانیشـتوان لـە شـارەدێی ( چـوارقوڕنە) دا (١٠٥,٢کەس /کلم٢) بووە، هەروەها لەشارەدێی ( بێتواتە) ش لەئەنجامی ئەو گۆڕانە دیموگرافیایەی کەبەسەر ئەم یەکەیەدا داهاتووە، چڕیەکەی هەڵکشاوە بۆ( ٦٧,٥کـەس/کلم٢)، هەرچـی شـارەدێی (حاجیـاوا) یـە تارادەیـەك چڕی بەبـەرزی تێـدا دەردەکـەویت کەنزیکـەی (٤٤٣کـەس/کلم٢) هۆکـاری ئەمـەش

(١) ب. د. کلارك، سـكان ايـران، دراسـة فـى الـتغير الديموغرافيـة، ترجمـة، محمـد عبـدالرحمن الشرنوبى، الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد (٥) جامعة الكويت، كويت، ١٩٧٩، ص ٣٨.

دەگەڕێتەوە بۆ، زۆری دانیشتوان و کەمی رووبەری ئەم یەکەیە، لەساڵی (٢٠٠٦) شارەدێی سەنتەر تاڕادەیەك چڕی کەمی کردوەوە بۆتە(٥٢٠کەس/کلم٢)، ئەمەش لەئەنجامی ئەم گۆڕان کارگێڕییەی کەبەسەر ئەم یەکەیەدا هاتووە، لەئاکامدا رووبەرەکەی زیادی کردوەو بۆتە (١٦٢کلم٢). هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر چڕی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە دا هاتوە لە نەخشەکانی ژمارە (٢٣تا٢٦) نیشان دراون.شارەدێی (چوارقوڕنە)ش لەم ساڵەدا چڕیەکەی بەرەو زیادبوون ڕۆیشت و بووبە (٢٨٢کەس/کلم٢) ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانە کارگێڕییەوە بوو کەبەسەر ئەم یەکەیە داهات بەوەی کەڕووبەرکەی بچووك بۆتەوە بەهۆی ئەوەی کە ڕووبەرکەی بەشێکی خرایەوە سەر شارەدێی سەنتەرو بەشێکی زۆریشی لێدابڕا بەهۆی کردنەوەی (شارەدێی سەرکەپکان).

(شارەدێی بێتواتە)ش چڕی بەرەو زیادبوون چوو بووبە( ٧٢ کەس/کلم٢) ئەمەش زادەی ئەم گۆڕانە دیموگرافیانەبوو کەبەسەر ئەم یەکەیەدا هات لەم ماوەیەدا.هەروەها (شارەدێی حاجیاوا)ش، چڕی بەرەو زیادبوون چوو بووبە (٥٤٦ کەس/کلم٢) هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم یەکەیە لەم ماوەیەدا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، شارەدێی (سەرکەپکان)یش لەم ساڵەدا چڕی دانیشتوانی (٤٠,٥کەس/کلم٢) بوو، لێرەدا ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە کە لەڕووی ڕیزبەندی چڕیەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوە شارەدێی (سەنتەر) لەپلەی یەکەمدا دەبینرێت ودوابەدوای ئەویش هەریەك لە(شارەدێی حاجیاوا و چوارقوڕنەوە) لەپلەی دووەم و سێیەمدا دێن، دوابەدوای ئەوانیش شارەدێی (بێتواتەو سەرکەپکان) دێن.

بۆ زیاتر وردبوونەوە ونیشان دانی چڕی دانیشتوان لەنێوان بەشەکانی شارۆچکەکە و دەرخستنی جیاوازی چڕی شوێنی جێگای خۆیەتی چڕی دانیشتوان لەسەر ئاستی کەرتەکان (مقاطعات )، وەربگرین چونکە ئەوە بەباشترین ڕێگا دادەنرێت، کە بەهۆیەوە، تاڕادەیەك ئەوگۆڕانکاریانەمان باشتر بۆدەردەکەوێت کەبەسەر چڕی دانیشتواندا هاتووە لەبەشەکانی شارۆچکەکە.

نەخشەی ژمارە (٢٣)
چڕی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (١٩٥٧)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی (١٨)

نەخشەی ژمارە (٢٤)

چڕی گشتی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (١٩٧٧)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١٨)

نەخشەی ژمارە (٢٥)

چڕی گشتی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٢)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١٨)

نەخشەی ژمارە (٢٦)

چڕی گشتی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٦)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١٨)

**ج/ چڕی دانیشتوان لەسەرئاستی کەرتەکان ( مقاطعات )**

چڕی دانیشتوان لەنێوان (کەرتەکان[*]) جیاوازە لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر هەروەها لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لەبارەی ئەم گۆڕانەی کەبەسەر ژمارەی کەرتەکان و دابەش بوونیان دا هاتووە، ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧– ٢٠٠٦ [**]) مان وەرگرتوە ،چونکە تارادەیەك رووبەری کەرتەکان وەکو خۆی ماوەتەوە هەرچەندە ژمارەی کەرتەکان لەسەر ئاستی شارۆچکە گۆڕانی تێکەوتووە، بەجۆرێك ساڵی (١٩٧٧) ژمارەی کەرتەکانی سەر بەشارۆچکەی ڕانیە لە( ١٣٠) کەرت پێکهاتبوو، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢). شارەدێی مەرگە (بنگرد) لەم ساڵەدا (٤٩) کەرت و هەریەك لەشارەدێکانی (چوارقوڕنە و بێتواتە [***]) یەك بەدوای یەك (٦٣ ،١٨) کەرتیان لە خۆگرتبوو بەلاّم لەساڵی (٢٠٠٢) ژمارەی کەرتەکان کەمی کردوو بۆ(٨١) کەرت ئەمەش بەهۆی دابڕانی (٤٩) کەرتی سەر بەشارەدێی (مەرگە(بنگرد))، لەم ماوەیەدا شارەدێی (چوارقوڕنە)ش ژمارەی کەرتەکانی کەمی کردوو بووبە (٥٢) کەرت، ئەمەش بەهۆی کردنەوە شارەدێیەکی تازە بەناوی شارەدێی (حاجی ئاوا) کە(١١) کەرت لە شارەدێی (چوارقوڕنە) دابڕاوەو خراوەتە سەر ئەم یەکە تازەیە شارەدێی (بێتواتە)ش هەروەکو پێشوو (١٨) کەرتی لەخۆگرتبوو، لەساڵی (٢٠٠٦)یدا دووبارە ژمارەی کەرتەکان بەرەو کەمبوونەوە چوە،

---

(*) مەبەست لە کەرت، یەکەیەکی فراوان تر لەگوند دەگرێتەوە بەوەی کەزۆرجار، کەرتەکان زیاتر لەگوندێك لەخۆیان دەگرن.

(**) لەساڵی (١٩٥٧) رووبەری کەرتەکان نەزانراون، لەساڵی (١٩٨٧) یش بەهۆی نائارامی ڕەوشی رامیاری ناوچەکە رووبەری کەرتەکان هەژمار نەکراون، بۆیە لێرەدا ساڵی (١٩٧٧) مان وەکو ستاندەرێك وەرگرتوە، لەگەلّ ئەوەشدا لەساڵی (٢٠٠٢) شارەدێی (مەرگە)ی لەسەر نەماوە بەلاّم کەرتەکان ڕووبەرەکەیان گۆانی تێنەکەوتوە لەبەر ئەوە ئەم ساڵەمان وەرگرت.

(***) لەم ساڵەدا شارەدێی( سەنتەر) هیچ گوندێکی لەسەر هەژمار نەکراوە، بە واتەیەی هیچ کەرتی لەسەرنەبوەو هەموویان لەسەر شارەدێی ( چوارقونە ) هەژمار کراون.

بـەجۆرێك ژمارەیـان بـوو بـە (٧٥*) کـەرت. ئەمـەش ئـەنجامی ئـەو گۆڕانـە کارگێڕی و دیموگرافیە بـوو کـە جـارێکی تـر بەسـەر شارۆچـکەکە داهـاتووە، کەرتەکان لەم ساڵەدا بەم شێوەیە بەسەر یەکەکاندا دابەش ببوون (شارەدێی سـەنتەر) (١٤) کـەرت، شـارەدێی چـوارقوڕنە (١٠) کـەرت کـەم بوونـەوەی کەرتـەکانی شـارەدێی چـوارقوڕنە لەئـەنجامی ئـەو گۆڕانـە کارگێڕییـە بـووە کەبەسەر ئەم یەکەیەدا هاتوە بەوەی کە (٢٢) کـەرتی لێ دابـڕاو خرانـە سـەر شارەدێی (سەرکەپکان ) و(١٤) کەرتیشی خراوەتە سەر شـارەدێی سـەنتەر. هەریەك لەشـارەدێی (بێتواتـەو حـاجی ئـاوا)ش ژمـارەی کەرتـەکانیان وەکـو خۆی ماوەتەوە. لەڕووی ژمارەی کەرتەکاندا شارۆچکەی ڕانیـە گـۆڕانی زۆری تێکـەوتووە، بەهـەمان شـێوەش لـەڕووی ژمـارەی دانیشـتوانیش لـەماوەی ساڵانی (١٩٧٧–٢٠٠٦) گۆڕانی زۆری بەخۆیـەوە بینـووە کەئەمـەش دواجـار کـاری کردۆتـە سـەر جیـاوازی دابەشـبوونی چـڕی لـەنێوان کەرتەکانـدا، بەمەبەستی زیاتر خستنەڕووی دابەشبوونی چڕی دانیشـتوان لەناوچـەکەدا، هەوڵدەدەین کەرتەکانی شارۆچکەکە لەساڵی (٢٠٠٦) دا دابەش بکەین بەسەر (چوار) دەستەی جیاوازی چڕی بەم شێوەیە:

**دەستەی یەکەم / ( ٥٠ کەس زیاتر ):**

لەسەرئاستی شارۆچکە ئەم کەرتانەی کەوتوونەتـە نێـو ئـەو دەسـتەیە، نزیکـەی (٧٣٪)ی کـۆی دانیشـتوان و (٢٨٪)ی کـۆی ڕووبـەری کەرتـەکانی پێکهنیاوە، دانیشتوان و ڕووبەری ئەم کەرتانەش بەشێوەیەکی ڕێك بەسـەر یەکەکانـدا دابـەش نەبوونـە، بـەجۆرێك شـارەدێی (سـەنتەر) (٩٢,٤٪)ی

(*) هۆکاری کەم بوونی کەرتەکان لە(٨١) کەرتەوەبۆ(٧٥) کەرت، دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی لـەم ساڵەدا (٤) کەرت بەهۆی فراوان بوونی شاری ڕانیە، وەکو گەڕەکێك لەسەر شارەکە هەژمار کراون، ئەمە لەلایـەك لەلایـەکی تـریش بـەهۆی کردنـەوەی شـارەدێی ( سـەرکەپکان ) (٢) کەرت بە سـەنتەری شـارەدێ هـەژمار کران، بەمـەش لـەم سـاڵەدا شارۆچـکەی ڕانیـە (٦) کەرتی کەمیکردوە.

دانیشتوان و(٢٢٪) ی کۆی ڕووبـەری کەرتـەکانی ئـەم یەکـەیان پێکهێنـاوە، بڕوانە خشتەی ژمـارە (١٩). چڕی دانیشـتوان ئـەم کەرتانـە لـە م یەکەیـەدا (١٧٩,٤کەس/کم[٢]) ئەم کەرتانە زیاتر لەنزیك شاری ڕانیەن، ئەمەش زیاتر بـۆ بـوونی دەشـتێکی بـەپیت وبـوونی سەرچـاوەی ئـاو دەگەڕێتـەوە کـەبووە بەمایـەی ئـەوەی ژمارەیـەکی زۆری دانیشـتوان لـەخۆیان بگـرن. شـارەدێی (چوارقوڕنە)ش ڕێژەی زیاتر (٨٠٪)ی دانیشـتوان و (٣٤,٨٪ )ی ڕووبـەر ئـەم یەکەیان پێکهێناوە، چڕی دانیشتوانی ئـەم کەرتانـە بەبـەراورد بـە شـارەدێی (سـەنتەر) کـەمترە کـە (١٣١,٤ کـەس/ کـم[٢])ە، کەرتـەکانی نێـو ئـەم دەستەیەش لەشارەدێی(بێتواتە) ڕێژەی( ٥٨,٥٪)ی دانیشتوان و( ٢٢,٧٪)ی ڕووبەریان پێکهێناوە، تێکرای چڕی کەرتاکانی ئەم دەستەیەش لەم یەکەیەدا دادەکشـێ بـۆ (٧٠,٣کـەس /کم٢) کـەمی چڕی ئـەم دەسـتەیە لـەم یەکەیـە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ناوچەکە کە دەکەوێتە ناوچەیەکی شـاخاوی کـەمتر توانای لەخۆگرتنی دانیشتوانی زۆری هەیە.ئەم کەرتانە لە شارەدێی (حـاجی ئاوا) ڕێـژەی ( ٨٧,٦٪) ی دانیشـتوان و(٤١,٢٪) ی ڕووبـەری ئـەم یەکـەیان پێکهێناوە، تێکرای چڕی کەرتەکانی ئەم دەستەیەش لەم یەکەیەدا بەبـەرزی دەردەکەوێت کە(١١٦,٧کەس/ کم[٢])، ئەمـەش زیـاتر بـۆ سروشـتی ناوچـەکە دەگەڕێتەوە کە ئەم کەرتانە لەپێدەشتێکی بەپیتـدا هەڵکـەوتوون و ناوچـەی لەبارن بۆ بەرهـەمی کشـتوکاڵی و بـەخێوکردنی ئـاژەڵ، ئەمـەش وای کـردوە خەڵکی زیاتر تیایدا نیشتەجێ ببن لـە شـارەدێی (سـەرکەپکان) یـش ڕێـژەی (٥٤٪)ی دانیشـتوان و (٢٢,٢٪) ی ڕووبـەریان پێکهێنـاوە تێکـرای چـڕی کەرتاکانی ئەم دەستەیەش لـەم یەکەیـەدا (٨٥,٤ کـەس /کم ٢) یـە، کـەمی چڕیش لەم یەکەیەدا پەیوەستە بەلایەنی تۆبۆگرافی ئەم یەکەیە.

## خشتەی ژمارە (١٩)

**ژمارەو دانیشتوان و ڕووبەری کەرتەکانی شارۆچکەی ڕانیە(*) بەگوێرەی دەستەی چڕیان لەساڵی (٢٠٠٦)**

| یەکە کارگێڕیەکان | دەستەی جری کەس / کلم٢ | ژمارەی کەرت | ژمارەی دانیشتوانی/ کەس | (٪) لە کۆی دانیشتوانی کەرتەکانی یەکە کارگێڕیەکان | ڕووبەر/کلم٢ | (٪) لەکۆی ڕووبەری کەرتەکانی یەکە کارگێڕیەکان | تێکڕای جری کەس / کلم٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شارەدێی سەنتەر | کەمترلە١٠کەس | ١٠ | سفر | سفر | ٦١,٧ | ٦٦,٦ | سفر |
| | ١٠–٣٠ کەس | ١ | ٣٠٠ | ٧,٦ | ١٠,٦ | ١١,٤ | ٢٨,٣ |
| | ٣٠–٥٠ کەس | – | – | – | – | – | – |
| | ٥٠کەس زیاتر | ٢ | ٣٦٦٠ | ٩٢,٤ | ٢٠,٤ | ٢٢ | ١٧٩,٤ |
| کۆی سەنتەر | | ١٤ | ٣٩٦٠ | ١٠٠ | ٩٢,٧ | ١٠٠ | ٤٢,٧ |
| شارەدێی چوارقوڕنە | کەمتر لە١٠کەس | ١ | ٢٠ | ٠,٤ | ٩ | ٨,١ | ٢,٢ |
| | ١٠–٣٠ کەس | ٤ | ٩٦٣ | ١٥ | ٥٦,٣ | ٥٠,٢ | ١٧,١ |
| | ٣٠–٥٠ کەس | ١ | ٢٧٥ | ٤,٣ | ٧,٨ | ٦,٩ | ٣٥,٢ |
| | ٥٠کەس زیاتر | ٤ | ٥١٣٧ | ٨٠,٣ | ٣٩,١ | ٣٤,٨ | ١٣١,٤ |
| کۆی چوارقورنە | | ١٠ | ٦٣٩٥ | ١٠٠ | ١٠٢,٢ | ١٠٠ | ٥٧ |
| شارەدێی بێتواتە | کەمتر لە١٠کەس | ٣ | ١٣٣ | ٢,١ | ٣٠,٨ | ١٣,٥ | ٤,٣ |
| | ١٠–٣٠ کەس | ٨ | ٢٠٠٧ | ٣٢,٣ | ١٣٤,٩ | ٥٩,٢ | ١٤,٨ |
| | ٣٠–٥٠ کەس | ٢ | ٤٤١ | ٧,١ | ١٠,٣ | ٤,٦ | ٤٢,٨ |
| | ٥٠کەس زیاتر | ٥ | ٣٦٣٣ | ٥٨,٥ | ٥١,٧ | ٢٢,٧ | ٧٠,٣ |
| کۆی بێتواتە | | ١٨ | ٦٢١٤ | ١٠٠ | ٢٢٧,٧ | ١٠٠ | ٢٧,٣ |
| شارەدێی حاجیاوا | کەمتر لە١٠کەس | ٤ | ٣٥ | ٠,٩ | ١٦ | ٢٢ | ٢,١ |
| | ١٠–٣٠ کەس | ٢ | ١٦٠ | ٤ | ١٩,٦ | ٢٦,٩ | ٨,٢ |
| | ٣٠–٥٠ کەس | ١ | ٣٠٠ | ٧,٥ | ٧,٢ | ٩,٩ | ٤١,٦ |
| | ٥٠کەس زیاتر | ٤ | ٣٥١٣ | ٨٧,٦ | ٣٠,١ | ٤١,٢ | ١١٦,٧ |
| کۆی حاجیاوا | | ١١ | ٤٠٠٨ | ١٠٠ | ٧٢,٩ | ١٠٠ | ٥٥ |
| شارەدێی سەرکەپکان | کەمتر لە١٠کەس | ١ | ٨٦ | ١,٦ | ١١,٥ | ٧,٤ | ٧,٥ |
| | ١٠–٣٠ کەس | ٨ | ٩٨١ | ١٨,١ | ٧٤,٣ | ٤٨,١ | ١٣,٢ |
| | ٣٠–٥٠ کەس | ٤ | ١٤٢٦ | ٢٦,٣ | ٣٤,٤ | ٢٢,٣ | ٤١,٤ |
| | ٥٠کەس زیاتر | ٩ | ٢٩٢٢ | ٥٤ | ٣٤,٢ | ٢٢,٢ | ٨٥,٤ |
| کۆی سەرکەپکان | | ٢٢ | ٥٤١٥ | ١٠٠ | ١٥٤,٤ | ١٠٠ | ٣٥,١ |
| کۆی شارۆچکە | | ٧٥ | ٢٥٩٩٢ | ١٠٠ | ٦٤٩,٩ | ١٠٠ | ٣٩,٤ |

(*) لێرەدا ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری ناوەندە شارستانیەکان هەژمار نەکراون.

سەرچاوە / پشت بەست بەپاشکۆی ژمارە (٢).

**دەستەی دووەم / (٣٠ –٥٠کەس )**

لەسەر ئاستی شارۆچکە ئەو کەرتانەی کەوتوونەتە نێو ئەو دەستەیە ڕێژەی (٩,٤٪)ی دانیشتوان و(٩,١٪)ی کۆی ڕووبەریان پێکهێناوە، کەرتەکانە نێو ئەو دەستەیە یەک بەدوای یەک لەشارەدێکانی (چوارقوڕنەو حاجی ئاوا* ) ڕێژەی ( ٤,٣٪ ، ٧,٥٪)ی دانیشتوان و( ٦,٩٪، ٩,٩٪) ڕووبەریان پێکهێناوە شارەدێی (بێتواتە)ش ڕێژەی ( ٧,١٪ ) ی دانیشتوان و (٤,٦٪ ) ڕووبەری کەرتەکانیان پێکهێناوە، زۆرترین ڕێژەی دانیشتوان و ڕووبەری ئەم دەستەیە شارەدێی سەرکەپکان پێکی هێناوە بەجۆێك (٢٦,٣٪)ی دایشتوان و (٢٢,٣٪) ی ڕووبەری پێکهێناوە، تێکرای چڕی کەرتاکانی ئەم دەستەیەش لە شارەدێکانی(بێتواتەو و حاجی ئاوا ) بەبەرزی دەردەکەوێت کە یەك بەدوای یەك دەگاتە ( ٤٢,٨ کەس /کم٢، ٤١,٦کەس /کم٢) بەلاَم لەشارەدێکانی (چوارقوڕنەوسەرکەپکان ) یەك بەدوای یەك دادەکشێ بۆ( ٣٥,٢ کەس /کم٢، ٤١,٤ کەس/ کم٢) کەمی چڕی لەم دوو یەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو لایەنی هۆکاری سروشتی ومرۆیی.سەرجەم جیاوازی چڕی کەرتەکان لەنێوان بەشەکانی شارۆچکەکەدا لەنەخشەی ژمارە (٢٧) نیشان دراوە.

* شارەدێی سەنتەر هیچ کەرتێکی لەم دەستەیەی لەخۆ نەگرتوە.

نەخشەی ژمارە (٢٧)

چڕی گشتی دانیشتوان بەگوێرەی کەرتەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٦)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە(٢)

**دەستەی سێیەم / ( ١٠ –٣٠ کەس):**

ئەم کەرتانەی کەوتوونەتە نێو ئەم دەستەیە لەسەرئاستی شارۆچکە، ڕێژەی (١٧٪)ی دانیشتوان و(٤٤,٨٪) ی ڕووبەریان پێکهێناوە، هەریەك لەشارەدێکانی ( سەنتەرو چوارقوڕنە) یەك بەدوای یەك ڕێژەی ( ٧,٦٪ ، ١٥٪)ی دانیشتوان و ( ١١,٤ ٪، ٥٠,٢٪ ) ڕووبەریان پێکهێناوە، هەروەها هەردوو شارەدێی ( بێتواتە وحاجی ئاوا)ش یەك بەدوای یەك ڕێژەی (٣٢,٣٪، ٤٪ )ی دانیشتوان و( ٥٩,٢ ٪ ، ٢٦,٩٪ ) ی کۆی ڕووبەریان پێکهێناوە، شارەدێی ( سەرکەپکان)یش ( ١٨,١٪) ی دانیشتوان و (٤٨,١٪)ی کۆی ڕووبەری ئەم یەکەیان پێکهێناوە، تێکرای چڕی کەرتاکانی ئەم دەستەیەش لەیەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی تر جیاوازە، بەجۆرێك لە هەردوو شارەدێی (سەنتەرو چوارقوڕنە) بە بەرزی دەردەکەوێت، کەیەك بەدوای یەك (٢٨,٣– ١٧,١ کەس /کم$^{٢}$) بەلاَم لەشارەدێکانی (بێتواتە وحاجی ئاواو سەرکەپکان ) ئەم چڕیە بەرەو کەم بوون هەنگاو دەنێت کە یەك بەدوای یەك تێکرای چڕییان ( ١٤,٨، ٨,٢، ١٣,٢ کەس /کم$^{٢}$) یە.

**دەستەی چوارەم / ( لە ١٠ کەس کەمتر )**

کەرتەکانی نێو ئەم دەستەیە لەسەرئاستی شارۆچکە ڕێژەیەکی کەمیان لەکۆی دانیشتوان و ڕووبەر پێکهێناوە بەجۆرێك لە(١٪) دانیشتوان و (١٩,٥٪) ڕووبەری یان پێکهێناوە (شارەدێی سەنتەر) (٦١,٧٪) ڕووبەی نێو ئەم دەستەیان پێکهێناوە، بەلاَم لەهەمان کاتدا هیچ ڕێژەیەکیان لە کۆی دانیشتوان پێك نەهێناوە، هۆکاری ئەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەدوای ژێر ئاوکەوتنی ئەو کەرتانە و چۆڵبوونیان لەدانیشتوان ئاوەدان نەکرانەتەوە، واتە هیچ کەسێکیان تێدانیشتەجێ نەبووە، لەبەرئەوەی کە گوندەکانیان ژێر ئاوکەوتن، بەلاَم بەشێکی ڕووبەرە زەویە کشتوکاڵییەکانیان ماونەتەوە لەوساڵە بەدواوە لەسەرژمێریەکاندا وەك گوند و کەرت دەژمێردرێن ڕووبەرکانیان دیارە بەلاَم چۆڵن لەدانیشتوان ،لێرەدا دەتوانین بڵێن ئەمە تاکە هۆکارە کەبەشی باشووری ڕۆژئاوای شارەدێی (سەنتەر) بەچۆڵی دەربکەوێت، دوابەدوای ئەویش هەردوو شارەدێی (حاجی ئاوا و بێتواتە )یەك بەدوای یەك ڕێژەی( ٠,٩٪ ،٢,١٪ )ی دانیشتوان و( ٢٢٪ ، ١٣,٥٪ ) کۆی

ڕووبـەری ئـەم یەکانـەیان پێکهێنـاوە، هەریـەك لەشـارەدێکانی (چـوارقورنەو سـەرکەپکان) یـش ڕێژەیـەکی کـەم لەدانیشـتوان و ڕووبـەر لـەخۆ دەگـرن ، کەیـەك بـەدوای یـەك (٠,٤٪ ، ١,٦٪ )ی دانیشــتوان و (٨,١ ٪، ٧,٤٪ ) ی ڕووبـەر پێـك دەهێـنن، تێکـرای چـڕی کــەرتاکانی ئــەم دەسـتەیەش لەشارەدێکانی(حاجی ئـاوا و بێتواتـە) یـەك بـەدوای یـەك ( ٢,١ ، ٤,٣ کـەس/کم[٢]) یە لەشارەدێکانی (چوارقورنەو سەرکەپکان ) یـەك بـەدوای یـەك ( ٢,٢، ٧,٥ کـەس /کـم[٢]) یـە. هۆکـاری کـەمی چـڕی دانیشـتوان لـەم کەرتانـە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرێك لـەو کەرتانـەی کەوتوونەتـە سـنووری ناوچـەی لێکۆڵینــەوە لــەدوای ڕاگواسـتنیان کـەمتر دانیشـتوانیانەکەیان گەڕانــەوە، بەجۆرێك ئەم گوندانەی لەسـنووری ئـەم کەرتانـەدان کـەمتر بـەرەو ئـاوەدان بوونـەوە ڕۆیشـتن. ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی زۆربـەی خەڵکەکـەی لەکۆمـەڵگا زۆرەملێکـان مانـەوە ، چـونکە حکومـەت زیـاتر گرنگـی بـەئۆردووگاکان دەدا لەوەی کەگرنگی بەگوندەکان بدات.

لەئەنجامدا دەگەینە ئەو پوختەیەی کەبڵێین، چڕی دانیشـتوان لـە شـوێنێك بـۆ شوێنێکی تر جیاوازە، بەشێوەیەکی گشتیش ئەم چڕیە بەبەرزی دەردەکـەوێت لـەو کەرتانەی کەوتوونەتە نێو سنووری کـارگێڕی هەریـەك لەشـارەدێکانی (حـاجی ئـاواو چوارقورنەو سەنتەر ) واتە بەشەکانی باشـوورو باشـووری ڕۆژئـاوای شارۆچـکەکە، ئەمـەش لەلایـەك بـۆزۆری دانیشـتوان بچـووکی ڕووبـەری کەرتـەکان دەگەڕێتـەوە، لەلایەکی تریشەوە سروشتی ئەم ناوچەیە ڕۆڵی خۆی بینیوە بەوەی کـە ئـەو یەکانـە لەسەر دەشتێکی بەپیت هەڵکەوتوون هەروەها دەوڵەمەندەن بەسامانی ئـاو ئەمـەش وای کـردووە کـەبتوانن دانیشــتوانێکی زۆر لــەخۆبگرێت ئەوکەرتانــەی کـەتێکرای چڕییان تێدا نزمە کەوتونەتە نێو سنووری کارگێڕی هەریەك لەشـارەدێکانی( بێتواتـە و سەرکەپکان ) کەدەکەونە بەشەکانی باکووری شارۆچکەکە، هۆکـاری کـەمی چـڕی کەرتەکانی نێوئەم یەکانە بۆ کەمی ژمارەی دانیشتوان و فراوانی ڕووبەری کەرتـەکان دەگەڕێتەوە، کەمی ژمارەی دانیشتوان لەم کەرتانەدا زیاتر هۆکاری سروشـتی ڕۆڵـی بینیووە، بەوەی ئەم دوو یەکەیە زیاتر لەناوچەیەکی شاخاوی هەڵکـەوتوون، کەواتـە چەندە لەبەشەکانی باشووری ناوچە هەڵکشێین، بۆ بەشـەکانی بـاکوور چڕی بـەرەو کەم بوونەوە دەچێت.

## باسی دووەم/ پێوەرەکانی گردبوونەوەی دانیشتوان

پێوەرەکانی گردبوونەوەی دانیشتوان ڕێگەیەکی ترن بۆ زانین و دەستنیشانکردنی چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوان لەهەرێمێکی دیاریکراودا کەتێیدا ڕادەی ئارەزووی مرۆڤ دەردەخات بۆ دابەشبوونی دانیشتوان بەشێوەی (گردبوونەوە یان بڵاوبونەوە)[1]. ئەمەش زیاتر بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دانیشتوان و ئەو ڕووبەرە زەویانەی کەلەسەری دەژین لەبەرئەوەی، لێکۆڵینەوە لەدابەشبوونی دانیشتوان ناتەواو دەبێت ئەگەر بەراورد نەکرێت بەو ڕووبەرەی کەدانیشتوانی لەسەر دەژی، ئەمەش لەپێناو زانینی پەیوەندی نێوانیان لەهەرێم و ناوچە جیاوازەکاندا.تاوەکو هاوسەنگی نێوان ڕێژەی ڕووبەر و ڕێژەی دانیشتوان زیاتر بێت، ئاماژەیە بۆ دابەشبوونی گونجاو، بەلاّم زیادبوونی ڕێژەی یەکێکیان لەوی تریان، ئاماژەیە بۆ دابەشبوونی ناهەوسەنگ، بەگەورەبوونی جیاوازیەکەش ناهاوسەنگیەکە پتر دەبێت[2].

لەپێناو دەرخستنی ئەم پەیوەندییە و زانینی ئاراستەی گردبوونەوە و بڵاوبوونەوەی دانیشتوان توێژەران چەندین ڕێگای ئاماریان بەکارهێناوە کەگرنگترینیان و بڵاوترینیان (ڕێژەی گردبوونەوەی دانیشتوان) و (چەماوەی لۆرنز)ە لەم باسەدا هەوڵ دەدەین، ئەم دووپێوەرە لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە جێبەجێ بکەین:

١. **ڕێژەی گردبوونەوەی دانیشتوان ( نسبة الترکز السکانی )**

ئەم پێوەرە دادەنرێت بەیەکێك لەو پێوەرە بلاّوانەی کە لە بواری لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی دانیشتوان بەکاردەهێنرێت، ئامانجیش لەبەرکارهێنانی ئەم پێوەرە دەرخستنی رادەی ئارەزووی دابەشبوونی

---

[1] عباس فاضل السعدي، التوزيع الجغرافي للسكان فی اليمن، نشرة دوريه العدد( ٥١)، يصدرها قسم الجغرافية بجامعة الكويت، الكويت، ١٩٨٣، ص ٥٤.

[2] عبدالفتاح امام حزين، جغرافية السكان (دراسة في الاسس و التطبيقات)، المصدر السابق، ص٦٥ – ٦٦.

دانیشتوانە، بە شێوەی( گردبوونەوە یان بڵاوبوونــەوە) لـەنێو سـنووری ئـەم ناوچەیەی کەتییدا دەژین[1]. ئەم پێوەرە، پشت دەبەستیٚ بەڕێـژەی سـەدی دانیشتوان و دابەش کردنـی بەسـەر ڕووی زەوییـەکی دیـاریکراودا بـەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە[2]:

$$C = \tfrac{1}{2} \ \Sigma \ (X - Y)$$

هەریەك لەمانە بریتین لە :—

C = ڕێژەی گردبوونەوەی دانیشتوان.

X = ڕێژەی سەدی ڕووبەری ناوچەکە لەکۆی ڕووبەری هەرێمەکە.

Y = ڕێژەی سەدی دانیشتوان لەکۆی دانیشتوانی هەرێمەکە.

Σ = کۆی جیاوازی (موجەب) لەنێوان ڕێژەکاندا، یان کۆی بەهاکان بیٚگوێدانە نیشانە (سالب)ەکان.

ئەمـەش بـەواتای ئـەوەدێت، کەڕێـژەی گردبوونەوەکـە یەکسـان دەبێـت بـەنیوەی کـۆی جیـاوازی (موجـەب) لـەنێوان کـۆی ڕێـژەی سـەدی ڕووبـەرو دانیشتوان لەناوچەیەك لەناوچەکانی هەرێمێکـدا، گـەورە دەرچـوونی ڕێژەکـە گوزارشت لە زۆربوونی پلەی گردبوونەکە دەکـات، بەپێچـەوانەوەش ،تـاوەکو ڕێژەکە کـەمتر بێـت پلـەی گردبوونەوەکـەش دادەکشـیٚ و بڵاْبوونـەوە وەکـو دیاردەیەکی بـاوی لێـدێت، دابەشـبوونی دانیشـتوان شـێوەیەکی (نمونـەیی*) وەردەگرێت، ئەگەر پلەی گردبوونەکە یەکسان بوو بە ( سفر)، تاوەکو لەسفر زیاتر بێت، گردبوونەوەی زیاتری دانیشتوان دەگەیـەنیٚ، بـۆ سـوود وەرگـرتن لەم ڕێژەیە پێویستە چەند سەرژمێریەکی یەك لەدوای یەك وەربگرین، تاوەکو

---

[1] عبدالحمید غنیم، التوزیـع الجغرافـی لسـکان الامـارات العربیـة، الجمعیـة الجغرافیـة الکویتیـة، العدد(٩٧)، جامعة الکویت، الکویت، ١٩٨٧، ص ٥٢.

[2] طە حمادي الحدیثی، جغرافیة السکان، المصدر السابق، ص ٦٠٦.

(*) مەبەست لەدابەشبوونی نمونەیی، ئەوەیە کە (١٠٪) دانیشتوان لەسەر (١٠٪) ڕووبەر دەژین و (٢٠٪) دانیشتوان لەسەر (٢٠٪) ی ڕووبەر دەژین، تاوەکو دەگاتـە (١٠٠٪) ی دانیشـتوان بۆ (١٠٠٪) بڕوانە (عبدالفتاح امام حزین، جغرافیة السکان ( دراسة فی الاسس والتطبیقات)، المصدر السابق، ص ٦٨ )

بڕیار لەسەرڕادەی بەرزبوونەوە یاخود نزم بوونەو یان جێگیربوونی ئەم دۆخە بدەین.[1]

لە پراکتیزەکردنی هاوکێشەکە بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەکـەدا،بۆمان دەردەکـەوێت لـەماوەی لێکۆڵینــەوەدا چــەندین گۆڕانکـاری بەسـەر پلــەی گردبوونەوەدا هـاتووە، خشـتەکانی ژمـارە (٢٠تـا٢٤) ئـەوە نیشـان دەدەن. کەپلەی گردبوونەوە لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧–٢٠٠٦) هەڵبـەزو دابـەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠٠٦) پلەی گردبوونـەوە لەسـەر ئاسـتی شارۆچـکە (٤١,٩) پلــە بــووە، بــەلآم لەســاڵی (١٩٥٧) ڕێــژەی گردبوونەوە (١٣,٩)پلە بووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پلەی گردبوونەوە بـەجیاوازی (٢٨) پلـە زیـادی کـردووە ئـەم گۆڕانانـەش وابەسـتەی گـۆڕانی هەریـەك لـە ڕێـژەی دانیشـتوان ڕووبـەرن، لەبەرئـەوەی هـەرگۆڕانێك بەسـەر هەریــەك لــەم ڕەگەزانــەدا بێــت، ئــەوا کاردانــەوەی دەبێــت لەســەر پلــەی گردبوونەوە بـەجۆرێك لەسـاڵی (١٩٧٧) پلـەی گردبوونـەوە کـەمی کـردووەو بۆتە ( ٩,٤) پلە، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بەو گۆڕانـە کارگێڕیـەی کەبەسـەر شارۆچکەکەدا هاتووە، کەڕەنگدانەوەی دیاری هـەبووە لەسـەر دانیشـتوان و ڕووبــەری شارۆچــکەکە، بــەلآم ئــەم ڕێژەیــە لەســالآنی (١٩٨٧– ٢٠٠٢) بەئاراسـتەی زیـادبوون هـەنگاوی نـاوە بـەجۆرێك یـەك بـەدوای یـەك پلـەی گردبوونەوە لەم سالآنەدا بۆتە ( ١٦,٤ – ٤٤,٦) پلە.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو گۆڕانـە کـارگێڕی و دیموگرافیـەی کەبەسەر شارۆچکەکەدا هـاتووە بـەجۆرێك بـەهۆی ئـەم گۆڕانـە کارگێڕیـەی کەبەسەر شارۆچکەکەدا هات، بوو بەهۆی ئەوەی ڕووبەری شارۆچکەکە بەرەو بچـووك بوونــەوە بــڕوات و لەبەرانبەریشــدا لــەم ماوەیــەدا شارۆچــکەکە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیـەوە بینـی، کـەم بوونـەوەی ڕووبـەر و زۆربـوونی ڕێژەی دانیشـوان وای کـردووە دانیشـتوان زیـاتر بەئاراسـتەی گردبوونـەوەدا بڕۆن.

---

[1] فتحی محمد ابوعیانة، جغرافیة السکان، الطبعةالخامسة، دارالنهضة العربیة للطباعـة والنشـر، بیروت، ٢٠٠٢، ص ٤٣ .

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

پێوانەی گردبوونەوەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەسەر بنەمای چڕی لە سالّی(١٩٥٧)

| یەکە کارگێڕیەکان | چڕی دانیشتوان | ڕووبەر | | دانیشتوان | | کۆی جیاوازی موجەب لەنێوان هەردوو ڕێژەی ڕووبەرو دانیشتوان (س_ص) | ڕێژەی گردبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | (٪)ی لەکۆی ڕووبەر (س) | کۆی (٪) | (٪)ی لەدانیشتوان (ص) | کۆی (٪) | | |
| شارەدێی ( سەنتەر) | ١٩ | ٣٨,١ | ٣٨,١ | ٥٢ | ٥٢ | ١٣,٩ | ٦,٩ |
| شارەدێی (چناران) | ١١,٥ | ٢٣,٨ | ٦١,٩ | ١٩,٧ | ٧١,٧ | ٤,١ | ٢,١ |
| شارەدێی ( ناودەشت ) | ١٠,٣ | ٣٨,١ | ١٠٠ | ٢٨,٣ | ١٠٠ | ٩,٨ | ٤,٩ |
| کۆی شارۆچکە | ١٣,٩ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ٢٧,٨ | ١٣,٩ |

سەرچاوە / وزارة داخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعةالاحصائية لتسجيل،١٩٥٧، المصدر السـابق، ص٢٦–٢٨ .

ڕێژەی گردبوونەوە = ٠,٥× ٢٧,٨ = ١٣,٩

**خشتەی ژمارە (٢١)**

پێوانەی گردبوونەوەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەسەر بنەمای چڕی لە سالّی(١٩٧٧)

| یەکە کارگێڕیەکان | چڕی دانیشتوان | ڕووبەر | | دانیشتوان | | کۆی جیاوازی موجەب لەنێوان هەردوو ڕێژەی ڕووبەرو دانیشتوان (س_ص) | ڕێژەی گردبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | (٪)ی لەکۆی ڕووبەر (س) | کۆی (٪) | (٪)ی لەدانیشتوان (ص) | کۆی (٪) | | |
| شارەدێی ( سەنتەر) | ٤٣,١ | ٤٠,٤ | ٤٠,٤ | ٤٩,٨ | ٤٩,٨ | ٩,٤ | ٤,٧ |
| شارەدێی مەرگە (بنگرد) | ٣٠,٣ | ٣٨,٨ | ٧٩,٢ | ٣٣,٨ | ٨٣,٦ | ٥ | ٢,٥ |
| شارەدێی ( بێتواتە ) | ٢٧,٥ | ٢٠,٨ | ١٠٠ | ١٦,٤ | ١٠٠ | ٤,٤ | ٢,٢ |
| کۆی شارۆچکە | ٣٤,٩ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٨,٨ | ٩,٤ |

سەرچاوە / الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة السليمانية، المصدر السابق، جدول رقم ٢ ،ص٣ .

ڕێژەی گردبوونەوە = ٠,٥ ×١٨,٨=٩,٤

**خشتەی ژمارە (٢٢)**

پێوانەی گردبوونەوەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەسەر بنەمای چڕی لە سالّی(١٩٨٧)

| یەکەکارگێڕییەکان | چڕی دانیشتوان | ڕووبەر | | دانیشتوان | | کۆی جیاوازی موجەب لەنێوان هەردوو ڕێژەی ڕووبەرو دانیشتوان(س_ص) | ڕێژەی گردبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | (٪)ی لەکۆی ڕووبەر (س) | کۆی (٪) | (٪)ی لەدانیشتوان (ص) | کۆی (٪) | | |
| شارەدێی (سەنتەر) | ١٠٨ | ٦٨,٢ | ٦٨,٢ | ٨٤,٤ | ٨٤,٤ | ١٦,٢ | ٨,١ |
| شارەدێی (بێتواتە ) | ٤٢,٥ | ٣١,٨ | ١٠٠ | ١٥,٦ | ١٠٠ | ١٦,٢ | ٨,١ |
| کۆی شارۆچکە | ٨٧,١ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ٣٢,٤ | ١٦,٢ |

سەرچاوە /.الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، المصدر السابق، جدول رقم ١ ،ص٢.

ڕێژەی گردبوونەوە = ٠,٥ × ٣٢,٤ = ١٦,٢

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

پێوانەی گردبوونەوەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەسەر بنەمای چڕی لە

سالّی(٢٠٠٢)

| یەکە کارگێڕیەکان | چڕی دانیشتوان | ڕووبەر | | دانیشتوان | | کۆی جیاوازی موجەب لەنێوان هەردوو ڕێژەی ڕووبەرو دانیشتوان (س_ص) | ڕێژەی گردبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | (٪)ی لەکۆی ڕووبەر (س) | کۆی (٪) | (٪)ی لەدانیشتوان (ص) | کۆی (٪) | | |
| شارەدێی ( سەنتەر) | ٢٩٣٤,٥ | ٢,٢ | ٢,٢ | ٣٤,٣ | ٣٤,٣ | ٣٢,١ | ١٦,٠٥ |
| شارەدێی (حاجیاوا ) | ٤٤٢,٧ | ٨,٨ | ١١ | ٢١,٣ | ٥٥,٦ | ١٢,٥ | ٦,٢٥ |
| شارەدێی ( چوارقوڕنە) | ١٠٥,٢ | ٥٧,٢ | ٦٨,٢ | ٣٢,٧ | ٨٨,٣ | ٢٤,٥ | ١٢,٢٥ |
| شارەدێی ( بێتواتە ) | ٦٧,٤ | ٣١,٨ | ١٠٠ | ١١,٧ | ١٠٠ | ٢٠,١ | ١٠,٠٥ |
| کۆی شارۆچکە | ١٨٣,٧ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ٨٩,٢ | ٤٤,٦ |

سەرچاوە / مديرية إحصاء السليمانية، المصدر السابق، ص١٤٢–١٥٤

**ڕێژەی گردبوونەوە = ٠,٥ × ٨٩,٢=٤٤,٦**

**خشتەی ژمارە (٢٤)**

پێوانەی گردبوونەوەی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە لەسەر بنەمای چڕی لە سالّی(٢٠٠٦)

| یەکە کارگێڕیەکان | چڕی دانیشتوان | ڕووبەر | | دانیشتوان | | کۆی جیاوازی موجەب لەنێوان هەردوو ڕێژەی ڕووبەرو دانیشتوان (س_ص) | ڕێژەی گردبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | (٪)ی لەکۆی ڕووبەر (س) | کۆی (٪) | (٪)ی لەدانیشتوان (ص) | کۆی (٪) | | |
| شارەدێی (حاجیاوا) | ٥٤٦,٢ | ٨,٨ | ٨,٨ | ٢٢,٩ | ٢٢,٩ | ١٤,١ | ٧,٠٥ |
| شارەدێی ( سەنتەر) | ٥٢٠,٣ | ١٤,٦ | ٢٣,٤ | ٣٦ | ٥٨,٩ | ٢١,٤ | ١٠,٧ |
| شارەدێی ( چوارقورنە) | ٢٨٢,٧ | ١٨,٨ | ٤٢,٢ | ٢٥,٢ | ٨٤,١ | ٦,٤ | ٣,٢ |
| شارەدێی (بێتواتە) | ٧٢,٣ | ٣١,٨ | ٧٤ | ١٠,٩ | ٩٥ | ٢٠,٩ | ١٠,٤٥ |
| شارەدێی (سەرکەپکان) | ٤٠,٥ | ٢٦ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٢١ | ١٠,٥ |
| کۆی شارۆچکە | ٢١٠,٧ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ٨٣,٨ | ٤١,٩ |

سەرچاوە: بەدەست هێنراوە لەلایەن توێژەر بە کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی بەڕێوەبەری شارەدێو ئەنجومەنی گەڕەك وگوندەکانی سنووری شارۆچکەی ڕانیە.

**گردبوونەوە = ٠,٥ ×٨٣,٨ =٤١,٩**

هـەر لـە سـەیرکردنی خشـتەکانی ژمـارە( ٢٠تـا٢٤) ی پێشـوودا تێبینـی دەکرێت کەئاراستەی گردبوونەوە لەنێوان یەکەکان و ساڵەکاندا جیاوازی تێدا بەدی دەکرێـت، شـارەدێی سـەنتەر لـە سـاڵی (١٩٧٧) پلـەی گردبوونـەوەی بەرزبۆتـەوە، بـەجۆرێك ( ٤٩,٨٪ ) ی دانیشـتوان لەسـەر (٤٠,٤٪) ڕووبـەر کۆبوونەتـەوە، هۆکـاری ئـەم بەرزبوونەوەیـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ نائـارامی ڕەوشی ڕامیاری ناوچەکە، بەهۆی ئەوەی کەلـەم ماوەیـەدا ژمارەیـەکی زۆری گوندنشینەکانی سـەر سـنووری ( ئێـران) ڕاگـوێزران و لەسـنووری شـارەدێی سـەنتەر لـەئۆردووگای زۆرەملـی نیشـتەجێ کـران[1] ، ئەمـەش وای کـرد دانیشتوان بەئاراستەی گردبوونەوە بڕوات لەم سـاڵەدا. شـارەدێی (بێتواتـە)، لەساڵی (١٩٨٧) بەئاراستەی پەرتبوون ڕۆیشتوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە (١٥,٦٪) ی دانیشتوان لەسەر (٣١,٨٪) ی ڕووبەر کۆبوونەتەوە، دەرکەوتنی ئـەم جیـاوازەش دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی کەلـەم سـاڵەدا ژمارەیـەکی زۆری گوندەکانی سنووری شارەدێی بێتواتە تووشی ڕاگواستن هـاتن و لـەئۆردووگا زۆرەملێکانی ئەم سـنوورە کۆکرانـەوە[2] . بەمـەش بەشـێکی زۆری ڕووبـەری ئەم یەکەیە لەدانیشتوان چۆڵ بوو، بەجۆرێك دانیشـتوان بەقەبارەیـەکی کـەم لەسـەر ڕووبـەرەی ئـەم یەکەیـە بڵاوبووبنـەوە.بەهـەمان شـێوە لـەم سـاڵەدا شارەدێی (سەنتەر ) پلەی گردبوونەوەی زیـادی کـردوەوە بۆتـە (٨,١) پلـە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە (٨٤,٤٪) ی دانیشتوان لەسەر (٦٨,٢٪) ی ڕووبەر کۆبوونەوتەوە بەرزبوونەوەی پلەی گردبوونەوە لەم ساڵەدا ،بەهـەمان شـێوە بەندە بەوبارە نـا لـەبارەی کەدانیشـتوانی ناوچـەکە دووچـاری هـاتن بـەوەی کەژمارەیـــەکی زۆری گونـــدەکان ڕاگـــوێزران و لەچـــەند ناوچـــەیەك کۆکرانەوە.لەسـاڵی (٢٠٠٢) پلـەی گردبوونـەوە بەشـێوەیەکی بەرچـاو زیـادی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: چیا، ڕاگواستنی ناوچە سنوییەکانی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی· (سیاسەتی دەولی)، ژمارە(٢) ی ساڵی ١٩٩٣، لاپەڕە ١٣.

[2] سـەیری : جاسـم محەمـەد محەمـەد عـەلی، ڕۆڵـی هۆکـارە سیاسـیەکان لەدابەشـبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپە ڕە ١٤٧.

کرد، ئەمەش زادەی ئەو گۆڕانە کارگێڕیە بوو کەئەم یەکەیە تووشی هات بەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان کە(٣٤,٣٪) ی دانیشتوان لەسەر (٢,٢٪)ی ڕووبەر کۆبوونەوە، شارەدێی (بێتواتە) لەساڵەدا دانیشتوانی بەئاراستەی پەرتبوون چووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی (١١,٧٪) ی دانیشتوان لەسەر (٣١,٨٪ ) ی ڕووبەر نیشەجێ بوون، بەهەمان شێوە شارەدێی (چوارقوڕنە ) لەم ساڵەدا ڕێژەی دانیشتوانی بەشێوەیەکی کەمتر لەسەر ڕووبەردا دابەش بووە ، بەجۆرێك (٣٢,٧٪) ی دانیشتوان لەسەر (٥٧,٢٪) ی ڕووبەر کۆببوونەوە، بەلاّم لەشارەدێی (حاجی ئاوا) دانیشتوان بەشێوەی گردبووەوە دەردەکەوێت ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ( ٢١,٣٪) ی دانیشتوان لەسەر (٨,٨٪) کۆبونەتەوە، لەساڵی (٢٠٠٦)دا بەهۆی ئەو گۆڕانە کارگێڕییەی کەبەسەر یەکەکاندا هاتووە هەریەك لەشارەدێی (سەنتەر و چوارقوڕنە) دانیشتوانەکەی شێوەیەکی گردبوونەوەی وەرگرتوە، بەجۆرێك لەشارەدێی (سەنتەر) (٣٦٪) ی دانیشتوانی لەسەر (١٤,٦٪ ) ی ڕووبەر کۆبوونەتەوە، لەشارەدێی (چوارقوڕنە)، تارادیەك هاوسەنگیەك لەشێوەی بلاّوبونەوە بەدی دەکرێت بەجۆرێك (٢٥,٢٪)ی دانیشتوان لەسەر( ١٨,٧٪)ی ڕووبەر کۆبوونەتەوە ئەمەش زادەی ئەو گۆڕانە کارگێڕییەبوو کەئەم یەکەیە بەخۆیەوە بینی، بەلاّم لەشارەدێی (بێتواتە) دانیشتوان بەئاراستەی پەرتبوون چووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە (١٠,٩٪) ی دانیشتوان لەسەر (٣١,٨٪) ی ڕووبەر کۆبوونەتەوە، شارەدێی ( حاجی ئاوا) ش لەم ساڵەدا دانیشتوانی ئاراستەی گردبوونەوەی وەرگرتوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەڕێژەی (٢٢,٩٪)ی دانیشتوان لەسەر ( ٨,٨٪)ی ڕووبەر کۆبوونەتەوە، زیادبوونی پلەی گردبوونەوە لەشارەدێی (حاجی ئاوا) بەندە بە وگەشەیەی کەدانیشتوانی ئەم یەکەیە بەخۆیەوە بینی بەجۆرێك لەڕووی چڕی دانیشتوانەوە بەچڕترین یەکەی شارۆچکەکە دادەنرێت هۆکاری ئەمەش بەندە بەو گرنگیدانە کەبەو یەکەیە درا، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی فرمانی بەشارەدێبوونی دەرچوو، شارەدێی (سەرکەپکان)یش لەم ساڵەدا بەهۆی

جیـاوازی نێـوان ڕووبـەرو دانیشـتوان ئاراسـتەی پـەرتبوونی وەرگرتـوە بەشـێوەیەك لـەە( ٥٪) ی دانیشـتوان لەسـەر (٢٦٪) ی ڕووبـەر كۆبونەتەوە.ئەمـەش بەنـدە بەسروشـتی تۆبۆگرافیـای ئـەم یەكەیـە كـەزیاتر مۆركی شاخاوی بەسەردا زاڵە.

لەهەموو ئەمانەدا دەگەینە ئەوەی كـەبڵێین، نایەكسـانییەكی زۆر بـەدی دەكرێت لەدابەشبوونی دانیشتوان لەنێوان بەشـەكانی شارۆچـكەی ڕانیـەدا ، بەجۆرێك شارەدێی ( سەنتەر)، لەتەواوی ماوەی نێـوان سـاڵانی لێكۆڵینـەوە پلـەی گردبوونـەوەی دانیشـتوانی تێـدا بەبـەرزی دەردەكـەوێت، ئەمـەش لەئەنجامی زۆری قەبارەی دانیشتوان و كەمی ڕووبەری ئەم یەكەیەدا ،بەڵام یەكەكانی تری شارۆچكەكە، پلەی گردبوونەوەیان بەرزی و نزمی تێكەوتووە، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانە كارگێڕی و دیموگرافیانەكەبەسەریاندا هـاتووە كـە دواجار كاری كردۆتە سەر ڕووبەر و قەبارەی دانیشتوانی یەكەكان.

**ب/ چەماوەی لۆرنز ( منحنى لورنز)**

ئەمـەش یەكێكـە لەڕێگـە گرنگـەكانی پێوانـەكردنی گردبوونـەوەی دانیشتوان، ئەم پێوەرە لەبنچینەدا لەلایەن ( لـورنز[*] )ەوە بـەكارهاتووە ،بـۆ پێوانەكردنی گردبوونەوەی خاوەنداریەتی و سـامان، بـەڵام ڕایـت ([**] kright) یەكـەم كـەس بـوو كـەدركی بـەگرنگی ئـەم ڕێگەیـە كـرد بـۆ شـیكردنەوە جوگرافیـەكان[(١)] . بـەكارهێنانی ئـەم ڕێگایـە بـۆ ڕوون كردنـەوەی پەیوەنـدی

---

[(*)] لورنز: یەكێكە لەئابووری ناسەكان و بۆ یەكـەم جـار ئـەم چـەماوەی بـەكارهێنا بـۆ پێوانـە كردنی خاوەنداریەتی و سامان بڕوانە: عباس فاضل السعدى، التوزيع الجغرافى للسكان فـى اليمن، المصدر السابق ، ص٥٤ ) .

[(**)] رایت: یەكێكە لەجوگرافیاناسەكان ویەكەم كەس بوو كەهەستا بەبـەكارهێنانی چـەماوەی لۆرنز لە توێژینـەوە جوگرافیـەكان لەسـاڵی (١٩٣٧ ) بڕوانـە (عبـدالرزاق محمـد البطيحـي و أخرون، الأحصاء الجغرافي، مطبعة جامعة صلاح الدين، ١٩٨٧، ص ١٠١) .

[(١)] عباس فاضل السعدى، التوزيع الجغرافى للسكان فى اليمن، المصدر السابق ، ص٥٤.

شوێنی دانیشتوانە لەڕووی ( گردبوونەوەیان بلاّوبونەوە )[1]. ئـەم چـەماوەیە ســوودی هەیــە، بــۆ زانــین و دەرخســتنی ڕادەی یەکســانی و نایەکســانی دانیشتوان لە هەرێمێکی دیاری کراودا لەچەند ماوەیەکی یـەك لـەدوای یـەك، ئەویش لەڕێگای دابەش کردنی هەرێمەکە بۆ چەند یەکەیەکی ڕووبەری بچووك بـەگوێرەی ژمـارەی دانیشـتوانی هەریــەك لـەم یەکانـە[2]. بـۆ وێنەکێشـانی چەماوەکە پێویستە ئەم هەنگاوانە جێ بەجێ بکرێت[3]:

١.هەژمارکردن و دەرهێنانی ڕێژەی سەدی ڕووبەرو دانیشتوانی یەکەکان.
٢.ڕیزبەندی سەریەرەو ژووری ڕێژەی سەدی ڕووبەرو دانیشتوانی یەکەکان.
٣.کۆکردنەوەی کەڵەکەکردووی ڕێژەی سەدی ڕووبەر و دنیشتوان.
٤.دانانی کۆی ئەنجامی کەڵە بووی ڕێژەی سەدی دانیشتوان لەسەر تەوەرەی ئاسۆی (س ) و دانانی ڕووبەریش لەسەر تەوەرەی ستوونی (ص).
٥.دەرهێنانی ناوچەی ناچوونیەك بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە.

$$\text{ڕووبەری ناوچەی ناچونیەك} = \frac{\text{کۆی درێژی ستوونەکان} \times \text{درێژی بنکە}}{\text{ژمارەی ستوونەکان}}$$

٦. پاشان دەرهێنانی هاوکۆلکەی گردبوونەوە، بەم شێوەیە:—

$$\text{هاوکۆلکەی گردبوونەوە} = \frac{2 \times \text{ڕووبەری ناوچەی ناچونیەك}}{\text{ڕووبەری چوارگۆشە}}$$

ئـەنجامی کۆتـایی هاوکێشـەکە بـەگوێرەی ژمارەکـان شـێوازی دابـەش بـوونی دانیشـتوانی ناوچـەکەمان نیشـان دەدات، بـەجۆرێك ئەگـەر بـەهای

---

[1] عبدالحمید غنیم، التوزیع الجغرافی للسکان الامارات العربیة، المصدر السابق ، ص٥٦.

[2] فتحی محمد ابوعیانة، جغرافیة السکان، المصدر السابق ، ص ٤٥.

[3] طه حمادي الحدیثی، جغرافیة السکان، المصدر السابق، ص ٦٠٧.

هاوکۆلکەی گردبوونەوە یەکسان بوو بە (سفر)، واتە دابەشبوونی دانیشتوان یەکسانە لەهەرێمەکەدا، بەلاّم ئەگەر یەکسان بوو بە (یەك) واتە دانیشتوان لەیەك خاڵی هەرێمەکەدا کۆبوونەتەوە. بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر بەهاکەی لە (٠,٥) کەمتر بوو، ئاماژەیە بۆ ئاراستەی دابەشبوونی دانیشتوان بەرەو بلاّوبوونەوە، بەلاّم ئەگەر لە (٠,٥) زیاتر بوو، بەڵگەیە بۆ ئاراستەی دانیشتوان بەرەو گردبوونەوە [1].

بەپیادەکرنی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا، بەپشت بەستن بەداتای خشتەکانی ژمارە ( ٢٠تا٢٤) پێشوودا، کەتیایدا یەکە کارگێڕیەکان، بەگوێرەی چڕییان و ڕێژەیان لەکۆی ڕووبەرو دانیشتوانی شارۆچکەکە ڕیزبەند کراوە، دەتوانین وێنەی چەماوەکە لەماوەی سالأنی (١٩٥٧-٢٠٠٦) بکێشێن بەهۆی وێنەی چەماوەکە و ئەنجامی هاوکۆلکەی گردبوونەوەکە بۆمان دەردەکەوێت، کەئایا دانیشتوان بەرەو گردبوونەوە چووە یاخود بەرەو بلاّوبوونەوە، چونکە تاوەکو ماوەی نێوان هێڵی راستەقینەی دانیشتوان و هێڵی یەکسانی دابەشبوونی دانیشتوان زیاتر بێت ئەوا واتەی ئەوە دەگەیێنێ کەدانیشتوان بەرەو گردبوونەوە ڕۆیشتووە بەپێچەوانەشەوە تاوەکو ماوەکەیان کەمتربێت بەواتای ئەوەدێت، کەدانیشتوان بەرەو بلاّوبوونەوە هەنگاوی ناوە.

لەسەیرکردنی شێوەکانی چەماوەی لۆرنزدا جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت لەشێوەی دابەش بوونی دانیشتوانی شارۆچکەکە بەجۆرێك لەساڵی (١٩٥٧)دا هێڵی ڕاستەقینەی دابەش بوونی دانیشتوان بەشێوەیەکی زۆر لەهێڵی دابەشبوونی یەکسان دوور نەکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوە هاوکۆلکەی گردبوونەوە بەبەهای (٠,٣٢٢) نیشان دراوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دانیشتوان بەشێوەیەکی بلاّو بەسەر ناوچەکانی شارۆچکەکەدا دابەش بووە، بڕوانەشێوەی ژمار (٤).

---

[1] هیوا سادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی شارۆچکەی کۆیە (١٩٥٧-٢٠٠٢)، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٥.

## شێوەی ژمارە (٤)

چەماوەی لۆرنز بۆ گردبوونەوەی دانیشتوان بەگوێرەی یەکەکارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (١٩٥٧)




سەرچاوە / خشتەی ژمارە (٢٠)

ڕووبەری ناوچەی نایەکسان = $\frac{١,٣ + ١}{٢} \times ١٤ = ١٦,١$

هاوکۆلکەی گردبوونەوە = $\frac{١٦,١ \times ٢}{١٠٠} = ٠,٣٢٢$

بەڵام لەساڵی (١٩٧٧) دا بەهۆی ئەو گۆڕانە کارگێڕی و دیموگرافیەی کەبەسەر شارۆچکەکەدا هاتووە، هێڵی راستەقینەی دابەش بوونی دانیشتوان لە هێڵی دابەشبوونی یەکسان نزیك بۆتەوە، بەمەش بەهای هاوکۆلکەی گردبوونەوە کەمی کردوە و بەهای (٠,١٥٤) پیشان دەدات ئەمەش ئاماژەیە بەوەی دانیشتوان بەشێوەیەکی بڵاو بەسەر ڕووبەری ناوچەکەدا دابەش بوونە، ئەمەش لەشێوەی ژمارە (٥)دا نیشان دراوە. بەڵام بۆ ساڵی( ٢٠٠٢ [*] ) ڕووبەری نێوان هێڵی دابەشبوونی ڕاستەقینەی دانیشتوان و هێڵی دابەشبوونی یەکسان، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٧٧ دا زیاد دەکات و ماوەکەی بەرەوفراوان بوون چووە، سەیری شێوەی ژمارە (٦) بکە. بەمەش بەهای هاوکۆلکەی گردبوونەوەلەم ساڵەدا گەیشتۆتە ( ٠,٦٣) بەمەش جیاوازی بەهای هاوکۆلکەی گردبوونەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٧– ٢٠٠٢) بەبەهای (٠,٤٨٠) بەئاراستەی گردبوونەوە چووە ئەمەش زیاتر پەیوەستە بەو گۆڕانە کارگێڕی و دیموگرافیەی کەشارۆچکەکە بەشێوەیەکی بەرچاولەم ماوەیەدا بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە لەلایەك لەلایکی تریش گردبوونەوی دانیشتوان لەم ماوەیەدا زیاتر پەیوەستی هەبووە بەپرۆسەی راگواستنی گوندەکانی شارۆچکەی ڕانیەو دەوروبەری و کۆکردنەوەیان لەچەند ناوچەیەکی دیاری کراوی شارۆچکەکەدا، هەرچەندە لەدوای ساڵانی (١٩٩١– ٢٠٠٢) خەڵکی گوندەکان بەشێکیان چوونەوە سەر زێدی خۆیان بەڵام گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ بەسەر شێوەکانی دابەش بوونی دانیشتوان نەهات لەشارۆچکەکەدا ، لەساڵی (٢٠٠٦)دا جارێکی تر دانیشتوان بەرە و ئاراستەی گردبوونەوەی زیاتر ڕۆیشتوە، هاوکۆلکەی گردبوونەوە لەم ساڵەدا بەهای (٠,٦٣٧) ی پیشان داوە، بەمەش ڕووبەری نێوان هێڵی دابەشبوونی

(*) لەدروست کردنی چەماوەی ( لۆرنز ) ساڵی (١٩٨٧) مان وەرنەگرتوە بۆ پیشان دانی گردبوونەوەی دانیشتوان لەبەرئەوەی لەم ساڵەدا، شارۆچکەی ڕانیە تەنها لەدوو یەکە پێکهاتبوو، ئەمەش تارادەیەك بۆ دروستکردنی وێنەی چەماوەی لۆرنز، بەمجۆرە شێوازی دابەش بوونی دانیشتوان بەشێوەیەکی ڕوون دەرناکەوێت.

## شێوەی ژمارە (٥)

چەماوەی لۆرنز بۆ گردبوونەوەی دانیشتوان بەگوێرەی یەکەکارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (١٩٧٧)




سەرچاوە / خشتەی ژمارە (٢١)

ڕووبەری ناوچەی نایەکسان = $\frac{٠,٤ + ٠,٧}{٢} \times ١٤ = ٧,٧$

هاوکۆلکەی گردبوونەوە = $\frac{٧,٧ \times ٢}{١٠٠} = ٠,١٥٤$

## شێوەی ژمارە (٦)

چەماوەی لۆرنز بۆ گردبوونەوەی دانیشتوان بەگوێرەی یەکەکارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٢)




سەرچاوە / خشتەی ژمارە (٢٣)

ڕووبەری ناوچەی نایەکسان = (٢,٢ + ٣,١ + ١,٥) / ٣ × ١٤ = ٣١,٧٣

هاوکۆلکەی گردبوونەوە = (٣١,٧٣ × ٢) / ١٠٠ = ٠,٦٣٤

ڕاستەقینەی دانیشتوان و هێڵی دابەشبوونی یەکسان، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی(٢٠٠٢) دا زیاد دەکات و ماوەکەی بەرەو فراوانی چووە، بڕوانە شێوەی ژمارە (٧). هەر لەتێبینی کردنی شێوەکاندا دەردەکەوێت ئەو ڕووبەرەی کەوتۆتە نێوان هێڵی دابەش بوونی یەکسان و هێڵی ڕاستەقینەی دابەش بوونی دانیشتوان ساڵ لەدوای ساڵ بەرە فراوان بوون چووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوە یەکە دابەشبوونی دانیشتوان لە شارۆچکەکە بەئاراستەی گردبوونەوەی زیاتر چووە، لەساڵی (٢٠٠٦) نایەکسانیەکی زۆر بەدی دەکرێت لەدابەش بوونی دانیشتوان، بەجۆرێك لە (٩٥٪) ی دانیشتوان لەسەر (٧٤٪) ی ڕووبەر کۆبوونەتەوە. لەساڵی ( ٢٠٠٢) ش ڕێژەی نزیکەی (٨٨٪) ی دانیشتوان لەسەر نزیکەی (٦٨٪) ی ڕووبەر کۆبوونەتەوەبەڵام ئەم ڕێژانە، لەساڵانی (١٩٥٧–١٩٧٧) یەك بەدوای یەك نزیکەی لە( ٧٢ ٪) و (٨٤٪) ی دانیشتوان لەسەر نزیکەی (٦١,٩ ٪) (٧٩٪) ی ڕووبەر کۆبوبونەوە(**).

لێرەدا دەگەینە ئەو پوختەیەی کەبڵێین دابەشبوونی چڕی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیەدا بەگوێرەی کات وشوێن گۆڕانکی بەسەردا هاتووە، ئەمەش دواجار کاری کردۆتە سەر ئەوەی کە دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە زیاتر بەئاراستەی گردبونەوەدا بڕوات بەشێوەیەك ساڵ لەدوای ساڵ ئاراستەی گردبوونەوەکە بەرەو ئاراستەی، زیاتر چووە زیاد بوونی ئەو کەلێنەی کە کەوتۆتە نێوان هێڵی دابەش بوونی راستەقینەی دانیشتوان وهێڵی یەکسانی دانیشتوان لەچەماوەی (لۆرنز)، زادەی چەندین گۆڕانی کارگێڕی ودیموگرافی بووە کە شارۆچکەکە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧–٢٠٠٦ )دا بەخۆیەوە بینیووە، کە دواجار کاری کردۆتە سەرهەردوو جووڵەی سروشتی وشوێنجێی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە بەمەش دابەش بوونی دانیشتوان لەنێوان بەشەکانی ناوچەکە ناڕێکی تێکەووتوە.

---

(**) بۆ زانیاری ڕووبەرو دانیشتوانی یەکەکانی شارۆچکەی ڕانیە: بڕوانە ( پاشکۆی ژمارە(١).

## شێوەی ژمارە (٧)

چەماوەی لۆرنز بۆ گردبوونەوەی دانیشتوان بەگوێرەی یەکەکارگێڕییەکانی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٦)




کەڵەکەبووی سەر بەرەوژووری دانیشتوان (٪)

سەرچاوە / خشتەی ژمارە (٢٤)

$$\text{ڕووبەری ناوچەی نایەکسان} = \frac{١,٣ + ٢,٧ + ٣,٣ + ١,٨}{٤} \times ١٤ = ٣١,٨٥$$

$$\text{هاوکۆلکەی گردبوونەوە} = \frac{٣١,٨٥ \times ٢}{١٠٠} = ٠,٦٣٧$$

## باسی سێیەم/ شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان

شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان بەیەکێك لەو ڕوانگانە دادەنرێت، کە بەهۆیەوە دابەشبوونی دانیشتوانی تێدا ڕوونتر دەبینرێت، هەر لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵی ئەو هۆکارانە کە کاریگەریان لەسەر دابەشبوونی نشینگەکان هەبووە جوانتر ئاشکرا دەبێت، هەربەم هۆیەوە خوێندنەوەی زیاتر بۆ پێشینەی شێوەکانی سەرەتای دابەش بوونی دانیشتوان دەکرێت، بەر لەوەی باس لەشێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان بکەین پێویستە لێرەدا ئاماژەیەك بەزاراوەی شێواز ( نمط) بکەین، زاراوەیەکە زۆرجار لەلێکۆڵینەوە زانستیەکاندا بەکاردێت، وەك گوزارشت کردنێك بۆ دابەشبوون لەلای جوگرافیاناسەکانیش شێوەیەکە بەهۆیەوە دیاردەکانی سەرڕووی زەوی پێی ڕێك دەخرێت [1]. دەرکەوتنی هەرشێوازێك لەشێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان لەهەر هەرێم وناوچەیەك، وابەستەی کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و مرۆییە، چونکەهۆکارە سروشتی و مرۆییەکان یەکانگیرییەکی تەواویان هەیە بەسەر شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان. کرداری دۆزینەوەی شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان لەهەرناوچەیەك بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، چونکە لەلایەکەوەخاڵی پۆزەتیف و نێگەتیڤی شێوازەکانی دابەش بوونەکەمان بۆ دەردەخات، لەلایەکی تریشەوە پلان دانەران دەتوانن پلانێکی ڕێك و پێك بۆ دابەش کردنی خزمەت گوزارییە گشتییەکان بەشێوەیەکی ڕێك وپێك دابرێژن [2]. نارێکی دابەش بوونی دانیشتوان زۆرجار کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە، لەسەر پەراوێز خستنی ناوچەیەك و بێبەشبوونیان لەدابین کردنی پڕۆژە خزمەت گوزاریەکان، دواجاریش ئەمە کاریگەری هەبووە، لەسەر چەق بەستوویی ناوچەیەك لەوەی کەنەتوانێ لەزۆر بواردا بەرەو پێشەوە بڕوات.

---

[1] خلیل اسماعیل محمد، انماط الاستیطان الریفی فی العراق، المصدر السابق، ص ٧٨.

[2] ڕۆستەم سەلام عەزیز، دابەش بوونی نشینگە گوندیەکانی شارۆچکەی کۆیە و کاریگەری لەسەرکرداری پەرەپێدان، سەچاوەی پێشوو )، لاپەڕە، ٥٧.

بەمەبەستی زانینی شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان جوگرافیاناسەکان پشت بەچەند رێگایەك دەبەستن لەوانە، تێبینییە مەیدانییەکان، واتە سەرنج وتێبینییە راستەو خۆکانی توێژەر لەسەر چۆنێتی بلاوبوونەوە یان گردبوونەوەی نشینگەکان وقەبارەیان. هەروەها بەکارهێنانی نەخشەی تایبەت بەدابەشبوونی دانیشتوان، جگەلەمە بەکارهێنانی هاوکێشە ئامارییەکانی تایبەت بە شێوازە کانی دابەشبوونی دانیشتوان[1].

لێرەدا بەسەرنجدانی راستەوخۆی توێژەرکەخۆی خەڵکی ناوچەکەیەو سەردانی زۆربەی بەشەکانی ناوچەکەی کردوە، هەروەها بە لەبەرچاو گرتنی قەبارەی دانیشتوانەکەی، کە خۆی لەنەخشەی ژمارە (٢٨) دا دەبینێتەوە. دەردەکەوێت نشینگەکان بەقەبارەی جیاواز بەسەر بەشەکانی شارۆچکەکەدا شێوازی بلاو (نمط المنتشر) یان وەرگرتوە، زاڵ بوونی ئەم شێوەیەش بە (هەرەمەکی) نەبووە، بەڵکو هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان رۆڵی دیاریان هەبووە لە پێدانی ئەم شێوازە، لەوانە تۆپۆگرافیای ناوچەکە و سیستەمی باران بارین کە رۆڵی هەبووە لە شێوازی کشتوکاڵ و هەروەها خڕبوونەوەی دانیشتوان لەدەوری سەرچاوە ئاوییەکان لەوانە کانی وبیرو سەرچاوە رووبارەکان ، ئەمەش وای کردوە دانیشتوان بەشێوەیەکی بلاو دەربکەوێت، جگە لەمە هۆکارە مرۆییەکانیش رۆڵیان هەبووە لەسەر ئەم دابەشبوونە کەدواتر بەدرێژی باسیان دەکەین، لەم پێناوەدا پشت بەست بەرێگە ئامارییەکان، لە بەکارهێنانی هاوکێشەی هاوکۆڵکەی پەرتبوون (معامل التشتت *) کەبۆ دۆزینەوەی شێوازەکانی دابەش بوونی نشینگەکان و

---

[1] خليل اسماعيل محمد، انماط الاستيطان الريفى فى العراق، المصدر السابق، ص ٧٩.

* هاوکۆلکەی پەرت بوون(معامل التشتت) بریتیە لەرێژەی دانیشتوانی گوندنشین لە یەکەیەکی کارگێری بۆ تێکرای ژمارەی دانیشتوانی هەمان یەکە و لێکدانی بەژمارەی مۆڵگە گوندنشینەکانی سەر بەو یەکە کارگێرییە بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە:

$C = E \times N/T$

C= هاوکۆڵکەی پەرتبوون.

قەبارەی دانیشتوانی بەکاردەهێنرێت. بەگوێرەی ئەم پێوەرە ساڵی (٢٠٠٦) هاوکۆلکەی پەرت بوون (١٨)بووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٥). ئەمەش ئاماژەیە بۆ شێوازی بڵاوە بوو (نمط المنتشر)ی دانیشتوان لەتەواوی شارۆچکەکەدا، لێرەشدا دەکرێت دوو شێوازی سەرەکی دابەشبوون لەناوچەی لێکۆڵینەوە جیا بکەینەوە ئەوانیش بریتین:

**یەکەم : شێوازی بڵاوەبوو** ( **نمط المنتشر** ).

بەپشت بەست بە نەخشەی دابەشبوون و هاوکۆلکەی پەرت بوون و سەرنج دانی توێژەر ئەم شێوازە لەبەشی باکووری شارۆچکەکەدا بەدیدەکرێت لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانیش هەردوو شارەدێی (بێتواتە و سەرکەپکان) ئەم شێوازە بەخۆوە دەگرن، بەجۆرێك بەهای هاوکۆلکەی پەرتبوون لەم بەشەدا بەرزدەردەکەوێت کەیەك بەدوای یەك (٩,١ )( ٣٠,٢)ە بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٥)، سروشتی تۆبۆگرافیای ناوچەکەو دابەشبوونی سەرچاوە ئاوییەکان هۆکاری دەرکەوتنی ئەم شێوازەن لەم دوو یەکەیەدا، بەجۆرێك ئەم دوو یەکەیە زیاتر لەناوچەیەکی شاخاوی هەڵکەوت وخەڵکەکەی زیاتر لەدەوری سەرچاوە ئاوییەکان کۆبونەتەوە بەتایبەتی ئاوی ژێر زەوی کە خۆی لە(سەرچاوەو کانیاوەکان)دەبینێتەوە.ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە نشینگەکانی ئەم بەشانە بەفراوانی ڕووبەرو کەمی نشینگە دەناسرێن بۆیە چڕی دانیشتوان لەتەواوی ناوچەکانی تر کەمترە.

---

E= ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان.

N= ژمارەی نشینگە گوندییەکان.

T= کۆی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکە.

سەرچاوە:

John, I Clark, population Geography, 2nd, Edition, Pergamon Press, Oxford, 1972, p63

نەخشەی ژمارە (٢٨)

شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان لە شارۆچکەی ڕانیە (٢٠٠٦)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بەو زانیاریانەی کە لەساڵی (٢٠٠٦) بەدەست هاتوە لەلایەن توێژەر بەکۆکردنەوەی زانیاری، لەڕێگەی بەڕێوەبەری ناحیەکان و ئەنجومەنی گوندو گەڕەکەکانی سنوری شارۆچکەی ڕانیە

**خشتەی ژمارە (٢٥)**

هاوكۆلكەی پەرت بوون لەشارۆچكەی ڕانیە ساڵی (٢٠٠٦)

| یەكەكارگێڕیەكان | ژمارەی دانیشتوان/ كەس | ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین /كەس | ژمارەی نشینگە گوندیەكان | هاوكۆلكەی پەرت بوون |
|---|---|---|---|---|
| شارەدێی ( سەنتەر) | ٦٧١٢٦ | ٣٩٦٠ | ١٤ | ٠,٨ |
| شارەدێی ( چوارقورنە) | ٤٦٩٣٣ | ٦٣٩٥ | ١٣ | ١,٧ |
| شارەدێی ( بێتواتە ) | ٢٠٣٢٨ | ٦٢١٤ | ٣٠ | ٩,١ |
| شارەدێی (حاجیاوا ) | ٤٢٥٩٧ | ٤٠٠٨ | ٢٠ | ١,٨ |
| شارەدێی ( سەركەیكان ) | ٩٣١٥ | ٥٤١٥ | ٥٢ | ٣٠,٢ |
| كۆی شارۆچكە | ١٨٦٢٩٩ | ٢٥٩٩٢ | ١٢٩ | ١٨ |

سەرچاوە /بەدەست هێنراوە لەلایەن توێژەر بە كۆكردنەوەی زانیاری لەڕێگەی بەڕێوەبەری شارەدێو ئەنجومەنی گەڕەك و گوندەكانی سنووری شارۆچكەی ڕانیە.

**دووەم : شێوازی كۆوەبوو( نمط المتجمع).**

ئەم شێوازەی دابەشبوونە زیاتر لەبەشەكانی باشووری شارۆچكەكەدا بەدیدەكرێت، كەهەریەك لەشارەدێكانی (سەنتەرو چوارقورنەو حاجیاوا) دەگرێتەو كەپلەی گردبوونەوەیان تیدا (٠,٨، ١,٧، ١,٨)ە ئەو نشینگانەی دەكەونە ئەو یەكانە بەكەمی رووبەڕوو زۆری دانیشتوان دەناسرێن، كەئەمەش وادەكات چڕی دانیشتوان لەم یەكانە بەبەرزی دەركەوێت، هۆكاری ئەم شێوازە دابەش بوونەش ناكرێ بەتەنها بخرێتە پاڵ هۆكارێك، لێرەدا دەتوانین

بلّـيين، كۆمەڵـە هۆكارێـك لەبەخشـینی ئـەم شـێوازە بـەم ناوچـەیە ڕۆڵیـان هەبووە، لەوانـە هۆكـارە سروشـتییەكان، كـەخۆی لەسروشـتی تۆبۆگرافیـای ناوچەكەدا دەبینێتەوە بەوەی كە دەكەونە پێدەشتێكی بەپیت كەبەدەشـتی بیتوین ناسراوە،هەروەها دەوڵەمەندی ئەم ناوچەیە بەسەرچاوە ئاوییـەكان و گونجـانی ئاوهەواكـەی یاریـدەدەرن بـۆ بەرهـەمی هەمـەجۆری كشـتوكاڵی ئەمەش وای كردووە دانیشتوان لەم ناوچانە كۆببنەوە، لێرەدا ئەوەی شیاوی ئاماژە بۆ كردنە لە دەركـەوتنی ئـەم شـێوازەدا، بەتـەنها هۆكـاری سروشـتی كاریگـەر نـەبووە، بـەڵكو هۆكـارە مرۆییـەكان لەناویشـیاندا هۆكـارە رامیارییـەكان ڕۆڵیـان هـەبووە لەدەركـەوتنی ئـەم شـێوازی دابـەش بوونـە لەبەرئەوەی هەرلە حەفتاكانەوە خەڵكێكی زۆری گوندە ڕاگوێزراوەكانی سـەر سـنوور ڕوویـان لـەم ناوچـانە كـردوە ئەمـەش وای كـردووە خەڵكـە ڕاگوێزراوەكان، بەشێوەیەكی كۆوەبوولەم ناوچانەدا، نیشتەجێ بن[1]. بەدەر لەم دوو شێوازەدەكرێ لەسەیركردنی نەخشەی ژمـارە (٢٨)دا تێبینـی ئـەوە بكرێت كە شێوازێكی تریش لەناوچـەی لێكۆڵینـەوە بـەدی دەكرێـت، ئـەویش شێوازی(هێڵكردن، خطي)ە. كەلەبەشی بـاكووری خۆرهـەڵاتی شارۆچـكەكەدا بوونی هەیە كە( شارەدێی سەركەپكان) ە، هۆكاری دەركەوتنی ئەم شێوازە دابەشبوونە چەند هۆكارێكی لەپشتە، لەوانە سروشتی تۆبۆگرافیای ناوچەكە، كەوەكو ناوچەیەكی دۆڵ هەڵكەوتوە لەنێوان چیاكانی ناوچەكە، كەبە (دۆڵـی ئاكۆیەتی) ناسراوە ، دانیشتوانی ئەم ناوچـەیە لەگـەڵ درێژبوونـەوی دۆڵەكـە كۆبونەتـەوە ئەمەلەلایـەك لەلایـەكی تـریش بـوونی ڕووبـاری (دۆڵـە ڕەقـە) كەلەگەڵ درێژ بوونەوەی دۆڵەكە درێژبۆتەوە ئەمـەش وای كـردوە دانیشـتوان لـەدەوری ڕووبارەكـە كۆببنـەوە، بەمـەش شـێوازێكی هێڵكـردن( خطـي ) ی بەخشیوە بەم ناوچەیە.

---

[1] بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە:. جاسـم محەمـەد محەمـەد عـەلی، ڕۆڵـی هۆكـارە سیاسـیەكان لەدابەش بوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپە ڕە ١٥٤.

لەژێر رۆشنایی ئەو بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا بەپوختەیەك دەگەین، کەبڵێین چڕی دانیشتوان لەسەر ئاستی شارۆچکەی ڕانیە لەماوە ی لێکۆڵینەوەدا زیاتر بەرەو ئاراستەی زۆربوون چووە، بەشێوەیەك لەماوەی سالآنی (١٩٥٧-٢٠٠٦) شارۆچکەی ڕانیە چڕییەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە ئەمەش زادەی هۆکارە کارگێڕی و دیموگرافیەکان بووە، بەجۆرێك شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی لێکۆڵینەوە لەئەنجامی ئەو گۆڕانە کارگێڕییانەی کەبەخۆیەوە بینیوە ڕووبەرەکەی تووشی بچووك بوونەوە هاتووە، لەبەرامبەریشدا دانیشتوانەکەی بەئاراستەی گەشەیەکی زۆر هەنگاوی ناوەو لەئەنجامدا، چڕی گشتی لەسەر ئاستی شارۆچکە بەشێوەیەکی بەرچاو سالّ لەدوای سالّ بەرەو زۆربوون چووە، هەروەها ئەم چڕییەش لەنێوان بەشەکانی شارۆچکەکەدا بەشێوەیەکی ڕێك دەرنەکەوتوە، بەجۆرێك بەشەکانی باکوورو باکووری ڕۆژهەلآتی شارۆچکەکە بەناوچەی چڕی نزم دەردەکەون، کەچی لە بەشەکانی باشوورو باشووری خۆرئاوا دا چڕی بەشێوەیەکی بەرز دەردەکەوێت، ئەمەش چەندین هۆکاری سروشتی مرۆی لەپشتە ،هەروەها لەڕووی گردبوونەوە بلآوبوونەوەی دانیشتوان، شارۆچکەی ڕانیە لەتەواوی ماوەی لێکۆڵینەوە بەئاراستەی گردبوونەوە هەنگاوی ناوە، لەڕووی شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان، شارۆچکەی ڕانیە دوو شێوازی سەرەکی دابەشبوونی دانیشتوانی لەخۆگرتوە، هەریەك لەم شێوازانەش بەشێوەیەکی دیار لەبەشەکانی شارۆچکەکە بەدی دەکرێن، بەجۆرێك بەشی باکووری شارۆچکەکە زیاتر (شێوازی بلآوەبوو) ی لەخۆگرتوە، کەچی بەشەکانی باشوور زیاتر ( شێوازی کۆوەبوو) ی لەخۆگرتووە، بوونی ئەم شێوازانەش لە بەشەکانی شارۆچکەکە زیاتر هۆکاری سروشتی ومرۆیی لەپشتە کەدواتر لەبەشەکەی تری توێژینەوەکەدا بەدرێژی باسیان لێوەدەکەین.

### بە شی چوارەم

# ئەو هۆکارانەی، کە کاردەکەنە سەر دابەشبوونی دانیشتوان

نایەکسانی دابەشبوونی دانیشتوان لەسەر وشکانی گۆی زەوی پەیوەستە بەکۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و مرۆی، کەئەم هۆکارانە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازن[1]. دیاردەی نایەکسانی دابەشبوونی دانیشتوان باسێکی ئاڵۆز و لێکدراوە و پێشینەیەکی دووری هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت بەتەنها پشت بەیەك هۆکار ببەسترێت ،بۆ دەرخستنی ئەم جیاوازییە و هۆکارەکانی تر پەراوێز بخرێن ،چونکە سەرجەم هۆکارەکان پەیوەندیەکی بەتینییان بەیەکتریەوە هەیەو ناتوانرێ لەیەکتری دابرێن[2]. لێرەشدا بە مەبەستی روونکردنەوەی زیاتر و دەرخستنی کاریگەری ئەم هۆکارانە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە هەوڵ دەدەین بە جیا باس لە هەریەکەیان بکەین.

## باسی یەکەم : هۆکارە سروشتییەکان

ئەم هۆکارانە ڕۆڵێکی دیارییان هەیە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان، لەگەڵ ئەوەشدا کە مرۆڤ لەزۆر بواردا ملکەچی ژینگە بووە، بەڵام لەڕاستیدا گرنگی هۆکارە سروشتییەکان لەسەر ڕێگای دابەشبوونی دانیشتوان و بڵاوبوونەوەیان، جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بەگوێرەی پلەی پێشکەوتنییان، بەجۆرێك لەکۆمەڵگا بەرایەکاندا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن و لەبەرامبەریشدا لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا ڕۆڵێکی لاوەکی

[1] عبدالله عطوی، جغرافية السكان، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠١، ص ٤٣

[2] علی لبيب، جغرافية السكان، المصدر السابق، ص ٥٧.

دەگیْڕن[1]. لیْكۆڵینـەوەو بـاس كردنـی هۆكـارە سروشـتییەكان لەڕیزبەنـدی پیْشەوەی هۆكارەكان لەوەوە سەرچاوەی گرتوە كە لەگەڵ دەست پیْكردنـی ژیانی مرۆڤ لەسەررووی زەوی هۆكارە سروشتییەكان، نەخشیان لەسەر كرداو هزری مرۆڤ جیْهیْشتووە، ئەمەش لەكۆمەڵگا سـەرەتایەكاندا تـاوەكو ئیْسـتا ڕەنگدانـەوەی مـاوە، لیْـرەدا لـەپیْناو دەرخسـتن و ڕوون كردنـەوەی ڕۆڵـی هۆكارە سروشتیەكان تیشك دەخەینە سەر كۆمـەڵیْك هۆكـاری سروشـتی كـە كاریگەرییان هەبووە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان لەناوچـەی لیْكۆڵینـەوەدا لەوانە ( بەرزی ونزمی، ئاووهەوا، سامانی ئاو ،خاك) هەموو ئەمانە بەیەكـەوە ئاویْتـە دەبـن وكارلیْـك دەكـەن و ویْنـەی دابەشـبوونەكە دەخەنـە ڕوو، بـەلاّم لیْـرەدا بەمەبەسـتی دەرخسـتنی ڕادەی كاریگـەری هـەر توخمیْكیـان هـەوڵ دەدەین بەجیا باس لەهەریەكیْكیان بكەین.

**أ / تۆپۆگرافیا :**

بەیەكیْك لە هۆكارە كاراكان دادەنریْت، كەكاردەكاتە سـەر دابەشـبوون وچڕی دانیشتوان نیشتەجیْ بوونی دانیشـتوان پەیوەندیـەكی بـەتینی هەیـە لەگــەڵ لایــەنی بــەرزی ونزمــی، بــەجۆریْك ناوچــە بــەرزەكان بەناوچــەی دورخسـتنەوەی دانیشـتوان (طـرد السـكان) و ناوچـە نزمـەكان بـە ناوچـەی ڕاكیْشەری دانیشتوان (جذب السكان) دادەنریْن[2]. هەر لەبەر ئـەوە ئـاوەدان كردنەوەی زەوی پەیوەندیدارە بەناوچە نزمەكان، هەروەك دەبینـین زۆریـەی دانیشـتوان لەناوچـە نزمەكانـدا كۆبونەتـەوە، ئەمـەش بـەهۆی بـوونی زەوی بەپیتی كشـتوكاڵی و ئاسـانی هاتووچۆ تیْیـدا، بـەلاّم دانیشـتوان بـەژمارەو چـڕیەكی كـەمتر لەناوچـە بـەرزەكان كۆبونەتـەوە، ئەمـەش بـەهۆی كـەمی ڕووبەری زەوی كشتوكاڵی و سەختی ڕیْگاوبانی هاتووچۆ و چـەندین هۆكـاری

---

(1) منصور الراوي، التوزيع السـكاني فـی العـراق وابعـاده و الاقتصـادية والاجتماعيـة، المصـدر السابق، ص، ١٠٤.

(2) خليل أسماعيل محمد، قضاء خانقين، دراسة في جغرافية السكان، المصدر السابق، ص ٢٢.

تـر[1]. کەواتــە پــەیوەنـدی نێـوان دانیشـتوان و بــەرزی ونزمــی پــەیوەندیــەکی پێچــەوانەیە هــەروەك دەردەکــەوێت خڕبوونــەوەی دانیشــتوان لەناوچــە نزمەکانەوەو بەبەرزبوونەش ژمارەو چڕی دانیشتوان کەم دەبێتەوە[2].

کاریگەری ئەم هۆکـارە لەسـەر دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە شارۆچـکەی ڕانیە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت، بەوپێیـەی کەناوچـەی لێکۆڵینـەوە لەسـەر یـەکێك لەدەشـتەکانی ناوچـەی شـاخاوی هەڵکـەوتووە، واتەهـەردوو تایبەتمەنـدی ناوچـەی (دەشـتایی و شـاخاویی) بـەخۆوە گرتـووە، ئەمـەش ڕەنگدانەوەی دیاری لەسـەر دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە شارۆچـکەی ڕانیـە بەجێهێشـتوە، بــەجۆرێك بەشــەکانی باشـووری شارۆچـکەکە کەپێکهاتــەی دەشــتایی لــەخۆ گرتــووە، ژمــارەو چــڕی دانیشــتوانی تێـدا بەبــەرزی دەردەکـەوێت، بەپێچـەوانەوە تـاوەکو بـەرەو بەشـەکانی بـاکووری ناوچـەی لێکۆڵینەوە هەڵکشێین، ووردە ووردە بـەرزی دەداتـە زیـادی و ژمـارەو چـڕی دانیشتوانیش ڕوو لەکەم بوون دەکەن، ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین چیای بەرز لەم بەشەدا. لێرەدا بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەکاریگەری ئەم هۆکارە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیـە، ڕووی زەوی ناوچـە کـە لەسـەر بنەمای بەرزی ونزمی دابەش دەکەین بۆ ئەم بەشانە :

### ١.ناوچەی شاخاوی :

ئــەم ناوچــەیە بەشــەکانی بــاکوورو بــاکووری ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوای شارۆچکەی ڕانیە دەگرێتەوە سـنوورەکەی لـەباکوورەوە هاوسـنوورە لەگـەڵ زنجیرە چیای کارۆخ و لەڕۆژهەڵاتـەوە دۆڵـی پیرانـان لـەباکووری ڕۆژئـاواوە لەگەڵ چـیای شـێخ وەسـانان و لەبەشـی باشـووری ڕۆژئـاواش لەگـەڵ چـیای

---

[1] علی لبیب، جغرافیة السکان، المصدر السابق، ص ٦٢.

[2] محمـود فـوزي حلـوه، جغرافیـة السـکان والمـوارد البشـریة، مکتبـة المجتمـع العربـي للنشـر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٦، ص، ١١.

کاموســەك و باشــووریش لەگــەڵ دەشــتی بیتــوێن هاووســنووره[(١)]. بڕوانــە نەخشــەی ژمــارە(٢٩). ئاراســتەی بــەرزی چــیاکان لەبەشــی باشــووری شارۆچــکەی ڕانیــە لــە(١٠٠٠م) دایــە، چــەندە بــەرەو بەشــەکانی بــاکووری شارۆچکەکە بڕۆین ئەم بەرزیە زیاتر دەبێت تـا لەهەنـدێك ناوچـە دەبێـت بـە (٢٥٠٠م) گـرنگترین زنجـیره شـاخەکانیش ئەمانــەن ( کێـوەڕەش ١٧١٤م، ماکۆك ١٨٢١ م، ئەمانە دەکەونە بەشـی بـاکووری خۆرهـەڵاتی شارۆچـکەکە، بەجۆرێکن لەبەرامبەر یەکتردا درێژبوونەتـەوە دۆڵێکـی فراوانیـان دەکەوێتـە نێوان کە(بەدۆڵی ئاکۆیەتی) ناسراوە، لەبەشـی بـاکووری خۆرئـاواش زنجـیرە شاخەکانی (نێوە ١١١٦م، سەردۆڵ ١٥١٢م، شیشار١٦٥٠م بەشی باکووریشی پێکهاتوەلەشـاخە سـەختەکانی ( بێترخـێن ٢٥٣٤ م، کەژۆسـت ٢٢٥٠م)[(٢)].
لەنێوان ئەم زنجیرە چیایانە چـەندین دۆڵ هەیـە کەبەناوچـەیەکی سـەرەکی کۆبوونەوەی دانیشتوان دادەنرێن لەوانە ( دۆڵی شاوری، دۆڵی پڵینگان، دۆڵە ڕەقــە، دۆڵــی ئاکۆیــان ) لەســاڵی (٢٠٠٦) ناوچــەی شــاخاوی نزیکــەی لــە (٥٢[*] ٪)ی ڕووبــەری شارۆچــکەی ڕانیەولــە( ١٦٪[**] ) ی کــۆی دانیشــتوانی شارۆچکەکەیان لـەخۆگرتووە، بـەم پێیـە چـڕی دانیشتوانەکەشـی (٦٤کـەس /کلم[٢] ).بەشێکی زۆری هەردوو شـارەدێی (سـەرکەپکان و بێتواتـە) دەکەونـە سـنووری ئــەم ناوچــەیە، نشــینگە گوندیــەکانی ئــەم یەکانــە بەشــێوەیەکی بڵاوەبــوو دابەشــبوونە،ئەمەش بــەهۆی ئــەوەی نشــینگەکان لەناوچــە شاخاویەکان زیاتر ئاراستەی بڵاوبوونەوە وەردەگرن[(٣)].

---

**بڕوانە:** [(١)] وزارة الدفاع، القواة المسلحة العراقية، المساحة العسكرية، خارطة منطقة كويسنجق، الطبعة الاولى، ١٩٨٨، بمقياس ١:١٠٠٠٠٠.

[(٢)] نفس المصدر.

[(*)] ڕووبــەرەکان بەسســتەمی کۆمپیوتــەری (سیســتەمی زانیارییــە جوگرافییــەکان(GIS) ) دەرهێناوە.

[(**)] لەدەرهێنانی ڕێژەی دانیشتوان، پشت بە ژمارەی دانیشتوانی ئەو نشینگانە کەکەوتونەتـە سنووری هەریەك لەم ناوچانە بەستراوە.

[(٣)] صبري فارس الهيتي و خليل أسماعيل محمد، جغرافيـة الأسـتيطان الريفـي، مطبعـة التعلـيم العالي في الموصل، ١٩٨٩،ص ٢٤ .

نەخشەی ژمارە (٢٩)

تۆپۆگرافیای شارۆچکەی ڕانیە




سەرچاوە:

- ئاویستا خالید، هەوار تاهیر کەریم، ئەتلەسی پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٤
- وزارة الدفاع القواة المسلحة العراقية، المساحة العسكرية، خرائط مناطق كويسنجق، بقياس ١:١٠٠٠٠٠ سنة ١٩٨٧

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چەند بەرەو بەشەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شارۆچکەکە هەڵکشێین ڕووی زەوی بەرەو بەرزبوونەوە دەڕوات و بە پێچەوانەشەوە هەریەك لەژمارەی دانیشتوان و چڕییەکەی کەم دەبێت. دیارە ئەمەش پەیوەندی بەو گرفتانەوە هەیە کەڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە لە ناوچە بەرزەکاندا.

بە تایبەتی لە ڕووی سەختی ئاووهەوا و کەمی ڕووبەری شیاوی کشتوکاڵی و بەرهەم هێنانی زەوی یاخود ڕاکێشانی ڕێگاو بان و گرانی هاتووچۆ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کەدابەشبوونی دانیشتوان لەم ناوچەیەدا لە هەموو بەشەکانی وەکو یەك نیەو جیاوازیەکی زۆر بەدیدەکرێت، بەتایبەتی کەناوچەی دۆڵەکان بوونەتە شوێنی کۆبوونەوەی دانبشتوان، ئەمەش بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی پێویست کە خۆی لەئاوی چەم و ڕووبارەکان و کانیاوەکاندا دەبینێتەوە بەتایبەتی هەردوو دۆڵی ( شاوورو دۆڵە ڕەقە ).

## ٢. ناوچەی دەشتایی :

ئەم ناوچەیەش تەواوی بەشەکانی تری شارۆچکەی ڕانیە دەگرێتەوە، کەبەدەشتی (بیتوین) ناسراوە، ئەم دەشتە یەکێکە لەدەشتە بەناوبانگەکانی ناوچەی شاخاوی و دەورە دراوە بە زنجیرە چیا پێچ خواردوە ساکارو ئاڵۆزەکان، پێچە قوپاوەکانی ئەم ناوچەیە بەهۆی نیشتەنی چیاکان پڕبۆتەوەو ئەم دەشتە دەرکەوتوە[1]. دەشتی (بیتوێن) ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی (٨٠٠کلم[٢]) و بەرزیەکەی لەنێوان (٥٠٠–٦٠٠م) دایە و چەندین ڕووبارو چەم وجۆگەی ئاودێری لەسەر ئەم دەشتە بەدیدەکرێت[2].

---

[1] سناء عبدالباقی بکر، مصادر الثروةالطبعیة فی حوض دوکان وسبل صیانتها، المصدر السابق، ص ٢٠.

[2] شاکر خصباك، العراق الشمالی دراسة لنواحیة الطبعیة والبشریة، المصدر السابق، ص ٣٢.

بەمجۆرە ئەم ناوچەیە زیاتر لە (٤٨٪) ی ڕووبەرو (٨٤٪) ی کۆی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکەی لەساڵی (٢٠٠٦)دا لەخۆگرتووە، بەم پێیەش چڕی دانیشتوانی (٣٧٠کەس/کم٢)ە، هەرسێك ناوەندی شارستانی ( ڕانیە و چوارقورنەو حاجی ئاوا) و بەشێك لەزەوی یەکەکانی(بێتواتەو سەرکەپکانیش) دەکەونە نێوسنووری ئەم دەشتەوە، لەسەیرکردنی نەخشەکانی دابەشبوونی دانیشتوانی شارۆچکەکەش جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت لەژمارەو چڕی دانیشتوان بەجۆرێك چەندە بەرەو بەشەکانی باکووری شارۆچکەکە بڕۆین ژمارەو چڕی دانیشتوان دەداتە کەمی بە پێچەوانەشەوە چەندە بەرەو بەشەکانی باشوور بڕۆین ژمارەو چڕی دانیشتوان بەبەرزی دەردەکەوێت، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ تەختی ناوچەکە، کە زیاتر بەشی باشووری شارۆچکەکە پێکهاتەی دەشتی لەخۆ گرتووە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢٩)، جگەلەمە قەبارەی نشینگە شارستانیەکان لەم بەشەدا بەشێوەی قەبارەی گەورە دەردەکەون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی دانیشتوان بەشێوەیەکی گشتی و شارنشینیەکان بەشێوەیەکی تایبەت، تاکو بۆیان بکرێت لە شوێنە تەخت و گونجاوەکان نیشینگەکانیان بونیات دەنێن، چونکە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ڕێگاوبان و ئاو و کارەباو قوتابخانە ونەخۆشخانە، وێڕای چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ئابووری بە تایبەتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گواستنەوە ئاسان دەکات، بۆیە هەرچەندە ناوچەکە دەشت و تەختانی بێت سەنتەرەکانی شارنشینی خێرا گەشە دەکەن و قەبارەیان گەورە دەبێ و فراوان دەبن[1].

**ب/ ئاووهەوا**

ئاووهەوا یەکێکە لەو هۆکارە سروشتییانەی کە کاریگەرییەکی ئاشکراو هەست پێکراوی هەیە لەسەردابەشبوونی دانیشتوان ئەویش لەبەر ئەوەی لە

---

(١) هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، نامەیەکی ماجستێرە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، لاپەڕە ٩٨–٩٩.

لایەك پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە مرۆڤەوە هەیە و لە لایەكی تریشەوە كاریگەری ناڕاستەوخۆی هەیە لە سەر هەریەك لە (خاك و ڕووەكی سروشتی و كشتوكاڵ)[1]. لەگرنگترین ئەو بەڵگانەی كە كاریگەری ئاووهەوا لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان دەسەلمێنێ ئەوەیە ڕووبەرێكی فراوانی ناوچەكانی جیهان چڕی دانیشتوانیان لە (١كەس/ كەمترە لەكم$^{٢}$) ئینجا ئەمە بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی و وشكی بێت یان بەهۆی دابەزینی زۆری پلەكانی گەرمی بێت[2]. ئەمەش لەناوچە بەستەڵەكەكان و بیابانەكان دادەردەكەوێت.هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی لایەنی ئاووهەوا لەم ناوچانەدا، كەواتە ئاووهەوا راستەوخۆ كاردەكاتەسەرلایەنی فیسیۆلۆژیی مرۆڤ[3]. دواجارئەمەش كاردەكاتە سەردابەشبوون و چڕی دانیشتوان.

ناوچەی لێكۆڵینەوە دەكەوێتە هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست، ئەوەش لەدیاری كردنی پێگەی ئەسترۆنۆمی شارۆچكەكە دەردەكەوێت، هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستیش خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی لەوەی كە زستانی ساردو باراناویە و هاوینیشی گەرم و وشكە[4]. لەگرنگترین توخماكانی ئاووهەواش كە كاریگەرییان هەیە لەسەر دابەشبوون وچڕی دانیشتوان لەشارۆچكەكە ( پلەی گەرمی و بارانە ).

سەبارەت بە پلەی گەرمی لە شارۆچكەی ڕانیە جیاوازیەكی ئەوتۆ لەنێو بەشەكانی شارۆچكەكەدا بەدی ناكرێت، بەجۆرێك هێڵی گەرمی

---

[1] محمد عبدالرحمن الشرنوبی، جغرافیة السكان، المطبعة الفنیة الحدیثة، الكویت، ١٩٧٢، ص٢١١.

[2] هیوا صادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی شارۆچكەی كۆیە (١٩٥٧–٢٠٠٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (سلیمان عبدالله اسماعیل، تحدید ایام الراحة الفسیولوجیة في مدینة اربیل، مجلة جامعة دهوك، عدد خاص بالموتمر العلمي الاول لجامعة دهوك، ١٩٩٨، ص٤٩٢.)

[4] عبدالاله رزوقی كربل، واخرون، علم الطقس والمناخ، مطبعة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨٦، ص ٣٠٠.

یەکسانی(١٢°) بەبەشەکانی باکووری و هێڵی گەرمی یەکسانی(١٤°) ش بەبەشەکانی باشووری دا پێدەپەڕێت [1].

هۆکاری ئەمەش پەیوەندی بەلایەنی تۆبۆگرافیاوە هەیە بەجۆرێك بەشی باکووری شارۆچکەکە مۆرکی شاخاوی و بەشی باشووریش مۆرکی دەشتایی بەسەردا زاڵە، گومانیش لەوەدانیە پەیوەندی پێچەوانە لەنێوان بەرزی ونزمی وپلەکانی گەرمیدا هەیە هەروەکو دەردەکەوێت کە پلەکانی گەرمی لەناوچە بەرزەکان (شاخاویەکان) نزم دەبنەوەلەناوچە نزمەکان(دەشتەکان )یش بەرزدەبنەوە [2].

هەرچی بارانیشە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی ئاووهەوا کاریگەریەکی زۆری لەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەبوە، شارۆچکەی ڕانیە یەکێکە لەو ناوچانەی کە ساڵانە بڕێکی باش بارانی لێدەبارێت، بەلاَم ئەم بارانە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر بەشەکانی شارۆچکەکەدا نابارێت، بەڵکو جیاوازی زۆریەدی دەکرێت لەنێو بەشەکانی شارۆچکەکە، بەجۆرێك باکووری شارۆچکەکە هێڵی یەکسانی بارانی لە (١٠٠٠ملم)ە، بەشی ناوەراستیشی هێڵی بارانی یەکسانی(٩٠٠–٨٠٠ ملم ) بەشی باشووری شارۆچکەکەش هێڵی بارانی یەکسانی (٨٠٠–٧٠٠ملم) ی پێدا تێدەپەڕێت، وەك لەنەخشەی ژمارە (٣٠) بەرچاو دەکەوێت. باران بەپلەیەکی دیار کاریگەری لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان و بلاَووبونەوەیان لەتەواوی شارۆچکەکەداهەبووە، چونکە زۆربەی بەشەکانی شارۆچکەکە دەکەونە چوار چێوەی ناوچەی بارانی مسۆگەر، بەجۆرێك کەمترین ڕادەی باران بارین لە

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابراهيم القصاب واخرون، اطلس العراق التعليمي، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٧،ص٣٠.

(٢) علي احمد غانم، الجغرافيا المناخية، دار المسيرة للنشروالتوزيع والطباعة، الطبعة الثانية، عمان، ٢٠٠٧، ص ٧٥

نەخشەی ژمارە(٣٠)

دابەش بوونی هێڵی یەکسانی باران لە شارۆچکەی ڕانیە




سەرچاوە:

- سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندیەکانی باران لەهەرێمی کوردستانی عێراق دا، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە، ٥٥.

بەشــەکانی باشــووردالە (٦٠٠ ملــم) کــەمتر نیــە[1]. ئەمــەش بۆتــە هــۆی بڵاووبونــەوەی کشــتوکاڵی (دێمــی) لەتــەواوی شارۆچــکەی ڕانیــەدا، زۆری و کەمی رادەی بـاران لـە سـاڵێکەوە کاریگەرییـەکی زۆری هەیـە لەسـەر بـواری کشـتوکاڵ کـردن، ئەمــەش بـەهۆی ئـەوەی کـە رادەی بـاران پەیوەندیـەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی ئـاوی سـەرزەوی ژێـر زەویـدا هەیـە، بەتایبـەتی لەبەشـی باشـووری شارۆچـکەکە، بـەجۆرێك زۆر سـاڵ کـە رادەی بـاران کـەم دەبێت کاردەکاتە سەرکەم بوونی ئاستی ئاوی زێی بچووك، بەمەش بەشێکی زۆری ئەو زەویانەی کەلەمەو پێش ژێر ئاو کەوتبوون دووبارە دەردەکەونەوە بەمەش بەشێکی زۆری دانیشتوان لەبەشی باشووری شارۆچکەکە سەرگەرمی بەرهــەم هێنــانی بــەرووبوومی هاوینــە دەبـن بەتایبــەتی ( شــووتی و کاڵــەك و خــەیارو تــرۆزی....هتــد ) ئەمــەش وا دەکــات بەشــێکی زۆری دانیشــتوان لەبەشی باشووری ناوچەی لێکۆڵینەوەکۆببنــەوە بۆیـە چـڕی دانیشـتوان لـەم بەشە بەبەرزی دەردەکـەوێت، هــەروەها زۆریـك لـەجووتیارانی ئـەم ناوچـەیە زیاتر لەو ساڵانەی کەوشکە ساڵیە، بەرهەمی هاوینە زیاتر بەرهەم دەهێنن.

هەربۆیە دەڵێن ( ئەو ساڵەی وشکە، بیتـوێن سەرپشـکە )، ئەمــەش بــەو مانایە دێت کە ئەوساڵەی وشکەساڵی بیت بەرهەمی دەشتی بیتوین زیـاترە و هەمە جۆر تـرە[*٢]. هـەروەها پەیوەندیشـی بـەپیتی ئـەو خاکـەوە هەیـە کـە دەردەکەوێت، بەهۆی کشانەوەی ئاوی زێی بچـووك کـە لەمــەو پـێش بـەهۆی درووســت کردنــی دەریاچــەی دوکانــەوە ژێــر ئــاو کــەوتبوون. لێــرەدا بۆمــان دەردەکەوێت کە توخمـەکانی ئاووهـەوا کاریگەرییـەکی گـەورەیان کردووەتـە ســەر دابەشــبوونی بڵاوەبــووی دانیشــتوان لــە شارۆچــکەکەدا، هەریــەك لــە پلەکانی گەرمی و بارانیش کاریگەر بوون بە بـەرزی و نزمـی ڕووی ناوچـەکە،

---

(١) بۆزانیاری زیاتر بڕوانـە( سـلیمان عەبـدوڵلا ئیسـماعیل، تایبەتمەندیـەکانی بـاران لەهــەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٥٥.

(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز ( محمد حاجی ) بەڕێوەبەری لقی کشـتوکاڵی ڕانیـە لەبـەرواری (٢٠٠٨/٤/١٢).

ئەمــەش بووەتــە هـۆی جیـاوازی لــە دابەشـبوون و چـڕی دانیشـتوانیان.وەك بەشەكانی باكوور و باكووری ڕۆژهەڵات پلەی گەرمییان نزمە و بارانیـان زۆرە بەڵام ژمـارە و چـڕی دانیشـتوانیان كـەمترە بـەجۆرێك ئـەم بەشـەی ناوچـەی لێكۆڵینەوە (١٦٪)ی دانیشتوانی لە خۆگرتوەو تێكرای چـڕیش لـەم بەشـەدا دەگاتە (٦٤كەس /كم٢)، لە كاتێكدا بەشەكانی باشوور و باشـووری ڕۆژئـاوای پلەی گەرمی بەرزە و بارانیشـی كـەمترە بـەڵام ژمـارە و چـڕی دانیشـتوانیان زیاترە، بەجۆرێك ئەم بەشە (٨٤٪) ی كۆی دانیشـتوانی شارۆچـكەی ڕانیـەی لەخۆگرتوەو چڕییەكەشی دەگاتە نزیكەی (٣٧٠ كەس /كم٢).

**پ/ دەرامەتی ئاو**

ئــاو لەپرۆســەكانی كۆمەڵایــەتی و ئــابووری و رامیـاری هــەموو میللــەتان بەرەگەزێكی گرنگ دادەنرێت [١]. چونكە ئاو سەرچاوەی ژیانە و بەبێ بـوونی ئەم دەرامەتە گرنگە ژیانیش نابێت، هەرلەبەرئـەوە كۆبونـەوەی دانیشـتوان لەم ناوچـانەدا دەبێـت كەسەرچـاوەی ئـاوی تێدایـە بەپێچەوانەشـەوە كـەمی ودەگمــەنی ئــاو لەناوچــەكان دا دەبێتــە هــۆی دووركەوتنــەوەی دانیشــتوان تییانــدا، كەواتــە نكــۆڵی لــەوە ناكرێـت كەسەرچــاوەو ڕووبــەرە ئاویــەكان بەهێزێكی گرنگی كێش كردنـی دانیشـتوان دادەنـرێن لەجیهانـدا[٢]. هۆكـاری ئەمــەش پەیوەسـتە بـەوەی چـەندە ژمـارەی دانیشـتوان زیادبێـت و ئاسـتی ئابووری و كۆمەڵایەتییان بەرەوپێشەوە بڕوات ئەواپێداویسـتی ڕۆژانـەی تـاك بۆ ئاو زیاتر دەبێت[٣]. ئەمەش دواجار كاردەكاتـە سـەرشـێوازی دابەشـبوونی دانیشتوان لەناوچە جیاجیاكان دا.

---

(١) ئازاد جەلال شەریف، پێویستیەكانی ئێستاو داهاتووی هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ئـاو، سەنتەری برایەتی، ژمارە، (١٨) ساڵی، ٢٠٠١، لاپەڕە ٢٢٢.

(٢) عبدالفتاح محمد وهيبة، في جغرافية السكان، مطبعة النهضةالعربية، بيروت، ١٩٧٢، ص ٥٤.

(٣) فاطمة حسين يوسف العبد الـرزاق، الميـاه والسـكان في الكويـت، مطبعـة الحصـرية، اكويـت، ١٩٧٢، ص ١٨٧.

لەناوچەی لێکۆڵینەوەش ئەم سامانە ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی هەیە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان بەشێوەیەك چڕی دانیشتوان زۆردەبێت لەو بەشانەی سەرچاوەی ئاوی پێویستییان هەیە و کەمیش دەبێت لەو بەشانەی ئەم سامانەیان کەمە، لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان دەرامەتی ئاو شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەگشت دیاردە جوگرافیەکانی تر ڕوونتر دەردەکەوێت. لێرەدا هەوڵ دەدەین دەرامەتە ئاویەکانی شارۆچکەی ڕانیە، جگە لە(باران) کەپێشتر باسمان لێوەکردوە دابەش بکەین بۆ دوو جۆری سەرەکی کەبریتین لە:

(١.ئاوی سەرزەوی ،٢.ئاوی ژێر زەوی )

**١.ئاوی سەرزەوی**

مەبەست لەئاوی سەرزەوی ئاوی چەم و ڕووبار ودەریاچەکان دەگرێتەوە جا بەشێوەیەکی وەرزی بن یان بەشێوەیەکی بەردەوام[١]. سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی بەتایبەتی ڕووبارەکان سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ و چالاکییە ئابووریە خزمەت گوزاریەکانی ( کشتوکاڵ، پیشەسازی و خزمەت گوزاری و گواستنەوەن)[٢].

داهاتی ئاوی سەرزەوی لەشارۆچکەی ڕانیەدا، بریتیە لەئاوی ( ڕووبارو چەم و جۆگەکان ) ئەمانەش ڕۆڵێکی دیارییان بینیوە لەسەرشێوازی دابەشبوونی دانیشتوان، بەجۆرێك لەبەراورد پێکردنی دابەشبوونی دانیشتوانی شارۆچکەکەدا لەنەخشەی ژمارە(٣١) کەتیادا ئاوەرۆ سەرەکیەکانی لەسەر دیاری کراوە.تێبینی دەکرێت قەبارەیەکی بەرچاوی نشینگەکان لەدەورووبەری چەم ڕووبارەکاندا دامەزراون، بەتایبەتی لەبەشی باکووری

---

(١) دیلان ئەسعەد ئیسماعیل، ئاوبەکارهێنانی و ئاسۆی دواڕۆژی لە شاری سلێمانی، کتێبی سلێمانی، چاپ و ئۆفیسی شیڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، لاپەڕە ٣٥.

(٢) ئازاد نەقشبەندی، بایەخی جیۆگرافی _ سیاسی ئابووری ڕووبارەکان، سەنتەری برایەتی ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٩٩، هەولێر لاپەڕ ٢١

شارۆچـــکەکەدا، کەزۆربـــەی نشـــینگەکانی سەربەشـــارەدێی (ســـەرپەکان)لە دەوروبـــەری ڕووبـــاری (قائیمقـــایم [*]) کۆبوونەتـــەوە، ئەمـــەش وای کـــردوە کەدانیشتوان لەم بەشەدا بەشێوەی هێڵکردن(خطي) کۆببنەوە.

هـەروەها دەریاچـەی دوکـانیش کەشـیوەیەکی سێگۆشـەی وەرگرتـووە، لەبەشـی باشـووری شارۆچـکەکەدا دەبینرێـت، لەهەنـدێك ناوچـەی باشـووری ڕۆژهەلاتـی شارۆچکەکە توانراوە بۆ کشتوکاڵ کردن سـوودی لێوەربگیرێـت[1]. شارۆچکەی ڕانیە چەند ڕووبارێکی گرنگی پێدا تێدەپـەڕێت کـە کاریگەیـەکی دیاریـــان هەیـــە لەسەردابەشـــبوونی دانیشـــتوان لەشارۆچـــکەکەدا ئـــەوانیش ئەمانەن :

**١.ڕووبـــاری قەشـــان :** ئـــەم ڕووبـــارە لەبالیســـانەوە سەرچـــاوە دەگرێـــت و لەسنووری گوندی قەمتەران ئەگاتە دەریاچەی دوکـان[2]. لەوپـەڕی بـاکووری خۆرئاوای شارۆچکەکە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوپەڕی باشووری خۆرئاوای بڕوانە نەخشـــەی ژمـــارە(٣١)، بـــەمجۆرە نزیکـــەی (١٥٪) ی نشـــینگە گوندییـــەکانی شارۆچـــکەکە لـــەدەوری ئـــەم ڕووبـــارەدا کۆبوونەتـــەوە توانیویانـــە ســـوود لـــەم ڕووبارە وەربگرن بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و دابینکردنی پێداویستیەکانیان .

---

[*] نـاوی ئـەم ڕووبـارە لـەم ڕووداوەوە سەرچـاوەی گرتـوە: لـەحوزەیرانی سـاڵی (١٩٧١) لەدەوربەی ئەم ناوچەیە کاروانێکی بازرگانی کەلەکەرکوکەوە هاتبوو، ڕێی پێگیراوەو تـالان کراوە، دوای ئەوەی کەقائیمقایم هەواڵەکەی پێدەگات و ( مامەنـد ئاغـای عـەولای بلْبـاس ) بـەم کـارە تۆمـەتبار دەکرێـت، بـەم هۆیـەوە شـەڕ لـەنێوانیادا ڕوودەدات و لەئـەنجام دا قائیمقایم ودوانزە سواری قائیمقائیم، دەکوژرێت و دواتر ( مامەند ئاغـای عـەولای بلْبـاس ) ئەم ناوچەیە جێ دەهێڵێ دەڕواتەوە بۆ ئێـران. لـەم ڕۆژە ئـەم ڕووبـارە نـاونرا بـەڕووباری قائیمقایم. (بڕوانە دەشنێ بابان، ناوی ( بەستی قائمقام ) لەچـی یـەوە هـاتووە، گۆڤـاری ڕانیە، ژمارە(١٢) حویزەیرانی ٢٠٠٥، ڕانیە، لاپەڕە٤٦.

[1] عباس فاضل السعدي، منطقة الزاب الصغير فى العراق، المصدر االسابق، ص ٥١.

[2] شـێروان عومـەر ڕەشـید، بنـەماکانی جوگرافیـایی سروشـتی دروسـتبوون و گەشـەپێدانی گەشـتوگوزار لـە پارێزگـای سـلێمانی، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، سلێمانی، ٢٠٠٧، لاپەڕە ٢٢٧.

نەخشەی ژمارە(٣١)

دابەشبوونی سەنتەری نشینگەکانی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٦)




سەرچاوە:

- ئەتڵەسی قەزاکانی هەولێر_ سلێمانی_ دهۆك، ناوەندی زانیاریە مرۆیە هاوبەشەکان، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٢.
- شێروان عومەر ڕەشید، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٢٢.
- هاشم یاسین حداد و سەردار محەمەد عبدالرحمن، نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦، بەپێوەری ١:٧٥٠,٠٠٠.

٢.ڕووبـاری هێـزۆپ : یەکێکـە لـەڕووبارە هەمیشـەکان و لـەنزیك گونـدی (مەلاعومەر) لەسەر دەشتی( میرزا ڕۆستەم) بەدووری (٣کلم ) دەڕێژێتە زێـی بچووك[1]. ئەم ڕووبارە بەلقێکی سەرەکی زێی بچووك دادەنرێت و دەکەوێتـە ئەوپەڕی باشووری خۆرئاوای شارۆچکەکە و نزیکەی ( ٦٪[*] ) ی کۆی نشینگە گوندییەکانی شارۆچکەکەسوود لەم ڕووبارە وەردەگرن.

٣.ڕووبـاری قائیمقـایم: ئـەم ڕووبـارە لەبەشـی بـاکووری خۆرهـەلآتی شارۆچکەی ڕانیەوە درێژدەبێتەوە بـۆ بەشـی باشـووری خۆرئـاوا، لەگونـدی (دیمان)ی سەر بە(شـارەدێی سـەرکەپکان) سەرچاوەی گرتـوەو هـەر لەبـەر ئـەوە لـەم بەشـەدا بـەم نـاوە نـاونراوە، لەگونـدەکانی (دۆڵـە ڕەقـەو دۆڵـی شاوریێ)ش چەندین لقی تری دەڕژێتەناو، بوونی چەندین کـانی و سەرچـاوەی ئـاوی تـر کەلەدەوەروبـەری هەڵـدەقولێت کاریـان کردۆتـە سەرئاسـتی ئـاوی ڕوبارەکـە، دوای تێپـەربوونی ڕووبارەکـە بەگونـدی (سـەرکەپکان) دواتـر بەرەوگوندەکانی ( میرەبەگ و ئەسـتریلان)ی سەربەشـارەدێی (حـاجی ئـاوا) دیـت ئینجـا دێتەسـنووری شـارەدێی چـوارقورنە لەوێـدا بـەناوی ڕووبـاری قائیمقایم ناودەبرێت، بەلآم زۆربەی ساڵ بەهۆی کـەمبوونی ئـاو لـەم بەشـەدا ڕووبارەکـە ووشـك دەبێـت[**]. ئـەم ڕووبـارە نزیکـەی(٤٣٪)ی نشـینگە گوندییەکانی شارۆچکەی ڕانیەی لەخۆگرتوە، ئەم ڕووبارە بەشێوەیەکی دیار کاریکردۆتە سەر شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا، هـەروەکو لەپێشوتر باسمان کرد.هۆکاری دەرکەوتنی شێوازی دابەشـبوونی دانیشـتوان بەشێوەی هێڵکـردن (خطـي) لەبەشـی بـاکووری خۆرهـەلآتی شارۆچـکەکەدا لەسنووری شارەدێی سەرکەپکان دەگەڕێتەوە بۆ درێژبوونەوەی ئەم ڕووبارە لەم بەشەدا.

---

[1] سناء عبدالباقی بکر، مصادر الثروة الطبعیة فـی حـوض دوکـان وسبل صـیانتها، المصـدر السابق، ص ٤٧.

[*] لـەدەرهێنانی ڕێـژەی نشـینگە گونـدەکان پشـت بـەژمارەی ئـەو نشـینگانە بەسـتراوە کەکەوتونەتە سنووری ڕووبارەکان .

[**] کاری مەیدانی توێژەر بەسەردان کردنی ناوچەکەلە ( بەرواری ٢٠٠٨/٤/٢٧) .

**٢.ئاوی ژێر زەوی**

ئاوی ژێرزەوی ئەو ئاوەیە کە لەبۆشایی ناو چینە بەردەکانی ژێر زەوی پەنگی خواردۆتەوە، ئەویش بەشێوەی بیری دەستکرد یاخود بەسروشتی لەشێوەی کانیاودا دێتە دەرەوە[١]. (بیرەکان وسەرچاوەو کانیاوەکان و کارێزەکان) بەگرنگترین شێوەی سامانەکانی ئاوی ژێر زەوی دەژمێردرێن ،کەدانیشتوان بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ناومال و کشتوکال و پیشەسازی پشتی پێدەبەستن و بەشێوەیەکی بەرچاویش رۆلی هەیە لەدابەشبوونی دانیشتوان[٢]. ئاوی ژێرزەوی بەشێوەیەك رۆلی هەیە، کەژیارییە مرۆڤایەتییە جیاجیاکان لەدەوربەری ئەو شوێنانە دامەزراون کەجۆرێکی باشیان لەئاوی ژێر زەوی هەبوەو ئاستی ئاوەکانیشیان لەسەرزەوەی نزیك بووە[٣]. دابەشبوونی ئاوی ژێر زەویش لەناوچەکاندا پشت بەبڕی بارانی بارییووبەفری تواوەو پلەی کونیلەداری کەڤرەکان و پلەی لێژی چینەکان لەلایەك و کردارەکانی ڕامالین و دامالین لەلایەکی ترەوە دەبەستێت کەکاردەکات بۆ لابردنی چینە کەڤرەکان و گەیشتن بەناوچەی ئاوگرەگان[٤].

ناوچەی لێکۆلینەوە لەڕووی دەرامەتی ئاوی ژێر زەویەوە ناوچەیەکی سەنگینە، بەوەی چەندین (سەرچاوەو کانی وکانیاوی) لەسەر ڕووی زەویەکەی دەردەکەون، ئەمانەش ڕۆلێکی گرنگییان بینیوە لە دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا، گرنگترین سەرچاوەو کانیاوەکانی ناوچەی لێکۆلینەوەش ئەمانەن(ئاوی سەروچاوە،قولەی کانی ماران،کانی

---

[١] ناهیدە تالەبانی، زانیاری سەرەتای دەربارەی جۆری کانیاوەکانی کوردستان،سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی،ژمارە (٣) سالی هەشتەم، ئابی، ٢٠٠٠، لاپەڕە، ٤٨.

[٢] ئازاد جەلال شەریف، ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری برایەتی ژمارە١٣،ئەیلولی ١٩٩٩، لاپەڕە، ٢٥.

[٣] عیمادەدین عومەر،هەلسەنگاندنی سروشت دابەش کردنی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان،سەنتەری برایەتی، ژمارە١٨، زستانی ٢٠٠١، لاپەڕە ٥١.

[٤] شاکر خصباك، العراق الشمالی دراسة لنواحیة الطبعیةوالبشریة، المصدر السابق، ص ٩٢.

قوڵكه،بێتواته، سه‌رئه‌شكه‌وتان)[1] . جگـه له‌مانـه هـه‌ر لـه‌ناو شـاری ڕانیـه‌ش چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌كی ئاوهه‌یه كه گرنگترینیان ئه‌مانه‌ن ( قوله‌ی ڕانیه، كوێره كانی،كانی مه‌لاسلێمان، سه‌رچاوه‌ی ڕه‌شـه‌مێرگ ) ئـه‌م سه‌رچـاوانه تـاوه‌كو ئه‌مڕۆش ڕۆڵێكی گرنگییان هه‌یه له‌دابینكردنی ئـاوی خواردنـه‌وه بـۆ خـه‌ڵكی شاره‌كه به‌تایبه‌تی ئاوی (قوله) كه‌به‌هۆی ئه‌م سه‌رچاوه‌وه توانراوه به‌شێكی زۆری دانیشـتوانی شـاری ڕانیـه بۆخواردنـه‌وه پشـتی پێبه‌سـتن، جگه‌له‌مـه لــه‌بواری كشــتوكاڵكردنیش ســودی زۆری لێوه‌رده‌گیرێــت[2] . به‌تایبــه‌تی كشتوكاڵی هاوینه بنه‌مای دروست و گه‌شه‌كردنی شاری ڕانیه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ بوونی ئه‌م سه‌رچاوه ئاوییانـه، بـه‌جۆرێك سـه‌ره‌تای نیشـته‌جێبوونی خـه‌ڵك له‌ده‌وروبه‌ری هه‌ردوو سه‌رچاوه‌ی ( قوله‌و كوێره‌كانی ) بووه هه‌رله‌بـه‌ر ئـه‌وه گـه‌ڕكی (قولـه‌و قـه‌ڵات) كه‌ده‌كه‌ونـه نزیـك هـه‌ردوو سه‌رچـاوه‌كان بـه‌كۆنترین گـه‌ڕه‌كی شـاری ڕانیـه داده‌نـرێن.ده‌ركـه‌وتنی ڕێژه‌یـه‌كی زۆریـش له‌نشـینگه قه‌باره بچووك و گه‌وره‌كان به‌نـده بـه‌بوونی (سه‌رچـاوه‌و كانیاوه‌كـان) وه‌كـو ده‌ركــه‌وتن و گه‌شــه‌كردنی (شارۆچــكه‌ی سه‌روچــاوه) به‌نده‌بــه‌بوونی ئــاوی (سه‌روچــاوه) كه‌هه‌رله‌كۆنــه‌وه دانیشــتوان له‌ده‌وروبــه‌ری ئــه‌م سه‌رچــاوه كۆبوونه‌تــه‌وه، هــه‌روه‌ها دابه‌شــبوونی نشــینگه گوندیــه‌كانی شــاره‌دێی (بێتواتــه)ش كه‌شـێوازێكی بڵاوه‌بوویـان وه‌رگرتـوه به‌نـده به‌بڵاوبوونـه‌وه‌ی (سه‌رچـاوه‌و كانیاوه‌كـان) لـه‌م به‌شـه‌دا، ئـاوی (بیره‌كـان)یش كاریگه‌ریـه‌كی به‌رچــاویان هه‌یــه لــه‌دابین كردنــی پێداویســتی ئــاو بــه‌جۆرێك هــه‌ردوو شاره‌دێی(چـوارقوڕنه وحـاجی ئـاوا)و به‌شـێكی زۆری شـاره‌دێی سـه‌نته‌ریش دانیشتوانه‌كه‌ی بۆ پڕكردنه‌وه‌ی پێداویسته‌كانیان پشـتیان بـه‌ئاوی بیره‌كـان به‌ستووه به‌هـه‌ردوو جۆره‌كـه‌ی ( بـیری ئاسـای و بـیری ئیرتـوازی ) هـه‌ردوو

---

[1] شـیروان عومـه‌ر ڕه‌شـید، بنـه‌ماكانی جوگرافیـایی سروشـتی دروسـتبوون و گه‌شـه‌پێدانی گه‌شتوگوزار له پارێزگای سلێمانی، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، لاپه‌ڕه، ٢٤٠.

[2] پشـتیوان شـه‌فیق ئه‌حمـه‌د، ڕه‌هه‌نـدی جـوگرافی شارۆچـكه‌ی ڕانیـه، گۆڤـاری سـتانده‌ر، ژماره(١٤) ی ساڵی دووه‌م، سلێمانی، نیسانی ٢٠٠٧، لاپه‌ڕ، ٦٢.

شارۆچـكەی ( چـوارقورنەو حـاجی ئـاوا ) دانیشـتوانەكەی بەرێـژەی (١٠٠٪) پشـت بـەئاوی بیرەكـان دەبەسـتن، لەگـەڵ زۆربـوونی ژمـارەی دانیشـتوان ژمارەی بیرەكانیش زیادی كردوە بـەجۆرێك بەتـەنها لەشاری ڕانیـەدا، تـاكو سـاڵی (٢٠٠٦) نزیكـــەی ( ١٥٠٠ بـــیری ئاســـایی و ٣٥ بـــیری ئیرتـــوازی لێدراوە)[١].لەشارەدێی( حاجی ئاوا)ش نزیكەی ( ٢٤ بیری ئیرتوازی كەكراون بەپڕۆژەو بەسەر گەڕەكەكاندا دابەش كراون ونزیكـەی ٢٥٠بـیری (ئاسـای)ش لێدراوە)[٢].لەشارەدێی چوارقورنەش نزیكـەی (٢٨) بـیری ئیرتـوازی و (١٥٠) بیری ئاسای لێدراوە[٣] * .

**ت. خاك :**

بریتییە لەو توێژاڵە تەنكە وردبـووەی كـە چـینی سـەرەوەی ڕووی زەوی داپۆشیوە[٤]. خاك بە تـەنێكی پـەرەسـەندووی سروشـتكرد دادەنرێـت، كەلـە ئاكامی كردارەكانی كەشكارییەوە( التجویه) پێكهاتووە[٥]. خاك بەژێـدەرێكی سـەرەكی ژیـانی مـرۆڤ و ڕووەك و گیانلەبـەر دادەنرێـت، جگەلەمـە لـەماوەی كایگەری لەسەر كشـتوكاڵ كـار لەدابەشـبوونی دانیشـتوان دەكـات هەرلەبـەر

[١] بەڕێوەبەرایـەتی شـارەوانی ڕانیـە، فەرمانگـەی ئـاوو ئـاوەڕۆی ڕانیـە، بەشـی پـیلان دانـان، نوسراو بەكۆمپیوتەر، بڵاونەكراونتەوە.

[٢] بەڕێوەبەرایـەتی شـارەوانی حـاجی ئـاوا، بەشـی ئـاو ، هۆبـەی پـیلان دانـان، نوسـراو بەكۆمپیوتەر، بڵاونەكراونتەوە.

[٣] بەڕێوەبەرایـەتی شـارەوانی چـوارقورنە، بەشـی ئـاو ، هۆبـەی پـیلان دانـان، نوسـراو بەكۆمپیوتەر، بڵاونەكراونتەوە.

[*] ژمارەی بیرەكان زۆر لەو ژمارانە زیاترن كەلەسنووری شارۆچكەی ڕانیە لێدراون ئەمانەتەنها ئەو بیرانەن كە مۆڵـەتیان پێدراوە لەلایـەن شـارەوەانیەوە و ژمارەیـەكی زۆر لـەم ژمارانـە زیاتر بـیری ئاسـایی وبـیری ئیرتـوازی بەسەرپێچی لەسـنووری شارۆچـكەی ڕانیـە لێـدراون لەبەرئـەوە ئـەم ژمارانـە تارادەیـەك كـەمن چاوپێكەوتن لەگـەڵ بـەڕێز ( بیتـوێن سـەعید محەمەد، لێپرسراوی بەشی هونەری لەفەرمانگەی ئاوی ڕانیە، لەبەرواری ٢٠٠٨/٦/١٨).

[٤] علي حسين الشلش، جغرافية التربة، مطبعة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨١، ص ١٣.

[٥] لەیلا محەمەد قارەمان، خاكی هەرێمی كوردسـتان، بەشـێك لـەكتێبی جوگرافیـای هـەرێمی كوردستانی عێراق، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.، لاپەڕە ٨٠.

ئـــەوە جوگرافیـــاش گرنگییـــەکی زۆر دەدات بـــە جیـــاوازی خاکـــەکان لـــە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر[١].

ناوچەی لێکۆڵینەوەش وەك ناوچـەکانی تـر خاکەکـەی لـە بەشـێکەوە بـۆ بەشێکی تـری جیـاوازە ئـەویش بـە هـۆی جۆراوجـۆری ئـەو هۆکارانـەی، کـە بوونەتـە مایـەی پێکهـاتنی کـە بێگومـان ئەمـەش کـاری کردووەتـە سـەر دابەشبوونی دانیشتوان و چڕییەکەیان، بۆیە بۆ دەستنیشانکردنی جۆری ئەو خاکانەی لە ناوچەکەدا هەیە، پشت بـەو پـۆلێن کردنـە دەبەسـتین کـە زانـای هۆڵەندی (بیۆرنگ–buringh) لە ساڵی (١٩٦٠) دا کردوویەتی بۆ دابەشکردنی جۆرەکانی خاك لە عێراقدا لە میانەشییەوە دەکرێت چەند جۆرێك خـاك جیـا بکەینەوە لە ناوچەکەدا بەم شێوەی خوارەوە :

### ١.خاکی کەستەنی

ئەم جۆرە خاکـە لەناوچـەی دەشـتەکان و دۆڵـی نێـو چـیاکاندا بـوونی هەیـە و ڕەنگێکـی قـاوەیی تێـری هەیـە و ڕێـژەی مـاددە ئەندامییەکانیشـی لە(١–٤٪) و ڕێژەی کلسیشـی تێـدا کـەمترە لـە (٩٪)[٢]. دەشـتی (بیتـوێن _ڕانیـە ) یەکێکـە لـەو دەشـتانەی کەزۆربـەی خاکەکـەی لـە جـۆری خـاکی کەسـتەنییە [٣]. ئـەم خاکـەش بەیـەکێك لـە خاکـە بەپیتـەکان دادەنرێـت و گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ بەرهەم هێنانی بەرووبومە کشتوکاڵییەکان[٤].

---

(1) Minoo Asjodi & Shapur Gudarzinejad, English for Students of physical Geography, Typesetting and Lithography: Samt, 2nd Edition, 1999, p159.

(2) Buringh, Soli and Soil conditions in Iraq, Ministry of agriculture, Baghdad, 1960, p78.

(٣) صلاح حميد الجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمة، دارالكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٢، ص ١٠٩.

(٤) هەلەت رشيد عدالله، علاقة المناخ بانتاجية التبغ في محافظة السليمانية، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعةالموصل،٢٠٠٦، (غير منشورة)، ص، ١٧.

هۆكاری ئاووهەوا لەگەڵ تۆپۆگرافیا كاریگەری دیاریان لەسەر خاسیەت و تایبەتمەندی خاكەكان هەیە، بەتایبەتی لەسەر بوونی مادە ئۆرگانیەكانیش، كۆبوونەوەی مادە ئۆرگانیەكانیش زیاتر لە ناوچە نزمەكان (دەشت و دۆڵەكاندا) بەدیدەكرێت[1]. هەرلەبەر ئەوە ئەم جۆرە خاكە دەكەوێتە بەشی باشووری شارۆچكەكە، كەزیاتر پێكهاتەی دەشتایی لەخۆگرتوە، سنووری هەریەك لەشارەدێكانی (سەنتەرو چوارقوڕنە و حاجی ئاوا) دەگرێتەوە، جگەلەمە بەشێكی سنووری شارەدێی (بێتواتە)ش پێكهاتەكەی لەم جۆرە خاكەیە،بەمەش ڕێژەی (٥١٪[*])ی ڕووبەری شارۆچكەكەو نزیكەی (٧٤٪[**])ی كۆی دانیشتوانی شارۆچكەكەی لەساڵی (٢٠٠٦) لەخۆگرتوە، ئەمەش كاری كردۆتە سەر دابەشبوونی دانیشتوان و چڕییەكەیان، بەجۆرێك بەشی باشووری شارۆچكەكە بەهۆی بەپیتی خاكەكەیەوە چڕی بەبەرزی دەردەكەوێت و چەندە بەرەو بەشی باكووری شارۆچكەكە ش بڕۆین ئەوەندە چڕی بەرەو كەم بوونەوە دەڕوات، ئەمەش بەندە بەكەم پیتی خاكی ئەم بەشە.

## ٢. خاكی كەستەنی سورباو

ئەم جۆرە خاكە دەكەوێتە بەشی باكووری دەشتی بیتوێن واتە دەكەوێتە بەشی باكووری خاكی كەستەنی، بەشێوەی پشتێنەیەك لەبەشی باكووری خۆرهەڵات بۆ بەشی باكووری خۆرئاوای شارۆچكەكە درێژدەبێتەوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٣٢).

---

(١) سوزان موفق عبدالعزيز، قضاء شقلاوة _دراسة في الجغرافية الطبيعية، رسالت ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين ١٩٩٩، ( غير منشورة )، ص ١١٤ )

(*) ڕووبەرەكان بەسستەمی كۆمپیوتەری (سیستەمی زانیارییە جوگرافییەكان(GIS) ) دەرهێناوە.

(**) لەدەرهێنانی ڕێژەی دانیشتوان، پشت بە ژمارەی دانیشتوانی ئەو نشینگانە كەكەوتونەتە سنووری هەریەك لەم ناوچانە بەستراوە.

نەخشەی ژمارە (٣٢)

دابەشبوونی جۆرەکانی خاك لەشارۆچکەی ڕانیە




سەرچاوە: buring soil condition in Iraq II. Veen- manand zone N.V. Wagingegen neter land. 1960, map no. scaie 1:1000000

ئەم خاکە لەدۆڵەکان و قـەدپاڵی ئـەو چیایانەدا هەیـە کەلێژیـەکی مـام ناوەنـدیان هەیـە قوڵییـەکی کـەمی هەیـە وپێکهاتەیـەکی باشـی لـە مـادەی ئۆرگانی تێدایە پشتێنەی ڕووەکی سەر ئەم خاکە زیاتر لـە کورتـەگیا و داری درێژ پێکهاتووە، پێکهاتەیەکی قوڕینی هەیەو ڕێژەیەکی کەمی لـە کاربۆنـاتی کالیسـۆم تێدایـە، بـەڵام پێکهاتـەی کلسـی بـەقوڵی (٤٠–٦٠سـم ) لـەژێر چینەکانییدا هەیە، هەرلەبەر ئەوە ڕەنگەکەی زیاتر لەشێوەی قاوەی سورباو خـۆی دەنـوێنێ[1]. ئـەم خاکـە ڕووبـەرێکی کـەمی لەناوچـەی لێکۆڵینـەوە پێکهێناوە کەنزیکەی (١٠٪)ی ڕووبەری شارۆچکەکەی پێکهێناوە، دانیشتوان تەنها بەڕێژەی ( ٧٪) لەسەر ئەم خاکە کۆبوونەتـەوە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆ کەم پیتی خاکەکە.

### ٣.خاکی چیاکان

ئەم جۆرەیان دەکەوێتە بەشی باکووری شارۆچکەکە و زیاتر لە قـەدپاڵی چیاکان ئـەم جـۆرە خاکـە بەدیـدەکرێت و نزیکـەی (٣٣٪) ی کـۆی ڕووبـەری شارۆچـکەکەی داپۆشـیووە، خـاکی ئـەم ناوچـەیە بەشـێوەیەکی گشـتی تەنکـە لەوبەشانەی کەلێژییان زۆرە بەهۆی زۆری دابارین و تێەڕبوونی ئاوەڕۆی چـەم و ڕووبارەکـان بەسـاریاندا خاکەکـەیان تاڕادەیـەکی زۆر داڕووتـاوە[2]. ئەمـەش بەشـێوەیەکی دیـار لەبەشـی بـاکووری شارۆچـکەکە دەردەکـەوێت کەسـنووری هـەردوو شـارەدێی ( بێتواتـەو سـەرکەپکان) دەگرێتـەوە، چـونکە هـەردوو شارەدێ، زیاتر هەڵکەوتەی تۆبۆگرافیان کەوتۆتە ناوچەیەکی شاخاوی سـەخت، کەمی ڕووبەری خاکی بەپیت لـەم سـنوورەدا هۆکـار بـوە بـۆ کـەمی کۆبونـەوەو چڕی دانیشتوان، بـەجۆرێك تـەنها (١٦٪) ی کـۆی دانیشـتوانی شارۆچـکەکەیان لەخۆگرتوە چڕی دانیشتوانیش لەم بەشەدا تەنها (٦٤ کەس/ کم$^{2}$) یە.

---

[1] سناء عبدالباقی بکر، مصـادر الثروةالطبعیـة فـی حـوض دوکـان وسبل صـیانتها، المصـدر السابق، ص ٩٣.

[2] لەیلا محەمەد قارەمان، خاکی هـەرێمی کوردسـتان، بەشـێك لـەکتابی جوگرافیـای هـەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٩٥.

بەم جۆرە دەكرێت بڵێین جیاوازی جۆری خاك لەناوچەی لێكۆڵینەوە كاریگەری زۆری هەبووە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان، بەجۆرێك ژمارەو چڕی دانیشتوان زۆردەبێت لەو بەشانەی كە پێكهاتەی خاكەكەیان لەجۆری خاكی كەستەنائیەو ،كەمیش دەبێت لەوبەشانەی كە خاكەكەیان لەجۆری خاكی كەستەنی سورباو وخاكی چیاكانیان پێكهاتوون.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، هۆكارە سرووشتییەكان (بەرزی ونزمی و ئاووهەواو دەرامەتی ئاو، خاك) كاریگەرن لە جیاوازی دابەشبوون و چڕی دانیشتوان لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕۆڵەیان جیاوازی هەبووە لە نێو بەشەكانی دا بە هۆی جۆراوجۆری لە خەسڵەتەكانی ئەو ناوچانەوە. بەڵام لێرە دا هۆكاری تر هەیە كە كاریگەرترن لە دابەشبوون و چڕی دانیشتوانی ناوچەكە كە ئەوانیش بریتین لە هۆكارە مرۆییەكان كە لە باسی دووەمدا لێیان دەدوێین.

## باسی دووەم/ هۆكارە مرۆییەكان

هۆكارە مرۆییەكان ڕۆڵیان كەمتر نییە لە هۆكارە سروشییەكان لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان، بگرەزۆرجار ڕۆڵێكی یەكلاكەرەوە دەگێڕن لەسەر دابەشبوونی نشینگەكانی دانیشتوان [1]. چونكە زۆر جار دوو ناوچە لەڕووی بارودۆخی سروشتی تاڕادەیەك لەیەكتر دەچن بەلاّم لە نێوانیاندا جیاوازی دیار هەیە لە لایەنی مێژوویی و كۆمەلاّیەتی و ئابوری و كارگێڕی و سیاسییەوە [2]. ئەمەش دواجار كاردەكاتە سەر جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەنێوان ئەم دوو ناوچەیە. لێرەدا بەمەستی گەیشتن بەئامانجی باسەكەمان هەوڵ دەدەین لەم بەشەدا توێژینەوە لەگرنگترین ئەو هۆكارە مرۆیانە بكەین كە كاریگەری بەرچاویان لەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی شارۆچكەكە داناوە بەم شێوەی خوارەوە :

### أ/ هۆكاری مێژوویی

لەگەڵ هەموو ئەو پێشكەوتنە زۆرانەی كەكاریان كردۆتە سەر لایەنە ئابووری و سروشتیەكان بەشێوەیەكی جۆراو جۆر، بەلاّم هەروەك ئاشكرایە دابەشبوونی دانیشتوان لەڕابردوودا كاریگەری ماوە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان بۆ ئێستا و داهاتووش [3]. چونكە پەیوەندیەكی ڕاستەوانە لەنێوان مێژووی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ وچڕی دانیشتوان بەدیدەكرێت، شتێكی نامۆنیە كەزۆر جار ڕووداوە مێژووییەكان ڕۆڵێكی گرنگییان بینیوە، لەگۆڕینی نەخشەی دابەشبوونی دانیشتوان لەناوچەكاندا [4].

ناوچەی لێكۆڵینەوەش بەوپێیەی كەدیرۆكێكی لەمێژینەی هەیەو هەزاران ساڵ بەر لەئێستا مرۆڤی تێدا ژیاوە، هەروەكو لەباسی دووەمی بەشی

---

[1] خلیل اسماعیل محمد، انماط الاستیطان الریفی فی العراق، المصدر السابق، ص ١٧٥.

[2] عبدالفتاح محمد وهيبة، في جغرافية السكان، المصدر السابق، ص٥٥.

[3] محمد عبدالرحمن الشرنوبی، جغرایة السكان المصدر السابق، ص ٢٣١.

[4] خليل أسماعيل محمد، قضاء خانقين، دراسة في جغرافية السكان، المصدر السابق، ص ٤٤.

یەکەمـدا باسمانکرد،شـوێنەوارە ئاواییـەکان و بەڵگـە مێژووییـەکان مێـژووی نیشتەجێ بوون، لەم دەڤەرەدا دەگەڕێننـەوە بـۆ هـەزارەی سێییەمی پـێش زاین، هەر لەم ناوچەیەدا نزیکەی (٦٣) ناوچەی شـوێنەواری دێرینـی تێدایـە، کەخۆیان لەئەشکەوت و گردو قـەلاّ و گۆرسـتاندا دەبینـەوە[١]. بـوونی بەڵگـە مێژووییەکان و شوێنەوارە دێرینەکان ،گەواهی ئەوە دەدەن کە ئەم ناوچـەیە لەمێـژە ئاوەدانـە، گومـانیش لـەوەدا نییـە کـە ئـەو شـوێنانەی ناوچـەی لێکۆڵینەوە، لە کۆندا خـەڵکی تێدا نیشـتەجێ بـووە و ژمـارە و چـڕییان زۆر بووە هەر ئەوانەن کەوا ئێستاش ژمارەو چڕییان زۆرە وەك شاری ڕانیـە.واتـە ئەمە ڕێك دەگونجێت لەگەڵ ئەوەی کە دەوترێـت تەمـەنی نیشـتەجێ بـوونی مرۆیـی لـە ناوچـەیەکدا چـەند زۆر بێـت ئەوەنـدەش ژمـارە و چـڕییان زیـاتر دەبێت[٢]. شاری ڕانیە کـە خـاوەنی مێژوویـەکی کۆنـە و مێـژووی کـۆنی ئـەم شارەش بەندە، بەمێژووی قـەلاّتی ڕانیـە، کەیەکـەم شـوێنی نیشـتەجێبوونی خەڵکی ئەم شارە بووە، مێژووی ئەم (قەلاّتە*) دەگەڕێتەوە بـۆ (٤٠٠٠) سـاڵ پێش زاین، ئەم قەلاّتە سروشتی نەبووە بەڵکو لەئەنجامی هیلاکی مرۆڤ بنیات نراوە بۆ پاراستنی دەسەلاّتی ناوچەکە[٣]. هـەروەها لەسـنووری شارۆچـکەی ڕانیـەدا، گونـدی بێتواتـە یەکێکـە لـەو گوندانـەی کـە لـەڕووی مێژووییـەوە بەکۆنترین گوندی ناوچەکە دادەنرێت، هەروەکو لەپێشوودا ئاماژەمـان پێدا، کەمێژووی ئاوەدانی ئـەم گونـدە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ئەکەدییـەکان، جگەلەمە ئەم ناوچـەیە چـەندین ناوچـەی شـوینەواری تێدایـە لەوانـە، قـەلاّی

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( المديرية الاثار العامة ، المواقع الاثرية فى العراق،مطبعـة الحكومـة، بغداد ١٩٧٠، ص ٣٤٨–٣٥٠.

[٢] عباس فاضل السعدي، دراسات في جغرافية السكان، مطبعة الأطلس،القاهرة، ١٩٨٠،ص ٧١.

(*) قەلاّتی ڕانیە، گەڕەکێکە لەگەڕەکە کۆنەکانی شاری ڕانیـە ودەکەوێتـە ناوەراسـتی شـارکە، تاوەکو ئێستاش، خەڵکێکی زۆری تێدا نیشتەجێ بووە،هەرلەبەر ئەوە بە چڕترین گـەرەکی شارەکە دادەنرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(مديرية إحصاء السـليمانية، المصـدر السـابق، ص١٤٢.

[٣] ئیبراهیم بالیسانی، سەر بردەی ڕانیە و دەوروبەری، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە، ١٣٣.

(خورشیدی  خاوەر) کـە لـەدوای زایـن لـە( ئـەگ باتـان) واتـە لەهەمەدانـەوە هاتووەو لەگوندی بێتواتە نیشتەجێبووە، بەهۆی وریای خۆیـەوە توانیویـەتی دەسـەلأتی بەسـەر ئـەم ناوچـەیەدا بگرێـت، تـاوەکو ئێسـتاش، شـوێنەواری قەلأکەی لەگوندی بێتواتە ماوە[1]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گونـدە لەناوچـەیەکی شـاخاوی سـەخت هەڵکـەوتووە بـەلأم دێرینـی مێـژووی نیشـتەجێبوون تێیـدا وایکردوە، کە ئەم گوندە بە چڕترین گوندی شارەدێکە دەربکەوێت.

## ب/ هۆکاری کۆمەلأیەتی

کاریگەری ئەم هۆکارەش لەسەردابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان بەندە، بەو پەیوەندییە کۆمەلأیەتی یەی کەهەندێ دانیشتوان لەناوچەیەکی دیاریکراو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەم پەیوەندییەش دەبێتـە بنەمایـەك کەئەنـدامانی هۆزێك والێدەکات ئارەزووی ئەوە بکەن کەلەیەك شوێندا نیشتەجێ ببن، ئـەم پەیوەندییانـەش کـەکۆیان دەکاتـەوە، لـەناو کوردەواریـدا زیـاتر پەیوەنـدی زەویە لەپەیوەندیەکانی تر[2].

ناوچـەی لێکۆڵینـەوەش بـەهۆی ئـەوەی کـە مـۆرکێکی (هۆزایـەتی) بەسـەرەوەیە، ئـەم پەیوەندیـەش بەشـێوەیەکی دیـار کـاری کردۆتـە سـەر جیـاوازی گردبوونـەوەیان لەتـەك یـەکتری، بەشـێوەیەکی گشـتی ناوچـەی لێکۆڵینەوە لەپێکهاتەیەکی فرە (هـۆز) پێکهـاتووە، کـەگرنگترینیان ئەمانـەن (ئـاکۆ، خۆشـناو، جـاف، بڵبـاس کەپیرانانیشـیان پێـدەگوترێت، شـیلانە، مەنگوڕ، مەندەمەرە)[3]. جگەلەمانەچەندین هۆزی تریش بـەهۆی ڕاگواسـتنی

---

[1] پارێزگـای سـلێمانی، سـاڵنامەی سـلێمانی ١٩٩٩، (بـەبێ نـاوی چـاپخانە وسـاڵی چـاپ)، سلێمانی، ٢٠٠٠ لاپەڕە ١٠٦.

[2] ساسان حیکمەت عەلی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشـبوونی دانیشـتوان لـەپارێزگای هەولێر، نامەیەکی ماجستێرە، پێشکەشی کۆلیژی ئەدەبیاتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر کراوە، ساڵی، ٢٠٠٨ ، لاپەرە١٣٨.

[3] محمد هادی الدفتر، عبدالله حسن، العراق الشمالی، المصدر السابق، ص٤٢٦.

گوندەکانی دەوروبەری سنووری شارۆچکەکە ڕوویان لەشارۆچکەکە کردوە کۆبوونەوەی ئەندامانی هۆزێك لەناوچەیەکی دیاری کراوی شارۆچکەکە بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو دەردەکەوێت، ئەمەش کاری کردۆتە سەر شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا، بەجۆرێك بەشی باکووری خۆرهەڵاتی شارۆچکەکە کەشارەدێی (سەرکەپکان) دەگرێتەوە، زۆربەی دانیشتوانەکەی سەر بەهوزی (ئاکۆ)ن واتە ئەم ناوچەیە بەتایبەتی ئەم هۆزەی تێدایەو هیچ هۆزێکی تری تێدانیشتەجێ نەبووە[*]. هەروەها بەشی باکووری خۆرئاوای شارۆچکەکەش کەشارەدێی (بێتواتە) دەگرێتەوە، زۆربەی دانیشتوانەکەی سەر بەهۆزی (خۆشناو)ن، هیچ هۆزێکی تر لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ نەبوون[**]. ئەم دیاردەیەی کۆبوونەوەی خەڵك لەسەر بنەمای هۆز (عەشیرەت) تەنانەت لەناو شاری (ڕانیە)ش بەرچاو دەکەوێت، بەجۆرێك زۆربەی دانیشتوانی گەڕەکی (ئازادی) سەر بەهۆزی(ئاکۆ)ن لەزۆربەی دانیشتوانی گەڕەکی (کێوەڕەش)یش پێکهاتوە لەهۆزی(جاف) هەر لەبەر ئەوە زۆرجار ناوی گەرەکەکان بەناوی هۆزەکان دەناسرێنەوە[***]. ئەم دیاردەیەش لەهەردوو شارۆچکەی حاجی ئاوا و چوارقوڕنە، بەزەقی بەرچاو دەکەوێت.

## پ / هۆکارە ئابوورییەکان :

کۆمەڵە چالاکییەکی ئابووری دەگرێتەوە کە ئەمانیش کاریگەرن لە جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان و چڕییان، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١.جۆری چالاکییە ئابوورییەکان

٢.ڕێگای گواستنەوە

---

(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( ئەحمەد عبدالرحمان خدراغا )، خەڵکی گوندی گولآن، لە١٤/٤/٢٠٠٨.

(**) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی عبدالسلام بێتواتەیی، خەڵکەی گوندی بێتواتە، ڕۆژی ٢٧/٤/٢٠٠٨.

(***) چاو پێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، بەڕێز، علی عزیز محمد، ئەنجومەنی گەڕەکی(کێوەڕەش)، بەڕێز، محمد نبی قادر، ئەنجومەنی گەڕەکی(ئازادی)، لەبەرواری ١٨/٤/٢٠٠٨.

١.جۆری چالاکییە ئابوورییەکان

جیـاوازی بـارودۆخی سروشـتی ناوچـەکان و جـۆری بیرکردنـەوەی مرۆڤەکان لەپێناو بەدیهێنان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانییان ،بەژێدەرێکی سەرەکی دادەنرێن بۆ دەرکـەوتنی جیاوازی جـۆری چـالاکییە ئابوورییـەکان هەر لەبەرئەوە چالاکییە ئابووریەکانیش کەمرۆڤ دەیان نوێنیٚ فرەجۆرن ،هەر لـە کۆکردنـەوە و لێکردنەوە،هـەتاوەکو ڕاوو دەسـت بەسـەراگرتنی دارسـتانەکان و شـوانکاری و کشـتوکاڵ و کانزاکـاری و پیشەسـازی و خزمەتگوزارییەکان [1].

هەریەك لەم چالاکیە ئابووریانەش کە مرۆڤ، بەهۆیانەوە پێداویستییەکانی ژیانی دابین دەکات پێی دەگوترێت (پیشە)، وەکو ئاشکراشـە پەیوەندیـەکی بەهێز هەیە لە نێوان چڕی دانیشتوان و جـۆری پیشـەکان، بـەجۆرێك چـڕی دانیشـتوان پلەبەپلـە هەڵدەکشـێت لـە پیشـەی ڕاوکـردن بـۆ لەوەڕانـدن بـۆ کشتوکاڵکردن و بازرگانی و خزمەتگوزاری دواتـریش پیشەسازی کـە لەمـەی دواییانـدا چـڕیی دانیشـتوان دەگاتـە ئـەو پـەڕی [2].کەواتـە جـۆری چـالاکییە ئابوورییـەکان، کاریگەریـەکی پلـەدار و هەسـتپێکراویان هەیـە لەسـەر دابەشبوونی دانیشتوان [3].

ناوچـەی لێکۆڵینـەوەش بـەو پێیـەی دوو ناوچـەی سروشـتی جیـاواز بەخۆوە دەگرێت (شـاخاویی ودەشـت) لەبەرئـەوە، هەلومـەرجی سروشـتیان جیـاواز دەبێـت لەشـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر ئـەوەش کاریکردۆتـە سـەر جیـاوازی چـالاکییە ئابوورییـەکان و جـۆری پیشـەی خەڵکەکـەی ،چـالاکییە ئابووریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەش بریتین لەمانە:

---

[1] عدنان السید حسین، جێۆگرافیای (ئابوری – دانیشتوان)ی جیهانی هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥.

[2] هیوا صادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی شارۆچکەی کۆیە (١٩٥٧–٢٠٠٢)، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٨٩.

[3] محمد عبدالرحمن الشرنوبی، جغرایة السکان، المصدر السابق، ص ٢٢٨.

## أ/ چالاكی كشتوكاڵ :

كشـتوكاڵ بەیـەكێك لـە چـالاكییە ئابوورییـە گرنگـەكان دادەنرێـت كەكاردەكاتە سەر جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوانی و چڕییان لەشـوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر، ئەم كاریگەریەش بەنـدە بەشـێوازەكانی كشـتوكاڵ كـردن و ڕێگاكـانی ئـاودێری و جـۆری بەروبومـەكانی كەبەرهـەم دەهێنـرێن، لێـرەدا مەبەستمان لەچالاكی كشتوكاڵی، هەموو ئەو چالاكیانەدەگرێتەوە كەجووتیار پێـی هەڵدەسـتێ لەچـاندن و دروێنـەوەو بـەخێوكردنی ئـاژەڵ و پەلـەوەرە ،بۆبەدەسـت هێنـانی بەرووبومـەكانیان، ئامـانج لەكشـتوكاڵ كـردن، بەرهـەم هێنانی دەرامەتەكانی زەوییەو شێوازێكە لەشێوازەكانی ژیـانی مـرۆڤ لـەپێناو دەسـكەوتنی گـوزەران[1] . بۆبەدەسـت هێنـانی بەروبومـە كشـتوكاڵیەكانیش پێویستە كۆمەڵێك هۆكاری سروشتی ومرۆی فەراهەم ببن [2] .

بەو پێیـەی شارۆچـكەی ڕانیـەش ڕووبـەرێكی بـەرفراوانی لەسـەر یـەكێك لەدەشـتە بەپیتـەكانی هـەرێمی كوردسـتان هەڵكـەوتووە ئـەویش (دەشـتی بیتـوین)ە و سـەرجەم هۆكـارە سروشـتی و مرۆییـەكانی تێـدا فەراهەمـە بـۆ چالاكیە كشتوكاڵییەكان[3] . لەبەر ئەوە چالاكی كشـتوكاڵی بەسەرچـاوەیەكی سـەرەكی دادەنرێـت بـۆ دابـین كردنـی پێداویسـتیەكانی دانیشـتوان لەشارۆچـكەكەدا و ئـەم چـالاكیە لەڕیزبەنـدی یەكەمـدا یـە، بـەهۆی ئـەوەی زۆرینـەی خەڵكەكـەی بـەم چـالاكیەوە خـەریكن، بـەڵام بـارودۆخی سروشـتی ناوچەكە وا لەخەڵكەكە دەكات لەپاڵ كشتوكاڵ چالاكی تری ئابووری ئـەنجام بـدەن، ئـەویش لەوەڕانـدن وبـەخێوكردنی ئاژەڵـە، ڕۆڵ و كاریگـەری ئـەم

---

[1] سـەرمەد ئەحمـەد، ئاسایشـی نەتـەوەی وئاسایشـی خـۆراك، چـاپخانەی دەزگـای ئـاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، لاپەڕە، ٤٠.

[2] هادي احمد مخلف، التوزيع الجغرافي لمزارع الدولـة في العـراق واثـره في التنميـة الاقتصـادية، الجزء الاول، الطبعة الاولى،مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٥، ص ٢٨.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :. لەیلا محەمەد قارەمان، بەرهەمی كشـتوكاڵی لەدەشـتی بیتـوین، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢) كۆتای ٢٠٠١.، لاپەڕە، ٨.

پیشـەیەش جیـاوازە لـەنێوان بەشـەکانی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە بەشـێوەیەك لەهەندێك شوێندا بەپلەی یەکـەم لـەپێکهاتنی داهـاتی ئـابووری خەڵکەکـەی بەشـدارە، کەچـی لەهەنـدێك شـوێنی تـردا ،لـەپاڵ کشـتوکاڵ کـردن بەپلـەی دووەم دێت،ئەم پیشەیە لەبەشەکانی باکووری شارۆچکەی ڕانیەدا بەتایبەتی ئـــەو ناوچـــانەی کەدەکەونــە نێوســـنووری کـــارگێڕی هـــەردوو شـــارەدێی (سەرکەپکان و بێتواتە) بەپیشەی سەرەکی دادەنرێت وئەمـەش لەئـەنجامی ئەوەی ئەم دوویەکەیە لەناوچەیەکی شاخاوی سەخت هەڵکـەوتوون ڕووبـەری زەوییـان بـۆ کشـتوکاڵ کەمــە، لەبەرانبـەردا لـەوەڕگای زۆری سروشـتیان لەقەدپاڵی چیاکان تێدا بەدیدەکرێت. دبەسـەیرکردنی خشـتەی ژمـارە(٢٦) یشـــدا، ئـــەوەمان زیـــاتر بـــۆ ڕوون دەبێتـــەوە کەڕێـــژەی ئـــاژەڵی شارۆچکەکە،بەشێوەیەکی بەرچاو دەکەوێتە نێوسنووری گوندەکانی هـەردوو شارەدێی ( بێتواتە و سەرکەپکان ) بەشێوەیەك شارەدێی (بێتواتە ) لەساڵی (٢٠٠٦) ڕێـژەی(٢٩٪)ی کـۆی ژمـارەی ئـاژەڵی شارۆچـکەی ڕانیـەی پێـك هێناوە،شارەدێی(ســـەرکەپکان)یش ڕێـــژەی ( ٢٦٪) ی کـــۆی ئـــاژەڵی شارۆچکەی ڕانیەیان لەخۆگرتوە، هەر لە خشتەی ژمارە (٢٦) تێبینی ئـەوە دەکرێت کەئەم دوو شارەدێیە زۆرترین ئاژەڵەکانیان لەجۆری بزن پێکهـاتووە بەجۆرێك شارەدێکانی ( بێتواتـە و سـەرکەپکان ) یـەك بـەدوای یـەك ڕێژەی (٣٧٪، ٣٥٪)ی کۆی بزنی شارۆچکەکەیان لەخۆگرتوە.

**خشتەی ژمارە (٢٦)**

دابەشبوونی سامانی ئاژەڵ بەگوێرەی یەکە کارگێڕییەکانی

شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٦)

| یەکەکان | مەڕ | ٪ | بزن | ٪ | مانگا | ٪ | کۆی هەمووی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شارەدێی سەنتەر | ٧٦٣٦ | ١٣ | ٥٧٩٥ | ٨,٥ | ٤٤٨١ | ١٨ | ١٧٩١٢ | ١٢ |
| شارەدێی چوارقورنە | ١٤٢٦٠ | ٢٤,٥ | ٤٨٦٠ | ٧ | ٢٩٥٨ | ١٢ | ٢٢٠٧٨ | ١٤ |
| شارەدێی بێتواتە | ١٤٣٦٥ | ٢٤,٥ | ٢٥٩٦٨ | ٣٧ | ٤١٥٦ | ١٦ | ٤٤٤٨٩ | ٢٩ |
| شارەدێی حاجی ئاوا | ١٤١١٣ | ٢٤ | ٨٥٧٤ | ١٢,٥ | ٦٥٤٣ | ٢٦ | ٢٩٢٣٠ | ١٩ |
| شارەدێی سەرکەپکان | ٨٢٩٦ | ١٤ | ٢٤٥٩٨ | ٣٥ | ٧١٦٦ | ٢٨ | ٤٠٠٦٠ | ٢٦ |
| کۆی گشتی | ٥٨٦٧٠ | ١٠٠ | ٦٩٧٩٥ | ١٠٠ | ٢٥٣٠٤ | ١٠٠ | ١٥٣٧٦٩ | ١٠٠ |

سەرچاوە / بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی سامانی ئاژەڵ، نوسراو بەکۆمپیوتەر، بڵاو نەکراوەتەوە.

ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ناوچەکە، کەزیاتر شاخاوییەو شتێکی ئاشکراشە کەزیاتر بزن لەم ناوچانە بەخێو دەکرێت کە سروشتێکی شاخاویان هەیە. کەمی داهاتی ئابووری لەهەردوو شارەدێی ( بێتواتەو سەرکەپکان ) ڕەنگدانەوەی دیاری هەبووە لەسەر چڕی دانیشتوان بەجۆرێك چڕی دانیشتوان لەشارەدێی( بێتواتە) دەگاتە (٧٢کەس / کم$^{٢}$) و

لەشارەدێی (سەرکەپکان) یش (٤١کەس /کم٢).دوابەدوای ئەوانیش هەریەك لەشارەدێکانی( سەنتەر و چوارقوڕنە وحاجی ئاوا) دێن لەڕووی ژمارەی ئاژەڵەوە یەك بەدوای یەك ڕێژەی ( ١٢٪ ، ١٤٪ ، ١٩ ٪) کۆی ژمارەی ئاژەڵی شارۆچکەکەیان پێکهێناوە، کەمی ئەو ڕێژەیەش لەم یەکانەدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەئەم ناوچەیە کەوتۆتە سەر پێدەشتێکی بەپیت و خەڵکەکەی زیاتر سەرگەرمی بەرهەم هێنانی بەرووبەومی کشتوکاڵین و بەشێکیشیان لەبواری پیشەسازی و بازرگانی کاردەکەن. لەهەمان کاتدا چالاکییە کشتوکاڵیەکانیش لەناوچەی لێکۆڵینەوە کە بەیەکێك لە هۆکارە ئابوورییە گرنگەکان دادەنرێن کەکاریگەری زۆریان کردۆتە چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوان و جیاوازی چڕییان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، لێرەشدا جیاوازی شێوازی کشتوکاڵ کردن و ڕێگاکانی ئاودێری و جۆری بەرووبومەکە ڕۆڵی دیاریان لەبوونی ئەم جیاوازە دا بینیوە، بەشێوەیەك چڕی دانیشتوان لەو بەشانەی شارۆچکەی ڕانیە زۆر دەبێت کەشێوازی کشتوکاڵی چڕ پەیڕەو دەکەن بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کەدانیشتوانەکەی خەریکی چاندنی بەرووبومی هاوینەن و پشت بە ئاودێری دەبەستن، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەم جۆرە کشتوکاڵ کردنە پێویستی بەدەستی کاری زۆر هەیە، بەپێچەوانەی کشتوکاڵی ( دێمی ) بلاْوبوونەوەی ئەم جۆرە کشتوکاڵ کردنە بەزۆری لەبەشەکانی باشووری ناوچەی لێکۆڵینەوە دایە، بۆ بەرهەم هێنانی ئەم بەروو بوومە پشت بەئاوی ژێر زەوی (سەرچاوەوکانیاوەکان) بەستراوە، بەجۆرێك دەوروبەری شاری ڕانیەسالاْنە بەشێکی زۆری زەوییەکانی بۆ بەرووبومی هاوینە بەکاردێن وپشت بەئاودێری دەبەستن کەلەڕێگەی جۆگەی کۆنکرێتەوە، ئاوی هەردوو سەرچاوەی ( قوولەو کوێرەکانی ) دەبنە سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئەم جۆرە بەرووبومانە، بەهەمان شێوەش بەشێکی زۆری گوندەکانی سنووری هەردوو شارەدێی (چوارقوڕنەو حاجی ئاوا ) لەڕێگەی ئاودێرییەوە سەرگەمی بەرهەمهێنانی بەروبومی هاوینەن، بەشێوەکی گشتیش ئەم ناوچانەی رووبەری داچێنراون

بەبـــەرووبوومی هاوینـــە زۆرە ئـــەوا چـــڕی دانیشـــتوانیان تێـــدا بەبـــەرزی دەردەکـــەوێت، بەپێچـــەوانەی ئـــەو ناوچـــانەی کەڕووبـــەری داچـــێنراوییان بەبەرهەمی ( زسـتانە)ی دێمـی زۆرە، ئەمـەش بـەهۆی ئـەوە توانـای ئـەوەی دووەمیان تاڕادەیەك سنووردارە و لەتوانایدا نیە پێداویستی ژمارەیەکی زۆری خەڵك دابین بکات[1] بەسەیرکردنی خشتەی ژمارە (٢٧) ئەم ڕاسـتییە ڕوونـتر دەردەکەوێت.بەجۆرێك ڕووبەری داچێنراو بەبەرووبومی هاوینەی شارۆچـکەی ڕانیە لە سـاڵی ( ٢٠٠٦)دا نزیکـەی (٣٧٤٤٠دۆنم ) بـووەو ڕووبـەری داچـێنراو بەبەرووبومی زستانەش ( ٦٩٤٢٦دۆنم) بووە، (شارەدێی سەنتەر)* ڕووبـەری (٦٩٪)ی کـۆی ڕووبـەری داچـێنراوی بـەروبومی زسـتانەی پێـك هێنـاوە و شـــارەدێی (بێتواتـــە)ش (٣١٪) ی کـۆی ڕووبـــەری داچـــێنراو بەبـــەروبومی زستانەی شارۆچکەکەی پێکهێناوە، هەروەها ڕووبەری داچێنراو بەبەرووبومی هاوینـــە لەشـــارەدێی ســـەنتەر کەدەکەوێتـــە بەشـــی باشـــووری شارۆچـــکەکە ڕووبـەرێکی زۆری داگیرکـردوە ،بـەجۆرێك ڕێـژەی (٨٩٪) ی کـۆی ڕووبـەری داچێنراوی بەبەرووبومی هاوینـەی پێکهێناوە.

هەروەها شارەدێی ( بێتواتە)ش کەدەکەوێتە بەشـی بـاکووری ڕۆژئـاوای شارۆچـــکەکە، تـــەنها(١١٪) ی کـــۆی زەوییـــەکانی بەبـــەرووبوومی هاوینـــە داچێنراوە، هەرلەبەرئەم هۆیە دەردەکـەوێت چـەندە بـەرەو بەشـی بـاکووری شارۆچکەکە بڕۆین چڕی دانیشتوان کەم دەبێتەوەو بەپێچـەوانەوەش چـەندە بـەرەو بەشـی باشـووری شارۆچـکەکە بـڕۆین چـڕی بەبـەرزی دەردەکـەوێت، بەهۆی زۆری زەوی داچێنـــراو بەبەرووبوومـــی هاوینەو پیادەکردنی ڕێگای

---

[1] هیوا صادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی شارۆچکەی کۆیـە (١٩٥٧-٢٠٠٢)، سەرچـاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٩٣ .

* ڕووبەری هەرسێك شارەدێی سەنتەرو چوارقونە حاجی ئاوا بەیەکەوە، هەژمار کراوە، چونکە تەنها لەشاری ڕانیەو شارۆچکەی سەروچاوە کەناوەندی شارەدێی (بێتواتە)یە، فەرمانگـەی کشتوکاڵی لێیـە، لەبـەر ئـەوە تـەنها ڕووبـەری داچێنراو لەسـەر ئاسـتی ئـەم دوو ناوچـەیە هەژمارکراوە.

**خشتەی ژمارە (٢٧)**

ڕووبەری داچێنراو بە بەرووبوومی زستانە و هاوینە لەشارۆچکەی ڕانیەدا لەساڵی (٢٠٠٦)

| یەکە کارگێڕییەکان(*) | ڕووبەری داچێنراو بەدۆنم | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بەرووبەمی زستانە | ٪ | بەرووبەمی هاوینە | ٪ |
| شارەدێی سەنتەر(**) (١) | ٤٧٧٩٦ | ٦٩ | ٣٣٣٥٧ | ٨٩ |
| شارەدێی بێتواتە(٢) | ٢١٦٣٠ | ٣١ | ٤٠٨٣ | ١١ |
| کۆی گشتی | ٦٩٤٢٦ | ١٠٠ | ٣٧٤٤٠ | ١٠٠ |

(*) تەنها لەم دوو بەشەی شارۆچکەکەدا ڕووبەری زەوی داچێنراو، هەژمار کراوە لەبەر ئەوە ئەم دوو بەشەمان وەرگرتوە،

(**) شارەدێی سەنتەر، هەردووك شارەدێی ( چوارقورنەو حاجی ئاوای) لەگەڵ هەژمار کراوە.

سەرچاوە /

(١) بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی پلان دانان ،ڕووپێوی زەوی داچێنراو، نوسراو بەکۆمپیوتەر بلأونەکراوەتەوە

(٢) بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە ،لقی سەروچاوە، بەشی پلان دانان، ،ڕووپێوی زەوی داچێنراو، نوسراو بەکۆمپیوتەر بلأونەکراوەتەوە.

ئاودێری ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە بەرووبوومی هاوینە پێویستی زیاتری بەدەستی کارە چونکە ئەم بەرووبوومە پێویستی بەکاری بەردەوامە هەرلەر لەسەرەتای چاندییەوە تاوەکو دەگاتە بازاڕ[1]. هەرلەبەر ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی بەرەو خۆی کێش کردووە. ئەوەی لێرەدا شیاوی ئاماژەیە ئەوەیە کەزۆر لەبەرووبوومە هاوینەکان لەساڵانی ڕابردوودا ڕۆڵێکی گرینگییان گێڕاوە لەسەر دابەشبوونی چڕی دانیشتوان، بەجۆرێك

---

(١) نوری خلیل البزازی، و، ابراهیم عبدلجبار المشهدانی، الجغرافیة الزراعیة، طبعة الثانیة، دار الکتب للطباعة والنشر جامعة الموصل، الموصل، ٢٠٠٠، ص ٢٤٨.

هەندێك بەرووبومی هاوینە، بەژێدەرێكی سەرەكی دانراون بۆ دابینكردنی لایەنی ئابووری خەڵكی گوندنیشەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە، بەتایبەتی بەرهەمی( توتن ) ئەم بەرووبومە پێویستییەكی زۆری بەدەستی كار هەیە لەپێناو بەرهەم هێنانی، هەرلەبەر ئەوە لەپێشودا ئەم ناوچانەی ئەم بەرهەمەی تێدا بەرهەم هێنراوە دانیشتوانی زۆری تێدا كۆبۆتەوە، ناوچەی لێكۆڵینەوە لەساڵانی پێشوودا رووبەرێكی زۆری زەوی بەو بەرهەمە دادەچێنرا، بەجۆرێك ساڵی (١٩٩٩) نزیكەی ( ٢٤٠٥٠دۆنم[٢] ) بەتوتن داچێنرابوو بەڵام لەساڵی (٢٠٠٣) تەنها (١٠٠دۆنم٢)[١]. زەوی بەو بەرووبومە داچێنراوەو لەساڵانی دواتر ئەوەندەش نەماوە واتە هیچ پارچە زەوییەك لەسنووری شارۆچكەی ڕانیە بەم بەرهەمە دانەچێنراوە، لەبەرئەوە ژمارەیەكی زۆر گوندنشینانی شارەدێكانی (بێتواتەو چوارقورنە) بەهۆی كەمبوونەوەی بەهای ئەم بەرووبومەو وەرنەگرتنی لەلایەن حكومەتەوە، كۆچیان كردبۆشارەكان و گوندەكانیان بەجێهێشت،لەپێناو دەسكەوتنی هەلی كاركردن ڕوویان لەشارەكان كردوە[٢]. ئەمەش بەشێوەیەكی دیار كاری كردۆتە سەر لایەنی دابەشبوونی دانیشتوان لەناوچەی لێكۆڵینەوە، بەشێوەیوك زۆرێك لە گوندەكانی سنووری هەردوو شارەدێی ( بێتواتە و چوارقورنە) بەرەو چۆڵ بوون چوونە.

**ب- چالاكی پیشەسازی :**

پیشەسازی بەیەكێك لەو چالاكییانە دادەنرێت كەكاریگەرییەكی دیاری هەیە، لەسەر چڕی و دابەشبوونی دانیشتوان، بەجۆرێك ناوچە پیشەسازییەكان بەناوچەی چڕی بەرز دەردەكەون، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پەرەسەندنی ئابووری لەمەودای دووردا پشت بە پیشەسازی دەبەستێ

---

[١] بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵی ڕانیە، بەشی پلان دانان، ڕووپێوی زەوی داچێنراو، نوسراو بەكۆمپیوتەر بلاْونەكراوەتەوە

[٢] چاوپێكەوتن لەگەڵ ( عبدالرحمن قادر قادر، خەڵكی گوندی ( دواوە) لەبەرواری، ٢٠٠٨/٤/٢٥.

پیشەسازیش بەشارەگی پەرەپێدانی چالاکییە ئابوورییەکان دادەنرێت[1].

هەرلەبەر ئەم هۆیە کاریگەری چالاکی پیشەسازی، بەشێوەیەکی دوو لایەنەیە، یەکەمیان ڕاستەوخۆیە کە بریتی یە لە گردبوونەوەی دانیشتوان لە دەوروپشتی هەرێمە پیشەسازییەکان، دووەمیشیان ناڕاستەوخۆیە وەك بوونی پیشەسازییەکان لە نێو شارەکاندا زۆر لە کۆچەرەکان بە تایبەتی لە گوندەکانەوە بۆ خۆی کێش دەکات[2].

جیاوازی دابەشبوونی بواری جۆر بەجۆری چالاکیە پیشەسازیەکان کاریگەری لەسەردابەشبوون یاخود دووبارە دابەشبوونەوەی دانیشتوان هەیە ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە دابین کردنی بواری هەمەلایەنەی کارکردن بۆدانیشتوان[3].

شارۆچکەی ڕانیە لەڕووی کەرتی پیشەسازییەوە تاڕادەیەك وەکو ناوچەیەکی دەوڵەمەند دەردەکەوێت بەتایبەتی لەڕووی کەرتی پیشەسازی بیناسازی، هۆی پێشکەوتنی ئەم کەرتەش لەم ناوچەیەدا بەندە بەدوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان بوونی کەرستەی سەرەتای (خاو)، کەگومان لەوە دانییە، بوونی کەرستەی خاو بەهەموو جۆرەکانییەوە لەبنەما سەرەکییەکانی دامەزراندن وپەرەپێدانی پیشەسازییە جۆربەجۆرەکانن.[4] دووەمیان هۆکاری پێشکەوتنی ئەم کەرتە دەگەڕێتەوە بۆدووبارەبنیات

---

[1] سەلاحەددین حەفید، ئابوری کوردستان (١٩٧٧ – ١٩٩٠)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١٤٢.

[2] فتحي محمد أبوعيانة، جغرافية السكان، المصدر السابق، ص ١٢٢.

[3] عبد علي حسن الخفاف، العلاقات المكانية لتوزيع السكان في محافظة البصرة، بحث مستل من المجلد الثالث العدد الاول لمجلة زانكو العلمية الانسانيات، مطبعت جامعة السليمانية، ١٩٧٧، ص، ١٣٣.

[4] ئازاد نەقشبەندی و حەلاو حوسێن کەریم ، توانا و گرفت وئاسۆکانی گەشەسەندی پیشەسازیە خۆراکیەکانی پارێزگای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە، ١١٠.

نانەوەی گوندەکان و دامـەزراوە مەدەنیـەکان لەشـارەکان[1] . ئەمـەش کـاری کردە سەر بەرەو پیش بردنی ئەم کەرتە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردسـتان بەگشـتی و ناوچـەی لێکۆڵینـەوە بەتایبـەتی، چـونکە بەشـێکی زۆری گونـدو شـارەکانی دەوروبـەری ناوچـەی لێکۆڵینەوەتوشـی کاولکـاری هـاتبوون[2]. لەسـەیرکردنی خشـتەی ژمـارە (٢٨) دەردەکـەوێت. کەزۆربـەی کارگـەکان و دامــەزراوە پیشەســازییەکان کەوتونەتــە بەشــی باشــووری شارۆچــکەکە کەسـنووری هەریـەك لـە شـارەدێکانی (سـەنتەر و چـوارقورنەو حـاجی ئـاوا) دەگرێتەوە ئەمەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بـوونی کەرسـتەی خـاو لـەم ناوچـەیە، بەتایبەتی لـەلێواری چـەم ورووبارەکانـدا، کەناوچـەیەکی گرنگـی دەرهێنـانی (چەو و لم)ن ناوچەی (دەربەندی ڕانیە)، کەزێی بچووکی پێدا تێپـەڕ دەبێـت بەناوچەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ دەرهێنـانی (چـەو و لم) هـەروەها ڕووبـاری (قائیمقـام)یش لەسـنووری شـارەدێی (حـاجی ئـاوا ) نزیکـەی (١٠) کارگـەی شوراوەی چەو لمی لەسەر دامەزراوە.هەرلەبەر ئەوە دەبینین زۆربـەی کارگـە بلۆکـەکان لـەم سـنوورەدا دامـەزراون ،بەشـێوەیەك شـارەدێکانی (سـەنتەرو چوارقونەو حاجی ئاوا) یەك بەدوای یەك ( ٤، ٢٠،٣٥) کارگـەی بلۆکیـان تێـدا دامەزراوە.

---

[1] کمال خیـاط، الواقـع الاقتصـادی –الاجتمـاعی لمحافظـة االسـلیمانیة ٢٠٠٣، ، مکتـب الفکـر و التوعیة في الاتحاد الوطنی الکوردستانی، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص ٩٦.

[2] بـۆ وانیـاری زیـاتر بڕوانـە :( ئـەمین قـادر مینـە، ئـەمنی سـتراتیجی عێـراق و سێکوچـکەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە، ٣١٧–٣٢٢.

**خشتەی ژمارە ( ٢٨)**

کارگە پیشەسازیەکانی بیناسازی شارۆچکەی ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٦)

| یەکە کارگێڕیەکان(*) | کارگەی بلۆك | کارگەی کاشی | کارگەی بۆری کۆنکریت | کارگەی قیر | کارگەی شورلوەی چەولم |
|---|---|---|---|---|---|
| شارەدێی سەنتەر | ٤ | ٢ | ٣ | – | ٣ |
| شارەدێی چوارقورنە | ٢٠ | ٥ | ٢ | ١ | – |
| شارەدێی حاجی ئاوا | ٣٥ | ٢ | ٢ | ١ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٥٩ | ٩ | ٧ | ٢ | ١٣ |
| ژمارەی کرێکار | ٩٦٢ | ٨١ | ٤٠ | ٤٠ | ١٥٨ |

(*) شارەدێکانی (بێتواتە وسەرکەپکان ) هیچ کارگەیەکیان تێدا دانەمەزاوە.

سەرچاوە / سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشە کێشان، نوسراو بە کۆمپیوتەرو بڵاونەکراوەتەوە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی کەرەستەی ( سەرەتایی) لەلایەك و لەلایەکی تریش هۆکاری بەرزی ونزمی ڕۆڵێکی دیاری گێڕاوە لە دەرکەوتنی ئەم پیشەسازییە لەم ناوچەیەدا، چونکە بەشی باشووری شارۆچکەی ڕانیە زیاتر ناوچەیەکی دەشتاییە و هاوتوچۆی تێدا ئاسانە، جگە لەم کارگانە چەندین کارگەی تر لەم بەشەدا دامەزراون، بوونی ئەم کارگانەش کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر کۆبوونەوەی دانیشتوان لەم بەشەی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەشێوەیەك ئەم یەکانەی کە کارگەکانیان تێدا دامەزراوە چڕی دانیشتوانیان تێدا بەبەرزی دەردەکەوێت، بەجۆرێك هەریەك لە ( شارەدێکانی سەنتەر و چوارقورنەو حاجی ئاوا ) چڕییان، لەساڵی (٢٠٠٦)دا یەك بەدوای یەك (٥٢٠، ٢٨٣، ٥٤٦ کەس/کلم٢ )ە هۆکاری

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم کارگانە پێویستی زۆریان بەدەستی کار هەیە، ئەمەش وایکردووە خەڵکێکی زۆر بۆ دابینکردنی لایەنی ئابوورییان لەم کەرتانەدا کاربکەن و لەدەوری ئەم کارگانە کۆببنەوە، زۆربوون وپێشکەوتنی کارگەکانی پیشەسازی بیناسازی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی کارگە بلۆکەکان بەشێوەیەك بووە، کەبەشێکی زۆری خەڵکی شارەکانی تری هەرێم سوودیان لێوەرگرتوە بۆ دابینکردنی ئەم کەرستانە ڕوویان لەکارگەکانی ئەم ناوچەیە کردوە[1].

سەبارەت بەچالاکییە خزمەتگوزاری و بازرگانییەکانیش، کەراستەوخۆ کاریان لەسەر دابەشبوونی جوگرافی وچڕی دانیشتوان هەیەئەم چالاکییانەش لە شارۆچکەی ڕانیەدا زیاتر لەمەڵبەندی شارەکان کۆبوونەتەوە شاری (ڕانیە) کەگەورەترین ناوەندی شارستانی و مەڵبەندی کارگێڕی شارۆچکەکەیە، زۆربەی هەرە زۆری دام و دەزگا حکومی و بازرگانی و دارای و خزمەت گوزاریەکانی تێدا کۆبۆتەوە، بۆیە چڕییەکی دانیشتوان لەم بەشەدا چڕیەکی بەرزە، جگەلەمە بەهۆی ئەوەی شارۆچکەی ڕانیە وەك ئەلقەیەکی پەیوەندی وایە، لەگەڵ وڵاتی ئێران، لەبەر ئەوە چالاکی بازرگانی هەرلەکۆنەوە لەم شارەدا بەهێزبیوە، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە بواری بازرگانی کاربکەن، هەروەها لەشارەدێی (حاجی ئاوا) ش چالاکی بازرگانی وەکو چالاکییەکی بەهێز دەردەکەوێت، ئەمەش بەهۆی بوونی بازاڕێکی گەورەی کڕین وفرۆشتنی ئاژەڵ وچەك وکەل و پەلی هەمەجۆرە کەبەمەیدانی حاجی ئاوا ناسراوە،ئەم چالاکییە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کۆبوونەوەی دانیشتوان لەم یەکەیەدا [2]. هەرئەمەش وای کردوە کەچڕی لەم

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( هەژار ڕەفیق ) خاوەنی کارگەی بلۆکی هەژار لە چوارقوڕنە، لە ڕۆژی ٢٥/ ٤/ ٢٠٠٨.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( عبدالله حسين عمر ) خەڵکی شارۆچکەی حاجی ئاوا، لەڕۆژی ٢٧/ ٤/ ٢٠٠٨.

یەکەیــەدا بەبــەرزی دەربکــەوێت بــەجۆرێك لەســاڵی (٢٠٠٦) چــڕی ئــەم یەکەیەگەیشتۆتە نزیکەی (٥٤٦ کەس/کلم٢) .

## ٢. ڕێگای گواستنەوە

ڕێگاکـانی گواسـتنەوە ڕۆڵێکـی بەرچـاوییان هەیـە لـە کـێش کردنـی دانیشـتوان ، بـەجۆرێك ئـەو ناوچـانەی کـەتۆڕەکانی گواسـتنەوەی پێداڕەت دەبێت بەناوچـەی کۆبوونـەوەی دانیشـتوان دادەنرێن. کەواتـە، گواسـتنەوە هۆکـارێکی مرۆیـی گرنگـە کـە کـار دەکاتـە سـەر دابەشـبوونی دانیشـتوان و چـڕییان[1] . پێشـکەوتنی هۆیـەکانی گواسـتنەوە و هاتووچـۆو بـوونی ڕێگـای قیرتـاو کـراو پێویسـتن بـۆ گەیانـدنی کەرسـتەی دروسـتکراوو بـەرووبومی کشـتوکاڵی بۆبـازاڕ و کڕینـی کەلوپـەلی پێویسـت لەلایـەن دانیشـتوانەوە لـەم بازاڕانــەدا[2] . ئــەم پێشــکەوتنەش دواجــار کاردەکاتــە ســەر قــەبارەی بەرهــەمهێنانی بــەرووبومی کشــوکاڵی، چــونکە ڕێگاکــانی گواســتنەوە بـەهۆکارێکی سـەرەکی دادەنـرێن لەگەیانـدنی بەروبوومـە کشـتوکاڵییەکان بۆناوچەی بەکاربردن [3] .

شارۆچکەی ڕانیەش بەهۆی کۆمەڵێك هێڵی گواستنەوە، کە ئەویش خۆی لەڕێگای ئۆتۆمۆبیل دادەبینێتەوە بەسـتراوەتەوە بەناوچـەکانی دەوروبـەری، بەجۆرێك (شاری ڕانیە) بەهەریەك لە شارەکانی ( هەولێر وسلێمانی و کۆیـە و شەقلاوەو خەلیفان وقەلادزێ) دەگـات بـەهۆی کۆمـەڵێك ڕێگـای قیرتـاو کـراو بەدرێژای جیاواز وەك لەخشتەی ژمارە (٢٩) دا دەردەکەوێت.

---

(١) صلاح الدين الشـامي، جغرافيـة النقـل و المواصـلات، دارالطباعـة الحديثـة، القـاهرة، ١٩٦٠، ص٤.

(٢) سـلێمان عەبـدوڵلا ئیسـماعیل، یـەکتر تـەوا کردنـی کشـتوکاڵ _ پیشەسـازی ورۆڵـی لـە گەشەسەندنی ئابووری نیشتیمانیدا، سـەنتەری برایـەتی، ژمـارە ١١، سـاڵی ١٩٩٩، لاپـەڕە ١٧٦.

(٣) سعدي علي غالـب، جغرافيـة النقـل والتجـارة، دارالكتـب للطباعـة والنشـر، جامعـة الموصـل، الموصل، ١٩٨٧، ص ٤٤.

**خشتەی ژمارە (٢٩)**

درێژی ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان شاری ڕانیەو شارەکانی دەرەوە

| ڕێگا | جۆرەکەی | درێژییەکەی /کم |
|---|---|---|
| ڕانیە – سلێمانی | قیرتاو | ١٣٦ |
| ڕانیە – هەولێر | قیرتاو | ١٣٠ |
| ڕانیە – کۆیە | قیرتاو | ٣٥ |
| ڕانیە –شەقلاوە | قیرتاو | ٦٣ |
| ڕانیە – خەلیفان | قیرتاو | ٤٣ |
| ڕانیە – قەلآدزێ | قیرتاو | ٣١ |

سەرچاوە/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری گشتی شاری ڕانیە لە ٢٠٠٢/١٢/٢٥ تاکو ٢٠٠٣/١/١٠ ئەنجام دراوە، بەبێ شوێنی چاپ، لاپەڕە ٢١٢–٢١٤.

لەناوەوەش بەهۆی کۆمەلێك ڕێگای گواستنەوە، بەشە جیاجیاکانی شارۆچکەکە بەیەگ دەگەن لەوانەش ڕانیە – چوارقوڕنە بەدرێژای (٥) کم، ڕانیە – حاجی ئاوا بەدرێژای(٨)کم، ڕانیە – سەرکەپکان بەدرێژای (٩)کم، ڕانیە – بێتواتە بەدرێژای (٩)کم، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٠) .

**خشتەی ژمارە (٣٠)**

درێژی ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان شاری ڕانیەو شارەکانی دەوروبەری

| ڕێگا | جۆرەکەی | درێژییەکەی /کم |
|---|---|---|
| ڕانیە –چوارقوڕنە | قیرتاو | ٥ |
| ڕانیە – حاجی ئاوا | قیرتاو | ٨ |
| ڕانیە – بێتواتە | قیرتاو | ٩ |
| ڕانیە – سەرکەپکان | قیرتاو | ٩ |

سەرچاوە/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو ،، لاپەڕە ٢١٦–٢١٧

بایەخی ئەم ڕێگایەنەش لەسەردابەشبوونی دانیشتوان لەوپەیوەندیە دەردەکەوێت، کەلەنێوان ئەم ڕێگایانە و نشینگە سەرەکیەکانی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا هەن، بەبەراورد پێکردنی دابەشبوونی دانیشتوانی شارۆچکەکە لەنەخشەی ژمارە(٣١) کەڕێگا سەرەکیەکانی لەسەر دیاری کراوە. دەردەکەوێت کەژمارەیەکی زۆر لەنشینگەکان بەتایبەتیش نشینگە شارستانیەکان کەکەوتونەتە سەر ڕیگا سەرەکیەکانی گواستنەوەلەوانەش شارۆچکەی (چوارقوڕنە) کە بەدووەم نشینگەی شارستانی شارۆچکەکە دادەنرێت لەڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە کەوتۆتە سەرڕێگای سەرەکی نێوان ڕانیە _ سلێمانی، هەریەك لەشارۆچکەی ( حاجی ئاوا و سەروچاوە ) ش دەکەوێتە سەر ڕێگای ڕانیە _ خەلیفان ،شارۆچکەی (سەرکەپکان) یش، لەسەر ڕێگای ڕانیە _ ڕواندز هەڵکەوتوە. وێرای ئەمە چەندین نشینگەی گوندی قەبارەگەورە بەدرێژای ڕێگە سەرکیەکان دامەزراون و ڕێگاکان بۆیان بونەتە مایەی گەشەکردن لەوانەگوندەکانی( کانی ماران و گردجان و قەرەنیاغا) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو گوندانەی کەوتونەتە سەرڕێگا سەرەکیەکان کاری خزمەت گوزاریان تیا پەیدا دەبێت ئەو گوندانەی کە لەهەمان کاتدا خەریکی کاری کشتوکاڵی و خزمەت گوزارین بەگشتی زووتر گەشە دەکەن و دەبوژێنەوە لەچاو ئەو گوندانەی کەتەنیا یەك جۆر کاری ئابووری ئەنجام دەدەن[1].

جگەلەمە ڕاکێشانی ڕێگاکانی گواستنەوە لەوبەشانەی شارۆچکەکە کە کەوتونەتە ناوچە شاخاویەکان بەتایبەتی لەسنووری شارەدێکانی (بێتواتە و سەرکەپکان) کاریگەری زۆری کردۆتە سەر شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان بەجۆرێك ئەو گوندانەی لەناوچە بەرزەکان هەڵکەوتون لەگەڵ دروست کردنی ڕێگاکانی شوێنی یەکەم جاری گوندەکەیان بەجێ هێشتووەو هاتوونەتە نزیك ڕێگاکان کۆبوونەتەوە.

---

[1] عەبدوڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان، چاپخانەی ئاپیك، ستۆکۆڵم، ١٩٩٤، لاپەڕە ٤٢.

## ت/ هۆکاری کارگێڕی

هۆکاری کارگێڕی وەکو هەرهۆکارێکی تری مرۆی ڕۆڵ وکاریگەری تایبەتی هەیە لەسەردابەشبوون و چڕی دانیشتوان، گرنگی ئەم هۆکارەش لەوەو دەردەکەوێت کە هەموو یەکەیەکی کارگێڕی، شوێنێکی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕەوتی ئەو پێکهاتە کارگێڕییەی کە لە ولآتدا پەیڕەو دەکرێت، لە ولآتی ئێمەشدا یەکە کارگێڕییەکان لە بچووکترین یەکەوە کە (ناحییە)یە دەست پیّ دەکات دوای ئەویش (شارۆچکە) و ئینجا (پارێزگا) و دواتریش (پایتەخت) دێت ئەم ڕیزبەندییەش کاریگەری هەیە لە سەر پشکی هەر یەکەیەکی کارگێڕی لە دام ودەزگا حکومی و کارگێڕی وخزمەتگوزارییەکاندائەمەش دەبێتە هۆکار لە جیاوازی دابەشبوون وچڕی دانیشتوان[1]. کۆبوونەوەی دام و دەزگا حکومی و کارگێڕی و خزمەتگوزارەیەکان شێوەیەکی پلەدارییان وەرگرتووە، بەجۆرێك ( پایتەخت) پلەی یەکەمی وەرگرتووە لەوەی کەزۆرترین دام و دەزگا حکومی و کارگێڕی و خزمەت گوزارەیەکانی تێدا کۆبۆتەوە، (شارەدیّ) ش لەپلەی کۆتایی دایە، لەگوندەکانیش ئەم دام دەزگایانە بوونیان نییە.جیاوازی ئەم گرنگی دانەش دواجار ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هێزی کێشکردنی دانیشتوان بەجۆرێك دانیشتوان ئارەزووی نیشتەجیّ بوون لەم ناوچانە دا دەکەن کەزۆرترین دام و دەزگا حکومی و کارگێڕیّ و خزمەت گوزاریەکانیان تێدا کۆبۆتەوە.

سەبارەت بە شارۆچکەی ڕانییەش، وەك لەپێشوودا ئاماژەمان پێدا لە ماوەی سالآنی (١٩٥٧ –٢٠٠٦) دا گۆڕانی زۆربەسەر ژمارەی یەکەکانیدا هاتووە، بەجۆرێك ژمارەی یەکەکان لە(سیّ) یەکەوە لە ساڵی (١٩٥٧)دا زیادی کردوە بۆ(پێنچ) یەکە، لەساڵی (٢٠٠٦)، ئەم گۆڕانەش کەبەسەر ژمارەی یەکەکاندا هاتووە دواجار ڕەنگدانەوەی دیاری لەسەر چڕی ئەم

---

[1] ساسان حیکمەت عەلی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەپارێزگای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، لا پەڕە ١٤٨.

یەکانە جێشتوە، زیاد بوونی چڕی دانیشتوان لەنێو سەنتەری یەکەکاندا ، زادەی بوونی دام و دەزگا حکومی و کارگێڕی و گرنگی دانە بەپڕۆژە خزمەتگوزارییەکان. کاریگەری وەزیفی کارگێڕیش لەسەر ژمارەو چڕی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا بەڕوونی لەشارەکانی ( ڕانیە و چوارقوڕنەو حاجی ئاوا) دەردەکەوێت. شاری ڕانیە بەوپێیەی کەسەنتەری کارگێڕی شارۆچکەکەیە و زۆربەی هەرە زۆری دامودەزگا کارگێڕی و خزمەتگوزاری وبازرگانی وئابوورییەکانی تێدا کۆبۆتەوە، ئەمە وایکردووە ئەم شارە ببێتە گەورەترین ناوەندی شارستانی شارۆچکەکەو لەتەواوی ماوەی سالآنی لێکۆڵینەوەشدا زۆرترین ژمارەی دانیشتوان بەخۆیەوە بگرێت، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠٠٦) نزیکەی (٣٦٪) ی کۆی دانیشتوانی شارۆچکەکەی پێکهێنابوو،بەم جۆرە چڕی دانیشتوانی ئەم یەکەیە لەم ساڵەدا نزیکەی ( ٥٢٠ کەس/کم$^{٢}$) بووە. جگەلەمە بڕیارە کارگێڕییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان هەبووە لە گەشەپێدان و بەرەو پێش چوون و هەڵکشانی ژمارەی دانیشتوان، بەجۆرێك شارەدێی حاجی ئاوا کەپێشتر کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ بوو، بەرلەوەی فەرمانی کارگێڕی بە( شارەدێ) بوونی بۆ دەربچێت، بەئاراستەی چۆڵ بوون هەنگاوی دەنا زۆربەی دانیشتوانەکەی کەپێکهاتبوو لەخەڵکی راگوێزراوی گوندەکان بەرەو زێدی خۆیان دەڕۆشتنەوە، بەلآم لەگەڵ دەرچوونی فەرمانی کارگێڕیەکەی لەساڵی (١٩٩٩[*]) ئەم یەکەیە دووبارە بەرەو ئاوەدان بوونەوە ڕۆیشت و گەشەیەکی

---

(*) پێش ساڵی (١٩٩٩)،(حاجی ئاوا) هیچ گرنگییەکی لەڕووی پرۆژەکانی خزمەتگوزاریەوە پێنەدرابوو، بەجۆرێك پڕۆژەی ئاویان نەبوو ئەمەش یەکێك بوو گرفتەکانی دانیشتوان ئەم ناوچەیە، هەرلەبەر ئەوە خەڵکەکەی بەرەو گوندەکان دەگەڕانەوە و خانوەکانیان بەنرخێکی زۆر کەم دەفرۆشت، بەلآم لەدوای ساڵی ١٩٩٩ کەبڕیاری بەشارەدێ بوونی دەرچوو، ئەم یەکەیە گرنگیەکی زۆری پێدرا، بەجۆرێك پڕۆژە گەلێکی زۆری خزمەت گوزاری تێدا چڕکرایەوە، گرنگی نەدان بەگوندەکان و گرنگی دان بەشارەدێی حاجی ئاوا وای کرد ئەو خەڵکانەی چووبونەوە بۆ گوندەکان دووبارە بگەڕێنەوە بۆ سنووری ئەم

بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و بەجۆرێك لەساڵی (٢٠٠٦) ئەم یەکەیە (٢٣٪) ی کۆی دانیشتوانی شارۆچکەکەی پێکهێناوە، بەم جۆرە چڕی دانیشتوان لەم یەکەیە زۆرترین چڕی لەسەر ئاستی یەکەکانی تری شارۆچکەکە تۆمار کردووە کەنزیکەی (٥٤٦ کەس /کم٢) بووە. دوابەداوی ئەویش هەریەك لەشارەدێکانی ( سەنتەر چوارقورنەو بێتواتەو سەرکەپکان ) دێن.

## ج/ هۆکارە رامیارییەکان

هۆکاری ڕامیاری بەگرنگترین و دیارترین هۆکاری مرۆیی هەژماردەکرێ، کە ڕەنگدانەوەی هەبووبێت، لەسەر نەخشەی دابەشبوونی دانیشتوان لەدەڤەری لێکۆڵینەوەدا بەجۆرێك ئەم هۆکارە کاریگەربووە، کەهەندێك شوێن بوون بە ناوچەی کۆبوونەوەی دانیشتوان، لەبەرانبەریشدا هەندێك شوێن خاڵی بوون لەدانیشتوان و تائێستاش بەتەواوی ئاوەدان نەبوونەتەوە، بەوپێیەی شارۆچکەی ڕانیە، نزیکییەکی لەگەڵ سنووری ئێراندا هەیەو بەشێکی زۆری دەورو بەرەریشی بە ناوچەی شاخاوی سەخت دەورە دراوەن، ئەمەش وای کردوە هەر لەکۆنەوە ئەم ناوچەیە ببێت بەگۆڕەپانی ڕووداوەکان و وەك شوێنێکی گرنگی ستراتیژی دەربکەوێت هەم لەلایەن شۆرش و هەم لەلایەن دەسەلآتی ناوەندەوە، هەر لەبەر ئەوە ئەم ناوچەیە کەمتر ئۆقرەی رامیاری و سەربازی بەخۆیەوە بینیوە، ئەم ئالۆزی و بێ ئۆقرەییەی ناوچەکە تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری بەجێهێشتوە لەسەر ژمارە و چڕیی و دابەشبوونی دانیشتوانی شارۆچکەکە. سیاسەتی بەزۆر ڕاگواستن

(ڕاگواستنی زۆرەملیێ) ی کورد کەحکومەتە یەك لەدوایەکانی عێراق پیادەیان کردووە، زۆرترین کایگەری بەجێشتووە ، لەسەر گۆڕینی شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەناوچەکەدا،بەرلە هەموو شتێك پێویستە ئاماژە

یەکەیە ( چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، عبدالله حسین عمر، خەڵکی شارۆچکەی حاجی ئاوا، لەرۆژی ٢٧/٤/ ٢٠٠٨)

بەچەمکی ڕاگواستنی زۆرەملیّ بکەین کەدەتوانین بڵێین، ڕاگواستنی زۆرەملیّ واتە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی دانیشتوان، لەلایەن هێزێکی دەسەڵاتدارەوە (دەوڵەت)، لەڕێگەی بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن یان لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە[1]. بێئەوەی دانیشتوانی ڕاگوێزراو ئارەزوویان لەم کۆچکردنە هەبێت، یان ڕەزامەندبن لەسەری[2]. ڕاگواستنی دانیشتوانی کورد بەرنامەو نەخشەیەکی تۆکمەو پلان بۆ داڕێژراو بوو لەپێناو کۆکردنەوەیان لە ئۆردووگا زۆرەملێکان و ڕماندنی سترەکتۆری کۆمەڵگای کوردی و خاپورکردن و وێرانکردنی زەویە کشتوکاڵییەکان [3]. کاریگەری ئەم سیاسەتە هەرلەدەسپێکی پیادەکردنی ڕاگواستنی ناوچە سنوورییەکان ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر لایەنی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا، ئەمەش هەر لەدوای مۆرکردنی ڕێکەوتن نامەی جەزائیرەوە بوو، بەجۆرێك ئەو ڕێککەوتننامەی کە لەساڵی(١٩٧٥)دا لە نێوان عێراق و ئێران دا بەسترا بڕیاری ڕاگوێزانی ناوچە سنوورییەکانی هەردوو وڵاتی بە قووڵایی(١٠-٢٠كم) دا[4]. بەمەش لەدوای ئەم ڕێکەوتن نامەیە بەشێکی زۆری گوندەکانی ناوچە سنوورییەکانی سەر بەشارۆچکەی پشدەر تووشی شاڵاوی ڕاگواستن هاتن، بەشێوەیەك لەساڵی (١٩٧٨) نزیکەی (٢٦) گوندی شارەدێی (ناودەشت)ی سەربەشارۆچکەی پشدەر راگوێزران[5]. ئەمانە بەشێکی زۆریان لەو ئۆردووگا

---

[1] سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، ڕاگواستنی گوندنشینەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٧.

[2] خليل أسماعيل محمد، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠١، ص٤.

[3] فەرمان عبدالرحمن، پاکتاو کردنی ڕەگەزی کورد لەکوردستانی عێراقدا، لێکۆڵینەوەیەکی (جوگرافی _ سیاسی _مێژوویی) پرۆسیسەکانی بەعەرەب کردن وڕاگواستنی دانیشتوان، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، لاپەڕە٩٢ .

[4] خليل أسماعيل محمد، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق، المصدرالسابق، ص ٢٢.

[5] مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لەعێراق لەسەدەمی دەسەڵاتی بەعسدا، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣١ .

زۆرەملێیانە،کۆکرانەوە کەنزیك شاری ڕانیەو شارۆچکەی چوارقوڕنە دروست کران، بەجۆرێك لەساڵی(١٩٧٧)دا دانیشتوانی نزیکەی(٢٣)ی گوندی شارەدێی(ناودەشت)یان تێدا کۆکرایەوە[1]. لەساڵی (١٩٧٧-١٩٧٨) نزیکەی (٦٨) گوندی سەر بەشارۆچکەی چۆمان ڕاگوێزران و بەشێك لەخەڵکی ئەم گوندانە بۆدەڤەری ڕانیە ڕاگوێزران[2]. لەنزیك شارۆچکەی (چوارقوڕنە) ئۆردووگایەکییان بۆ کرایەوە،بەناوی ئۆردووگای چۆمان[3]. هۆکاری ئەم ناونەش ئەوەبوو کە زۆربەی خەڵکەکەی ، سەربەگوندەکانی چۆمان بوون. لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٩)دا شاڵاوی تێکدان و کاولکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەیان بەرەو مەڵبەندی شارەکان و ئۆردووگا زۆرەملێکان دەگاتە ئەوپەڕی ئەم ڕاگواستن و کۆچپێکردنەی خەڵکی گوندنشینەکان لەم ماوەیەدا لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە بەبیانووی جۆراو جۆر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کەگوندەکانی سەر بەشارۆچکەی ڕانیە ژمارەیەکی زۆریان بەر شاڵاوی ڕاگواستن نەکەوتن، بەڵام ڕاگواستنی گوندەکانی سەربە شارۆچکەکانی دوکان و پشدەر کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا جێهێشتوە، بەجۆرێك لەساڵانی (١٩٨٦-١٩٨٩) نزیکەی (٥٣) گوندی شارەدێی (مەرگە (بنگرد))ی سەر بەشارۆچکەی دووکان ڕاگوێزران[4]. هەرلەم ماوەیەشدا شارۆچکەی پشدەر بەتەواوی ڕاگوێزران واتە بەسەرجەم گوندو شارەدێکان و سەنتەری شارۆچکەکە چۆڵکراون و بوون بەناوچەیەکی قەدەغەکراو. بەشێکی زۆری خەڵکە ڕاگوێزاوەکانی ئەم دوو شارۆچکەیە، لەسنووری شارۆچکەی ڕانیەدا

---

[1] پارێزگای سلێمانی، ساڵنامەی سلێمانی ١٩٩٩، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٠١.

[2] مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لەعێراق لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا، سەرچاوەی پێشوو،، ل١٣٠

[3] پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری ساڵنامەی سلێمانی ١٩٩٩، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٠١

[4] جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپە ڕە ١٤٧.

نیشتەجێ کران، بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی زۆرەملێی (حاجی ئاوا) کە لەئێستادا شارەدێیەك بەوناوە پێکهاتووە[1]. شاڵاوی تێکدان و کاولکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەیان، سنووری (شارۆچکەی ڕانیە) شی گرتەوە، بەجۆرێك لەساڵی (١٩٨٨)دا نزیکەی (٦) گوندی سەر بەشارەدێی (چوارقورنە) و (١٥) گوندی سەربەشارەدێی (بێتواتە) دووچاری ڕاگواستن هاتن[2]. هەرلەم ساڵەدا ڕژێم هەستا بەکردنەوەی دوو ئۆردووگای زۆرەملێ بەناوی (ئۆردووگای شکارتەو سەروچاوە) وکۆکردنەوەی دانیشتوانی گوندەکانی ( شارەدێی بێتواتە) و گوندەکانی بالیسان جگەلەمە هەرلەو ساڵەدا شارەدێی بێتواتە دووچاری کاولکردن و وێرانکاری هات.شارەدێکە گوێزرایەوە بۆ ئۆردووگای شکارتە[3]. هەرچەندە بەشێکی زۆری گوندەکانی سەربەشارەدێی بێتواتە دووچاری ڕاگواستن نەهاتن بەڵام لەساڵی (١٩٨٨)دا کاتێك بەشێك لەگوندەکانی بەر شاڵاوی چەکی کیمیایی کەوتن[4]. ئەمە ترسێکی زۆری خستە نێودڵی گوندنشینەکان بەگشتی، هەرلەبەر ئەوە زۆرەبەی گوندنشینەکان گوندەکانیان چۆڵ کردو بەرەو ناوچەکانی تر دەڕۆیشتن. جگەلەمە نائاسایی بارودۆخی ناوچەکەو پێکدادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە لەلایەك و سوپای عێراقی و جاشەکان لەلایەکی تر زۆرێك لەگوندەکانی شارۆچکەکە زۆر جار دووچاری سوتاندن و کاولکاری دەهاتن. یاخود زۆر جار ڕژێم خەڵکی گوندەکانی ناچار دەکرد گوندەکانیان بەجێ بهێڵن، بەجۆرێك بەر لەوەی ڕژێم هێرشی ڕاگواستن دەسپێبکات، شەڕی دەروونی و گیروگرفتی جۆراو جۆری ئیداری و بژێوی و کۆمەڵایەتی

---

[1] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٥٦.

[1] Shorsh, M. Ressol, Destruction of a nation, printed in USA, New york, 1990, p126-127.

[3] پارێزگای سلێمانی، ساڵنامەی سلێمانی ١٩٩٩، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٠٦.

[4] بۆ زانیاری زیاتر ( بڕوانە : جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپە ڕە ١٧٤-١٧٦.

بۆخەڵكەكەی دروست دەكرد بۆ ئەوەی لەژین بێزاربن و مەسەلەی ڕاگواستن لەلایان ئاسایی بێت[1] لەئەنجامی ئەو سیاسەتە چەوتانەی كە دەسەڵاتی ناوەندی پیادەی دەكرد، كاریگەرییەكی زۆری لەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی شارۆچكەكەدا بەجێهێشتوە، وەك لەئەنجامە گشتییەكانی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) دا دەردەكەوێت، كە یەكەكانی شارۆچكەكە تەنها (دوو) یەكە مابونەوەو دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر گوندنشین وشارنشین كەلێنێكی زۆری تێكەوتبوو، بەجۆرێك ڕێژەی شارنشین لەو ساڵەدا (٦٥٪) و گوندنشینانیش(٣٥٪)ی كۆی دانیشتوانیان لەسەر ئاستی شارۆچكەدا پێكدەهێنا. ئەوەی لەو ماوەیەدا تێبینی دەكرێت لەشێوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچكەی ڕانیە ئەوەیە كەشارەدێی سەنتەر زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی لەخۆگرتبوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەوروپشتی ئەو شارە بەتەواوی لەدانیشتوان چۆڵ كرابوو، خەڵكێكی زۆر لەم یەكەیەدا نیشتەجێ بووبوون. بەم شێوەیە لەم ماوەیەدا ناڕێكییەكی زۆر بەدی دەكرێت لەدابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچكەكە.بەڵام بەهۆی ڕاپەڕینە مەزنەكەی بەهاری ساڵی(١٩٩١) كەسەرەتای ئەو ڕاپەڕینە لەشاری ڕانیەوە دەستپێكرد كاریگەریەكی زۆری كردە سەر ئاسیی بوونەوەی ڕەوشی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچكەی ڕانیە بەجۆرێك بەشێكی زۆری گوندنشینەكان گەڕانەوە سەر زێدی خۆیان، كۆمەڵگاو ئۆردووگا زۆرەملێكان بەرەوچۆڵبوون دەڕۆیشتن و گوندەكان بەرەو ئاوەدان بوونەوە هەنگاویان دەنا، بەمەش ئاراستەی دابەشبوونی دانیشتوان بەرەو ئاسایی بوونەوە هەنگاوی دەنا.بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆلە ساڵانی (١٩٩٤–١٩٩٨)دا[2]. هەروەها

---

[1] هەژار عەزیز سورمێ، كوردو جینۆسایدو ئیبادەكردن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٦، لاپەڕە ٩١.

[2] دەستپێكی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ هەر لە شاری ڕانیە بووكە لە بەرواری٣٠/١١/١٩٩٤ دەستپێكرد، ئەمەش كاریگەریەكی زۆری كردە سەر تێكچوونی ڕەوشی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچكەكە.

تێکچوونی باری ئارامی گوندەکان لەلایەك و باری ئابووریشیان لەلایەکی ترەوە بەهۆی دابەزینی نرخی بەروبومی کشتوکاڵی لەدوای جێ بەجێ کردنی بڕیاری (٩٨٦)ی (نەوت بەرانبەر خۆراك) کە کاریگەرییەکی نێگەتیڤی گەورەی کردە سەر لایەنی بەرهەمی کشتوکاڵی لەگوندەکان[١]. هەروەها گرینگی نەدانی حکومەتی هەرێم بەگوندەکان و گرینگی دان بەکۆمەڵگا زۆرەملێکان وایکرد دووبارە گوندنشینەکان کۆچ بکەنەوە بۆ سەنتەری شارەکان و کۆمەڵگا زۆرەملێکان، بەمەش دووبارە ڕەوشی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا، بەرەوشێوازێکی ناتەندروست هەنگاوی نا، کە تاوەکو ئێستاش هەر بەردەوامە، بەشێوەیەك لەساڵی (٢٠٠٦) ڕێژەی گوندنشینان لەسەرئاستی شارۆچکە تەنها ڕێژەی(١٤٪) وشارنشینانیش ڕێژەی (٨٦٪)ی کۆی دانیشتوانی شارۆچکەکەیان پێك هێناوە.

لەکۆتایی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەشدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی لە دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان و چڕییان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٦) دا لە ئاوێتە بوونی کۆمەڵە هۆکارێکی سروشتی و مرۆییەوە هاتووە.سەرجەم هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان بارتەقای خۆیان کاریگەریان هەبوە بەڵام بەهێزی کاریگەریەکان لەهۆکارێکەوە بۆ هۆکارێکی تر جیاوازە، بەجۆرێك لەناو هۆکارە سروشتییەکان دا دەرامەتی ئاو ڕۆڵێکی کارای بینیوە لەم بوارەدا، هەروەها لەناو هۆکارە مرۆییەکانیش ڕۆڵی هۆکارە ڕامیارییەکان بەشێوەیەکی کارا دەردەکەوێت بەجۆرێك هەرلەدوای ڕێکەوتن نامەی جەزائیری ساڵی( ١٩٧٥) و پیادەکردنی سیاسەتی ڕاگواستنی ناوچە سنوورییەکان شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا گۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، کەتاوەکو ئێستاش نەگەڕاوەتەوە بارودۆخی ئاسایی خۆی.

---

[١] جزا توفیق طالب، التنمیة الریفیة والسیاحیة في اقلیم کردستان العراق، مطبعة رومان، السلیمانیة، ٢٠٠٧، ص١٧-١٨

# ئه نجام و ڕاسپاردەکان

## ئه نجامەکان :

دوای تاوتویکردنی بابەتەکانی دووتوێی لێکۆڵینەوەکە، توێژەر گەیشتە چەند ئەنجامێکی زانستی، کەبریتین لەم خاڵانە:

١. شارۆچکەی ڕانیە لەڕووی شوێنی جوگرافییەوە، هەڵکەوتەیەکی گرنگی هەیە، بەوەی کە لەسەر یەکێك لەدەشتە فراوان و گرنگەکانی ناوچەی شاخاوی هەڵکەوتووە، بەمەش شارۆچکەکە، هەردوو خەسڵەت و تایبەتمەندی ناوچەی ( شاخاوی و دەشتایی ) لەخۆگرتووە، بەجۆرێك بەشی باکووری زیاتر مۆرکی شاخاوی و بەشی باشووریشی مۆرکی دەشتایی بەسەریدا زاڵە، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی دیاری لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان جێهێشتووە.

٢. لەڕووی کارگێڕییەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە گۆڕانکاری زۆری بەخۆییەوە بینیوە، بەشێوەیەك لەسێ یەکەی کارگێڕییەوە بۆتە پێنچ یەکە. لەڕووی ڕووبەریشەوە شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی سالآنی (١٩٥٧–٢٠٠٦) ڕووبەرەکەی بەرەو بچووکبوونەوە چووە، بەجۆرێك ڕووبەرەکەی لە(٢٥٩٤کم٢) بووەبە، (٨٨٤کم٢)، ئەمەش زادەی ئەو گۆڕانە کارگێڕییانە بووە کەبەسەر شارۆچکەکەدا هاتوە.

٣. دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەماوەی سالآنی لێکۆڵینەوەدا کۆمەڵە گۆڕانێکی دیموگرافی گەورەی بەسەر داهاتووە، بەجۆرێك قەبارەی دانیشتوانەکەی لە (٣٦٠٩٧) کەسەوە زیادیکردووە بۆ (١٨٦٢٩٩) کەس، ئەم گۆڕانەش لە قەبارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە لەماوەی سالآنی لێکۆڵینەوەکە بەیەك ئاست نەبووە، بەڵکو جیاوازییەکی زۆر لە ڕێژەی گەشەی سالآنەی دانیشتوان لەماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە بەدیدەکرێت، بەجۆرێك لەماوەی سالآنی (١٩٥٧–١٩٧٧) دانیشتوان بەرێژەی (١,٩٪) زیادییان کردووە،ئەم ڕێژەیەش لەسالآنی نێوان (١٩٧٧–١٩٨٧) بووەبە

(٣,٧٪) ، ئەم ڕێژەیە بەردەوام لەزیادبوون بووە بەجۆرێك لەسالآنی نێوان (١٩٨٧-٢٠٠٢) بووەبە(٥٪)، لەماوەی سالآنی (٢٠٠٢-٢٠٠٦) یش بەڕێژەی (٣,١٪) دانیشتوانی شارۆچكەكە گەشەی كردووە، لێرەدا دەردەكەوێت دانیشتوانی شارۆچكەكە بەدرێژایی ماوەی لێكۆڵینەوەكە بەئاراستەی گەشەكردن هەنگاوی ناوە، ئەمەش دواجار ڕەنگدانەوەی دیاری هەبووە لەسەر دابەشبوون وچڕی دانیشتوان لەشارۆچكەكەدا.

٤. ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لەماوەی نێوان سالآنی لێكۆڵینەوەدا بەردەوام لەهەڵكشان دابووە بەجۆرێك لەساڵی (٢٠٠٦) شارنشینان لە (٨٦٪)ی كۆی دانیشتوانی شارۆچكەكەیان پێكهێناوە بەلآم ئەم ڕێژەیە لەساڵی (١٩٥٧) تەنها (١١٪) بووە، ئەم زیادبوونەش بەپلەی یەكەم، لەئەنجامی ئەم كۆچ كردنەوەبووە كەدانیشتوانی گوندنشینەكان، بەهۆكاری جیاواز كردوویانە بۆ سەنتەری شارەكان ئەم ڕێژەیەش بە شێوەیەكی جیاواز بەسەر پێنچ مەڵبەندی شارستانی ( ڕانیەو چوارقوڕنە و حاجی ئاواو بێتواتەو سەركەپكان) دابەشبوون.ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشینیش لەماوەی لێكۆڵینەوەدا لەنزم بوونەوەیەكی بەردەوام دابووە، بەشێوەیەك لەساڵی (٢٠٠٦) گوندنشینەكان ڕێژەی ( ١٤٪) ی كۆی دانیشتوانی شارۆچكەكەیان پێكهێناوە ، بەلآم ئەم ڕێژەیە لەساڵی (١٩٥٧)زۆر زیاتر بوو بەجۆرێك لەم ساڵەدا ڕێژەی (٨٩٪) ی كۆی دانیشتوانی شارۆچكەكەیان پێكهێنابوو.

٥. قەبارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە، كەسەنتەری كارگێڕی شارۆچكەكەیە، لەتەواوی ماوەی لێكۆڵینەوە، زۆرترین قەبارەی دانیشتوانی بەخۆیەوە گرتووە، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠٠٦) نزیكەی (٣٤٪)ی كۆی دانیشتوانی شارۆچكەكەو لە(٤٠٪)ی كۆی دانیشتوانی شارنشینی پێكهێناوە. هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەزۆرترین، پرۆژە خزمەت گوزاری و ئابووری و دامودەزگا كارگێڕییەكانی تێدا كۆبۆتەوە.

٦. ژمارەی نشینگە گوندییەكانی شارۆچكەی ڕانیە لەماوەی سالآنی لێكۆڵینەوەدا بەرەو كەم بوونەوە چووە، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠٠٦)دا نشینگە

گوندیەکانی ژمارەیان بۆتـە(١٢٩) نشـینگە، بـەلآم لەسـالّی (١٩٥٧) ژمـارەی نشینگە گوندیەکان (٢٢٥) نشینگەی گونـدی بـووە، ئـەم کـەم بوونەوەیـەش وابەستـەی، ئەو گۆڕانە کارگێڕی و دیموگرافیانە بووە کەشارۆچکەکە لەماوەی لێکۆڵینەوەدا بەخۆیەوە بینیوە.

٧. تێکڕایـــی قـــەبارەی گونـــد بـــەگوێرەی کـــات و شـــوێن جیـــاواز دەرکەوتوە، بەشێوەیەك ئەم تێکڕاییە لەسەر ئاستی شارۆچـکە لـەزیادبوونی بەردەوام دا بـووە، تـاوەکو لەسـالّی (٢٠٠٦) گەیشـتۆتە ( ٢٠١ کەس/گونـد). ئـەوەی جێگـای تێبینـی کردنـە، ئەوەیـە ئـەو تێکڕاییـە، لـەنێو بەشـەکانی شارۆچکەکەدا لەیەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی تر جیاواز بووە.

٨. نشـینگە گوندیـە قـەبارە بچـووکەکان ( ٢٠٠کـەس کـەمتر) زۆرتـرین ژمارەو ڕێژەیان پێکهێناوە، لەبەشی باکووری شارۆچـکەکە ونشـینگە قـەبارە گەورەکانیش(١٠٠٠کەس زیاتر ) زۆرترین ژمارەو ڕێـژەیان لەبەشـی باشـووری شارۆچـــکەکە پێکهێنـــاوە، هۆکـــاری ئەمـــەش دەگەڕێتـــەوە بۆجیـــاوازی تۆبۆگرافیای ناوچەکە، هەروەها بەشـێکی زۆری نشـینگە گوندیـەکانی بەشـی بـاکووری شارۆچـکەکە دووچـاری ڕاگواسـتن و کاولکـاری هـاتوون و ڕوویـان کردۆتــە بەشــی باشــووری شارۆچــکەکەو لەوێـدا نیشـتەجێ بـوون بەمــەش نشینگەی قەبارەی گەورەلەم بەشەدا دەرکەوتوە.

٩. چڕی گشتی دانیشتوان لەشارۆچکەی ڕانیە، لەماوەی لێکۆڵینـەوەدا بـەردەوام بـەرەو زیـادبوون چـووە، بـەجۆرێك لەسـالّی (٢٠٠٦) چـڕی گشـتی لەسەر ئاستی شارۆچکەدا گەیشتۆتە (٢١١کەس/کم٢) زیادبوونی چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی شارۆچکە زادەی ئەو گۆڕانە کارگێڕی و دیموگرافیە بووەکەشارۆچـــکەکە بەخۆیـــەوە بینیـــوە، بەشـــێوەیەك بەدرێـــژای مـــاوەی لێکۆڵینـــەوە ڕووبـــەری شارۆچـکەکە بـەرەو کـەم بوونـەوە چـووە، هـەروەها دانیشتوانیش بەخێراییەکی زۆر گەشەی کردووە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیاری هـەبووە لەســەر زیـادبوونی چـڕی دانیشـتوان لەســەر ئاسـتی شارۆچـکەکە، جگەلەمــە دابەشــبوونی چـڕی لــەنێوان یەکەکارگێڕییــەکان و کەرتــەکان دا

جیاوازی زۆری تێدا بەدیدەکرێت، دەرکـەوتنی ئـەم جیاوازیانـەش وابەسـتەی کۆمەڵە هۆکارێکی تایبەتن بە بەشەکانی شارۆچکەکە.

١٠. نارێکییەکی زۆر لـە چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشـتوانی دەڤەرەکـە بەدیـدەکرێت بەشـێوەیەکی گشـتی دابەشـبوونەکە بەئاراسـتەی گردبوونـەوە زیاتر چووە، لەماوەی سالآنی لێکۆڵینەوە بەجۆرێك لەساڵی (٢٠٠٦) زیـاتر لـە ( ٩٥٪) ی دانیشتوان لەسەر (٧٤٪) ی ڕووبەر کۆبوونەتەوە، هەرئەمەش وای کـردووە مـاوەی نێـوان هێڵـی دابەشـبوونی ڕاسـتەقینەی دانیشـتوان و هێڵـی دابەشـبوونی یەکسـانی دانیشـتوان لەچـەماوەی لـۆرنز کـەلێنی گـەورەی تێبکەوێت.

١١. دابەشـبوونی دانیشـتوان لـەنێو بەشـەکانی شارۆچـکەکەدا شـێوازی جـۆراو جـۆری وەرگرتـوە، بەشـێوەیەك لەبەشـی باشـووری شارۆچـکەکەدا دانیشتوان شێوازی کۆبووە( نمط المتجمع ) یـان وەرگرتـوە. هەرچـی بەشـی بـاکووری خۆرئـاوای شارۆچـکەکەیە کەسـنووری شـارەدێی (بێتواتـە) دەگرێتەوە، دانیشتوان شـێوازی بڵاوبـۆوەوەی (نمـط المنتشـر) وەرگرتـووە. لەبەشی باکووری خۆرهەلآتی شارۆچکەکەش بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئـاوی سەرزەوی کەخۆی لەڕووباری (دێمان) دا دەبینێتەوە دانیشتوان بەشێوازێکی هێڵکردن (خطی) لەدەوربەری ئەم ڕووبارەدا کۆبونەتەوە.

١٢. چـالاکییە ئابوورییـەکان ڕۆڵێکـی گـەورەیان لەسـەر دابەشـبوونی دانیشـتوانی شارۆچـکەکە گێـڕاوە کۆبوونـەوەی چـالاکییە بازرگـانی و پیشەسازی و خزمەت گوزاریەکان، بەشێوەیەکی گشتی لەسەنتەری شارەکان دا، ڕۆڵی گاریگەریان لەزۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لـەم بەشانەدا هـەبووە. جگەلەمە دابـەزینی بـەهای هەنـدێك بـەرووبومی کشـتوکاڵی، گـۆڕانی بەسـەر دابەشـبوون و چڕی دانیشـتوان لەشارۆچـکەکەدا هێناوە،بەتایبـەتی لـەنێوان (شارو گوند)کان.

١٣. هۆکـارە مرۆییـەکان، بەتایبـەتی هۆکـارە ڕامیارییەکان،بەپلەیـەکی دیـار کاریگـەرییان هـەبووە لەسـەر دابەشـبوون و چـڕی دانیشـتوان

لەشارۆچـکەکەدا، بـەجۆرێك هەرلـە دەسـتپێکی پیـادەکردنی سیاسـەتی ڕاگواسـتنی گونـدەکان لـەدوای ڕێکەوتنـنامـەی جـەزائیری سـاڵی (١٩٧٥)، بەشێکی زۆری گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی ڕانیە کەدەکەوتنە ناوچە سنووریەکانی ئێران، تووشی ڕاگواستن و کاولکاری هـاتن، بـەهۆی بـەردەوان بـوونی سیاسـەتی ڕاگواسـتن بەشـێك لەگونـدەکانی سـنووری شارۆچـکەی ڕانیەش دووچاری ڕاگواسـتن هـاتن بەمـەش جیاوازیـەکی زۆرلـە دابەشـبوونی دانیشـتوان لەناوچـەکەدا دەرکـەوت. بـەڵام لـەدوای ئـازادبونی کوردسـتان لەبەهاری ساڵی (١٩٩١) تاڕادەیەك هاوسـەنگیەك بەدیدەکرا لـە دابەشـبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەکە، بەوەی کەبەشێکی زۆری گوندنشینەکان چـوونەوە سـەر زێـدی خۆیـان، بـەڵام بـەهۆی هەڵگیرسـانی شـەری نـاوخۆو تێکچـوونی ڕەوشی ڕامیاری ناوچەکە، دووبـارە نایەکسـانی دەرکەوتـەوە لەدابەشـبوونی دانیشتوان لەشارۆچکەکەدا جگەلەمە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣) حکومـەتی هـەرێم نەیتوانی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ خـەڵکی گونـدەکان بکـات بـەوەی کەلـە گوندەکانیان بمێنەوە، بەڵکو ڕێخۆشـکەر بـوو بـۆ کـۆچ پێکردنیـان، بەمـەش کەلێنێکی گەورە دروستبوو لەدابەشبوونی دانیشتوان لەنێوان (شاروگوند) کە ئەمە شوێنەوارێکی خراپ جێدەهێلێت بـۆ ئێسـتاو ئاینـدەش لەسـەر تـەواوی بوارەکاندا.

**ڕاسپاردەکان :**

١. بایەخی زیاتر بەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بدرێت، لەپێناو دەسکەوتنی داتاکانی بواری دانیشتوان لەناوچەکە دا، چونکە لێکۆڵینەوەکانی بواری دانیشتوان پێویستییان بە ئامارێکی دیمۆگرافی ورد و دروست هەیە بۆ گەیشتن بە شیکردنەوەیەکی زانستییانە بە مەبەستی دانانی پلانێکی ڕێك و پێك کە ببێتە مایەی پەرەپێدان و بوژانەوەی شارۆچکەکە.

٢. هەوڵ دان بۆ پەرەپێدانی بواری پیشەسازی و دامەزراندنی، کارگە پیشەسازییە جۆر بەجۆرەکان بەتایبەتی پیشەسازیە خۆراکیەکان، چونکە ناوچەکە لەڕووی کەرەستەی خاوی پیشەسازییە خۆراکیەکان تاڕادەیەك دەوڵەمەندەو گرنگی دان بەم کەرتە، بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵیش بەدوای خۆیدا دەهێنێ و بەمەش، خەڵکی گوندەکان، وا لێ دەکات کەمتر کۆچ بکەن بۆ شارەکان و هاندەرێکیش دەبێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان، بەمەش هاوسەنگییەك دروست دەبێت لەولاسەنگییەی کەوتۆتە نێوان دابەشبوونی دانیشتوان لەنێوان (شارنشین وگوندنشین).

٣. پەیڕەو کردنی سیستەمی گوندی (نموونەیی) بە مەرجێك لەگەڵ خواست و ویستی دانیشتوانی گوندەکاندا بگونجێت چونکە زۆرینەی کۆی ژمارەی گوندەکانی شارۆچکەکەلە دەستەی قەبارەی کەمتر لە (٢٠٠) کەس دان، ئەمیش بۆ ئەوەی کە بتوانرێت بە باشترین شێوە خزمەتگوزارییەکانیان پیشکەش بکرێت لەسەرجەم بوارەکاندا.

